# دیوانی

# عەونی

بەرگی دووەم

شیعر و بابەتی تازە دۆزراوەی شاعیر

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی
فەرهاد عەونی

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠١٨

# دیوانی عەونی

بەرگی دووەم

چاپی یەکەم

لەسەر ئەرکی فەرهاد عەونی

چاپکراوە

# دیوانی عەونی

## ١٩٩٢-١٩١٤

## بەرگی دووەم

## شیعر و بابەتی تازەدۆزراوەی شاعیر

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

فەرهاد عەونی

هەولێر

٢٠١٨

**دیوانی عەونی- بەرگی دووەم-چاپی یەکەم**

- **هەڵسەنگاندن:** مامۆستایان محەمەد حەمە باقی، عەبدولڕەزاق بیمار
- **کۆکردنەوە و ڕێکخستن:** فەرهاد عەونی
- **پیتچنین و هونەرکاری:** عومەر شەهاب
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **ساڵی چاپ:** ٢٠١٨

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٨٧٧)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە**

# پێڕست


- پێشەکییەك بۆ مێژوو .................................... ١٣


## بەشی یەكەم


- عەونی و شیعر و نیشتمان و ئەوین–محەمەد حەمە باقی .................. ٣٩
- دیوانی عەونی و لێكۆڵینەوەی زیاتر–عەبدولڕەزاق بیمار .................. ٥١


## بەشی دووەم/ شیعر


- شیوەن بۆ بەكر صدقی ...................................... ٥٧
- رۆژ باش .................................................. ٦١
- بە هاتنتان گەلێك شادین ..................................... ٦٣
- زەمی زستان ............................................... ٦٥
- دوو زمانی و فیتنەیی لە وڵاتا ................................. ٦٩
- بۆ بەدخواهان .............................................. ٧٣
- پێنجخشتەكی عەونی لەسەر غەزەلێكی ئەدەب ...................... ٧٧
- عەونی تەخمیسی غەزەلێكی زەبیحی كردووە ......................... ٨١
- پێنجخشتەكی صافی لەسەر غەزەلێكی عەونی ......................... ٨٣
- پێنجخشتەكی پاكی لەسەر شعرێكی عەونی .......................... ٨٧
- لە غەمی عیشقی كەسێ ........................................ ٩١
- ئارەزووی دیدەنی یار ......................................... ٩٥
- ئەم چاوە جوانەت ............................................ ٩٩
- ناسحی بێ دین ............................................. ١٠٣
- ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم ................................... ١٠٥
- عەونی وەك حاجی دوعا گۆتانە ................................. ١٠٧

- یادی حاجی قادری کۆیی .......................................... ١١١
- یاری چاو جوان .......................................... ١١٣
- مەنعی من هەرگیز مەکەن .......................................... ١١٥
- جەژنی قوربانە .......................................... ١١٧
- سەد حاتەمی تایی .......................................... ١١٩
- بۆ عوسمان عەونی شاعیر–زەینەب خان (کچە کورد) .......................................... ١٢٣
- لە شوێنی چی ئەچی ئەی دڵ.......................................... ١٢٥
- ئێستە کوردستان .......................................... ١٢٧
- پێنجخشتەکی عوسمان مستەفا خۆشناو لەسەر غەزەلێکی عەونی ...... ١٢٩
- وشەیەکی باڵدار .......................................... ١٣١
- وەڵام بۆ کاکی خۆشناو .......................................... ١٣٣
- بەرزیی وڵات .......................................... ١٣٥
- ئاواتەخوازم .......................................... ١٣٧
- رۆژباش گەورانم .......................................... ١٣٩
- چی دوژمن هەیە .......................................... ١٤١
- عەشق و دڵداری .......................................... ١٤٣
- دڵ لە من تۆراوە .......................................... ١٤٥
- نیشتمان .......................................... ١٤٧
- گوتم چاوت .......................................... ١٤٩
- ئای فەلەك .......................................... ١٥١
- کچە کوردێکم .......................................... ١٥٣
- قوربان .......................................... ١٥٥
- ساقی .......................................... ١٥٧
- بەدکاریێ .......................................... ١٥٩
- لەخەوما .......................................... ١٦١
- خدایە ببەخشی تاوان .......................................... ١٦٥

**بەشی سێیەم**

- چیرۆکی دەرگەوانێکی هەستیار ........................................ ١٦٩
- دیمانەی رۆژنامەی هاوکاری ........................................ ١٧٩
- پەیکەی حاجی قادری کۆیی لە گفتوگۆیەکدا ................................ ١٨٣
- لە قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی چاوپێکەوتن لەگەڵ عەونی .......... ١٨٩

**بەشی چوارەم/ نووسین و شیکردنەوە لەسەر کەسایەتیی عەونی و شیعرەکانی**

- عەونی شاعیری شۆڕش و بەرگری–کەمال غەمبار ............................ ١٩٥
- عەونی شاعیری بەرەنگاری و رامیاری–رەهبەر سەید برایم ................ ٢٢١
- عوسمان عەونی و عەبدوللا گۆران–قوبادی جەلی زادە .................... ٢٢٧
- خەمی کچێك دۆزی نەتەوەیەك–د.باساك بەرزنجی ........................ ٢٣٥
- بیرەوەری لەگەڵ دوو ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی–پۆلا هاشمی نانەوازادە........................................................ ٢٤٣
- یادی حاجی قادری کۆیی لەئەرشیفی مامۆستا مەجید ئاسنگەر–ئامادەکردن جۆشان مەجید ئاسنگەر .................................................. ٢٥٧

**بەشی پێنجەم/ چەند وێنەیەکی عەونیی شاعیر** ...................................... ٢٦٩
**لیستێك بە ناوی ئەو هونەرمەندانەی شیعرەکانی عەونی-یان بە گۆرانی چڕیوە** ....... ٢٧٨

**ئەو چاپکراوانەی دەربارەی عەونی بڵاوکراونەتەوە:**

- دیوانی عەونی، چاپی یەکەم ١٩٩٧.
- دیوانی عەونی، چاپی دووەم ٢٠١١.
- چوارینەکانی خەییام پاچەڤەی عەونی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی جەلال زەنگابادی، ٢٠١٢.
- ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر، ئومێد عەزیز مستەفا، ٢٠١٤.
- هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی، بەهار عەبدولجەبار جامی، ٢٠١٧.

## سوپاس و پێزانینمان بۆ مامۆستایان

- د. باساك بەرزنجی
- کوردستان موکریانی
- د. کەمال غەمبار
- محەمەد حەمە باقی
- عەبدولڕەزاق بیمار
- عەبدوللا زەنگەنە
- ڕەهبەر سەید برایم
- قوبادی جەلی زادە
- پۆلا هاشم نانەوا زادە
- جۆشان مەجید ئاسنگەر
- مەجید سالح
- ئەمیر محەمەد کەبابچی
- لەگەڵ برایانم: خەسرەو، وریا، دلێر، ساسان

بۆ ئەو ئەرك و تێبینی و بەراورد و نووسینیان لەسەر شیعرەکانی عەونی، کە بێگومان بە ماندووبوون و دڵسۆزیی ئەوان نەبووایە ئەو بەرهەمە بەم شێوەیە نەدەکەوتە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیز، خوای گەورە تەمەن درێژ و وێنەیان زیاتر بکات.

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم

فەرهاد عەونی

# پێشەکییەك بۆ مێژوو

**فەرهاد عەونی**

لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی)دا لەگەڵ ناوەڕۆکی هەردوو نامەی ماجستێر لەژێر ناوی (ژیان و بەرهەمی عەونی شاعیر) و (هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا) کە لە لایەن هەردوو قوتابیی قۆناغی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر (ئومێد عەزیز مستەفا) و (بەهار جامی) ئامادەکراوە، کە تێیدا زۆر لایەنی شیعرەکانی (شەن و کەو) کراوە و لە پێشەکییەکانیشدا زۆر لایەنی تایبەت بە سەرجەم دەستنووسەکانی خراوەنە روو کە تێیدا هۆکاری (ناتەواوی) دیوانەکە (بە هەردوو چاپییەوە) چییە و بۆچی بەم شێوەیەی لێهات، بەخت یار بوو کاتێ بە لاپەڕەی رۆژنامە کوردییەکانی ساڵانی پێشوودا گەڕاین، راستەوخۆ لە زاری (عەونی)یەوە هۆکارەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێشووتر باسمان لێوە کردووە و جارێکی دیکە لێرەدا دەیخەینە بەر دیدی ئەدەب دۆستان.

لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا کە لەگەڵ (عەونی)ی شاعیر کراوە لە ژمارە (١٠٩)ی رۆژی ١٩٩٢/٦/١٤ بڵاوکراوەتەوە (عەونی) لە وەڵامی پرسیارەکەی پەیامنێری رۆژنامەی ناوبراو دا کە بەم شێوەیە ئاراستەی کراوە:

* بەرهەمەکانت بریتین لەچی، بۆچی بەچاپت نەگەیاندوون؟

عەونی لە وەڵامدا دەڵێ: شیعرەکانم بریتین لە شیعری هەمەجۆر لەگەڵ چوارینەی جۆراوجۆر، بەڵام بۆچی چاپم نەکردوون، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە:

١- لەناوچوونی دیوانەکەم دوو جار بەهۆی بارودۆخی کوردستان.

٢- قەت نەمویستووە تەنها یەك بابەتی شیعرەکانم چاپ بکەم، چونکە هەندێك لە شیعرەکانم بریتین لە شیعری نیشتمانپەروەری کە پێشووتر ماوە نەدەدرا رووناکی ببینن.

کرۆکی وەڵامەکەی (عەونی) (بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ) بە ئاشکرا ئەوە روون دەکاتەوە کە دیوانەکەی (کە سەراپای بە خەتە جوانەکەی نووسیبوویەوە) بەهۆی بارودۆخی کوردستان بەتایبەتیش پاش سەرهەڵدانی شۆڕی ئەیلول لە ساڵی

(١٩٦١)دا دوو جار له ساڵەکانی (١٩٦٣ و ١٩٧٤) تووشی لەناوچوون بوو کە یەکەمیان لە گوندی قەسرۆکی دامێنی (دەشتی بتوێن) بە تەواوی لەگەڵ گوندەکە کەوتە بەر لێشاوی هێرشی دڕندانەی حکومەتی (بەعسی یەکەم ١٩٦٣)، تێکدرا و سووتا، بۆ دووەم جاریش وەکو لەپێشەکیی چاپی دووەمی دیوانی عەونی نووسیومە، بەهۆی بارودۆخی هەڵگیرسانەوەی شەڕی حکومەتی بەعسی دووەم لە بەهاری ساڵی (١٩٧٤) کە تێیدا بە هۆکاری شاردنەوەی دەستنووسەکە لە پەناگەیەکی باخچەی ماڵە گەورەکەی عەونی کە لە ئەنجامی بەجێهێشتنی عەونی و خاو و خێزانی لە کۆیە بۆ هەولێر (چونکە هەرسێ کورە گەورەکانی عەونی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو)، و بەناچاری بەهۆی دیاربوونی لە شارێکی بچووکی ئەو سەردەمەی کۆیە بەرەو هەولێر چوون، دیسان دەستنووسە خێرلەخۆ نەدیوەکەی کەوتبووە ژێر لێزمەی بارانی بەهاری ئەم ساڵە تەڕوتوشە کە لە ئاکامدا پاش گەڕانەوەیان بۆ کۆیە (کە ساڵێکی پێ چوو) و دەرهێنانی دەفتەری دەستنووس دەبینێ بەهۆی تەڕبوون و شیبوونەوە نیواونیو ناخوێندرێنەوە، دیسان بۆ جاری سێیەم بە هاوکاریی برایانم (وریا، دلێر، ساسان و خوالێخۆشبوو نەریمانی پلکە زامان) ناوە ناوە دەست بە نووسینەوەی دیوانەکە دەکاتەوە و بۆ جاری سێیەم ئەوەی لێدەرچوو کە لە چاپی یەکەمدا کەوتە بەردەستی خوێنەران.

ئاشکرایە بارودۆخی ناهەمواری پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا و هەڵکشانی تەمەن و هێرشی نەخۆشی نەیتوانی سەراپای شیعرەکانی کە لە سەرەتای سییەکان و چلەکان تاکو دەگاتە پەنجاکانیش لە سەدەی رابردوو داینابوون بهێنێتەوە یاد و تۆماریان بکاتەوە، ئەم راستییە پاڵپێوەنەری بەندە بوو کە بڕیاری لەچاپدانەوەی دیوانی عەونی بۆ جاری دووەم لام گەڵاڵە بوو، بەتایبەتیش کاتێ لەلایەن هەندێ دۆست و برادەر و ناسیاوی بەڕێز چەند پارچە شیعرێکی (عەونی)م بەدەست کەوتەوە یاخود لە هەندێ گۆڤار و رۆژنامەی ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی پێشوو بڵاوکراوەنەتەوە کە نە لە بیری شاعیردا مابوو نە تۆماریش کرابوو بۆیە لە چاپی یەکەم نەکەوتنە بەرچاوی خوێنەران، هەر وەکو لە چاپی دووەمی دیوانی (عەونی)دا نووسیومە (بەندە تاکو دواڕۆژی ژیانم بەدوای بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی (عەونی)ی باوك و شاعیر دەگەڕێم و ئێران و تورانی بۆ

دەکەم تاکو سەرجەم بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی پەیدا بکەم، هیوادارم خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی و رۆشنبیرانی هاوکاریی بەندە و خەڵکانی وەکو بەندە بن، بە مەبەستی دۆزینەوە و دەوڵەمەندکردنی خەرمانی ئەدەبی کوردی).. وەکو ئاشکراشە ئەدەبی گەلێکی وەکو ئێمە چ رۆڵێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بینیوە و لە ساڵانی سەرەتاکانی بیست و سی و چلەکانی سەدەی رابردوو تاکە ئامراز بووە یاخود رۆڵی پێشەنگی لە هاندان و رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی گەلی کوردستان گێڕاوە و کۆمەڵە و رێکخراو و پارتە سیاسییەکانیش بە شێوازێکی گەورە سوودیان لە پێگە و دەنگی ئەدیبان و شاعیران دیتووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەکو راستییەك بۆ سەلماندنی ئەو راوبۆچوونەم بگەڕێمەوە بۆ لای بیرەوەرییەکانی (بەهەشتی مام جەلال تاڵەبانی) کە لە گۆڤاری (خاك)دا ژمارە (٩) لە ١٩٩٨/٥/١٠دا هاتووە و رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ش لە ژمارە (٧٤٨٥)ی رۆژی ٢٠١٨/١/٤ دووبارە بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا (مام جەلال) لە بیرەوەرییەکانی باس لە رۆژانی ساڵانی (١٩٤٦ و ١٩٤٧)ی کۆیە دەکات و دەڵێ: **(من خۆم لە خوێندکارە زیرەکەکانی ئەوسا بووم و هەموو ساڵێکیش سەرەتاییم بە پلەی یەکەمی تەواو کردووە، لە پۆلی (٦)یش دا یەکەمی هەموو لیوای (پارێزگا) هەولێر بووم، ئەوەش وایکردبوو کە مامۆستاکان زۆریان دەردەهێنام بۆ شیعر خوێندنەوە منیش ناچار دەبووم بەدووای شیعری جیاجیادا بگەڕێم تاکو زۆر تیکرار نەبن، ئەو شیعرانەش شانبەشانی ئامۆژگاری و رێنوێنیی مامۆستاکانم دڵ و دەروونی منیان پڕکردبوو لە خۆشەویستیی کورد و کوردستان و شۆڕشەکانی کورد کە لەناویان بەتایبەتی کارەساتی کوردی کوردستانی باکوور زۆر دەنگی دابۆوە لە شیعرەکانی شاعیری مەزن (پیرەمێرد)ی مەزن، خوالێخۆشبوو (عەونی)ی شاعیر کە هەڵبەستێکی لە لایەن هونەرمەندی ناوداری کۆیە (تایەر تۆفیق) کرابوو بە گۆرانی و دەستپێکەکەی (ئەو کچە کوردەبوو[1] )**

---

[1] - مەبەستی مام جەلال ئەو شیعرەیە کە عەونیی شاعیر لە کۆتایی سییەکاندا ئەم شیعرەی لە ئیلهامی کارەساتی باکووری کوردستانی ئەو سەردەمە داناوە لەژێر ناوی (وتم ئەی کچ)، کە لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

کیژێکم لێم قەوماوە　　　خزم و برام کوژراوە
هانام هێناوتە بەرتان　　　نازانم کێتان پیاوە؟!

ئەم شیعرەش کە بریتییە لە (٤٠) دێڕە شیعر کە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ژمارە ٨ ساڵی سێیەم لە ١٩٤٥/١٢/٢٤دا بە ناوی (سکاڵای کچێك) بڵاوکراوەتە، هونەرمەندی نەمری کوردیش خوالێخۆشبوو (تایەر تۆفیق) لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا بە دەنگە رەسەنەکەی لە بەشی کوردیی رادیۆی بەغدا تۆماری کردووە و چڕیویەتی.

کاتێ لە بابەتە چاپنەکراوەکانی (عەونی) چ شیعر چ چیرۆك دەڕوانین و لە ناوەڕۆکەکەیان رادەمێنین کە کاتێ لە رۆژنامەکانیکە لە سلێمانی دەردەچون (ژین، ژیان)ی ساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٩) بڵاوکردۆتەوە یاخود ئەو شیعرانەی کە لە کەشکۆڵەکەی بەهەشتی (گیو موکریانی) پارێزراوبوو بۆمان دەردەکەوێ بێ پێچ و پەنا کە (عەونی)ی مرۆڤ چەند بە دڵسۆزی خەمی کورد و کوردستانی لە کۆڵگرتووە و هەمیشە بەدوای سێبەری کورد و کوردستانەوە بووە و بۆ تاکە ساتێکیش فەرامۆشی ئەو لایەنەی نەکردووە و بە نەگۆڕی لەو رێبازە (رێبازی کوردایەتی) لاینەداوە.

مامۆستا (عبدالکریم شێخانی) لە گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (٥٢) کە لە مانگی ئازاری ٢٠١٨ دەرچووە بابەتێکی لەژێر ناوی (دڵداری دووجار جوانەمەرگ) لە پەرەگرافێکدا دەڵێ: **(دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد حزبێك سەریهەڵدا بەناوی حزبی رزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني) کە رووی ئاشکرای حزبی شیوعیی عیراقی بوو لە (کۆیە) هەندێك کەس لە هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە کەوتنە چالاکی نواندن و لە سەرەتادا خوالێخۆشبووان فاتیح رەسول و عوسمان مستەفا خۆشناو زیاتر دەردەکەوتن و ئەوەندەی پێ نەچوو کە زۆربەی شاعیرانی کۆیە جگە لە (عەونی) بەگەڵ ئەو رەوتەی حزبی رزگاری نیشتمانی کەوتن وەك (دڵزار، دڵدار، رۆستەم، وردی، شێخ ئەنوەر بەرزنجی)**.

هەر لەم بارەیەوە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) دەربارەی مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە چەند بابەتێك و چەند دیمانەیەکی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی بەتەمەنی کۆیەی ئەنجامداوە دەربارەی ئەو بابەتە کە تێیدا تیشکی خستووەتە سەر بارودۆخ و کەشوهەوای ئەو رۆژانەی (لە ناوەندی سییەکانەوە بە چلەکانیشدا تێدەپەڕێ) چ لە رووی مۆسیقا و ئاواز و شیعر کە هەمووی رووی سیاسەتی

**کوردایەتی ئەو رۆژە بوون لە پرسیارێکدا کە ئاراستەی خوالێخۆشبوو (عومەری مام عەولآ) براگەورەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عەلی عەبدوللآ) جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (          ) کە دەقی پرسیارەکە بەم شێوەیەیە: کاك عومەر (عومەر عەبدوللآ ئەمین) حەز دەکەم بزانم، ئەوکاتەی ئێوە لە کۆیە کۆڕێك برادەر بوون (تۆ، ئەحمەدی حەمە مەلا، عەونیی شاعیر، دڵداری شاعیر،... تاد) چی ئێوەی بەیەکەوە گرێدابوو؟**

**کاك عومەر لە وەلآمدا گوتی: ئێمە[2] تاقمێك بووین لە کۆیە زۆر بە حەماسەوە دەمانویست خزمەت بە کورد و کوردستان بگەیەنین، بۆ نموونە هەر شیعرێك بۆنی کورایەتیی لێبهاتایە یەکسەر لەبەرماندەکرد (یونس رەئوف دڵدار تا مابوو لە ژیان) لەگەڵ ئێمەدا بوو وەك برامان وابوو لە هەمان ئەو تەوەرەی کە هونەرمەند کاك وریا ئەحمەد وروژاندوویەتی کە بە راست و درووست رووی هونەری و شیعر و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی کۆیەی نیشانداوە، هەر لە سەرەتا و ناوەندی سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو تاکو ساڵی ١٩٥٨ کە کۆیە چ رۆڵێکی پێشەنگی گێڕاوە چ لە رووی کوردایەتی، نیشتمانپەروەری، شیعر و ئەدەبیات، یەك خێزانیی نێوان کۆییەکان (موسوڵمان، دیان، جوو) تاکو دەگاتە رووی گەشی ژیانی مەدەنیەتی ئەو شارە کە هەموو گیانی بەرەنگاربوونەوەی تێدا بەردەوام بووە لە هەموو بوارەکاندا، هەر لە هەمان تەوەر دا هونەرمەند وریاد ئەحمەد دیمانەیەکی لەگەڵ کەسایەتییەکی کوردپەروەری دێرینی شاری کۆیە کە ئەویش (عەبدولڕەحمان ئیسماعیل رەسول)ـە کە بە (مامە رووتە ناسراوە) لە وەلآمی پرسیارێکدا خوالێخۆشبوو مامە رووتە دەڵێ: (بەبیرم دێت شەوێکیان لە ماڵی خوالێخۆشبوو (کاکەی حاجی مەحمود) کە تێیدا خوالێخۆشبوو (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئەو هۆنراوەی کاك (عەونی)ـی بەو ئاوازەی کە خۆی رێکی خستبوو گوتبووی و خوالێخۆشبووان (رەفیق حلمی، تۆفیق وەهبی، سەعید قەزاز،...) میوانی کاکەی حاجی مەحمود دەبن و کە گوێیان لە گۆرانییەکە دەبێ تووڕە دەبن، بۆ رۆژی دووایی کاك ئەحمەد پێی راگەیاندین کە شەوی رابردوو ئەو برادەرانە لێمان تووڕە بوون چونکە لە (بەیت)ـێکی ئەم هۆنراوەیە هاتووە:**

---

- گۆڤاری (رامان) ژمارە ١٨-ئاداری ٢٠٠٧، (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە) ئەحمەد وریا، ل١٧٦.

**تفوو له چارەیان بێ**

**له موڵك و پارەیان بێ**

**ئەو رۆژه شەرمەزار بن**

**رۆژی ژمارەیان بێ**

**حەیفم بۆ کوردەواری**

**بۆ لاوانی هۆشیاری**

**خۆڕایی رەنجەڕۆ بوون**

**زۆرن تێکدەری کاری**

**که تێیدا میوانەکانی ماڵی کاکه گوتویانه که ئەم تیر و توانجه لەگەڵ ئێمەتانه، باوکت (مەبەست له خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمه مەلایه) له بەرامبەر ئەو قسانەدا گوتبووی: (ئەم هۆنراوەیه کاك عەونی دایناوه ئێمەش چونکه بەلامانەوه هۆنراوەیەکی واقعی و کوردایەتی ئامێز و جوان بووه ئەو ئاوازەم بۆ داناوه و لەگەڵ ئێوەشمان نییه)).**

**له چاپی دووەمی دیوانی عەونی چەند شیعرێکی شاعیر بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوه که له چاپی یەکەمی دیوانەکەی نییه که له ساڵی (١٩٩٧) بەچاپ گەیەندراوه و به درێژیش باس له هۆکاری لەچاپدانەوەی چاپی دووەمم خستووەته بەرچاو که گرنگترینیان بڵاوکردنەوەی چەند شیعرێکی شاعیره له سەردەمی هەره پێشوو دایناوه، بۆ نموونه ئەو شیعره تەخمیسکراوەی (عەونی)یه که لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی له گۆڤاری (هاوار) ژماره ٣٢ی ساڵی ١٩٣٣ له لاپەڕه ٣٥ بڵاوکراوەتەوه که پارچه هۆنراوەیەکی دوورو درێژی پڕ له سۆزی کوردایەتییه به ناوونیشانی (بۆ خاوەنی هاوار) که مەبەست له خاوەنی هاوار بەهەشتی (جەلادەت بەدرخان و بەدرخانییەکانه) که ئەوکاته له شام (یانی دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا) دەردەچوو که ئەوکاته (عەونی) تەمەنی له ٢١ ساڵ تێپەڕ نەکردووه و له کۆتایی لاپەڕەی بڵاوکراوەی شیعرەکەش نووسراوه (لاوێکی کورد، عەونی، کۆیسنجق، ٢٤ی کانوونی دووەم ١٩٣٢)، دەقی شیعرەکەش له لاپەڕه (٥٢)ی چاپی دووەمی دیوانی عەونی بڵاوکراوەتەوه که بریتییه له ١١٠ دێڕه شیعر که کۆتاییەکەی بەم جۆره دێت:**

ئەوەی دوژمن بە کوردانە هیلاکی ژەهری ماریان کەی
خودا ئەو قەومە نازدارە کە حیفزی چاوەزاریان کەی
لە دونیا شاد و خەندان و بڵند و پایەداریان کەی
خودایە کامەران و سەرفراز و سەرخواز و پایەداریان کەی
ئەوەی شێرانی کوردان یەعنی خێزانی بەدرخانی

(عەونی)ی شاعیر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو دەستی بە شیعر دانان کردووە ئەوەی کە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانەکەی بڵاوکراوەتەوە تێکڕای شیعرەکانی عەونی نین بەتایبەتیش وەکو لە پێشەکیی چاپی دووەم ئەوەم روون کردووەتەوە کە بارودۆخی سیاسیی کوردستان وایکردووە کە کەس نییە بەش و چیرۆکی لەو بارودۆخە ناهەموارەی کوردستان نەبووبێت کە ئەویش خۆی لە گرتن و حەپسخانە و خۆشاردنەوە و شار بەجێهێشتن و ئاوارەیی دوورە وڵات دەبینێتەوە، سەرەڕای سووتاندنی خەرمانێکی بێ شوماری کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەی گرنگی ئەوتۆ کە بە پارە ناخەملێندرێ کە بێگومان عەونی و خانەوادەکەی بەشێکیان لەو (تراجیدیا کوردییە) بەرکەوتووە کە تێیدا سەرەڕای ماڵ و حاڵ و شیعرە دەستنووسەکانی بەشی شێریان بەرکەوتووە کە پیشووتر لە چاپی یەکەم و دووەم نیشانم داوە، لەو روانگەوە درکم بەوە کردووە شیعرە بڵاوکراوەکانی تاکو ئێستا تەواوی بەرهەمەکانی ئەو نین کە لە دیوانەکەی بڵاوکراوەتەوە بۆیە هەمیشە بەتایبەتیش پاش دیتنەوەی شعری (بۆ خاوەنی هاوار) کە لە ساڵی ۱۹۳۲ لە گۆڤاری (هاوار) بڵاوکراوەتەوە هەمیشە (وێڵی) گەڕان و سووڕانم بەدوای عەونی و شیعرەکانی، کە لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو هۆنیویەتییەوە، ناوە ناوەش گوێبیستی کۆپلەیەك یاخود چەند بەیتێکی دەبووم، بەڵام خوا و راستان ئەوەی ئێستا کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بەردەستە بەشێکی دیکەی شیعرەکانی عەونییە کە کەوتوونەتە بەردەستم و خاڵ بە خاڵ بۆ خوێنەری بەڕێزیشی شیدەکەمەوە کە چۆن وکەی و لە رێگای کێ دەستمکەوتووە و خۆم هەمیشە بە قەرزاریان دەزانم.

**ئەم شیعرە بڵاونەکراوانە چۆن دیترانەوە و پەیدا کران؟!**

١- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ برای بەڕێز و هاوکارم (عەبدوڵڵا زەنگەنە) کە هەمیشە لە کارەکانی هێندە وردە، وەکو دەڵێن (بیر بە دەرزی هەڵدەکەنێ) لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا (کە ڕۆژانە ئاگاداری یەکترین) هەواڵێکی زێدە خۆشی پێدام کە مایەی خۆشحاڵییەکی یەگجار گەورە بوو بۆ من، هەواڵەکەی زەنگەنەش بریتی بوو لە دیتنەوەی چەند پارچە شیعرێکی عەونی لە ڕۆژنامە کۆنەکانی سلێمانی (ژیان، ژین) کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٩ دەرچوون، وە پێشی ڕاگەیاندم کەوا زۆر بە ئاسانی دەخوێندرێنەوە و خەریکە بۆمی (سکان دەکات)، لە ڕاستیدا دیتنەوەی هەندێ لە شیعرەکانی عەونی لە ڕۆژنامەکانی (ژیان و ژین)ی ئەو سەردەمە سەرەڕای شاگەشکە بوونم مانایەك دەبەخشێ، کە عەونی لە دەستپێکی شاعیریی دا کە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیپێکردووە نەیویستووە شیعرەکان تەنها لەنێو دەفتەرە دەستنووسەکەی بمێنێتەوە، بەڵکو بەپێی توانا ویستوویەتی لە ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی ئەو سەردەمە بڵاویان بکاتەوە، هەروەکو لە پێشەوە بەڵگەی گۆڤاری هاوارم باس کردووە، لە ناوەوەش ڕۆژنامەکانی (ژیان، ژین، گۆڤاری گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە) بەڵگەی بەرچاوی ئەم ڕاستییەن، ئەوجا لە قۆناغی دووەم کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە ڕۆژی ٢٠١٧/٢/١٤ چەند لاپەڕەیەکی لە هەردوو ڕۆژنامەی ژیان و ژین بە قەبارەیەکی گەورە کە شیعرەکانی عەونیی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوو دەقەکان لەگەڵ ڕووپەڕەی ڕۆژنامەکان بڵاودەکەمەوە بە ڕۆژ و مێژوو و ژمارەوە.

٢- د. کوردستان موکریانی کە لە ڕاستیدا جێنشینی هەردوو بەهەشتی (گیو موکریانی و حوسێن حوزنی موکریانی)یە لە ئاخاوتنێکی تەلەفۆنیدا دەربارەی چاپێکی کۆنی دیوانی شاعیرێکی کورد کە خوالێخۆشبوو (ئەحمەد هەردی) بوو کە ئایا لای بەندە دەست دەکەوێ؟، پاش گفتوگۆیەکی دۆستانە ئەویش هەواڵێکی زێدە خۆشی پێ ڕاگەیاندم کە بریتی بوو لە (بوونی چەند پارچە شیعری نیشتمانی و دڵداری و غەزەل و تەخمیسی شاعیران کە

تایبەتن بە عەونی) لە کەشکۆڵە بەنرخەکەی باوکی (گیو موکریانی)دا پارێزراوە، وەکو دکتۆرە کوردستان گوتی (ئەم شیعرانە کە لە کەشکۆڵەکەی باوکم هەیە لە دیوانی عەونی (بە هەردوو چاپییەوە) بەرچاوم ناکەون)، هەر لەو سەروبەندەدا دکتۆرە کوردستان ئەم هەواڵەی بە (پەری)ی خوشکم ڕاگەیاندبوو لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی نێوانیان، (پەری)ش ئەو هەواڵەی بە من ڕاگەیاند و پێم گوت دکتۆرە کوردستان ئەم هەواڵەی بە بەندەش داوە و بەتایبەتی سەردانی دەکەم.

ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٢٦ دیسان لەگەڵ هاوکارم عەبدوڵڵا زەنگەنە بەرەو گەڕەکی (خەونەکان) بۆ ماڵی د. کوردستان موکریانی چووین، لە دەستپێکی دانیشتنەکەمان د. کوردستان دۆسییەیەکی گرانبەهای دایە دەستم و گوتی (ئەمە ئەو شیعرانەیە کە لە چاپەکانی (یەکەم و دووەمی دیوانی عەونی)دا نین و لە کەشکۆڵەکەی باوکم پارێزراون، ئەو کەشکۆڵەش کە بابەتی بەنرخ و هەمەجۆری تێدایە کە پێشووتر نەدیتراوە کە لە نێوانیاندا ئەم شیعرانەی عەونیی باوکتن)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێی ڕاگەیاندم کە دەبێ بە زووترین کات ئەو لاپەڕانەی بۆ بگەڕێنمەوە چونکە (پڕۆژەی پێداچوونەوە و ئامادەکردنییەتی)، بۆیە هەر زوو کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی و هەمان ڕۆژ بۆ من کۆپی کرد وئامانەتەکەی بۆ خاتوو کوردستان گەڕاندەوە.

کاتێ لە کتێبخانەکەم کەوتمە خوێندنەوە ئەو بابەتە شیعرییانە جارێکی دیکە شاگەشکە بووم، چونکە لە دوو توێی دۆسیەکەدا شیعری وای تێدابوو کە نرخی تەواو نابێ، کە پاشان بە درێژی دێمە سەری، بەڵام لێرە لەوانەیە پرسیارێك بێتە ئاراوە ئەویش (دەبێت ئەو بەرهەمە شیعریانەی کە تاکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە چۆن و کەی چوونەتە ناو کەشکۆڵەکەی بەهەشتی مامۆستا گیو موکریانی؟)، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە پەیوەندییەی نێوان خوالێخۆشبووان (گیو موکریان و عەونی) لە ڕووی مێژووەوە چۆن چۆنی بووە و جۆری دۆستایەتییان چۆن چەکەرەی کردووە و بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

ئەوەی من لێی ئاگادارم و زانیاریم دەربارەی هەیە کە زۆر جار لە زاری عەونی باوکەوە گوێبیستی بووم و لەبیرم ماون عەونی هەر لە سەرەتای چلەکانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستا گیو موکریانی پەیدا کردووە، و هەمیشە لە سەردانەکانی لە کۆیە بۆ هەولێر سەردانی مامۆستای کردووە و دەربارەی شیعر و ئەدەبیات و سیاسەت گفتوگۆیان کردووە، دەستنووسە شیعرییەکانی عەونی چ بە خەتی خۆی و چ بە خەتی مامۆستا گیو کە لە کەشکۆڵەکەی مامۆستا گیو جێگە و پێگەی خۆیی هەبووە و پارێزراون کە بریتین لە چەند پارچە شیعرێکی پڕ لە سۆزی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری، شیعری دڵداری و غەزەلیاتی ئەوتۆنە کە هەر لە ناخ و فکر و ئارەزووی عەونی دەوەشێتەوە، سەرەڕای چەندین تەخمیسی عەونی لەسەر شاعیران (ئەدەب، زەبیحی، ...) سەرەڕای ئەو شیعرە زێدە نایابەی پڕ لە کوردایەتیی کە بە دوو قۆڵی لەگەڵ (دڵدار)ی شاعیری نیشتمان پەروەر کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ بەبۆنەی تیرۆرکردنی سوپاسالاری عیراق کە ئەفسەرێکی کوردی زێدە لێوەشاوە بوو، داینراوە لەگەڵ دیتنەوەی چەند پارچە شیعرێکی دوو بەیت و چوارینە کە یەکە یەکە لە لاپەڕەکانی دواتر باسی لێوە دەکەم.

پاش ساڵانی ١٩٧٥یش هەرکاتێ لەگەڵ باوکم سەردانی هەولێرمان کردبێ ئەوا ئەگەر بۆ کاتژمێرێکیش بووبێت سەری چاپخانەی کوردستان و مام گیوی دۆستی دەدا، زۆر جاریش بە رێککەوت (جاهید)ی شاعیری خوالێخۆشبوو مەجلیسە سێ قۆڵییەکی تەواو دەکرد، ژوورە مامناوەندییەکەی چاپخانەی کوردستانیش دەبوو بە (مەحفەلی گیو، عەونی، جاهید) کە ئەوکاتە ئەگەر بە کامێرا ڤیدیۆ تۆمار بکرایە ئەوا بێگومان دانیشتنەکان دەبوونە بابەتی شیکردنەوەی ئەدەبیات و شیعری کلاسیکی کوردی و تازەبوونەوەی کە لای من وایە کەم جار ئەو جۆرە کۆڕە تایبەتییانە روودەداتەوە.

عەونی زۆر بەڕێز و خۆشەویستییەوە باسی لە کاروانی خەباتی هەمەچەشنە و هەمەجۆری (حوسێن حوزنی و گیو موکریانی دەکرد) و هەمیشە ئەم وتەیەی دووبارەدەکردەوە و دەیگوت (بەداخەوە کوردن، دەنا ئەگەر بهاتایە لە گەلێکی خاوەن دەوڵەت و هۆشیار و رۆشنبیر بوونایە ئێستا دەتدیت لە زۆر جێگا پەیکەری (مس)یان بۆ دەکرا، کتێبخانە خێرلەخۆ نەدیوەکەی عەونی کە لە ساڵانی ١٩٦٣، ١٩٧٤، ١٩٩٥ کە دواتریان لە ئاکامی شەڕە نەگریسەکەی ناوخۆدا بەتاڵان برا، کە

تێیدا هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و گۆڤاری هەتاوی تێدا پارێزرابوو، سەرەڕای دەیان دەستنووسی دیوانی شاعیران و سەدان کتێبی جۆراوجۆر جارێك لەو جارانەی کە باوکم لە سەردانێکی بۆ چاپخانەی کوردستان کە لەنێواندا خوالێخۆشبووان جاهیدی شاعیر و مەجید ئاسنگەریش ئامادەبوون، گفتوگۆیەکی گەرم کەوتە نێوان عەونی و مام گیو لەسەر نەژادی ساسانییەکان، مام گیو لە دانیشتنەکەدا باسی لەو زنجیرە وتارەی خۆی دەکرد کە لە گۆڤاری هەتاو بلاوکراوەتەوە لە ژمارەکانی ساڵی (١٩٥٨)[٣] دەربارەی ساسانییەکان لەژێر ناوی (نەژادی ساسانییەکان کورد بوون فارس نەبوون)، بەلام باوکم کاتێ ڕووداوێکی بەبیر مام گیودا هێنایەوە کە چۆن جارێك لەگەڵ خوالێخۆشبوو مستەفا عوزێری کەسایەتیی کوردپەروەری هەولێری سەردانی مام گیویان کردووە لە ناوەندی چلەکانی سەدەی رابردوودا، ئەو شیعرە بۆ خوێندبوونەوە (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم) کە لە سەرەتادا دەڵێ:

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتلوعامی تورکەکان و غارەتی ئێران دەکەم
ناکەسێك نیم بۆ مەتالیب من لە رویی لافەوە
ئیرسی خۆمە بۆیە داوای دەولەتی ساسان دەکەم

ئەوجا لەو نێوەندەدا وەکو عەونی گێڕایەوە خوالێخۆشبوو مستەفا عوزێری پاش تێفکرین لەو دوو بابەتە بە پێکەنینەوە دەڵێ (نیوەڕۆ هەردووکتان دەبێت میوانی من بن چونکە راستییەکەتان بۆ مێژووی کورد چەسپاندووە).

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ (کەشکۆڵی گیو) کە ئەرکی کۆکردنەوەی لەلایەن مامۆستا (گیو موکریانی) بە چەندەها ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی بوو، سەرەڕای گرتنی وێنەی شاعیران و ئەدیبانی کورد کە بەندە بە (شانامەیەك ناوی دەبەم)، تاکو ئێستاکە تەنها (بەرگی یەکەم پیتی (أ) چاپ و بلاوکراوەتەوە بە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی (د. کوردستان موکریانی) بەو هیوایەی خەمخۆرانی کلتوور و مێژوو و

[٣]– نەژادی ساسانییەکان کورد بوون فارس نەبوون، (گۆڤاری هەتاو ژمارەکانی ١٣٤ لە ١٩٥٨/٦/٢٠، ١٣٥–١٤١ لە ١٩٥٨/١٠/٣١ کە کۆی (٩) زنجیرە وتارە بە هەمان ناوونیشان.

ئەدەبیاتی کوردی بیر لە چاپکردنی ئەو (سامانە نەتەوەییە) بکەنەوە کە بێگومان لایەنێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی گەلی کوردستانە.

٣- پاش بەدەستهێنانی ئەو (خەرمانە بڵاونەکراوەی عەونی لە هەردوو چاپی دیوانەکەی دا) کە لە کەشکۆڵەکەی بەهەشتی گیو موکریانی بەدەستم گەیشت کە هەندێکیان دەستنووسی بە ڕێنووسی کوردی کۆن بوون لە شێوازی خەتی فارسی و خەتی مەلایەکانی کوردستان دەچوو، کە بۆ ئێمە زۆر زەحمەت بوو بتوانین بیخوێنینەوە بۆیە لە ڕێگای (خەسرەو)ی برامانەوە گەیاندمانە دەستی برای رۆشنبیر و نووسەر و ئەدەب دۆست (کاک عەبدولڕەزاق بیمار) لە کۆیە، چونکە کاکە بیمار بەپێی ئەزموونی رۆشنبیری و ئەدەبی خۆی شارەزای ئەم جۆرە دەستنووسانەیە و سەری لیٚ دەردەچیٚ، ئاشکراشە کە بەڕێزیان دۆستێکی دێرینی عەونیی شاعیر بووە، بۆیە یەکسەر ئامادەیی خۆی دەربڕی کە (ئەوەی پێویستە بۆ عەونیی شاعیر و مرۆڤ بیکات)، پاش ماوەیەکی کورت زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەو خزمەتە ئەدەبییەی هێنایە سەر ڕێنووسی کوردی ئیمڕۆ،

٤- سەرلەئێواری رۆژی ٢٠١٨/٤/١٠ لەگەڵ هاوکارم کاك عەبدوللا زەنگەنە سەردانی برای بەڕێز کاکە (حەمەی حەمە باقی)مان کرد لەماڵەکەی خۆی، کە دەمێك بوو ئارەزووی سەردانیم دەکرد، چونکە وەکو ئاشکرایە کاکە حەمە تا بڵێی پیاوێکی شارەزا و ئەدەب دۆست و خۆش مەشرەب و ناسکە و ئەویش یەکێکە لەو نووسەر و توێژەرانەی کە زۆر بە سەلیقە و وردەکارییەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، و خەرمانێکی بەنرخی بە نەتەوەکەی بەخشیوە، کە پێکەوە لەگەڵ هاوسەری بەڕێزیان (نەجیبە خان) لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامن لە پێناوی ئەو بەرهەمانەی کە لە دیرۆکی کوردی دا جێگە و پێگەی خۆیان هەیە، لەو سەردانە دۆستانەیەم دا باسی تەخمیسکردنی غەزەلێکی (ئەدەب)م بۆ کرد کە لە لایەن عەونیی شاعیرەوە کراوە و لە کەشکۆڵەکەی بەهەشتی گیو موکریانی حزووری هەبووە، چونکە دیوانی ئەدەب کە لە دووتوێی کتێبێکی گەورە (٨١٩) لاپەڕەیی لەلایەن کاکە محەمەد حەمە باقی کۆکراوەتەوە و بەراورد کراوە و ئەرکی ساغکردنەوە و

ڕێکخستنی فەرهەنگیی بۆ کردووە کە بەڕاستی کارێکی زێدە گەورە و بەنرخە، بۆیە تاکو دیوانی (ئەدەب) نەبینی نازانی چ ئەرك و کاتێکی یەگجار زۆر ئەو برادەرەی بردووە تاکو هاتۆتە بەدیهێنانی ئەم بەرهەمە نایابە، دەقی ئەو شیعرەی (ئەدەب)یش کە عەونی تەخمیسی کردووە لە دیوانی ئەدەب لە لاپەڕە (١٥٧)دایە لەژێر ناوی (ساقی وەرە بەو موژدە)دا هەیە خستمە بەردەست کاکە حەمە، پاش دانیشتنێکی گەرموگوڕی هەرچوارمان خاتوو نەجیبە خان کاکە حەمە و عەبدوللا و بەندە، کاکە حەمە لە روانگەی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە پێی راگەیاندم کە ئەو وەکو ئەرکێکی ئەدەبی و نەتەوەیی چاوێك بە شیعر و تەخمیسەکاندا دەخشێنێتەوە و ئەوەی پێویست بوو بە شارەزایی لە دونیای ئەدەبی و کلتووی و فەرهەنگی دا کار بۆ ئەو بەرهەمانە بکات کە سەرمایەی عەونیی شاعیرن بۆ نەتەوە ستەم دیدەکەی خۆی، ئەوەبوو رۆژی ٢٠١٨/٥/١ تەواوی شیعرە بلاونەکراوەکانم بۆ بەڕێزیان برد بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆی مەبەستی بوو کە بێگومان پاش ماوەیەك شەنوکەوێکی دڵسۆزانەو و ئەدەبیانەی بۆ کرد بۆ گەڕاندمەوە.

٥- رۆژی ٢٠١٨/٥/١٠ جارێکی دیکە لەگەڵ دلێر و نەژادی برام سەردانی کۆیەمان کرد بە مەبەستی دیدەنی برای بەڕێز کاك عبدالرزاق بیمار بە مەبەستی تاوتوێکردنی بابەتە بلاونەکراوەکانی عەونیی شاعیر چونکە بێگومان کاك بیماریش شارەزاییەکی زۆر گەورەی هەیە لە ئەدەبناسی و ئەدەبیاتی کوردی سەرەرای شارەزایی لە شیعرەکانی عەونی، کاتی خۆشی لە رۆژنامەی هاوکاری لەپاش کۆچی دوایی عەونی لە ١٩٩٢/٧/٢٠دا بابەتێکی بەپێزی لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٥٢٠ی رۆژی ١٩٩٢/٨/١١ بلاوکردۆتەوە کە لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی دەقەکەی بلاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (عەونی شاعیری هەڵکەوتوو و هیوا روون).

٦- بە مەبەستی ئاگاداربوون و یارمەتیدانم و لێکۆڵینەوە لەو شیعرانەی باوکمان کە تازە دۆزراوەتەوە و لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی) نییە و بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێ لەو دەستنووس و رووپەڕانەی کە ئەوانیش تازە لامان دۆزراوەتەوە لێرە و لەوێ، برایانم (وریا، دلێر، ساسان)م لێ

ئاگاداركردەوە كە ئەميشيان دەكەوينە سەر خەمانە شيعرييەكانی (عەونی) ئەوەبوو سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠١٨/٣/٦ يەكەم دانيشتنمان لە كتێبخانەكەم ئەنجامدا كە چەند كاتژمێرێكی پێچوو بە مەبەستی لێكۆڵينەوە و ئامادەكردنی بابەتەكان، لەورۆژەوە چەندين دانيشتنی ديكەمان لە رۆژانی ٢٠١٨/٣/٢٠-٢٠١٨/٤/١٥، ٢٠١٨/٤/٢٢-٢٠١٨/٤/٢٩ ئەنجامدا، هەريەكەمان لای خۆيەوە بە ئەركەكان هەڵساين تاكو هيچ كەلێنێك نەكەوێتە نێو بابەتەكان و بە هەموومان دەوڵەمەندی بكەين و بە شێوەيەكی شايستە بكەوێتە بەر ديدی خوێندەوارانی بەڕێز.

رۆژی ٢٠١٨/٧/١٢ بۆ جاری دووەم سەردانی برای بەڕێز كاكە حەمەی حەمە باقيم كرد و (دۆسيەی بابەتە بڵاونەكراوەكانی عەونی)م بە پاكی بۆ بردووە چونكە دەبووايە پاش شەن و كەو هەڵەچنەكەی لەلايەن بەڕێزيانەوە بۆ بابەتەكان كرابوو نيشانی بدەمەوە وەكو دەڵێن (تاكو دڵی ئاو بخواتەوە) لە راستكردنەوە و ئامۆژگارييەكانی (كە ئەمەشيان لە رووی دڵسۆزی و خەمخۆرييەوە) زۆر بە شەرميشەوە داوام لێكرد (ئەگەر بە پێويستی دەزانیٚ و بەدڵنيايەتی بابەتێكی وەكو خۆی (پوختە) لەسەر بابەتەكان بنووسیٚ و ئەويش رەزامەندی دەربڕی و بە پێكەنينەوە پێی گوتم (خۆشحاڵم كە عەونيی شاعير وەجاغی روونە).

لێرەدا و لەو سۆنگەيە داوا لە هەموو رۆشنبيران و ئەديبان و خاوەن ئەرشيف و كتێبخانەكان دەكەم ئەگەر هات و بابەتێكيان دەربارەی عەونی و شيعرەكانی دەستكەوت وەكو ئەوەی لە دووتوێی ئەم كتێبە دەديتریٚ و بڵاونەكراوەتەوە، هيوادارم بۆمی بنێرن كە بێگومان چاكەيەك لەگەڵ شيعر و ئەدەبياتی كوردی دەكەن، چونكە ئەگەر يەزدانی مەزن تەمەنی زياترم پێبدا بڕيارم داوە كە كۆی شيعر و بابەتەكانی سەراپا (ديوانی عەونی-چاپی يەكەم و دووەم، ئەم بابەت و شيعرانەی كە لێرەدا بڵاوكراونەتەوە، ئەوەی تازەش بەدەستم دەگات) بە شێواز و ديزاينێكی جوان و لەبارتر سەرجەمی بەرهەمەكان بە چاپی سێيەمی بگەيەنم تاكو هەندیٚ لە (مەغدورييەتی عەونی) كەم بكەمەوە كە ئەويش وەكو دەيان و سەدان جوامێری بوارەكانی سياسەت و ئەدەب و نيشتمانپەروەری چاكسازانی كۆمەڵاتی خەريكبوو بكەوێتە (پەراوێزی) مێژووی كاروانی ئەدەبی كوردی، چونكە بێگومان ماكينەيەكی

**راگەیاندنی حزبێکی لەپشتەوە نەبوو پیٛ هەڵبلٛێ، سەرەڕای ئەوەی بە هەموو شێوەیەك بۆ کورد و بە کوردی ژیا و بە هیچ شێوەیەکیش درێغی بۆ کورد نەکردووە، شیعرەکانیشی شاهێدحاڵی راستەقینەی مێژووی ئەو کەڵەپیاو و شاعیرەن کە لەپاش مردنیشی (رەحم) بە کتێبخانە و ماڵ وحاڵ و هاوسەری و خوشك کوڕ و کچی نەکرا و بە رۆژی رووناك لە رۆژانی تاریکی (شەڕی خۆکوژی برایان) لە شارە خنجیلانەکەی خۆیان (کۆیە) دەرکران و ماوەیەکیش لە زیارەتی گۆڕەکەشی (مەحرووم) کراین، تەنانەت حورمەتی شیعرەکەشی (ئازادی وڵاتم) نەگیرا کە لە کۆتاییدا دەڵێ:**

**هۆی چارە رەشی نابیٛ لە بێگانە بزانم**
**راستی ئەمەیە بێژە لە دەست خۆمە شکانم**

**٧- ئەو بابەتانەی کە لێرەدا بڵاودەکرێنەوە بریتین لە:**

- **ئەو شیعرانەی کە لە هەردوو رۆژنامەی (ژیان و ژین) کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٩ لە سلێمانی دەردەچوون بڵاوکراونەتەوە.**
- **ئەو شیعرانەی کە لە کەشکۆڵە نایابەکەی مامۆستا گیو موکریانی بەردەستکەوتووە.**
- **ئەو شیعرەی کە لەژێر ناوی (رۆژباش) گەورانم لە رۆژنامەی هەولێر ژمارە (٦٨) کە لە ١٩٥٢/٤/٢٢ لە لاپەڕە (١) بڵاوکراوەتەوە کە ئەویش لەلایەن هاوکاری بەڕێزم عەبدوللاَ زەنگەنە سەرلەئێوارەی رۆژی پێنج شەممە رێککەوتی ٢٠١٨/٨/٢ لە سەردانێکییان بۆ کتێبخانەکەم لەگەڵ برا و هاوکاری بەڕێزم کاکە حەمەی حەمە باقی لەسەر (سی دی)یەك ئەم دیارییە بەنرخەی بۆ هێنام کە لە ئاکامی شەن و کەو کردنی رۆژنامەی (هەولێر)ی پەنجاکان دۆزیبوویەوە.**
- **چیرۆکێك کە شاعیر نووسیویەتی لەژێر ناوی (هونەرمەندێکی هەستیار)، چونکە وەکو ئاشکرایە عەونیی شاعیر چەندین پەخشانی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) لە چلەکانی سەدەی رابردوو بڵاوکردۆتەوە، کە بە دەستنووس لای (ساسان) پارێزراو بوو.**

- دیمانە ڕۆژنامەنووسییەکانی لە چاپی دووەمدا نییە و لێرەدا لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکەکەی بڵاودەکرێنەوە، کە کاتێ لە ڕۆژنامەکانی (هاوکاری، برایەتی، کوردستانی نوێ) بڵاوکراونەتەوە.
- نووسینێکی دۆستی ئازیزمان کاکە (پۆلای هاشمی نانەوازادە)ی مەهابادی، دەربارەی خوالێخۆشبووان (عەونی و مەجید ئاسنگەر) کە تام و چێژێکی تایبەتیی خۆیی هەیە. بەو هیوایەی توانیبێتمان بەشێکی کەممان لەو قەرزە گەورەی (عەونی)ـی باوك دابێتەوە.

بابەتەکان بەتایبەتی شیعرەکان بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەی دانراون، لەگەڵ ئەو دیکۆمێنت و دەستنووسانەی کە لە کەشکۆڵەکەی مامۆستا گیو موکریانی وەرگیراوە، لەگەڵ وێنەی ڕۆژنامەکانی (ژیان و ژین) کە شیعرەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، سەرەڕای هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی هەندێ لە شیعرەکان لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە و هەڵسەنگاندنی برایانی نووسەر و ئەدەب دۆست کە لێرەدا لەبەر گرنگی بڵاویاندەکەینەوە.

## بابەتی یەکەم

### شیعر

**فەلەك ئەمڕۆ لە ماتەم دا ئەبینم وەزعی گۆڕاوە**
**ئەڵێ یاران لە خاکی ئێمەدا داخۆ چ قەوماوە**

ئەم شیعرە لە هەردوو چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی عەونی بڵاونەکراوەتەوە، پاش هەشتا ساڵ لە دانانی لە ساڵی (١٩٣٧) دا لە کەشکۆڵەکەی مامۆستا گیو موکریانی پارێزراوە و لە ڕێگای د. کوردستان موکریانی دەستمان کەوتووە.
شیعرەکە بریتییە لە ٤٤ دێڕەشیعر، ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن هەردوو شاعیری کۆچکردوو (عەونی و دڵدار) بە هاوبەشی هۆنیویانەتەوە، ئەمەیان سێیەمین شیعری هاوبەشی عەونی و دڵدارە پاش شیعری (دڵ) و (فەلەك) لە دیوانەکانی (عەونی و دڵدار بڵاوکراونەتەوە).

مەبەستی شیعرە هاوبەشەکە (شین و ڕۆڕۆ)یە پاش لەدەستدانی (ڕۆڵەی صادقی ڕۆیی) سەرکردەیەکی کە لەم ڕۆژانەدا (ساڵی ١٩٣٧) بەهۆی پیلانی ڕەگەزپەرستانی نەتەخوازانی عەرەب کە توانییان (ڕەئیسی جەیشی شادیم) کە ئەویش خوالێخۆشبوو ئەفسەری گەورەی کورد (بەکر صدقی) بوو کە لە ڕۆژی ١٩٣٧/٨/١٢ لە شاری موسڵ تیرۆرکرا، کە بووەتە هۆکاری جۆش و خرۆشێکی هەستی نەتەوەیی عەونی و دڵدار، کەموێنە کە زۆر بە دەگمەن لە دەرەوەی هەستی ئەو دوو شاعیرە بەدی دەکرێت، (فەریق روکن بەکر صدقی) لە دایك و باوکێکی کورد کە خەڵکی گوندی عەسکەرن سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر سەر بە پارێزگای کەرکووك ساڵی ١٨٨٦ لەدایك بووە، لەبەر لێهاتویی وەکو ئەفسەر گەیشتە مەرتەبەی سوپاسالاری سوپای عیراق ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووداوی ساڵی ١٩٣٦ بینی، لێرەدا ڕووداوێك بۆ مێژوو دەگێڕمەوە وەکو خۆی کە تەعبیر  لە ڕا و بۆچوونی ناخی عەونیی شاعیر دەکات بەرامبەر بە خوالێخۆشبوو بەکر صدقی و بکوژانی.

لە ڕۆژێکی گەرمی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ عەونیی باوك بە مەبەستی سەردانی دکتۆرێکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو لە شاری موسڵ بووین کە ساڵانێك هاتووچۆی دەکرد و ناوی (دکتۆر زەکی ئەلمەلاح)، کاتێك بەناو شارەکە گوزەرمان دەکرد بەرەو ماڵی بەفرینی خوشکم، خێزانی خوالێخۆشبوو (د. عبدالرحمن رسول) کاتێ لە پردە کۆنە ئاسنینەکە دەپەڕینەوە بەرەو بازاڕی (سەرج خانە) پاش سەد مەترێك لەپڕ باوکم گوتی: (فەرهاد ئۆتۆمبیلەکە ڕاگرە)، کاتێ منیش لەو شوێنەی ئەو ویستی لە دەستە ڕاستی شەقامە سەرەکییەکە ئۆتۆمبیلەکەم ڕاگرت باوکیشم پەنجەرەکەی لای خۆی کردەوە کە لەو شوێنە کەلاوەی خانوو و باڵەخانەیەکی گەورە بوو دوو جار زۆر بە توندی (دوو) (تف)ـی لە شوێنەکە کرد و بە تووڕەییەوە دوو جاری دیکەش بە دەنگێکی بیستراو گوتی: (تف لە نەتەخوازی ڕەگەزپەرستانی عەرەب) ئەوجا بە جۆرێ شڵەژانی دەروونییەوە گوتی (لێخوڕە با بڕۆین) بەندەش بۆ چەند ساتێك واقم وڕمابوو، پاش چەند چرکەیەك بەدەم ئۆتۆمبیل لێخوڕینەوە گوتم  کاکە (ئێمە هەموومان بە باوکمان دەگوت کاکە)، خێرە ئەو تف و جنێوەت لەگەڵ کێ بوو؟ لە سەرەتادا بۆ چەند چرکەیەك قسەی نەکرد، ئارەقی نێوچەوانی دەسڕییەوە پاشان لەسەرخۆ گوتی (فەرهاد ئەم شوێنە جێگای

حەسانەوەی ئەفسەران بوو، رۆژی ١٩٣٧/٨/١٢ کاتێ سوپا سالاری عیراق و سەرکردەی کودەتا (بەکر صدقی) دژ بە حکومەتی رەگەزپەرستانی عەرەب (یاسین ئەلهاشمی سەرۆك وەزیرانی بوو) لێرە خوالێخۆشبوو بەکر صدقی لەگەڵ هەندێ لە یاوەرانی بۆ پشوو دان مابوونەوە لە چاوەڕوانی گەشتێکی فەرمی سوپاسالاری عیراقی بەرەو وڵاتی تورکیا دەڕۆیشت ئەفسەرە عەرەبە رەگەزپەرستەکانی عەرەب لێرەدا لەم شوێنە زۆر نا مەردانە بەهۆی نائیب زابتێکی تورکمان کە ناوی (محەمەد عەلی تەلەعفەری) بوو لە پشتەوە بۆی هاتە دەست و تیرۆری کرد). لە درێژەی قسەکانی باوکم گوتی (ئێمەی منەوەر و نەتەوەخوازانی کورد بە تیرۆرکردنی بەکر صدقی ژانێکی گەورەی بۆ درووست کردین و بە خەسارەتێکی گەورەشمان دانا کە تێیدا کورد زەرەرێکی زۆر گەورەی کرد چونکە بەکر صدقی کورد و سوپاسالاری سوپای عیراق بوو، پاش کودەتایەکەی لەسەر یاسین ئەلهاشمی ئەو واتا (بەکر صدقی) فەرمانڕەوای کردە و راستەوخۆی عیراق بوو، لەو سەردەمەش دا کە کودەتایەکەی سەرکەوتوو بوو حاڵی کوردان زۆر باش بوو، کورد خۆی بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانی، ئایندەیەکی باشی بۆ کورد لەئارادابوو، بەڵام پیلانی رەگەزپەرستانی عەرەب بە (پلانی ئینگلیزی لەعین) ئەو شۆڕەسوارە تیرۆر کرا).

هەردوو شاعیری کۆیی (عەونی ١٩١٤-١٩٩٢) و (دڵدار ١٩١٨/٢/٢٠-١٩٤٨/١١/١٢) لەساڵی ١٩٣٧ لە رووداوی تیرۆرکردنی بەکر صدقی یەکەمیان تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو و دووەمیشیان تەمەنی ١٩ ساڵ ببوو، بە حوکمی ئەوەی هەردووکیان لە گەڕەکی بەفری قەندی و جیرانی زۆر نزیکی یەکدی بوون وەکو دڵدار لە بیرەوەرییەکانی خۆی باسی عەونی دەکات و دەڵێ (ئێستا من لە ساڵی ١٩٣٣م صنفی پێنجی ئیبتیدائیم لەم ساڵە ماجەرای ژیانم گۆڕا لە دەوری منداڵی هاتمە دەورێکی تر، دەستم پێکرد بە وردی دیوانی حاجی قادری کۆیی موتاڵەعە بکەم بەڵکو شیعرەکانی ئەغلەبم لەبەر کردبوو، دیسان مام کە زۆر بە وردی گوێ لە شیعر و قەصائیدی شاعیرانی وەکو عەونی، راجی، حوسێنی، عاصی، رابگرم)، لە لاپەڕەیەکی دیکەدا[٤] دەڵێ (ئێمە قوتابییە غەریبەکان کۆیی و شەقڵاوەیی و رەواندزی لە هەولێر بە

[٤]- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسینی عبدالخالق عەلائەدین، ل٤١.

عینایەتێکی تایبەتی موعامەلەیان لەگەڵ ئەکرا و بە چاوێکی زۆر موقەدەس سەیر ئەکران، کەس رقی لە ئێمە نەئەبوەوە بەڵکو (بیلعەکس) موحیبەتمان ئەتوانم بڵێم لە دڵی هەموو هەولێرییەك هەبوو چونکە وایان ئەزانی بەراستی کوردین و مەسدەری وەتەنی و بەستەی حەماسەت و نمونەی کوردزبانیکی فەعالین، لەبەر ئەمەی قوتابییە هەولێریەکان زۆر خۆیان لێ نزیك ئەکردینەوە زۆر بە ئینتیباه و حەماسێکەوە گوێیان لە شیعرە حەماسییەکانی (عەونی، دلاوەر، بێکەس، زێوەر، ئەحمەد بەگ) رائەگرت کە بۆمان ئەخوێندنەوە).

پەیوەندیی نێوان هەردوو شاعیر (عەونی و دڵدار) دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان (ئاصەف)ی براگەورەی دڵدار کە رۆڵی باوکایەتیشی بۆ دڵدار دەبینی، لەگەڵ عەونی دا بەپێی ئەوەی جیرانی زۆر نزیکی یەکتر بوون پەیوەندییەکە زۆر بەهێز و بەردەوام بوو، بەڵام دیسان وەکو (عەونی) کە زۆر جار باسی ئاصەفی دەکرد دەیگوت (پیاوێکی رۆشنبیر و ئاگادار و سەردەمیانە دەژیا و خاوەنی کتێبخانەی خۆی بوو لە ماڵەکەیان، هاتوچۆی نێوانمان زۆر گەرموگوڕ بوو، زۆر زوو سەردانی یەکترمان دەکرد، بە مانای وشە کورد بوو، زۆریشی رق لە ئینگلیز بوو، هەمیشە بە مەلعونی پێناسە دەکرد سەرچاوەی ئیلهامی گیانی یونسی (دڵدار) بوو، دڵدار لە ئێمە بچووکتر بوو، زۆر هێمن و ئاقڵ دەهاتە بەرچاو، پرسیاری زۆری لێ دەکردم، بەتایبەتی رۆژانی شەڕی جیهانی دووەم، حەزی لە ئەدەبیات و شیعر بوو، ناوە ناوەش شیعرەکانی خۆیی نیشان دەدان، پاشان زیاتر لێك نزیك بووینەوە، چەند شیعرێکی هاوبەشیشمان پێکەوە داناوە)، بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە پەیوەندیی نێوان عەونی لە لایەك و ئاصەف و دڵدار لە لایەکی دیکەوە تەماشای ناوەڕۆکی شیعرەکەی (زەینەب خان)ی خوشکی گەورەیان بکە کە لەم ساڵەدا (٢٠١٨) بڵاوکرایەوە کە دەقی شیعرەکەی لە دووتوێی ئەم پەرتووکە بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا لەژێر ناوی (بۆ عوسمان عەونیی شاعیر) ساڵی ١٩٥٤ دەڵێ:

لە هەرکوێیەك بێ لە شار و لە دێ
بۆنی ئاصەف و دڵداری لێ دێ

## عەونیی کوردپەروەر شاعیری بەهۆش
## زەینەبی خوشکی ناکا فەرامۆش[٥]

ئەم باسەم بە پێویست زانی کە لێرەدا تیشکی بخەمە سەر پەیوەندی (عەونی و دڵدار) کە لە چەند شوێنێکی دیکە دڵدار باسی لە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەم تیپە بووە کە (عەونی) یەکێکیانە و دەڵێ (عبدالکریم سەید ئەحمەد کە بە خزمایەتی ئەگەیشتەوە ئێمە، بوو بە رەفیقم (عبدالکریم کوڕی سەید ئەحمەدە یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کۆیە نازناوی (حسین)ی هەڵگرتووە)، بەڵام چونکە ئەشعاری وەتەنی نەبوو کەس ناوی نەدەبرد)، بابە شێخ زۆر رەفیقی (عومەر عەبدوڵڵا و ئەحمەدی حەمە مەلا و عەونیی شاعیر) بوو، بە تەبیعەتی حاڵ منیش تێکەڵی ئەم تیپە بووم، زۆری پێ نەچوو لەگەڵیان بوومە رەفیق. عەونی لە بازاڕ بەقاڵ بوو، لاوێکی قەدە باڵای گەنم رەنگی چاو رەشی چاو گەورە لووتێکی بەکەوانەی ناوەندی بەسەر دوو لێوی تێك قرساوی باریکا هاتبووە خوار، زۆر کەم قسەی دەکرد، بەڵام ئەغلەب قسەکانی نوکتە و حیکایەتی عیبرەت ئامێز بوو.

نووسەری کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) مامۆستا (عبدالخالق عەلائەدین) لە کاتی ئامادەکردنی کتێبەکەی پرسیار لە چەندین نووسەر و شاعیری دۆستی نزیکی دڵدار دەکات کە (عەونی) لەنێوانیاندایە، پرسیارەکانی نووسەر بەم شێوەیەیە:

١. ئێوە دۆستایەتییەکی تایبەتیتان لەگەڵ دڵداری شاعیردا هەبووە، داخۆ چۆن و کەی ئەم ئاشنایەتییە لەنێوانتان پەیدا بوو.
٢. بیر و راتان بەرامبەر دڵدار وەك شاعیر و وەکو مرۆڤ چییە.

**دەقی وەڵامەکەی (عەونی) بەرامبەر دڵدار بەم جۆرەیە کە بە دەق بڵاوی دەکەمەوە**

**وەڵامی عەونی**:(ئەو دوو پرسیارەی ئاراستەتان کردبووین دەربارەی خوالێخۆشبوو دڵداری شاعیر و ئەدیب وا بە کورتی وەڵامم دانەوە.

---

٥- دیوانی زەینەب خان، ١٩٠٠-١٩٦٣ لە ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا رەئوف ئەفەندی خادم سوجادە پێداچوونەوە و رێکخستنی عەبدوڵڵا زەنگەنە هەولێر ٢٠١٨، ل١٩٦-١٩٧.

دۆستایەتی من و دڵدار لە سەرەتاوە لەماڵەوە دراوسیٚ بووین بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٣٥ کە لە کۆیە نیشتەجیٚ بوو، ئەمجا دڵداری ئەدیب و شاعیر پەیوەندیی لەگەڵ مندا بەهێزتر کرد وە هەمیشە هاتووچۆی دەکردم، دەهات بۆ لام وە هەندیٚ جار پارچە هەڵبەستی دەهێنا نیشانی دەدام و دەیپرسی بەسەندی دەکەی یان نا؟ جار جار پەسەندم دەکرد وە هەندیٚ جار رەخنەم لیٚ دەگرت، بەڵام رەخنەگرتنەکەی زۆر پیٚ خۆش بوو...

رۆژێك هات داوای لێکردم چەند پارچە هەڵبەست بە هاوبەش بنووسین، یەکەم هەڵبەستمان بەبۆنەی رووداوێکەوە ئەمە بوو (ئەوەی کەس بیٚ فەلەك دائیم لە خوێنی خۆی دەگەوزێنیٚ... هەتا دوایی) وە چەند هەڵبەستێکی دیکەشمان نووسی بەیەکەوە، ئەمەبوو سەرەتای دۆستی و پەیوەندی ئێمە لە نێوانماندا.

بیر و رام بەرامبەر دڵدار کە شاعیر و ئەدیب و نیشتمانپەروەر کە دڵسۆز و بەبەزەیی وەکو هەموو کەسانێکی دیکە وایە. دڵدار مرۆڤێکی دڵپاك و سادە و قسەخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، زۆر هیوای بە دواڕۆژی نەتەوەکەی بوو، هەمیشە ئاواتەخوازی بەختیاری گەل و ئازادی نیشتمان بوو، هەتا بڵێی دووربین بوو، لە کۆڕی دانیشتن چرایەکی پرشنگدار بوو لە دۆستایەتیدا بەوەفا و لێبوردە بوو، لەبارەی شاعیری و مرۆڤ دڵدار ئەوەی دیوانەکەی بخوێنێتەوە دەزانیٚ شاعیریەتی دڵدار لە چ پلە و پایەیەکدایە، بەتایبەتی لە دوو پارچە هەڵبەستدا.

**یەکەم** سروودی ئەی رەقیب، **دووەم** هەڵبەستی لالە باسی ئەم دوو پارچە شیعرە بە تەواوی ئاوێنەی بیر و رای دڵدار لە هەموو روێکەوە نیشان دەدا، دڵدار لە پلەی ژیانی یەکەمدا سەرکەوت، بەڵام لە پلەی دووهەمدا دەستی ئەجەل یەخەگیری بوو و ماوەی نەدا، زۆر ئاواتی لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاکەوە، بەڵام وەکو حاجی قادر فەرموویەتی:

**مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە**

**ئەوەی باقی بمێنیٚ هەر ناوە**

لە جێیەکی دیکە مامەند کەرکووکی شاعیر دەڵیٚ:

**بەری سەعی و فیداکاری گەلی شیرینە وەك شەککەر**

**وەتەن پەروەر عەزیز و گەورەیە زۆر بەرزە عینوانی**

## خوێنەری بەڕێز:

لەوانەیە بەو درێژ دادڕیەم سەرتانم ئێشاندبێت، بەڵام یەکەم پەیوەندی عەونی و دڵدار کە زۆر کەس لێی ئاگادار نییە، سەرەڕای شیعرە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتری کە دوا شیعریان ئەم شیعرە زێدە بەرز و نایابەیە کە بە گیان و ناخێکی کوردپەروەرانە نووسراوە کە دەتوانم بڵێم لە رووی ناوەڕۆك و شێوەی داڕشتن بێ هاوتایە چونکە تاکو ئێستاکە بەر گوێم نەکەوتووە کە شاعیرێکی کوردی دیکە لەم بۆنە غەماویەدا شیعری بۆ تیرۆرکردنی (سوپاسالاری کورد فەریق روکن بەکر صدقی) گوتبێ، تەنیا ئەوە نەبێ هەندێ لە کوردپەروەرانی سلێمانی پاش رووداوی تیرۆرکردنەکەی (بەکر صدقی) کۆمەڵەیەکیان درووستکرد بەناوی (کۆمەڵی تۆڵە)، بەڵام بەداخەوە دیارە لەبەر زۆر هۆکار کە پەیوەندیی بە بارودۆخی سیاسی ئەوسای عیراق هەبوو شیعرە هاوبەشەکەیان رووناکیی نەبینی چونکە نەیارانی بەکر صدقی پاش تیرۆرکردنی دەستیان لە هیچ نەدەپاراست بەتایبەتیش چونکە بەکر صدقی کورد بوو، کە ئەم دیاردەیە هەمیشە پیشەی سەرەکییان بووە و هیچ کاتێك دەستیان لە ئازاردانی کورد و وێرانکردنی کوردستان نەپاراستووە، رووداوەکانی عیراق پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن ئینگلیزییەوە کرا بە دەوڵەت و کوردستانی پێوە لکێنرا ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێ تاکو رۆژانی ئەمڕۆش بەردەوامە لێرەدا خۆمان بە قەرزاری بەهەشتی مامۆستای گەورە (گیو موکریانی) دەزانین کە ئەو شیعرە و چەندین شیعری دیکەی نیشتمانی و غەزەل و پەندئامێز کە لە کەشکۆڵەکەی خۆی دا پارێزراو بوو (هەزار رەحمەت لە گۆڕی) و لە رێگای خوشکی بەڕێز (د. کوردستان موکریانی) ئەو دیاریە گەورەیەی پێی بەخشین، کە بێگومان دیوانەکەی (عەونی) پێ دەوڵەمەند دەکرێ و جۆرە خۆشییەکیش دەکەوێتە ناخی (بەندە) کە لەو گەڕان و سوڕانانەدا توانیبێتم بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و ئەدەب دۆستان ئەم بەرهەمە شاراوانە بخەمە بە دیدی خوێنەواران، وەڵامی ئەو پرسیارەش بۆ مێژوو بدەمەوە کە (عەونی) زۆر لەوە زیاتری

**گوتووه کە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانەکەی دا هەیە، بەڵام چی لەگەڵ ڕۆژگار دەکەی (چ ڕۆژگارێك کە بەسەر نەتەوەی ستەمدیدەی کورد) هاتووە کە زەمانێك بەرهەمە نووسراوەکانی لە هەموو بوارەکانەوە کەوتۆتە ژێر (رەحمەتی) داگیرکەرانی کوردستان کە نەك تەنها ئاگر و ئاسنیان بەسەر کورد و کوردستاندا دەباراند، بەڵکو لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و سیاسەت و شیعر و بابەتی کۆمەڵایەتی و کتێبخانەکانیش بە دەردی کتێبخانەکەی (میر عەبدال) دەچێت لە بەدلیس کە نەك هەر مرۆڤ بەڵکو بەردیش بە (گریان) دێنێ.**

# بەشی یەکەم

## هەڵسەنگاندن

# عەونی
# و
# شیعر و نیشتمان و ئەوین

**محەمەد حەمە باقی**

**ئەم چەپکە شیعرە، بەشێکی دیکەی ئەو شیعرانەی (عەونی:١٩١١-١٩٩٢/٧/٢٠)ی شاعیرن، کە دوای چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (١٩٩٧) و (٢٠١١)، لە رۆژنامە و گۆڤار و دەستنووسی تازە دیتراوەدا کۆکراونەتەوە و کراونەتە ئەم دیوانەی بەردەستتان، کە دەبێ هەر لە سەرەتای پێناسەی ئەم چەپکەوە بڵێین: ئەم شیعرانەش، هەر هەمان کەش و هەوا و پەیام و نەفەسی شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕی بواری فەرهەنگ و سەر بە رێبازی کوردایەتی و ئامێزی قوتابخانە شیعرەییە شۆڕگێڕانەکەی شاری (کۆیە)ی هەمیشە بەخشندە و زیندووە، کە لە ماوەی نزیکەی (١٥٠) سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا، بێ پسانەوە لە پەروەردە و پێگەیاندن و بەخشینی دەیان و دەیان زانای بە نامێی ئایینی، بیرمەند، سیاسەتوان، شاعیر، هونەرمەند، دەنگخۆش، خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری پێشەنگ و... دا بووە. ئەو ژمارە زۆرەی لە قەڵەمڕەوی ئەم شارەدا هەڵکەوتوون، هەر لە زانایانی ئاینی وەك: مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، مەلا عەبدوڵڕەحمانی جەلی، حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی و مەلای گەورە.. تا شاعیرانی وەك: حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧)ی سەرباشقەی شیعری کوردایەتی، حوسەینی، مەلا محەمەدی دلاوەر، صافی (١٨٧٣-١٩٤٢)، عاصی، زەکی هەناری، سامی عەوداڵ، رۆستەم، مەیلی، دڵدار (١٩١٨-١٩٤٨)، زەینەب خانم (١٩٠٠-١٩٦٣/٢/١٨)ی خوشکی دڵدار، جاهید (١٩١٨-١٩٩١)، دڵزار (١٩٢٠) و پۆلێك لە نووسەرانی ناودار و لەنێوانیاندا بیرمەندی مەزن: مەسعود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢/٤/١)، کە ئەم ژمارە زۆرەی لەو قوتابخانە مێژووییەدا، لەو قەڵەمڕەوەدا هەڵکەوتوون، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان دا، جێی سەرنج و توێژینەوەیە، کە شارێکی چەپەك و تەریکی وەك**

(کۆیە)ی نزیکەی (١٥٠) ساڵێك لەمەوبەر، کە ئەم پۆلە بەهرەمەندانەی بە ئەدەب و فەرهەنگ و کولتووری کورد بەخشیوە-لەچاو شارەکانی دیکەی کوردستان دا، شارێکی بێ ڕێگەوبان و لە هەموو رویێکەوە لە دوورگەیەکی داخراو چووە، ئەم سامانە فرە فەرهەنگ و کولتوور و خەرمانە هونەریی و فکرییەی لەکوێوە هێناوە؟!.

لێرەوە کاتێ کە هەڵوێستەیەك دەکەین و ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی ئەم ١٥٠ ساڵەی دوایی شاری کۆیە دەدەینەوە و تێدەگەن کە شاری (کۆیە)، بە پێچەوانەی ئەو شارە کوردییانەی وەك: بەتلیس، بۆتان، جزیرێ، سنە، سابلاغ (مەهاباد)، سلێمانی، رەواندز، کە رۆژگارێك میرنشین بوون و میرانی کورد حوکمیان کردوون و بەهۆی ئەو زەمینەسازیی و کەشوهەوا خۆماڵییەوە، کە دامودەزگاگەلی ئەو میرنشینانە رەخساندوویانە، فەرهەنگ و زمان و کولتوور و مێژووی کوردیان تێدا گەشاوەتەوە و لەو بوارانەدا بەرهەمی هەمەجۆر و رەنگین و دەوڵەمەندیان لەو رۆژگارە جیاجیایانەدا ئەفراندووە.

بەڵام شاری کۆیە لە هیچ رۆژگارێکی ئەم (٢٠٠) دوو سەد ساڵە دا، میرنشینێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو سەر بە میرنشینێکی (کورد)ی وەك (بەلای زۆرەوە) میرنشینی (بابان) بووە، کە ئەم ئەنجامە پێمان دەڵێ: ئەو بەرهەمە ئایینی و فکریی و شیعریی و هونەرییەی لەم شارەدا بەرهەم هاتوون، بەرهەمی رەسەن و زادە و خۆڕسکی سەریەکنراو و کەڵەکەبووی دەیان و سەدان ساڵەی پێشتری خودی دەڤەری (کۆیە)یە، کە لە ماوەی ئەم (١٥٠) سەد و پەنجا ساڵەی دوایی شارەکەدا، بۆتە ناسنامەی پڕ لە شانازیی و هاوکات تایبەتمەندیی ئەو شارە و لە گەڕانیش بەدوای پێناسەیەکی خێرای ئەم ناسنامە تایبەتییەش دا دەڵێین: لە هەڵسەنگاندنێکی سەرومڕی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە هەمەجۆرەی شاری کۆیە دا، دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی، کە لایەنی زاڵ لە (ناوەڕۆك)ـی سەرجەمی ئەو خەرمانە بەرهەمەی شاری (کۆیە)دا لە چاو لایەنەکانی دیکەی وەك: رووخسار، هونەریی، ئێستێتیکی، رەوانبێژیی... هتد دا، لایەنی (بیر، فکر، ئایدۆلۆژیا)، لە هەموو لایەنەکانی دیکە درەوشاوەتر خۆی دەنوێنێ. هۆیەکەشی (بەلای منەوە) ئەوەیە کە زۆربەیان و بەتایبەتیش شاعیرانیان، بەپێ و شوێنی ئاراستەکەی (حاجی قادری کۆیی)دا چوون، کە لای ناوبراو، ئەوەندەی پەیامی

هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی دا مەبەست بووە، ئەوەندە مەبەستی لایەنی هونەریی پەیامەکەی نەبووە. بۆیە لەم ئەنجامگیرییەوە دەڵێین. ئەگەر ناسنامەی میرنشینی (جزیریٚ)، بەهۆی بەرهەمی شیعریی (مەلای جزیری: ١٤٠٧-١٤٩٢) و (ئەحمەدی خانی: ١٦٥٠-١٧٠٨)ـەوە، بریتی بێت لە (عیرفان و کوردایەتی) و میرنشینی (بەتلیس) بەهۆی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخان: ١٥٤٣-١٥٩٨)ـەوە، بریتی بێت لە (مێژوو) و میرنشینی (ئەردەڵان)، بەهۆی بەرهەمە مێژووییەکانی مێژوونووسان (مەئمون بەگ[١]، قازی محەمەد مەلا شەریف[٢]، محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی[٣]، خوسرەو بەگی ئەردەڵان[٤]، مەستوورە[٥]: ١٨٠٥-١٨٤٧، عەلی ئەکبەر وەقائع نیگار[٦]، عەبدولقادر ئیبن رستم بابانی[٧]، میرزا شوکروڵڵا سنندجی[٨] (فخر الکتاب)، شێخ محەمەدی مەردۆخ کوردستانی)ـەوە دیسانەوە بریتی بێت لە (مێژوو) و شاری (سلێمانی)ـیش بەهۆی قوتابخانە شیعرییەکەی هەرسیٚ شاعیر (کوردی، نالی، سالم)ـەوە، بریتی بێت لە داهێنانی شێوەزاری تایبەت بە دەڤەری (شارەزوو- سلێمانی) و ئاوێتەکردنی ئەو شێوەزارە، بە باڵاترین شیعری هونەریی و ڕەوانبێژیی، ئەوا ناسنامەی شاری (کۆیە)ش، ئاوێتەکردن و بەرجەستەکردنی (بیر، فکر، ئادۆلۆژیا)یە بە جەستە و دەق و ناوەڕۆکی هەموو داهێنانە ئایینی و ئەدەبیی و هونەرییەکانیاندا.

بەڵام (وەك وتمان) ئەم خەرمانە ئایینی و ئەدەبیی و هونەرییەی دەڤەری کۆیە، لەژێر سێبەری هیچ میرنشینێکی کوردی، واتە لەژێر سێبەری هیچ (دەسەڵات)ێکدا بەرهەم نەهاتوون، بەڵکو زادەی مێژینەی توانای زانستی و ئەدەبیی و هونەریی خودی دەڤەری (کۆیە)ن. بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر دوو نموونەی وەك هەردوو شاری (سنە) و شاری (سلێمانی) وەربگرین، کە هەردوو شارەکە، لە ڕۆژگارێکدا پایتەخت و ناوەندی دەسەڵاتی میرانی (ئەردەڵان) و (بابان) بوون و لە بارەیانەوە بڵێین: شاری (سنە)، یەکەمین پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان نەبووە، بەڵکو لە ماوەی نزیکەی (١٥٠) سەد و پەنجاساڵێکدا (٤) چوار مەڵبەندی دەسەڵات و پێتەختیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جێگۆڕکیٚ پێکردووە.

**لە سەرەتادا لە قەڵای (زەڵم: ٥٦٤ك-١١٦٨ز) و دواتر لە قەڵای (مەریوان: ٩٦٩ك-١٥٦١ز) و دواییش لە قەڵای (پڵنگان) و دوای ئەمیش بۆ قەڵای (حەسەن ئاوا) و دوایین جاریش شاری (سنە)ی ئێستایان لە (١٦٣٩ز)دا دروستکردووە و بە یەکجاریی تیایدا ماونەتەوە.**

**ئێستا کە زانیمان سەرجەمی ئەو بەرهەمە ئایینی، مێژوویی، ئەدەبیی و هونەرییەی دەدرێنە پاڵ میرنشینی (ئەردەڵان)، تایبەتن بە نووسەرەکانی سەر بە رۆژگاری دوای دروستکردنی شاری (سنە)، نەك پێش دروستبوونی شاری (سنە)، لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: بەرهەمی ئایینی، ئەدەبیی و هونەریی میرنشینی ئەردەڵان، لەپێش دروستکردنی شاری (سنە)دا، چی بووە؟! بێگومان و بەبێ هیچ سێ و دوویەك دەڵێین: هیچ!.. ئەمە لە کاتێکدا کە میرانی ئەردەڵان (٢٠٠) دوو سەدساڵ زیاتر بەر لە دروستکردنی شاری (سنە)، حوکمی دەڤەرەکەیان کردووە.**

**هەر هەمان ئەم پرسیارە بۆ شاری (سلێمانی)ش بەدرووست دەزانین، کە بڵێین میرانی بابان لەسەرەتادا دەسەڵاتیان لە دەڤەری (مەرگە) و دواتر لە (ماوەت) و پاشان لە (قەڵاچوالان) و بۆ دوایین جاریش لە ساڵی (١٧٨٤ز)دا، شاری (سلێمانی)یان دروستکرد و دەسەڵاتیان بۆ (سلێمانی) گواستەوە و وەك وتمان هەموو ئەو بەرهەمە شێوەزار و ئایینی و ئەدەبیی و هونەرییەی ناسنامەکەیمان دیاریکرد، هی رۆژگاری دوای دروستکردنی شاری سلێمانین. ئەی باشە بەرهەمی ئایینی و مێژوویی و ئەدەبیی و هونەرییەی میرنشینی (بابان)، لە سەردەمەکانی دەسەڵاتیاندا لە (مەرگە، ماوەت، و قەڵاچوالان)دا چییە و کوا؟!. لە وەڵامدا وەك بۆ میرنشینی (ئەردەڵان)، وتمان هیچ! بۆ ئەمانیش هەر دەڵێین: هیچ!**

**بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان، نموونەیەکی دیکەی میرنشینێکی وەك (میرنشینی سۆران) وەردەگرین، کە لە هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان جیاوازترە، ئەم میرنشینە لە زۆر سەردەمدا سنوورەکەی لە زۆر لاوە لە سنووری میرنشینی (بابان) و بەتایبەتیش لە ساڵانی (١٨٢١-١٨٢٤ز)دا، سنووری دەسەڵاتی تا (دوکان و سورداش)یش چووە و لە زۆر رووی وەك ئاوەدانیی، ئابووریی و لەشکرسازیی و تەنانەت دروستکردنی چەکی گەورەی گڕداری وەك: تۆپ، تفەنگ و دمانچە-وە، گەیاندە ئاستێك، کە میرنشینەکانی دیکەی کوردستان، نەیگەییبوونێ.. بەڵام لە**

درێژایی دەسەڵاتی ئەم میرنشینەدا، نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێکی بەهرەمەند و بەرجەستەی تێدا هەڵنەکەوت.. کە ئەم ئەنجامگیرییە پێمان دەڵێ: میرنشین و میران و دەسەڵات، هەموو رۆژێك دەتوانن: وەزیر، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، فەرماندەی لەشکر، ئەندام پەرلەمان... درووست بکەن، بەڵام ناتوانن تاکە یەك نووسەر، بیرمەند و هونەرمەند درووست بکەن. بۆیە و هەر لەم روانگەیەوە، بەرهەمی مێژوویی، ئایینی، ئەدەبیی و هونەریی هەردوو شاری (سنە) و (سلێمانی)، بەرهەمی ژێر سێبەری دەسەڵاتی میرنشین و میرانی (ئەردەڵان) و (بابان) نین، بەڵکو وەکو نموونەی دەڤەری کۆیە، بەرهەمی زادەی مێژوویی و ئەدەبیی و هونەریی، خودی بەهرەمەندانی دەڤەرەکەن. چونکە ئەگەر مەولانا خالید (١٧٧٥-١٨٢٧ز)، یان: نالی (١٨٠٠-١٨٧٣ز)، درووستکراو(!)ی میرنشینی (بابان) بووبن، هیچیان لەو میرنشینە نەدەتۆران و بەجێیان نەدەهێشت و بەرەو ئاوارەیی و وڵاتانی بیانی، سەریان هەڵنەدەگرت و لە غەریبایەتیدا سەریان نەدەنایەوە!... هەر لەم بۆچوونانەوە، ئەو بیروڕا دەستنیشانکراوانە، بە هەڵە دەزانم، کە بە هەرسێ شاعیری دەڤەری سلێمانی (کوردی، نالی و سالم) بووترێت: شاعیرانی سێکوچکەی بابان!.

هەر بە پێ و شوێنی ئەم بۆچوونەدا دەڵێین: ئەو کاروانە نووسەر و هونەرمەندەی لە (١٥٠) سەد و پەنجا ساڵی رابردووی دەڤەری (کۆیە)دا، ئەو خەرمانە بەرهەمەیان خستۆتە سەر سامانی کولتووری و فەرهەنگییەی گەلی کورد، لە لایەکەوە زادەی کلتوور و رووناکبیریی سەدان ساڵەی پێشتری خودی دەڤەرەکەیە، کە تێیدا چەندان ئایین و مەزهەبی وەك: جوو، دیان، ئێزدی، موسوڵمانی پێکەوە تێدا ژیان و ئەمانەش بە تێپەڕبوونی رۆژگار، فەرهەنگە جیاوازەکانیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ و تێکەڵ کردووە و بەهۆیەوە ئاسۆی ناوچەبینی و کوردستان بێنێ و جیهان بینیشیان فراوانتر و دەوڵەمەندتر کردووە.. لە لایەکی دیکەشەوە بە سۆنگەی ئەو دابڕانە درێژخایانەی دەڤەرەکەوە، کە پێشتر وتمان لە رووی بێ رێگەوبانی و تەریکبوونییەوە لە شارە گەورە و پێشکەوتووەکانی دیکەی (کوردستان)ی وەك: بەتلیس، جزیرێ، سنە، سلێمانی-یەوە، ئەو نووسەرانەی دەڤەری (کۆیە) تەقەللای خۆسەلماندن و خۆناساندن و خۆ هاوشانکردنیان داوە، بەو شارانەی ناومان هێنان و کۆشاون بەهرە

و توانا و سەلیقەی داهێنەرانە، پێشکەش بکەن و لەو ڕێگەیەوە خۆیان بە کاروانی شارستانی و کولتووری و کوردستان بگەیەنن، لەم بارەیەوە شاعیر و ڕووناکبیری بەنامێی عەرەب: (ئەدۆنیس)، لە تێزی دکتۆراکەیدا، کە (٣) سێ بەرگی یەکجار دەوڵەمەندە و ناوی ناوە (الثابت والمتحول)، بە تێروتەسەلی و هێنانەوەی دەیان و دەیان بەڵگە، لە مێژووی کولتووری عەرەبی، ئەم بۆچوونە ڕووندەکاتەوە و ئەوە دەسەلمێنێ، کە نەتەوەی عەرەب، بەهۆی ئایینی ئیسلام و ئەو لەشکرکێشییەی لە سەرەتای (فتوحات)ی ئیسلامییەوە، وڵاتان و گەلانی زۆری جیهانیان داگیرکردووە، خۆیان بە (سەردار–سەیید) و زاڵ و سەردەستە و سەرکەوتووی ئەو گەل و نەتەوە داگیرکراوانە بزانن و سەدان ساڵیش ئەو نەتەوانەیان لە خۆیان بە پلەی نزمتر زانیوە و چەوساندوویانەتەوە، ئەوسا ئەو گەل و نەتەوە بندەستانە، بۆ ئەوەی کەمێك ئاستی ئەو ستەم چەوساندنەوە و بە کەم و سووك زانینانە، لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە و بڕەوێننەوە، هاتوون خزمەتی بوارە هەمەجۆرەکانی: ئایینی، ڕاڤەی قورئان و حەدیس، ڕووناکبیریی، مێژوویی، زمان (صرف و نحو)ی (عەرەب)یان کردووە، تا بەنەتەوەی (سەردەست)ی عەرەب بڵێن: ئێمەش هەین و خودا ئەو توانایانەی بە ئێمەش بەخشیون و هەر (ئەدۆنیس)یش لە ئەنجامگیریی و تەقەللا هەمەجۆرەکانی ئەم نەتەوە (نا عەرەب)ـە نەدا، بڵێ: زۆرینەی ئەو بەهرەمەندە هەڵکەوتووانەی خزمەتی هەموو بوارەکانی کولتووری (عەرەب)یان کردووە، بە ڕەچەڵەك و ڕەگەز، عەرەب نەبوون.. لەم نموونانەوە دەڵێین: ئەو سامانە کلتوورییە دەوڵەمەندەی لە دەڤەری (کۆیە)وە، سەرگەنجینەی هەمەڕەنگەی کولتووری کوردی خراون، دەڤەری (کۆیە)یان لە ریز و ئاستی شارە گەورە و پێشکەوتووەکانی کوردستان دا داناوە و دەبێ بە چاوی ڕێز و پێزانین و لێکۆڵینەوەی قووڵ و زانستییانەوە لێیان بدوێین.

لەم کاروانە پڕ بەخشینەی دەڤەری کۆیە دا، (عەونی)ی شاعیر–کە بابەتی ئەم چەند سەرنجەمانە–ئێستگەیەکی درەوشاوە و بەرجەستە و بە بەهرەی شیعری هەمەڕەنگ: شیعری عروز، ئازاد، سروود... هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخانکردووە، هەر لە یەکەمین ئەزموونی خۆپێناسەکردنی دا بە خوێنەران و کاروانی شاعیرانی سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو دا، بە شیعری نیشتمانیی دەستی پێکردووە و ماڵباتی تێکۆشەر و ڕووناکبیری (بەدرخانیان)ی نرخاندووە، لەم شیعرەی دا، کە لە

ژماره (٢٢)ی (١ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٣)[١٠]، ل(٣٥)دا، بە ناوی بۆ خاوەنی هاوار، واتە بۆ (جەلادەت بەدرخان)ی سەرنووسەری گۆڤاری (هاوار)ی ناردووە، لەلایەکەوە نیشانەی ئاستی خوێندەواریی و ئاگاداریییەکی دەوڵەمەندی لە مێژووی تێکۆشان و ماندووبوونە نەپساوەکانی ماڵباتی ناوبراو هەبووە، کە دیارە هەر لە سەرەتای خۆپەروەردەکردنییەوە، سەرەتا مێژووی نەتەوەکەی بە تێروتەسەلی خوێندۆتەوە و لە هەمان کاتیشدا، لە لایەکی دیکەوە، وەك دیارە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە، بە گوێرەی مێژووی ئەم شیعرە (کە لە هەردوو چاپی یەکەم و دووەمی-بەشی یەکەمی دیوانی عەونی دا بڵاوبۆتەوە-ل٥٢) و بە یادکردنی ساڵی لەدایکبوونی: (١٩١١)، دەبێ لەو کاتەدا تەمەنی (عەونی)، لە (٢٢) ساڵیدا بووبێ، کە ئەمە بۆ ئەو تەمەنە، بەڵگەی ئاگاداریی و هۆشیاریییەکی مێژوویی گرنگە، بۆ لاوێك، کە سەرەتا بە شیعر دەستپێبکات و شیعرەکەیشی بۆ بەسەرکردنەوەی پێشەنگەکانی کاروانی رووناکبیریی و نیشتمانیی کوردی بێت، لە کاتێکدا ئەو لاوانەی لەو تەمەنەدا بە شیعر دەستپێدەکەن، زۆرتر شیعری ئەویندارِیی و هەستی خۆیان بۆ (خۆشەویستیی) دەردەبڕن.. من بە مەبەستی بیرهێنانەوەی خوێنەرانی شیعری (عەونی)، هێمام بۆ ئەم شیعرە کرد، تا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە (عەونی)، هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، ئەوینی نیشتمان، لە روحی دا چەکەرەی کردووە و زۆرینەی شیعرە پێشتر چاپکراوەکانی هەردوو چاپی دیوانی (عەونی)، کە شیعری (دڵداری)یشان زۆر تێدایە، لە هەردوو جۆرە شیعرەکەدا: نیشتمانیی و ئەویندارِیی، هەست دەکرێ رووخساری (نیشتمان) و (دڵدار) وەك یەك، تیایاندا دەدرەوشێتەوە، وەك ئەوەی نیشتمان و دڵدار، ئاوەڵ دووانەی یەکدی بن و هەر بەم هەستەشەوە، وەکو شاعیرێکی نیشتمانپەرەوە، تێکەڵ کاروانی شاعیرانی هاوڕۆژگاری خۆی بووە، کە زۆرینەی شیعری ئەوانیش، هەمان مۆرکیان پێوەیە.

ئەو کاروانی شاعیرانەی، کە (عەونی) لە سەرەتا سییەکانی سەدەی رابردوودا تێکەڵیان بوو، کاروانێکی بارگاویی بوو بە خەمی نیشتمان، خەمی تێشکانی شۆڕشەکانی: شێخ مەحموودی حەفید (١٩١٩-١٩٣٠)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، ئاگری داغ (١٩٢٧-١٩٣٠)، تیرۆرکردنی ئیسماعیل ئاغای شکاك-سمکۆ (١٩٣٠)،

**شۆڕشەکانی بارزان (١٩٣٢، ١٩٤٥)، جوانەمەرگکردنی کۆماری ساوای کوردستان (١٩٤٧) و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی، هەرەسی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥).. کە سەرجەمی ئەم تێشکاندنانە، هەر بەوەوە نەوەستابوو، ئەو شۆڕشانە سەرکوتکراو بوون، بەڵکو بەدوایدا داگیرکەرانی کوردستان، بە رقێکی رەش و ئاگر و ئاسن، بە مەبەستی لەبن و لە ڕەگ دەرکێشانی گیانی ئازادیی خەڵکی کورد، کەوتبوونە راگوێزان و پاکۆدان و کاولکردنی کوردستان و قەلاچۆی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ئەو شۆڕشانەیان تێدا هەلایسابوون. بۆیە ئەرکی ئەم پۆلە شاعیر و هونەرمەند و خوێندەوارەی ئەم قۆناغە زندوویکردنەوە و هەڵسانەوە و بەبەرداکردنەوەی گیانی ورە و چۆکدانەدان و بەرخۆدانی تازە و لەم پێناوەشدا ئەرکی ئەم کاروانە و بۆ ئەم مەبەستە، هەر بەتەنیان لە شیعر و نووسیندا نەمایەوە، بەڵکو هەندێکیان حزب و رێکخراوی سیاسی و پیشەییان پێکهێناوە و هەر خۆشیان بوونەتە رابەر و پێشەوا و ئەندام و لایەنگری ئەو حزب و رێکخراوانە و شان بە شانی ئەم کارانەش، گۆڤار و رۆژنامە و بلاڤۆکیان چاپ و بلاوکردۆتەوە و ئاخنیویانن بە پەیامی خۆشەویستیی نیشتمان و جەختکردنەوە لەسەر خۆ راگریی و کۆڵنەدان و داکۆکی کردن لە ئازادی نیشتمان و بە هەڵپەو هەناسەی هەمیشە تازە نەفەسەوە. لە هەموو بوارەکانی تێکۆشاندا هەڵسووڕاون و گوێیان نەداوەتە ماندووبوون و ئەو چەڵەمانەی لەو پێناوەدا تووشیان هاتووە و لەلایەن داگیرکەرانەوە لە زیندان خراون و ئازار و ئەشکەنجە و سزا دراون و ئاوارەی شارەکانی باشووری عیراق کراون و مووچە و نانی خۆیان و منداڵانیان بڕیون.. بەڵکو وەك ئەو فڕۆکەوانانەی ئامانجێکیان پێ دەسپێردرێ و بە هەر هۆیەك فڕۆکەکانیان خەریکە سەرنگوون دەبێ، ئەمان بێباکانە و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنانەی تێدا دەکەونە خوارێ، کە ئاخۆ: زەریایە، چیایە، ئاگرە، دوژمنە... بەبێ چەتر خۆیان فڕێداوەتە چارەنووسێکی پڕ لە مەترسیی و تووش و نادیارەوە.. کە لە ژیاننامەی (عەونی)دا* پشکێکی زۆری ئەم چەڵەمە و چەرمەسەری و زیندانیی و ئاوارەکردنەی بەرکەوتووە لە بەرامبەر هەمووشیاندا، سەربەرزانە لێی دەرهاتووە.**

(عەونی)، جگە لەوەی هەر لە تەك شیعر و وتار و نووسین دا، تێکەڵی زۆربەی ئەو حزب و کۆمەڵە و رێکخراوانەش بووە، کە پەیامیان ئازادیی نیشتمان و سەربەخۆیی و شکۆی مرۆڤی کورد بووە، بەڵام (وەك هەندێ لە هاورێکانی)، تا سەر لە یەکێکیاندا قەتیس نەماوەتەوە، کە من ئەم نەماوانەی (عەونی)م، بەو ماسییانە دێتە بەرچاو، کە ئەگەرچی ماسی، چەندیش ناتوانێ بەبێ ئاو بژی، بەڵام ئەو ماسییە، هەتا گەورەتر دەبێ، تەقەللا دەدات لە جۆگەوە بۆ زێ و لە زێ وە بۆ رووبار و لە رووبارەوە بۆ زەریا بچێ.. بۆیە ئەم جێگیرنەبوونە هەمیشەییەی (عەونی)، لەگەڵ حزب و رێکخراوێکی سیاسیدا، نیشانەی کامڵتر بوونی هۆشیاریی (عەونی) و ئەو جۆرە روناکبیرانەیە کە ناتوانن لە قاڵب و چوارچێوەی (حزب) و (دەسەڵات)ێکدا، سەیری کۆمەڵ ناوچەکەیان و جیهانیش بکەن.. لەبەرئەوە کە هەموویانی ئەزموون کردبێ و لە هیچیانیشدا تا سەر نەمابێ، مانای ئەوەیە، لە یەك کاتدا **هیچیان نییە و هەمووشیانە!. یان: هەموویانە و هیچیشیان نییە! بەواتایەکی دی: هەمووشیانی خۆشدەوێ.**

**محەمەد حەمە باقی**

**ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی**

**٢٠١٨/١٠/٢٩-هەولێر**

## پەراوێز:

١- ئەم یاداشتەی مەئمون بەگ-کە مێژووی میرانی ئەردەڵانە-لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لەلایەن لێکۆڵەری تورك: عیصمەت بارماقز ئۆغلو دۆزراوەتەوە و ساڵی ١٩٧٣ز، لە گۆڤاری (بۆڵتن)دا بڵاویکردۆتەوە و دواتر مامۆستایان: محەمەد جەمیل رۆژبەیانی و شوکر مستەفا، لە تورکییەوە کردوویانە بە عەرەبی و پەراوێز و لێکۆڵینەوەیان بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپ و بڵاویانکردۆتەوە.

٢- مەلا محەمەد شەریف (قازی ئەردەڵان)، مێژووی (زبدە التواریخ-پوختەی مێژووەکان)ی لە ساڵی (١٢١٤ك-١٧٩٩ز) نووسیوە.

٣- محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی، مێژووی (ذیل شرفامة-پاشکۆی شەرەفنامە)ی لە ساڵی ١٢٢٥ك-١٨١٠ز، لەسەر راسپاردەی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵان (١٧٧٥-١٨٢٤ز) نووسیوە.

٤- خوسرەو بەگی ئەردەڵانی، مێژووی (لب التواریخ-کاکڵەی مێژووەکان)ی لە ساڵی ١٢٤٩ك-١٨٣٣ز-دا، لەسەر راسپاردەی خوسرەوخانی دووەم-ناکام (١٨٠٠-١٨٣٤ز)، بە زمانی فارسی نووسیوە. مەستوورە (ماهشەرەفخانم) لە کتێبەکەی خۆیدا (تأریخ أردلان)، بە (تأریخ الأکراد) ناودەبا و دواتر دکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان، لە میهر مانگی ساڵی ٢٥٣٦ی شاهنشاهی لە تاران، بە ناوی (لب التواریخ) چاپ و بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەویش (ڤاسیلیێڤا) پەراوێز و پێڕستی بۆ رێکخستووە و پێشەکی بە زمانی ئینگلیزی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٤ز، لە مۆسکۆ بە ناوی (تأریخ خسرو بن محمد بنی أردلان) چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

٥- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان (تأریخ أردلان)ـەکەی لە ساڵی ١٨٤٥ز-دا نووسیوە و ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی-١٩٦٤ز، لە لایەن (ناصر ازاد پوور)، لە چاپخانەی بەهرامی لە سنە چاپدراوە. دواتر دکتۆر حەسەن جاف و شکور مستەفا کردوویانەتە کوردی و بە ناوی (مێژووی ئەردەڵان)ـەوە لە ساڵی ١٩٨٩ز، لە بەغدا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپ و

بڵاویانکردۆتەوە. دیسانیش بۆ دووەمین جار دەزگای چاپ و پەخشی (ئاراس)، ساڵی ٢٠٠٦، ئەم بەرهەمەی لەچاپ دایەوە.

٦- عەلی ئەکبەر وەقائع نیگار، مێژووەکەی بەناوی (حەدیقەی ناصری در جغرافیا و تأریخ کردستان) نووسیوە، دواتر (محەمەد رئوف توکلی)، ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی-١٩٨٧ز، لە تاران چاپ و بڵاویکردۆتەوە.

٧- عەبدولقادر ئیبن رۆستەم بابانی، مێژووەکەی بەناوی (تأریخ و جغرافیای کردستان، موسوم بە: سیر الأکراد) نووسیوە، ئەم مێژووە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی-١٩٨٧ز، لە تاران بە ئیهتیمام محەمەد رئوف توکلی چاپکراوە

٨- میرزا شوکراللە یٚ سنندجی، مێژووەکەی بە ناوی (تحفەی ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان) نووسیوە. ئەم مێژووە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، لە تاران بە ئیهتیمام دکتور حشمت اللە تەبیبی-پەراوێزی زۆری بۆ نووسیوە و لە لایەن (ئینتیشارات ئەمیر کەبیر)ەوە چاپکراوە.

٩- شێخ محەمەد مەردۆخ، مێژووەکەی بە ناوی (تأریخ مردوخ) نووسیوە.

١٠-ئەم شیعرە لای دکتۆر کەمال مەزهەر و کاك فەرهاد عەونی، بە ساڵی (١٩٣٢) یادکراوە، کە راستییەکەی (١٩٣٣)یە و هاوکات ژمارەکەی گۆڤاری (هاوار)یش (٢٢)ـە، نەك (٣٢). واتە: ئەم شیعرەی (عەونی)، لە ژمارە (٢٢)ی رۆژی (١ی تەمووزی ١٩٣٣)دا بڵاوبۆتەوە.

# دیوانی عەونی و لێکۆڵینەوەی زیاتر

**عبدالرزاق بیمار**

بە رەنجی مامۆستا فەرهادی کوڕی (عەونی)ـی شاعیر توانرا دیوانی شیعرەکانی چاپی یەکەم و دووەم بکرێت، ئەوەی باوکی لە ژیانی خۆیدا بۆی رێك نەکەوت کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکات، ئەو فەرهادانە قۆڵی لێ هەڵماڵی و جگە لە دیوانە چاپکراوەکە کۆمەڵێك شیعری لە فەوتان رزگار کرد و وا لەم دیوانەدا دەیانخوێنینەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین دوو جار عەونی کۆمەڵە شیعری لەباری ناهەمواری شاڵاوی عەسکەری و دەربەدەری دا ون بووە، ئەم شیعرانەش لە لاپەڕەی پەڕپووت و کۆنە دەستنووسی شاعیر و لای شیعردۆستان و رۆژنامەکان کۆکراونەتەوە.. لە رووی مێژووی ئەدەبیاتەوە بایەخی خۆیان هەیە و قۆناغی پێشکەوتن و گەشەکردنی شیعری شاعیر دەستنیشان دەکەن.

عەونی بەهرەدار ئەگەر چی لەحوجرەی مەلایان و لە خوێندنی زمانی فارسی و شیعری فارسی سوودمەند بوو، وە لەشیعری قوتابخانەی بابان بناغەیەکی پتەوی شیعر دانانی دەستگیر بوو، لەسەر کێشی عرووزی و یەك پاشبەندی چەندین نموونەی شیعری جوانی وای نووسی کە لە کۆڕی شیعر دۆستان و گۆرانی بێژاندا بە شەوقەوە جێی خۆیان کردەوە. هەروەها بناغەیەکی پتەوی شیعردانانی وەدەست هێنا.. بەڵام لە رۆشنبیری و هونەری ئەدەبی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دانەبڕا، توانی لە تێراوبوونی لەم رۆشنبیرییە نوێیەدا لە بەرجەستەکردنی لە شیعردا بەهرە بنوێنێ، بابەتی شیعرەکانی لە غەزەلیاتی کۆنەوە بگۆڕێ بە بابەتی نیشتمانپەروەری و کێشەکانی جڤاك و کوردایەتی نموونەیەکی دەگمەن و شاکاری ئەم شیعرانە، ئەو لاواندنەوە سیاسییە نەتەوەییە یە کە (عەونی) لەگەڵ (**دڵدار**)ـی شاعیردا بە بۆنەی کوژرانی سوپاسالاری گەورەی عیراق (**بەکر سدقی**)یەوە دایناوە. بەکر سدقی

عەسکەری ئەفسەرێکی باڵای کورد و کوردپەروەر بوو لە سوپای عیراقدا بە کودەتایەکی سەربازی وەزارەتی (**یاسین هاشمی**)ـی ناحەزی نەتەوەی کوردی وەرگێڕا و خۆی کرد بە سەرۆکی حکومەت لە سەردەمی مەلیك غازی دا.. بەڵام مەلیك و مەلیکایەتیی لانەبرد. زۆری پێ نەچوو دوژمنانی بە پلانێکی دڕندانە لە موسڵ کە دەیەویست بچێتە تورکیا لە ١٩٣٧/٨/١٢ کوشتیان، لێرەدا عەونی دەڵێ:

فەلەك ئەمڕۆ لە ماتەم دا ئەبینم وەزعی گۆڕاوە
ئەڵێ یاران لە خاکی ئێمەدا داخۆ چ قەوماوە

وەتەن رۆڵەت کە (بێ و رێ) سپەرگاهی رەقیبت بوو
نیشانەی (صدق)ـە بۆ بەرزیت خەزینەی رۆحی داناوە

هەر لە ساڵانی سییەکاندا پەیوەندیی کرد بە رۆژنامە تاقانەکەی کورد کە پیرەمێردی گەورە بە ناوی (ژین)ـەوە دەریدەکرد و چەند شیعرێکی تێدا بڵاوکردەوە.

بڵاوبوونەوەی شیعری عەونی لەتەك شیعری پیرەمێر و گۆران و سەلام و مەلا عەبدوللای تووتنچی و هی دی دا وە دووبارە بڵاوکردنەوەیان لەم دیوانەدا نرخێکی دیکەی بە دیوانەکە دا، پەنجەرەیەکی رووناکی لە شیعری عەونی دەستنیشان کرد. کەوا بە ناوەڕۆکێکی تازەوە بە کێشی خۆماڵی هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاریی رەوشت و خودی بەرز و هاواری پێشکەوتنی کۆمەڵی پێشکەش کرد، لەم شیعرانەی رۆژنامەی ژین دوو شیعریان سەرنج راکێش بوو کەوا لە ژمارە (٥٢١)ی ساڵی ١٩٣٧ دا بڵاوکراونەتەوە یەکێکیان لەسەر زمانی قوتابییانی کۆیە بۆ بەخێرهاتنی تیپی دێدەوانی و کەشافەی قوتابیانی سلێمانی خوێندراونەتەوە کە هاتوونەتە (کۆیە) و ئەوەی تریان لەسەر زمانی شاعیرە کە دەڵێ:

هەتا ئێستا نەماندیوە کە مومکین بێ بە ئاسانی
عەزیز و خۆشەویستی وا بە کۆمەڵ بێن بە میوانی

لەوە جوانتر ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

"هێشتا ئەوەی ئەهالی کۆیە بۆ ئەمانیان کردووە کەس بۆ کەسی نەکردووە لە تاریخی شارانەوە شاری کۆیە هەمیشە جێی پیاوان بووە و دیاری حاجی قادر خوا ئاوای کا ئاوێکی وایان ڕشت هەر منداڵێکیان بێتە ئێرە (سلێمانی) بیانگرین بەسەر چاوەوە.. جێگامان نەبوو (مەبەستی جێگای ڕۆژنامەکەیە) تا یوانداری و زیافەتی کاکە زیاد ئاغا حاجی جەلال بنووسین"


لە دواییدا دەڵێم ئەم دیوانەی (عەونی) شایانی لێکۆڵینەوە و لێدوانی زۆرە، بەڵام جێگەی بەختیاریمە کە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٢٥١)ی ساڵی ١٩٩٢ چەند دێڕێکی هەڵسەنگاندن و تێبینیم دەربارەی (عەونی)ـی شاعیر نووسیەوە بۆیە بە پێویستی نازانم دوور و درێژ بابەتەکە دووبارە بکەمەوە.


**کۆیە**


**٢٠١٨/٦/٦**

# بـــــــەشی دووەم

## شـــیعرەکان




**له‌ كه‌شكۆڵی به‌هه‌شتی (گیو موكریانی) وه‌رگیراوه‌**

## شیوەن بۆ بەکر سدقی[١]

فەلەك ئەمڕۆ لە ماتەمدا ئەبینم وەزعی گۆڕاوە
ئەلێ یاران لە خاکی ئێمەدا داخۆ چ قەوماوە

لە غەیبا هاتە گوێم دەنگێ بە حوزنێکی وەهای فەرموو
هەتاکەی بێ خەبەر ماون تەماشا کەن چ روویداوە

هەزاران گەنجی کورد ئەمڕۆ بە شمشێری عەدو کوژران
دەسا هەڵسن، تەماشا کەن: جیهان وا غەرقی خوێناوە

وەتەن وەزعێکی وای وەرگرت کە ڕۆڵەی صادقی ڕۆیی
لەژێر دەستی ڕەقیب ئەمڕۆ لە کونجی بێ کەسی ماوە

ڕەئیسی جەیشی شادیم چوو، سوپاسالاری خەم بۆم هات
کە سەرکردەی نەما لەشکر، چ تاب و تاقەتی ماوە

- بکر صدقی ١٨٨٦–١٩٣٧: لە گوندی عەسکەری سەر بە پارێزگای کەرکووك لە دایك و باوکێکی کورد لەدایکبووە، کۆلێژی سەربازیی عوسمانیی تەواوکردووە، سیاسەتمەدار و عەسکەرییەکی بەتوانا بووە، تاکو گەیشتۆتە سوپاسالاری سوپای عیراقی، لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراق و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامداوە کە بووە هۆی لادانی حکومەتی (یاسین الهاشمی)ی رەگەزپەرستی عەرەبی و لە جێگای ئەو (حیکمەت سلێمان) بوو بە سەرۆك وەزیران.

لە ١٩٣٧/٨/١٢ بە پیلانێکی ئەفەسەرانی رەگەزپەرستی عەرەبی عیراقی توانرا لە شاری موسڵ تیرۆری بکەن. دەربارەی ئەم زاتە و تیرۆرکردن و کودەتایەکەی بە سەدان بابەت و کتێب و نووسین هەیە، کە لێرەدا جێگای باس نییە، بەڵام ئەوەی راستییە خوالێخۆشبوو (بکر صدقی) خەونی بە دەوڵەتی کوردستانەوە دەبینی، وە لە ماوەی حکومڕانیی ئەو دا کورد تا رادەیەکی زۆر دەستکراوە بووە لە عیراق.

ئەم شیعرە هاوبەشەی (عەونی و دڵدار) جۆرە شیوەنێکە بۆ ئەم سەرکردە کوردە، کە تێدا نیشانەی کوردبوون و لێهاتوویی و غەمی کوردانی هەڵگرتووە، بەرەو دواڕۆژێکی باشتر. تیرۆرکردنی بۆتە هەوێنی ئەم شیعرە هاوبەشە کە ئەویش لە روانگەی پەرۆشی و خۆشەویستییە بۆ ئەوانەی لە رێگای کورد و کوردستان تێدەکۆشن.

وە چاکە قەومی کورد هەر گریەکا هەر قوڕبەسەردا کا
هەتا ئێستە وەتەن زاوە کوڕێکی وای نەهێناوە

بە ئومێدی گوڵێکی بووم، لەنێو باغی ئەمەل یاران
بەهاری تاڵعم ڕۆیی خەزانی نەگبەتم ماوە

زیمامی چەرخی دەورانە کە هەر لەحزە لە گۆڕانە
لە بێ بەختی نەدیمی کورد بەخواری دێ لە هەر لاوە

چراغی تاڵعم، ئەمڕۆ هەوای گەردوون وەری گێڕا
شوعاع و زەوئی سەربەستی لەژێر پەردەی ئەجەل ماوە

تەماشای ماهی عالەم کەن، لە قولزوم پرتەوی بەخشی
حەیف بێ نوورە ماهی من، لە ژێر ئەم خاکە نێژراوە

بە هەیکەل وەعدەکم دابوو، وەفای عەهدم بەجێدێنم
بینای هەیکەل بەکەللەی سەر کە نەقشی ئەشکی خوێناوە

بە ئیسمی (بێ) و (ڕێ) دڵ وا لە جۆشانە وەکو تەندوور
بە صدقی صادقی کوردم دڵ و جەرگم کە جنراوە

لە ڕێگای ئینتیقامی ئەو بە دەنگێکی عەزم بەخشی
کە ئینتیقام مونەقەش بوو لە قەلبی هەرچی کورد ناوە

لەسەر صەفحەی دڵی ئێمە نیشانەی ئینتیقامی ئەو
بە حەرفی ئاگر و خوێنی لە وێنە و ئیسمی نووسراوە

وەتەن ڕۆڵەت کە(بێ) و (ڕێ) سپەرگاهی ڕەقیبت بوو
نیشانەی صدقە بۆ بەرزیت خەزێنەی ڕوحی داناوە

هەتا مابوو وەکو ڕۆستەم لەمەیدانی نەبەرد هەردەم
فیداکاریی ئەکرد بۆ تۆ لە ڕێگەی تۆیە فەوتاوە

وەتەن ڕۆژی ئەمەلدارت لە قولزومدا نەما هەرگیز
لەژێر زوڵمی فەلەك، ئەمڕۆ شوعاع و نووری پێچراوە

وەتەن ماهی شەوقدارت، لە دەیجووری شەوی نەگبەت
لە شکلێکی هیلالی بوو لەژێر پەردەی محاق ماوە

وەتەن بگری لە بۆ تالع ئەگەر بێت و تەفەکور کەی
لەپاش فەوتانی ئەو زاتە کە مللەت موعەرەزی ڕاوە

وەتەن ئەسپی نەجاتی تۆ لە مەیدانی تەقەدومدا
بە فەوتانی زەعیمی تۆ تەکەلتووی وا شکانراوە

ئەگەرچی دوورە ئەم باسە کە کۆتابێ هەتا ماوین
مەحالە تەرکی ئەم باسە هەتا کوردێك نەفەر ماوە

کە (عەونی) ساڵی تەئریخی لە (دڵدار) پرسی وای فەرموو
ب: بە ناکامی غروبی کرد لە نێوبەندی فەلەك ماوە[٢]

---

- (ب) بە ژمارەی ئەبجەدی دەبێتە ساڵی ١٩٣٧ کە تێیدا بەکر صدقی تیرۆرکرا.

« ژیان » روژنامەییکي کوردیيە
هەمو دوشەموانێ دەردەچی ،
خاوەندومدیرمسئول : ت . پیرەمێرد
پەیام : سلیمانی [ ژیان ]
کریاري سالیك بوناوشار ۲٥۰ فلسه
بودەرەوە ٤۰۰ فلسه .

١٢ سالي ژمارە ٥٢١

# ژیان

اعلانات

( بولاپەرەي دوايي )
لەدیرێکەوە هەتاشەش دیر ۲٥۰ فلسه
لەوە زیاتربي ٥۰۰ فلسه تادەدیر

ژمارەیەك (٥) فلسه دوشەمو ٥ نیسان ۱۹۳۷ ۲٤ محرم ١٣٥٦



## روژتان باش

لەلاين زانستیاني کوي سنجاقەوە

هەتا ایستا ئەمان دیوە کە ممکن بی
بە آساني
عزیزوخوشەویستي وابەکومەل بین
بەمیواني

بە ناوي مەهدي علمو عموماً اهلي
شاري کو
ئەکین عرض بەخیرهاتن بەمسروري و
ثناخواني

لەخاکي مشرقي ایمەن وەکو روژین
بەدەرکوتن
سەراپاروح مزین بو بەکشافي سلیماني

بە زنجیرەي چیاي آزادەایمە و ایوە
بەبوەستین
ئەمەش معلوم ومشهورە بتاریخ خاکي
باباني

حقیقت جنتە کو بە لە فیضي
هاتني ایوە
سلیمانیش ئەگەرچی خو کەمە
أمثال وأقراني

بەراستي لازمە کشاف کشف کا
شاخ وداخانیش
کەهاتن یستم کیو ئەي گوت لەپاش
مردن بواحیاني

دلي کشافي زانستيي وەها خوشحالە ئەمروکە
قلم حیراني نوسینە زبان هاتە دوعاخواني

زەمانێکە کە مشتاقین و هاتنتان تمنابە
شکر بویان میسربو لە باتي جەژني قورباني

الهي هەر موفق بن لە دنیادا بەسەربەرزي
سینداري ئمر داروله نیودەن جهل ونادانی

لەلاین عثمان عوني کوییەوە

بەهاتنتان کەلیك شادین ومایەي افتخارمانە
وەهایەکدي بیبینین آرەزوي داروديارمانە

تەماشا کەن لەهەر ریگا گزرتان کردوماپوە
لەشوین پاي ایوە گل پشکتوە جژني بهارمانە

بەپیشوازي قدومي ایوە پیویستبو بکومل بین
کەرنجي ایوە بو یك کوتني قومي هەزارمانە

بدیتنان گلي شادین وشادي بي ئەوي امرو
کەغایە ایوە بوخوشدیتنیکي گوندوشارمانە

رفیقان حاضروآمادە بن دائم بە علم وفن
کەوا دایکي وطن امرو لە میژە انتظارمانە

شکورلاواني تازەپي گەیشتومان گەلي زورە
بلي ارسیکي کونە گەورەي هەرایشوکارمانە

بناوي شاري کووەمن ئەکم عرضي بخیرهاتن
بخیرهاتن . بخیرهاتن . کەخیریکي دیارمانە

## قاڵت وکەب

پیاویکي جهان گردیدەي باران
دیدەمان بو (مەرنەموکە) یان
پي دە گوت سەرگرشتەي خوي دە
گیرایەوە ،

وتي جاریکیان لەشار بازر. وە
دهاتمەوە لەوردەدواتاني کویژەتوشي
کوریکي حافظ هاتم لە ریتاکي
گدایي ئەهاتەوە ، منداليکي بچکو لە
دەستي رادەکیشا لەبەردي هەل أنگوت
کەوت ، دەستم دایەبن باخەلي
هەلم سەندەوە لەبن باخەلیا دەستم
کەوت لەپریاسکەیکي قورس هەموي
پارەبو بەبن باخەلیا دوریبو !!

هەندي بەریداروییین ، وتم ملا
من کونەجەردمم پارەي تالانیم زورپي
خوشە و دەستم لەپارە کەوت ، پارە
شیرین و شیطان بەفریو هەردو
کیان هانەهانەم ئەدەن تروتەوە
بکەم !!

ني فکریم ملالیم بو بەواعظ بە
آیت و بەحدیث هیندە ترسي بابەرم
کەنەوریم روني کەمەوە (!) ئي وت
هەرچي گناهیك ئەکەي بیکە شراب
بخورەوە ئەمەبکە ! وەبکە مالي دولەمند
بەرە ، بەلام تفرقەکاري مالي کوران مەبە

لاپەرە وەرگیرە

## رۆژتـان بـاش

### له لایەن زانستیانی کۆیسنجاقەوە
### بۆ بەخێرهاتنی (کەشافە)ی سلێمانی[٣]

هەتا ئێستا نەماندیوە کە مومکین بیٚ بە ئاسانی
عەزیز و خۆشەویستی وا بە کۆمەڵ بێن بە میوانی
بە ناوی مەعهەدی عیلم و عمومەن ئەهلی شاری کۆ
ئەکەین عەرزی بەخێرهاتن بە مەسروری و سەناخوانی[٤]
لە خاکی مەشریقی ئێمەن وەکو رۆژ بن بە دەرکەوتن
سەراپا رۆح موزەیەن بوو بە کەشافی سلێمانی
بە زنجیرەی چیای ئازادە ئێمە و ئێوە پەیوەستین
ئەمەش مەعلوم و مەشهورە بە تاریخ خاکی بابانی
حەقیقەت جەننەتە کۆیە لە فەیزی هاتنی ئێوە
سلێمانیش ئەگەر چی خۆ کەمە ئەمسال و ئەقرانی
بەڕاستی لازمە کەشاف کەشف کا شاخ و داخانیش
کە هاتن بیستم کێو ئەیگوت لە پاش مردن بۆ ئەحیانی
دڵی کەشافی زانستی وەها خۆشحاڵە ئەمڕۆکە
قەلەم حەیرانی نووسینە زوبان هاتە دوعاخوانی
زەمانێکە کە موشتاقن و هاتنتان تەمەننایە
شکور بۆیان موییەسەر بوو لەباتی جەژنی قوربانی
ئیلاهی هەر موەفەق بن لە دنیادا بە سەربەرزی
سیین داری سەمەردار[٥] و لەنێودەن جەهل و نادانی

[٣]- رۆژنامەی (ژیان)-سلێمانی ژمارە ٥٢١ ساڵی ١٩٣٧.

[٤]- سەناخوانی-سوپاس گوزاری.

[٥]- سەمەردەار-بەردار.

«ژیان» روزنامه‌ییکي کوردی‌یه
هه‌مو دوشه‌موانی ده‌رده‌چی ،
خاوه‌ندومدیرمسئول د ت پیره‌میرد»
پیام : سلیمانی [ ژیان ]
کریاری سالیك بوناوشار ۲۵۰ فلسه
بوده‌ره‌وه ٤۰۰ فلسه .

# ژیان

۱۲ سالي ژماره ۵۲۱

اعلانات

( بولا په‌ره‌ي دوا یی )
له‌دیر کووه هه‌تاشه‌ش دیر ۲۵۰ فلسه
له‌وه زیاتر بي ۵۰۰ فلسه تاده‌دیر

ژماره‌یه‌ك (۵) فلسه دوشه‌مو ۵ نیسان ۱۹۳۷ ۲٤ محرم ۱۳۵٦



## روژتان باسه

له‌لاین زانستیاني کوي سنجاقه‌وه

هه‌تا ایستا ئه‌مان دیوه که ممکن بی
به‌آساني
عزیزوخوشه‌ویستي وابه کومه‌ل بین
به‌میواني

به ناوي مه‌هدی علمو عموماً اهلي
شاری کو
ئه‌کین عرض به‌خیرهاتن به‌مسروری و
ثناخوانی

له خاکي مشرقي ایعه‌ن وه‌کو روژین
به‌ده‌رکوتن
سه‌رایا روح مزین بو به کشاف سلیماني

به زنجیره‌ي چیای آزاده ایمه و ایوه
به‌بوه‌ستین
ئه‌مه‌ش معلوم ومشهوره بتاریخ خاکي
باباني

حقیقت جنته کو به له فیضي
هاتني ایوه
سلیمانیش ئه‌گه‌رچی خو که‌مه
أمثال و أقراني

به‌راستي لازمه کشاف کشف کا
شاخ وداخانیش
که‌هاتن پیستم کیو ئه‌ي گوت له پاش
مردن بواحیاني

دلی کشافي زانستی وه‌ها خوشحاله ئه‌مروکه
قلم حیراني نوسینه زبان هاته دوعاخوانی

زه‌مانیکه که مشتاقین و هاتنتان تمنایه
شکر بویان میسر بو له باتي جه‌ژني قورباني

الهي هه‌ر موفق بن له دنیادا به‌سه‌ر به‌رزی
سین داری ثمر داروله نیوده‌ن جهل ونادانی

له‌لاین عثمان عوني کوي یه‌وه

به‌هاتنتان گه‌لیك شادین ومایه‌ي افتخارمانه
وه‌ها یه‌کدی ببینین آره‌زوی داروديارمانه

ته‌ماشا که‌ن له هه‌رریگا گزرتان کردوه ایوه
له‌شوین پای ایوه گل پشکتوه جه‌ژني بهارمانه

به‌پیشوازی قدومی ایوه‌ییه ویستبو بکومل بین
که‌رنجی ایوه‌بو یك که‌وتني قومی هه‌زارمانه

بدیتتان گه‌لی شادین وشادی بی ئه‌وي امرو
که‌غایه ایوه‌بو خوشدیتنیکی گوندوشارمانه

رفیقان حاضروآماده بن دائم به علم وفن
که‌وا دایکی وطن امرو له میژه انتظارمانه

شکورلاواني تازه‌پي گه‌یشتومان گه‌لی زوره
بلی ارسه‌ی کونه که‌وره‌ي هه‌رایشو کارمانه

بناوی شاری کووه من ئه‌کم عرضي بخیرهاتن
بخیرهاتن . بخیرهاتن . که‌خیریکی دیارمانه

## قسه و گه‌پ

پیاویکی جهان گردیده‌ی باران
دیده‌مان بو (مه‌رنه‌موکه) یان
پي‌ده گوت سه‌رگرشته‌ي خوی ده
گیرایه‌وه ،

وتي جاریکیان له‌شار بازر. وه
دهاتمه‌وه له‌ورده‌دواتانی کویژه توشي
کویریکي حافظ هاتم له پیتاکي
گداي ئه‌هاته‌وه ، مندالیکي بجکو له
ده‌ستي راده‌کیشا له‌به‌ردي هه‌ل أنکوت
که‌وت ، ده‌ستم‌دایه بن باخه‌لي
هه‌لم سه‌نده‌وه له‌بن باخه‌لیاده‌ستم
که‌وت له‌بریاسکه‌یکي قورس هه‌موي
پاره‌بو به‌بن باخه‌لیا دوریبو !!

هه‌ندي به‌ریدارو یین ، وتم ملا
من کونه‌چه‌ردم پاره‌ی تالانیم زورپي
خوشه و ده‌ستم له‌پاره که‌وت ، پاره
شیرین و شیطان به‌فریو هه‌ردو
کیان هانه‌هانم ئه‌ده‌ن توروته‌وه
بکه !.

نی فکریم ملالیم بو به‌واعظ به
آیت و به‌حدیث هینده ترسي پا به‌رم
که‌نه‌ویرم روني که‌مه‌وه (۱) ئي وت
هه‌رچي گناهیك ئه‌که‌ی بیکه شراب
بخوره ، ئه‌مه بکه! وه‌بکه مالي دوله‌مند
ببره ، به‌لام تفرقه کاري مالي کوران مه‌به

لاپه‌ره وه‌رگیره

## به هاتنتان گەلێك شادین[٦]

به هاتنتان گەلێك شادین و مایەی ئیفتیخارمانە
وەها یەكدی ببینین ئارەزووی دار و دیارمانە

تەماشاكەن لە هەر رێگا گوزەرتان كردووە ئێوە
لە شوێن پای ئێوە گوڵ پشكوتووە جەژنی بەهارمانە

بە پێشوازی قدومی ئێوە پێویست بوو بە كۆمەڵ بێین
كە رەنجی ئێوە بۆ یەككەوتنی قەومی هەژارمانە

بە دیتنتان گەلێ شادین و شادیی پێ ئەوێ ئەمڕۆ
كە غایە ئێوەبوو خۆش دیتنێكی گوند و شارمانە

رەفیقان حازر و ئامادە بن دائیم بە علم و فەن
كەوا دایكی وەتەن ئەمڕۆ لەمێژە ئینتیزارمانە

شكور لاوانی تازە پێگەیشتوومان گەلێ زۆرە
بڵێ ئێرسێكی كۆنە گەورەیی هەر ئیشوكارمانە

بەناوی شاری كۆوە من ئەكەم عەرزی بەخێرهاتن
بەخێرهاتن بەخێرهاتن كە خێرێكی دیارمانە

---

[٦]- رۆژنامەی (ژیان)-سلێمانی ژمارە ٥٢١ لە ١٩٣٧/٤/٥.

# زەمی زستان[٧]

بەهار چەند خۆشی چەند خۆشەویستی
بۆ زیندەگیمان هەر تۆ پێویستی

حەیوانات بەر جا[٨] ئەوانیش هەروا
باڵندە و حشور[٩] باڵ ئەگرێ ئەڕوا

مەدحی زستانم هیچ بۆ ناکرێ
دەردی لە دڵما پەنهان ناکرێ

وەك ژیشك گرژ بووم هەڵقرچام تەواو
بە وشکە سەرما و هەوری بێ هەتاو

قوڕ و چڵپاوی ناو کۆڵانانی
ئێگجار بان گێڕان بۆ سەربانانی

بانگووش خلەخل ڕۆژ تا ئێوارێ
دڵۆپە نابڕێ ئەڕمێ بە جارێ

دیوار سەرانسەر ئاوی دا یاوە
گورگە و گوێسوانە هەمووی رووخاوە

---

[٧]- رۆژنامەی ژیان-سلێمانی ژمارە ٥٥٣-١٠ی مارتی ١٩٣٨.

[٨]- بەر جا: بەردەوام

[٩]- حشور: زیندەوەر

زستانی درێژ بێ کەیف و بێ زەوق
موشەما و چەتر و قاپووت بوونە تەوق

دڵۆپەی مالآن پلوسکی کۆڵان
چۆڕاوگەی بانان شڵپەی قوڕ شێلان

پاشەڵ قوڕاوی تا بە پشتی مل
پریشکی چڵپاو بێ نوێژ ئەکا جل

بەفر ئەبارێ زوقم ئەهێنێ
گۆزە و کوپەمان هەمووی ئەشکێنێ

ئاوی خواردنمان شەختە ئەیبەستێ
ڕێگای دەرامەت بۆ خەڵك ئەبەستێ

شڵپەی پانی بەرز یەگجار حەشر ئەکا
وەك ماکینەی ئاو ئاوڕشێن ئەکا!!

لە خوا بەزیاد بێ ئەم زیندەگییە
ئەمە حاڵ نییە کۆڵەمەرگییە

ئینجا من بۆچی هەر دووعا ناکەم؟
بەهارمان زوو بێ و نەشو نما کەم

یاخوا هەموو ساڵ لێت بخۆم تێر تێر
با بڕوا و گوم بێ زستانی بێ خێر

## دوو زمانی و فیتنەیی لە وڵاتا[10]

چەند هات و چەند چوو یەك لەدوای یەك
نەگەیشت کەسێك بە ئیمدادێك

دونیای بێ ئامان بێ سەر و سامان
تیا دەستناکەوێ بۆ هیچ کەس دەرمان

تەقەلا و هاوار فائیدەی نییە
سی دینار حیزە هیچ هیوای نییە

ئەوەی هات و چوو بێ حەد بێ شومار
دۆڕاندی رۆیشت وەك پارەی قومار

قافڵەی مەخلوقە بەرەو دوا ئەڕۆن
وەك خێڵی جافان بۆ کوێستان بڕۆن

رەنج و تەقەلا زۆر هیوای نییە
کە چووینە قۆناغ پوول لازم نییە

ئەوەی کە بۆ تۆ لازم بێ چییە
تەتبیقی ئەمڕۆ و رێی میهەنییە

---

[10]- رۆژنامەی ژین-سلێمانی دوو شەممە ٢٠ی مارت ١٩٣٩-ژمارە ٥٥٩.

سەرتان هەڵبڕن تەماشای کەون کەن
بیٚ هیوا و حادث هەموویان فت کەن

هیچیان هیچ نییە بۆ دواڕۆژمان
غەیری کردەوەی حوسن و ئەخلاقمان

باڵندە و بیٚ پیٚ بیٚکەڵك بیٚ سوود
دواڕۆژ هەر خۆمان خەسران و نابوود

فیتنە و دوو زمانی بووە بە پیشە
وا تیٚگەیشتووین کە ئەمە ئیشە

لە هاتو چوودا کەوشمان دڕاوە
هەروەکو کەوا بەبەرمان بڕاوە

کۆڵان و کۆڵان ئەو ماڵ و ئەو ماڵ
بە تووولی[11] ئەیام بە دریٚژی ساڵ

هیچ ماندوو نابین لە خوا بترسین
لە زمان پاراوی ناهەق پەرستین

[11]– تووول: طول

بۆ مەسڵەحەتی عام هیچ خێرمان نییە
بۆ عەکسی ئەحواڵ ئەمسالمان نییە

زمانی بەدگۆ هەر ببڕێ باشە
بەڵکو نەجات بین لەم دەرد و ئێشە

زمان بۆ ڕاستی با هەر پاراو بێ
لە لای هەموو کەس بار هەر ڕەوا بێ

ئەوەی ئەمداتێ بە تەقەلای خۆم
چاوم تێمەبڕە لە حقوقی خۆم

عالەم ئەیزانێت کە زۆر چڵێسیت
وەك گای عەلی خۆت دائم ئەلێسیت

پێنج شەمو ٣٠ مارت ١٩٣٩ ٩ صفر ١٣٥٨

ساڵی ١٤ ژمارە ٥٦٠

ژین

نرخی کرێ ساڵێك بۆناو شار ٢٥٠
بۆدەرەوە بۆلی پۆستەی دەچێتە سەر ٤٠٠ فلسە
خاوەندو مدیری مسؤلی حاجی توفیق (پیرەمرد) ە
پەیام : سپانی زیان

هەرچی بنوسری لەچاپ نەدری نەدرێتەوە

اعلانات

بۆلاپەرەی دوایی ناشەش ٢٥٠

روژ ... ادبی، فنی یە



## گەرانی رەوان
### بۆ دیدەنی وڵات

فوتاوی دوی متوسطە:
« عثمان شریف »

روژی سەعقه کە ریکەوتی ١٤ ی مانگی رەشەمی بەکات ساڵی ١٩٣٩ چەند ماوری یەك لە قوتابی مکتب و پستانی کە چین بۆ پشوەو لە پاش امتحان سماتەمی عرب ریك سکەو تیت و کەوتینەری .

لەو کاتەدا جهان هەر وەکو بوکێك تارایەکی سەوزی درابێ بەسەرا و بە گوڵو گوڵزار رازا بوەوە تیشکی روژ دابوبە لەدیانی شاخەکان سەوزەری سپی بان ... بەفرە وزەردو سپی تیکەڵاو بو بو رەنگێکی زور جوانی دامەزراندبو .

ائەمەش ... دڵیکی زور خوشەوە و گیانیکی زور بەرزەوە کەوتینە ریگا ماتین هەتا گەیشتینە دێیەك کە لەسلیمانیەوە دو سعات دورە ناوی ( کانی پەردینە ) ە و لەوێ بەرموزور بوینەوە سەر کەوتین بو بناری فیوان و ائەمەش ئەم شاخ و داخو دیهاتو آوو دارستان و چەنگەلستانەمان ئەدی و زور بی خوش حاڵ ئەبوین ، وە بە هەمو آوازێکمانەوە أمان وت آە چەند خوشە کوردستان

و هەر وەها بەرە بەرە بەم شاخەدا سەر کەوتین وگەیشتینە سەری فیوان و تواریانە ئەو دو تو آو و دارستانە و ئەو هەمو شاخە بەرزانە کەمنە سپیان لە ... ئاپو هەزار دڵ بی خوش حاڵ و لە ناو أو دو ئەدا ... بلبل و قومری و کەوپە کەرێ ئەکرد و دەنگی آو ... بای شمال هەر وەکو ... تار دەنگی أدایەوە و ... ئەگوری بە هەمو دەنگی

وە هەر وەها ... خواری بەرە بەرە ... دێی فیوان ولەوێ سەر ... دێیەمان ئەکرد .

( ماوەتی )

## بۆ پەرد خواهان

بەسیە عیب و عار عالم پر الم
ئەم پەردە المکارە دنیا پر لە غەم

ئەمڕوژی من روژی روناکی روتان
نوری تجلی لە ناو چاوانتان

دنیای روناکتان هەروا شەوەزەنگ
لە قیامەتیشا جیتان ئەسکو نەنگ

لە دنیای روشندا هیچ بەشتان نیە
چونکە خلوقتان لی راشی نیە

أطوار ناخلوق چهرە بی هشوش
بی رەشەو زنجیر وەك ایستری چەموش

آسمان ناتوانی عیب تان پوشی !!
بەچەی عجوبی چاوتان داپوشی

سەرەرای أمە أومەندی بی هوش
عقلی ناقصتان پوچ هاتوتە جوش

منصرپ ... هەروەکو کابوس
چهرە پر غضب بو أهلی ناموس

اخلاق و أدب بە پارە نیە
پوشتان بکرین هیچ فائدەی نیە

لە روژی ... کە بەش کراوە
هیچ حاضر نەبون بەشتان نەمراوە

لەکوڵی شیطان زور گورج دابەزن
چیچ حاضر نەبون بەشتان بەدان ئەگەزن

بەم فاکو فیکە مادەتان بوشە
... هەر لە دور خوشە

« عونی »

بوزانین

... کوپوە حاجی نقیب
تسلسل ٩٤٨ کاسەکەی
... ١٣٧ بەشە لەوە
... بە چوار صد
... مشتری ...
... رشەدا قراری
... لە تاریخی
بازدە روژی تر
... بە تامینا ...
... بە دائرەی

... رای سلیمانی

## ... ڵ

... سەرمانی
... پوردە بوسانی

... أخوارد بەقرآن
... ذاتی بەزدان

عجائبا ... ان بەمانە
لەم ادبا ... دو زنانە

أو أی گوت ... حلالی خومە
أو أی گوت ... نوەرەی نومە

أم کە پشو ... بو ئەواو
هەر دو ... ئەوتبونە ناو

وادوکارە ... هاتن سەرا
زنگە لیان پیش خست پردیانەسەرا

مرکز دعوا ... دەستو بورد
شرعیان تقدیر قاضی وقت کرد

بوم بنوسنەوە حکمەکەی قاضی
أم هەر دوژنە چون أکات راضی؟

اپتر والسلام خوینەوارەکان
لە مەنەڵزانی خاکی کوردستان

قوتابی زانست :
« بنکینە »

بوزانین

خانوی رقم ٣ = ١٠٢ وتسلسل ٩١٨ لە محەی گوپزە و ... لە ... زاباندا بە تاریخی ٢٠ و ٧ و ١٤ ، ١١ ، ١٩٣٧ و ژمارە ٨ و ٩ و ١٠ اعلانی تسجیل جددی کراوە أم خانوە اساساً ٣ خانوە و بە تاریخی مایسی ٩٨ و ژمارە ٨٣٣ و ٨٣٤ و ٨٣٥ بە ناوی حەر ... کوری قاسم ناوەوە مقیدە و لە قدیەوە کراوە بە ... خانوە ... لای پیشو دا أم اینانە لە بو تصحیحاً واکیفیت اعلان کرا .
مدیری طابوی سلیمانی

بوزانین

اراضی ... ازس ...
اسل ٨٨٨ ، ١٦٥ بەشەوە

٧٢٨٩٤ بەشی ماندە بەشوخ قادری ملی و آمە یش لە پریکی صد دینار قرضی مجیدی ملا حسن حجز کراوە دە فروشری هەرکسی آیەوی بی کری تا مانگێکی تر تامینانی قانونیە داپی و صیاجت بە دائرەی اجرای سلیمانی بیکا .
مأموری اجرای سلیمانی

لە سەر شیوەی کون

## بەیادی سازان

« س . ناکام »

شنوی باکی شەماڵە وادڵی
برژاو أکا نیار

هەوای لوتکەی چیا بەرزە
دەوابە بولەشی بیمار

کە جەوری روزگار آزاری
گیانتی دا بە بی رحمی

وەرە بو سەیری هەوارمان لە
دەس آزار أبی روزگار

لە هەر شوینی أوەسنی، رولە
هەر لای أکەی بی شك

هەزاری وەك روفائیل عاجزی
رسمە بە صد بەرگار

لە چوار لانا ، لە هشت لا شاخە
شاخی بەرزی گەردن کەش

سەوزپوش و سپی سەر، چرانو
دڵ رەق، پیرو پر ...

دەورونی بیشە و دارە ، نشیو و
دوڵ ، شکونە

کونی مار ، لانی شیر ، ...
ور چەوخانی گورگی هار

کەسی روڵەی ئە ...
ئە ... زیارت ...

أگەرچی علم و ...

هەموکیانی ئە ...

لە طوب عفوظ ...

لەوتکەی بە ... خوارێ
شیوی ... و
بە ... سەر ...
... کە پیاو ... خوار

بەهەشتی ... بە ...
پیکەنەی تیا نازی
بە لەکە ناوی کوردەوە کەر
چارە کەر نا چار

هەزاران جوگە لە بەفراوی شیرین
آوی چاوی سووپر
کە ... بو أ بیتە سیروان ،
أروانە خواری خوار

یاتماوەی :

## زەردە خەنەی
منال

« ع ا و نوری »

١ – سور ٢ – کەسکی
٣ – پرتقالی ٤ – زەرد .
٥ – شین ٦ – نیل ٧ –
بنەوشەیی .

کە آدەمیزاد بەرەو پیری ... أیانە سەر، هەروەك گوچەوری یەك چون دەواو لول أدا هەر وەها عمر أیپیچرێتەوە وە أم قلبی رەنگانە یەك لەدوای یەك دێ !! تا سپی یەکەی دەر ئەکەوێ .

خو بە طبیعیات رەنگی سپی عبارەتە لە چەند رەنگێك لەهەمو رەنگەکان و ئەمە ناشکێنەوە چونکە رەنگی أدیتە و کە آدەمیزاد خرابە کفنەوە بو رەشی کە نشانەی نەبون و نەمانە چون صفر رقمێك نیە بەڵام نیشانەی نەبونە .

٣ – گەر بێتو زور قوڵ بی ربکە ینەوە لەرەنگی سور جوان دێ بە خیال مانا کەرەنگی فطرتە ! رەنگی وحشت ورە ... جینی و بی باکیە ! رەنگی دەوری بەرە و پاپیش تاریخە .

ماوەتی

## بۆ بەد خواهان[١٢]

بەسیە عەیب و عار عالەم پڕ ئەلەم
بەم بەد ئەفکاریە دنیا پڕ لە غەم

نەمدی من ڕۆژێ ڕووناکی رووتان
نووری تەجەلیی لە ناوچاوانتان

دنیای ڕووناکتان هەروا شەوەزەنگ
لە قیامەتیشا جێتان تەسك و تەنگ

لە دنیای ڕۆشن هیچ بەشتان نییە
چونکە مەخلوقتان لێ ڕازی نییە

ئەتوار نا خەلوق چەهرە بێ بەشوش
بێ ڕەشمە و زنجیر وەك ئێستری چەموش

ئاسمان ناتوانێ عەیبتان بپۆشێ
پەچەی مەحجوبی چاوتان داپۆشێ

سەرەڕای ئەمە ئەوەندە بێهۆش
عەقڵی ناقیستان بۆچ هاتۆتە جۆش

---

[١٢]- ڕۆژنامەی ژین-پێنج شەممە ٣٠ی مارت ١٩٣٩-ژمارە ٥٦٠


مەنحوس و عەبووس هەروەکو کابووس
چەهرە پڕ غەزەب بۆ ئەهلی nامووس

ئەخلاق و ئەدەب بە پارە نییە
بۆشتان بکڕین هیچ فایدەی نییە

لە ڕۆژێ قیسمەت کە بەش کراوە
هیچ حازر نەبوون بەشتان نەدراوە

لە کۆڵی شەیتان زۆر گورج دابەزن
دواڕۆژ ئەموستان بە دان ئەگەزن

بەم فاکو فیکە مادەتان بۆشە
دەنگی دەهۆڵیش هەر لە دوور خۆشە


سەرفرازبێ کاروانی وشەی شیرینی کوردی
ئەسیری
١٩٦٣-١٨٩٠
مەلا خدری دەشتی
١٩٥٧-١٩٠٩
ڕۆستەم حەویزی
١٩٩٩-١٩١٣
عەونی حەبیب
١٩٩٢-١٩١٤
آ.ب.هەوری
١٩٧٨-١٩١٥
مەلا عەبدوڵای شەنەغەیی(بێ دڵ)
١٩٨٦-١٩٢٦
فاتح عەبدولکەریم مدرس
١٩٩١-١٩٣٦
بێ بەش
١٩٩٨-١٩٣٢
ەتیف حامید
بە چاودێری بەڕێز سامی شۆڕش وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٣ سەعات(٤)ی ئێوارە
سیمیناری ڕێزلێنان بۆ(١١)شاعیر و نووسەری کۆچکردوو سازدەکات

بەپێی ویستی گیوی موکریانی عونی ئەو غزلەی ادیب تخمیس کردە

فصلی گولو خملیوە چمن باغو گولستان — وقتی طرب و شادیە بو بادە پرستان
فرصت کە دەمی عشرەتە سامەیدە لە دەستان — بادە بە سبو بینە بدە ساقی بە مستان
امشو کە شبستان سەهە با بیتە گولستان

روی اهلی شادی لە بر محنت و آزار — شە و لحەدەمی غم تا بە سحر عاجز و ناچار
وقتێکە دەنالێنی لە ئێشی دلی بیمار — چەند خوشە لە بردا کە دلارای وەفادار
خوی بیتە عیادەت لە نخوشانو لە خستان

ئوساکە بەکامی دلی خوت دەم لە دەمی کەی — گە سەیری جمالی دەکو باغی ئیرەمی کەی
گە یاری بەنار بخو بە دو سیوی مەمی کەی — خوشترنیە بو وەی کە نثاری قدمی کەی
صد جانی عزیزت نە بە دەستی بە دو دەستان

شادم بە دویستانیو ستغنی لە سیوان — شیت بوم لە هوای عشقت دەهم کە وتمە لیوان
چارەی نیە ام دەردە بە بێ معجزی لیوان — جاری شکری لیوی اوەند بمژی بە لیوان
شهد و شکرت بتکی لە بن ناخنی دەستان

دەستوری جران عادەتە بو سنگی صندل — مشهورە بە بنای لە سر صندلی مخمل
بالینی لە استوی دلا زلفی مسلسل — جاری سری گلای بکەنی جاری لبی لعل
گاه بنکی دو ممکی بگری گە سری پستان

گە گریە بکەی گاه بکەی شادی و عشرەت — گە بیوتی گاه بکەی نوستن و غفلت
گە گە نگڕ نیو گرمی یاری و صحبت — گا زحمتی دەی گاه ندەی گا بە تیبت
ریگی بکوشی عذر بزیڕیە لە مستان

صد حیفە کە روی خوت لە تکی رویلمەی دا.. یا سندی عالیت لە بدل تختی شەی دا
سەرینجەیی گنجینە دگی دەستتری دا — ام چارە قدی خوت لە قدی سروی سهی دا
بالینە وەکو ماری لە نخلی عربستان

لەم مژدە کە وا بختی بدەم بوبە منادی — فرموی کە نما دەرد و المی حزن و کسادی
بو عونی گشادە دەری هر خوشی و شادی — تاکەی ادب ام عشرەتە هرتالو ندادی
مردوتا بمری هلساوا مردو هلستان

٨ ع ٥
/١١/٢٧

## پێنج خشتەکی ( عەونی ) لەسەر غەزەلێکی ( ئەدەب )[١٣]

فەسڵی گوڵ خەملیوە چەمەن، باخ و گوڵستان
وەقتی تەڕەب و شادییە بۆ: بادەپەرستان
فرسەت کە، دەمی عوشرەتە سا مەیدە لە دەستان
بادە بە سەبوو بێنە، بدە ساقی بە مەستان
ئەمشەو، کە شەبستانی (مەھ)ـە، با بێتە گوڵستان

ڕۆی ئەمەلی شادی، لەبەر میحنەت و ئازار
شەو، هەمدەمی غەم، تا بە سەحەر، عاجز و ناچار
وەقتێ، کە دەناڵێنێ لە ئێشی دڵی بیمار
چەند خۆشە، لەپڕدا کە دڵارامی وەفادار
خۆی بێتە عیادەت لە نەخۆشان و لە خەستان

ئەوساکە، بە کامی دڵی خۆت دەم لە دەمی کەی
گەھ سەیری جەمالی وەکو باغی ئیرەمی کەی
گەھ بە نارنج و بە دوو سێوی مەمی کەی
خۆشتر نییە بۆ وەی کە نثاری قەدەمی کەی
سەد جانی عەزیزت نە بە دەستێ، بە دوو دەستان

شادم بە دوو پستانی و موستەغنی لە سێوان
شێت بووم لە هەوای عەشقت و هەم کەوتمە کێوان
چارەی نییە ئەم دەردە بەبێ موعجیزی لێوان
جارێ شەکەری لێوی، ئەوەندە بمژی بە لێوان
شەهد و شەکەرت بتکێ لەبن ناخونی دەستان

---

- ئەدەب: عەبدوڵڵا بەگی میصباح دیوان، کوڕە گەورەی ئەحمەد بەگ کوڕی برایم بەگ لە گوندی (ئەرمەنی بڵاغ)ی خۆرهەڵاتی ڕێگەی بۆکان–میانداو (ساڵی ١٨٦٢ز)، ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە. سەرچاوە (دیوانی ئەدەب) کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ (محەمەد حەمە باقی). چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٥.

دەستووری جیهان عادەتە بۆ ڕەنگی موبەدەل
مەشهوور بێ بە: بەد نامی لەسەر مینبەر و مەحفەل
باڵێنی لە ئەستۆی دڵە: زوڵفی موسەلسەل
جارێ سەری کوڵمەی بگەزی جارێ لەبی لەعل
گا بنکی دوو مەمکی بگری گەھ سەری پستان

گەھ، گریە بکەی، گەھ بکەی شادی و عوشرەت
گەھ بێیو لچی، گەھ بکەی نوستنی غەفڵەت
گەھ گەھ، نیگەرانی و گەهێ یاری موحیبەت
گاھ زەحمەتی دەی، گاھ نەدەی، گاھ بە طیبە ت
ڕێکی بگوشی، عوزر پەرێزایە لە: مەستان

سەد حەیفە، کە ڕووی خۆت لە تەکی ڕووی (مەھ)ـی دا
یا: مەسنەدی عالیت لە بەدڵ تەختی (شەھ)ـی دا
سەرپەنجەی گەنجینە، لەگەڵ دەستی تەهی دا
ئەم جارە قەدی خۆت، لە قەدی سەرووی سەهی دا
باڵێنە، وەکو: مارێ، لە نەخلی عەرەبستان

لەم موژدە، کەوا بەختی بەدم بوو بە مونادی
فەرمووی: کە نەما دەرد و ئەلەم، حوزن و کەسادی
بۆ: (عەونی) گوشادە، دەری هەر خۆشی و شادی
تا کەی (ئەدەب) ئەم عوشرەتە، هەر تاکو نیدا دێ
مردووت بمرێ، هەڵسە، ئەوا مردوو هەڵستان

**تێبینی**: وەکو لە دەستنووسی ناو کەشکۆڵەکەی مامۆستا گیو موکریانی دا هاتووە تەخمیسکردنی ئەم غەزەلە بە پێی ویستی گیو موکریانی کراوە لە ١٩٣٨/١١/٢٣.

**کێشی ئەم شیعرە ئاوایە:**

**بەحری هەزەج مەکفوف مەقسور موسەمەن (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان) وەك نموونەی:**

**١**

**- عەودالّی ئەبەد هەر منم، ئەی چەرجی جەفا کێش!**
**تا دەربەدەر و شەهر بە شەهرم وەکو دەروێش**
**سالم ٧٥**

**٢- ئەی سەروی بولّەند قەدد و برۆ تاق و مەمك جووت**
**کیّ دەستی دەگاتە: بەی و ناری نەگەیشتووت؟!**
**نالی ١٥٢**

**هەندێ واژە:**

**١- پستان: مەمك**
**٢- ناخوون: نینۆك**
**٣- عوزر پەرێزایە لە مەستان: مەست گلەیی و سەرزەنشت ناکرێ**
**٤- مەه: مانگ**
**٥- شەه: شاه**
**٦- تەهی: خالّی**
**٧- سەروی سەهی: سەروی بالاّبەرز، هێمایە بۆ بالاّی بەرزی یار**
**٨- گوشاد: کراوە، واز، والاّ**

عونی تخمیسی غزلیکی ذبیحی کردووە

قەدوەکو شمشاد یارم روگولو دەم غونچە یە    رووی لە صافی داسراسر وەکو ئاوێنە یە
جامی جم هەرجا فراشی دەست وپەنجە و بادە یە    ای رەقیبان وەرنە سەیری چاوی وەک جامی مەیە
سنگی وەک دوکانی عطاری پرلە نارنج و بەیە

شەرتە بیستون کون بکەم قوربان لەسەر فرمانی تۆ    بوچی سینەم وەک هەدەف حەسوتە بر لەمثو گانی تۆ
هەروەکو فەرهاد مەخریکی نقشی درالیوان تۆ    مژدەی وصلت بدی سەردەکەم قوربانی تۆ
نالەی مجنونی من دی هەروەکو نالەی نەی یە

بی خطا و سوچە بە قوربان بندەیی زار و نزار    چی وا چی لاتەنە سەر روم هەندە ذور بێ یمار
دوشمنی خوینی منی وادینە خوار چینی سوار    توجی جنگی زلفی هەندە و والەروگوی قرار
صف بە صف دێ چین بە چین وەک لەشکری شاهی کەیە

من کە لەو روژە هەوای عشقی یارم کەوتە سەر    هەروەکو مجنونی لیلا کوە بە کوە و دەربەدەر
ماجرای قلبی حزینم گەر بیانکەم مختصر    دفتەری عشقی کە نووسیم من بە خوێناوی جگەر
گو النسیمی صبحدەم بیتو بەری ئەم نامە یە

چ جەگەی دل دی لە گولشەن تەیر چونکە بلبلە    عاشقی تۆ وەک هەزاری عاشقی زار گولە
رو رژی جیژنە بوچی دلبەر وا بە قەتلم مائلە    رەنگی سەر پەنجەی حنایە یانە هەر خوینی دلە
سورمەکەچی تر بوچی خوینی عاشق ئەم سەرپەنجە یە

ای غزالەی نازنین جەورو جفام تو خوابە    دل لە دوری باغی گولمەت داغداوەیی جەوە
من لە بر فکرو خیالات کروتم فکرو وسوسە    عرعر و شمشادم بالات یانە سەروکانە ورسە
وسعتی سینەت تماشات هەروەکو دەشتی رەنە یە

بو وصالی رووی لیلا چون بو مجنون حزین    من زیارەتمانکەم بو حەرەم کوشی و گول چینی
هەروەکو عونی نیە پروای لە فوتی جانی و دین    عاشقێکی صادقە ئەمرو ذبیحی نازنین
هەروەکو فرهادی مسکین میلی بیستونی هەیە

## ( عەونی ) تەخمیسی غەزەلێکی زەبیحی[١٤] کردووە

**قەد وەکو شمشادە یارم روو گوڵ و دەم خونچەیە**
**رووی لە صافی دا سەراسەر، هەروەکو ئاوێنەیە**
**جامی جەم هەرجا فەڕاشی دەست و پەنجە و بادەیە**
**ئەی رەفیقان وەرنە سەیری چاوی وەك جامی مەیە**
**سینگی دووکانی عەتار و پڕ لە نارنج و بەیە**

**شەرتە بێستوون کون بکەم قوربان لەسەر فەرمانی تۆ**
**بۆیە سینەم وەك هەدەف خستۆتە بەر موژگانی تۆ**
**هەم چوو فەرهادم، خەریکی نەقشی دەر ئەیوانی تۆ**
**موژدەیی وەسڵت بنێرە، سەر دەکەم قوربانی تۆ**
**ناڵەیی مەحزوونیی من دێ، هەروەکو ناڵەی نەیە**

**بێ خەتا و سوچە بەقوربان بەندەیی زار و نزار**
**چین و ماچین هاتنە سەر رۆم، هێندە دوورە، بێ شمار**
**دوژمنی خوێنی منی وا دێنە خوار چینی سوار**
**فەوجی جەنگی زوڵفی هیندوو، وا لە روو گرتی قەرار**
**صەف بە صەف دێن چین بە چین وەك لەشکری شاهی کەیە**

---

[١٤]– زەبیحی: شێخ ئیسماعیلی شێخ ئەحمەدی بەرزنجی، ساڵی ١٨٨٠ز لە ئاوایی (غەوساباد)ی سابڵاخ (مهاباد) لەدایك بوە، نازناوی شیعریی (زەبیحی)یە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (دەمەرچی) لەسەر وەسێتی خۆی تەرمەکەیان بردۆتە ئاوایی (جاشێران)ی شنۆ. سەرچاوە دیوانی زەبیحی ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە (سەید نەجمەدین ئەنیس) هەولێر ٢٠١٣.

من كه لەو رۆژە هەوای عەشقی یارم كەوتە سەر
هەروەكو مەجنوونی لەیلا كۆ، بە كۆ و دەربەدەر
ماجەرای قەلبی حەزینم گەر بەیان كەم موختەسەر
دەفتەری عەشقیٚ كە نووسیم من بەخوێناویی جگەر
كوا نە سیمی سوبحەدەم بێت و بەریٚ ئەم نامەیە؟

چەهـ چەهەی دڵ دیٚ لە گوڵشەن، یا چریكەی بولبولە!
عاشقی تۆ، وەك هوزاریٚ عاشقی زاری گوڵە
رۆژی جەژنە بۆیە دڵبەر، وا بە قەتڵم مائیلە
رەنگی سەرپەنجەی حەنایە، یانە هەر خوێنی دڵە!
سوور مەكە چیتر بە خوێنی ئاشقان ئەم پەنجەیە

ئەی غەزالەی نازەنین! جەور و جەفام توخوا بەسە
دڵ لە دەوری باغی كوڵمت، دائیمە وەك حەس حەسە
من لەبەر فكر و خەیالات كەوتمە فكر و وەسوەسە
عەرعەر و شمشادە بالات، یانە سەروی نەورەسە!
ویسعەتی سینەت تەماشا كە، دەڵێی دەشتی رەیە

بۆ ویساڵی روویی، لەیلا چۆن بوو مەجنونی حەزین
من زیاتر مائیلم بۆ مەم گوشین و گوڵ چنین
هەروەكو (عەونی) نییە پەروای لە فەوتی جان و دین
عاشقێكی سادقە ئەمڕۆ (زەبیحی) نازەنین
هەروەكو فەرهادی مسكین، مەیلی بێستونی هەیە

## پێنجخشتەکی ( صافی )[15]
## لەسەر غەزەلی ( عەونی )

هوزاری خونچەزارێکم کە روویی نەوبەهارێتی
نزاری لالەزارێکم کە دڵ وا داغدارێتی
فیدایی لێو و زارێکم نقوودی جان نثارێتی
خوماری چاو خومارێکم هەزاران وا خومارێتی
ئەسیری زولفی یارێکم هەموو عالەم شکارێتی

بە تەوق و کۆتی کاکۆڵی لەپای خستووم و تاساندم
وەکو نێچیری صەیادیان لە خوونی خۆمی گەوزاندم
کرێشمەی گۆشەی چاوی بوو ئیمڕۆ زیهنی شێواندم
وەکو لەیلا بە سەد ناز و نەزاکەت عەقڵی لێساندم
دڵم دائیم وەکو مەجنوون لە عەشقا بێ قەرارێتی

لە هەر رەمزێکی سەد ناز و نەزاکەت دایە، ئەم شۆخە
لە هەر غەمزێکی سەد فیتنە و هیلاکەت دایە، ئەم شۆخە
هەزاران تاجی شاهی وا لەژێری پایە، ئەم شۆخە
لە ئیقلیمی مەلاحەت چونکی بێ هاوتایە، ئەم شۆخە
دەبینم چەند شاهەنشاه وا موتیعی رەهگوزارێتی

ئومێدم نا لە ژین وەقتێ قیامی قامەتی لاوی
کە وەستاوە لەبۆ قەتڵم پیادەی پەرچەمی خاوی
چ جای تیرە بارانە لە پەنجە و دەستی خوێناوی
دەزانم دەمکوژێ چاوو تەنافی زوڵفی داوداوی
برۆی قەوس و موژەی پەیکانی عوشاقی هەژارێتی

[15]– دیوانی صافی چاپی دووەم، ل٣٣٣، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی.

مەتاعی جان لە ڕێی عەشقی بە تالاّن و خەسارەت چوو
هەموو عومرم لە هیجرانی بە سەد عیجز و مەرارەت چوو
گەدایە دڵ بە مەزڵومی لەژێر تەختی نەزارەت چوو
بە غەمزەی چاوەکەی، ئەقڵ و دڵ و دینم بە غارەت چوو
خودا چی بوو کەوا ئیمڕۆ هەموو کەس ئینتیزارێتی؟!

دڵی بولبول لەبۆ خونچەی دەمی هەر ئاخ و ئۆخێتی
کە زاغی خاڵەکەی دائیم لە باغی سێو و خۆخێتی
بە ڕوو گوڵ پەرچەمی سومبول دوو نێرگز وا لە ڕۆخێتی
گوڵی ڕوخساوە خونچەی لێوە عەرعەر قەددی شۆخێتی
گەهێ بولبول گەهێ قومری گەهێ دڵ و هوزارێتی

عەجایب نەوبەهارێکە، کە گوڵشەن چەتری هەڵداوە
لەلایێ سومبول و نەسرین لە لایێ نێرگزی خاوە
لەناڵەی بولبولان (صافی) مەگەر چ بووە و چ قەوماوە
شکۆفەی خونچەیی لێوی لە باخا وا دەمی داوە
وە یا بۆی عەترە (عەونی) خەندەییێکی لێو و زارێتی

- هوزار: جۆرێکه له جۆرەکانی بولبول
- نزار: لاواز و نەخۆش
- لالەزار: ئەو شوێنەی به زۆری گوڵی لالەی لێیه
- نقوودی جان: مایەی گیان
- نثاریەتی: بەقوربانیەتی، شاباش
- خومار جۆرێکه له حاڵەتی نەستی
- شکار: نێچیر
- کرێشمه: ئیشارەتکردن و تیر هاوێشتن به گۆشەی چاو
- هەمتا: هاوتا
- رەهـ گوزار: رێڕەو
- مەتاع: بار و بارگه-کاڵا
- مەرارەت: تاڵی و ناخۆشی
- بەغارەت چوو: به تاڵان چوو
- زاغ: قەلەڕەش، زاغی خاڵ: مەبەستی له خاڵێکه که وەکو قەلەڕەش وایه
- دوو نێرگز: مەبەستی دوو چاوه
- عەرعەر: دارێکی قەشەنگ و جووانه
- گەهێ: وشەیەکی فارسییه واته هەندێ جار
- شکۆفه: چرۆ

## پێنج خشتەکی ( پاکی )[١٦] لەسەر شیعرێکی عەونی

چی بەیانکەم بەسەرهاتم بە دێڕێ پڕ لە نامورادی
گەلێ تاڵی و جەفام کێشا بژیم ژینێ بە ئازادی
بڕیم هەورازی زۆر سەخت و گەڕام تەکیە و باڕ و نادی
لەبەر جەوری کەسێکی کۆیی بێزار بووم بە بێدادی
فەلەك خستمیە بەردەست چاوجووانێکی مەهابادی

زۆر لەمێژ بوو بەهیوا بووم چاوەڕێ بووم لە کووچە و ڕێی
هەتا قوربان بوو، قوربان کەم، سەرم بۆ تۆزی کەعبەی پێی
کەچی مەیلی نەبوو یارەب، وتم خێر بێ چ قەوما لێی
کە لێی دام غەمزەیەکی خستمی وەهام گوت پێی
کچێ ئافەرین بۆ تۆ کە چالاکی لە سەییادی

بە خۆڕایی نییە پەست و مەلوول و مات و داماوم
ڕەقیبێکە لەبۆ کوشتەی سەرم هەردەم دەکا ڕاوم
بەڵام شەکوا لەبۆ کێ بەم، لە بەختم کوا لێبڕاوم
گوتی هەرکەس کە کەوتە بەند و داوی پەرچەمی خاوم
مەحاڵە بەر ببێ مابێ قەت بکا بیری ئازادی

ئەگەر داخی نەبا جەستەی یەکم بۆ بوو بە پیتی نون
مەکەن لۆمە تێنووی لێوم بۆ ماچی کوڵمی ئاڵی ڕوون
لە شۆخان ئاخ کە تێناگەم ئەگەر خوا بزانێ کون
لە کوردستان نەبوو سیحر و تەسلیم و جادوو تەلسیم
لە کوێ فێربووی شۆخی و دڵبەری وا هێندە ئوستادی


---

[١٦]– پاکی نازناوی بورهان سەید گوڵ شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ فەتاحی بەرزنجییە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی کرۆش لەدایکبووە. سەرچاوە دیوانی پاکی چاپی یەکەم ٢٠٠٤.

له بەدبەختی ئەوەی تاڵاو هەبوو لەو چەرخە ڕێك بردم
لەژێر کۆڵی جەفای ئەو دا سووتاوم ڕەش بە هەڵگوردم
ئەبێ پاداشتی ئەو شۆخە چ بێ لەدوای لە ڕێی مردم
بە شێوەی شیرینی تەوقی ئەڤینی خۆی لە مل کردم
منیش وا لێ بڕاوم بێنمە دی ئاکاری فەرهادی

کە دەرکەوێ رووی ئەم شۆخە لە رووی مانگ رووی حەشاردایە
ئیلاهی سەد پەری قوربان لە جەننەت تۆ، کە داتنایە
ئەگەرچی بۆ هەڵەش خەندەك لە رووی نەم دی بێتە کایە
ئەمن مەجنونم و زنجیرەی ئەستۆم زوڵفی لەیلایە
ئەگەر مەیلی ببێ یاخۆ نەبێ، من هەر دەکەم یادی

لە داخی بێ وەفا و پاکی هەموو ساتێ دڵم تەنگە
نەبوو کەسێ هەتاکو سەر، کە پشتم بێ، لە ئەم جەنگە
نەکا شین (پاکی) ئەی چی بکا، وەکو خەستەی لەسەر جێگە
لە دووری تۆیە کەوتووە (عەونی) وا چاوەڕێی مەرگە
کە نەتبیست چاوەکەم جارێ چریکە و داد و فریادی




**بەرگی ئەو دەفتەرەی کە بۆ عەونیی شاعیر تەرخانکرابوو**

**لە کەشکۆڵە نایابەکەی مامۆستا (گیو موکریانی)**

دیسان لەغمی عشق کسی زاره اهناوم — محزون و پریشان و بریندار اهناوم

آشفته و سرگشته و غمباره ... — دائم له سەوای عشقه به آواره ...

چی ترمه رفینه دلی بیکەسی بە اشارت — زلفت مکه حلقه له ملم طوقی اسارت

اهلبکره له‌رو پرده‌وه با بچم زیارت — مشتاقی صفا و طالب دیداره اهناوم

لەم بستیه چنه خوشه اگر ساقی و می — مطرب به صدای چنگ و دف و بربط و نی بی

بوم تی بکه بوم لی دە چم چی بی چ لەنێ بی — بو وصلی تو بەم عینه خریداره اهناوم

امرو لەغمی عشق که دو چاری غمیکم — مه شیفتەی لەنجەی قامت علمیکم

صفای صفت مائلی ترس صنمیکم — سوچی چیه گیرودەی زناره اهناوم

ای وای که سوتاوه لەغم قلبی حزینم — حالم اهو گر بانه لەبرالیشی بو ببینم

ویم خوشه مماتم بەنظر ذلتی ژینم — زور سهوه تەمای روحمی له دلداره اهناوم

ای لبه ام غفلته و او عدی جا له — آهنگی حبیبانه اهوی ذوقی وصاله

شمعی مکه پروانەی دل بی پرو باله — سوتاوی ضیای لالەی رخساره اهناوم

دل بلبلی حیرانه لەعشق لەبی آلی — لەم حیرەتی بی فکره کسی منعه سئوالی

عونی دله کرت خونیه لەم حکمه حالی

بوم نکته یه دائم پری اسراره اهناوم

## له غه‌می عیشقی که‌سێ

دیسان له غه‌می عیشقی که‌سێ زاره هه‌ناوم
مه‌حزوون و په‌رێشان و بریندارە هه‌ناوم
ئاشفته‌و و سه‌رگه‌شته‌و و غه‌مباره هه‌ناوم
دائیم له‌سه‌ر ئه‌م عیشقه به‌هاواره هه‌ناوم

چیتر مه‌ڕفێنه دڵی بێکه‌س به ئیشاره‌ت
زوڵفت مه‌که حه‌لقه له ملم ته‌وقی ئه‌ساره‌ت
هه‌ڵبگره له ڕوو په‌رده و با بێمه زیاره‌ت
موشتاقی سه‌فا و طالیبی دیداره هه‌ناوم

له‌م مه‌ستییه چه‌ند خۆشه ئه‌گه‌ر ساقی و مه‌ی بێ
موتریب به سه‌دای چه‌نگ و ده‌ف و به‌ربه‌ت و نه‌ی بێ
بۆم تێ بکه بۆم لێده چ مه‌ی بێ چ له نه‌ی بێ
بۆ وه‌سڵی تۆ به‌م عه‌ینه خریداره هه‌ناوم


ئه‌مڕۆ له غه‌می عیشقی که دووچاری غه‌مێکم
من شیفته‌یی له‌نجه‌ی قامه‌ت عه‌له‌مێکم
سه‌نعانی سیفه‌ت مائیلی ته‌رسا سه‌نه‌مێکم
سووچی چییه گیرۆده‌ی زوننارە[17] هه‌ناوم

[17]– زوننار: پشتێنی جیاکردنه‌وه‌ی ناوقه‌د له هه‌ردوو ئاینی زه‌رده‌شتی و مه‌سیحی.

ئەی وای کە سوتاوە لە غەم قەلبی حەزینم
حاڵم هەموو گریانە لەبەر ئێشی برینم
پێم خۆشە مەماتم بەنەزەر زیللەتی ژینم
زۆر سەهوە تەمای ڕوحمێ لە دڵدارە هەناوم

ئێ بەسە ئەم غەفڵەتە وا وەعدەی مەجالە
ئاهەنگی حەبیبانە هەمووی زەوقی ویساڵە
مەنعی مەکە پەروانەی دڵ بێ پەڕ و باڵە
سووتاوی چیای لالەیی روخسارە هەناوم

دڵ بولبولی حەیرانە لە عیشقی لەبی ئاڵی
لەم حیرەتی بێ فکرە کەسێ مەنعە سوئالی
عەونی دڵەکەت خۆ نییە لەم حیکمەتە خاڵی
بەم نوکتەیە دائیم پڕی ئەسرارە هەناوم


عونی

لە شوینی چی ئەچی ئەی دڵ خیاڵت خاوە ئەی زانم
ئەری تولی خریکی ئەو لە تو توراوە ئەی زانم

وەکو دوینی ئەبی جی باڵی لە ریگای خوش و ستی دا
تماشای شیوەیی ایرو گەلی گوراوە ئەی زانم

کە غمزەی هێرشی هینا لە خۆ چو دڵ بە بی هوشی
لە ترسی تیرە بارانی غمزەی تاساوە ئەی زانم

دەمی بو خوم ئەپاراست من لە چاوی فتنە ئەنگیزی
ئەویستا هەر وەکو بەختم لە خەودا ماوە ئەی زانم

ئەپوشی شەوچرای روی خوی لە چینی پەرچما دڵبەر
بە بیری سوتنم گەرچی کە هەڵگیرساوە ئەی زانم

گەزەندت بوچیە ئەی دڵ لە یار کەی دڵ نوازیت دی
لە لای یارانی شوخو شنگی دەفا هەرناوە ئەی زانم

بە کوشتن هەز ئەکا عونی لە طعنە و لومە رزگاری
ئەلین دولبەر بە عزمی کوشتنت هەڵساوە ئەی زانم

عونی

ئەی برادەران وەچاکە رو کەینە یەک بە یاری
جهد و همت لازمە بو گەلی کوردەواری

امرو همت لە نوی نیی سبەی بەچی ئەمینین
بەخوا هیچ بارە ناکا گریانو شینو زاری

کەسی شادبی بە جیهت بەخوا ئەبستی ریگەت
تور بەسەر بوکوی ئەچی ئە تکا بە عبدوجاری

عالمی خیرە گشتی مستی کمالات بووە
کوردە ئەتو هتا کەی هینەوا بی وقاری

لە گنجینەی نشتمان توتی وەکو منی بی بەشی
دەربەدەری ولاتان مردین بە غم گوساری

لە غربت گەر بشمرم وصیەتە ئەی رفیقان
لە هیچ جیگا مم نیژن بی بەردو خاکو داری


کوردی شیرینی زبانە ئەم هلبستە نیشانە
لە عونی بامژدە بی بلیی زور بختیاری

**دوو شیعری عەونی بە دەسخەتی خۆی کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو**

**بۆ مامۆستا رەفیق حلمی ناردووە کە ئەو کاتە شاعیر ئەندامی حزبی هیوا بووە**

**سەرچاوە ئەرشیفی مامۆستا رەفیق حلمی**

**لە لایەت کاک مەجید ساڵح پێمان گەیشتووە**



ئاره‌زوی دیده‌ی دیداری روی جانانه دل
هه‌روه‌کو قومری له‌بو سه‌روی قه‌دی نالانه دل
من ده‌ماچیم له‌عه‌نقا فکری سه‌ر دانانه دل
هاوکو بوچی له~~عشقت~~ به‌تنها دیل و سه‌رگه‌ردانه دل
توله‌لیلی جگه‌ر مجنونی بی سامانه دل

حبیبی اگر بچیت لگل زلف سیاو اچیه بریه
هاتوی غارت بکا دینی به‌جاری عقل و دیه
ئه‌م کوژه‌ قربان به‌جاری عشقه‌ بیزارم له‌ژیه
بسیه‌ قی رحمی به‌حالی منکه حوسی نازه‌نین
من نه‌خوشی عشقی توبه‌ دورمنی درمانه دل

واشتکی داوه بومه‌ی دیده‌ خماری گل
حوسیشا تو کو بلبل به‌انتظاری گل
حزده‌کا جاری که‌ ببینی خنده‌و گفتاری گل
غنچه‌ی لیوت شکانوی رونقی بازاری گل
هه‌ر وه‌کو بلبل همیشه‌ زاری هه‌ر ئه‌فغانه دل

زلفی شه‌و رنگت له‌روشی حلقه‌ کت ظلمت ده‌دا
هاعالمیکی توشی ده‌ردو زلفتو محنت ده‌دا
وا ده‌ زلف او به‌حالی ایحیوه‌ رحمت ده‌دا
تا مه‌ی ظلمت له‌شامی پرچیت طلعت نجا ده‌دا
انتظاری بدری تامی و مهی تابانه دل

من نه‌خوشی ده‌رده‌کانم تاکو بیزارم له‌ژیم

من وه‌کو مجنون چه‌ میلی صحبه‌ی هه‌ردم نیه
هه‌روه‌کو فرهادی مسکیه‌ منو هه‌م ده‌ردم نیه
ئاره‌زوی طلعتو شوق سیه‌ چه‌ردم نیه
هه‌روه‌کو یعقوب له‌خانه‌ی حزن و فردم نیه
زار و سه‌رگه‌شته‌ی فراقی یوسف کنعانه دل

دل ده‌نالیه به‌حالی خوی وه‌کو هوری بهار
ده‌م جفا و جوره‌ که‌ دلتم نایته‌ حدی ژمار
ایسته‌ وا قطعی امیدم کرد له‌حضه‌ی روزگار
لشه‌ر عشقت له‌صحرای سیزه‌ ها گرت قرار
یاوه‌ری امر و نهی فرمان به‌ری سلطانه دل

وا منزانم من له‌عشقدا ریم به‌ئاگی غافلم
شمه‌یکی با شرحی احوالم بکم عرض گلم
تو له‌اقلیمی محبت ده‌که‌ فرموت عادلم
تو له‌ منعم و شه‌هنشای منی له‌داو سائلم
عوض له‌م لقدی وصالت لایقه‌ احسانه دل

منعیمو

## ئارەزووی دیدەنی یار

ئارەزوویی دیدەنی دیداری رووی جانانە دڵ
هەروەکو قومری لە بۆ سەروی قەدی ناڵانە دڵ
من دەسا چی بکەم لە عەشقا فکری سەر دانانە دڵ
چاوەکەم بۆچی لە عەشقت وێڵ و سەرگەردانە دڵ
تۆ کە لەیلا بی مەگەر مەجنوونی بێ سامانە دڵ

جەیشی ئەگریجەت لەگەڵ زوڵفی سیا وا چین بە چین
هاتووە غارەت بکا دیسان بە جارێ عەقڵ و دین
بمکوژە قوربان بە جارێ من کە بێزارم لە ژین
بەسیەتی روحمێ بە حاڵی من کە شۆخی نازەنین
من نەخۆشی عەشقی تۆمە دوژمنی دەرمانە دڵ

وا شکستی داوە بۆمەی دیدەیی خوماری گوڵ
حوسنی شام و سیحری بولبول بێ بە ئینتیزاری گوڵ
حەز دەکا جارێ ببینێ خەندە و گوفتاری گوڵ
خونچەیی لێوت شکاندی رەونەقی بازاڕی گوڵ
هەروەکو بولبول هەمیشە کاری هەر ئەفغانە دڵ


زوڵفی شەوڕەنگت لە رۆژی کوڵمەکەت زوڵمەت دەکا
عالەمێکی تووشی دەرد و زیللەت و میحنەت دەکا
وادەزانێ ئەو بە حاڵی ئێمەوە رەحمەت دەکا
تا مەهی کوڵمەت لە شامی پەرچەمت تەڵعەت دەکا
ئینتیزاری بەدری کامل و ماهی تابانە دڵ

من وەکو مەجنون چ مەیلی صبحەیی هەردم نییە
هەروەکو فەرهادی مسکین من کە هەمدەردم نییە
ئارەزووی تەڵعەت و شەوقی سیا چەردم نییە
هەروەکو یەعقوب لە خانەی حوزنەوە فەردم نییە
زار و سەرگەشتەی فیراقی یوسفی کەنعانە دڵ

دڵ دەکا ناڵین بە حاڵی خۆی وەکو هەوری بەهار
ئەم جەفا و جەورە کە دیتم نایەتە حەددی ژمار
ئێستا وا قەتعی ئومێدم کرد لە سەفحەی رۆژگار
لەشکری عیشقت لە سەحرای سینەدا گرتی قەرار
یاوەری ئەمر و نەهی فەرمانبەری سوڵتانە دڵ

وامەزانە من لە عەشقی رووت بە ئانێ غافڵم
شنەی با شەرحی ئەحواڵم بکەم عەرزی گوڵم
تۆ لە ئیقلیمی محەبەت دا کە فەرمووت عادلم
تۆ کە مونعیم و شاهنشای من گەدا و سائیلم
(عەونی) لەم نەقدی ویساڵت لایەقی ئیحسانە دڵ

- چەرد-(رەشتاڵە)



(سەرگوزشتەی عونی)

عونی کییە ناوی چییە (عونی) ناوی عثمانە کوری حاجی ملا حبیبە دانیشتوی کویە بە

لە سالی – ١٢٢١ – ھ یعنی لە سالی ١٩١٧م لە دایک بوە لە عمری ١٨ سالیدا سالیک لە زانست وە دو سال

لە لای ملا احمدی رەش خوێندویەتی لە پاشان وازی لە خوێندن ھێنا ایستا دوکانی بقالی ھیە لە کویە

عونی لە منالیوە آرەزوی شعری بوە بە زمانی کوردی شعر دەلی بە زمانی فارسیش شعری ھیە لە ھەموجوریک

شعری ھیە غزلیات . قصائد شعری مزدوج . ادبی . اجتماعی . مللی . وصفی . پینج خشتەکی زورە لە سر

غزەلی شاعرەکانی کورد وەکو وفایی . حریق . زیوەر . صافی . صلی . عونی نثر جوان ئەنوسی

. روایەی . مسرحی زور داناوە ھلبستی نستەقی زورە وەکو لە قصیدەیکی دەلی ——

[ بە توندی پی مەنی سەرخالێک لە ئەندامی نیگایەکە + ئەکری پیا بروی چونکە لە جستەی چەند ھزاریکە

**سەرگوزشتەی عەونی لە کەشکۆڵی مامۆستا (گیو موکریانی) وەرگیراوە**

ام چاوه جوانت لهوده م مَسْت وبێخاوه     آهوی لەخطا دابێ خطا کەو تە خطاوه
صد دلبری چینی کە لەو بستەی داوه     ای پرچمی چینت لەو آشوب و بلاوه
ودی حسن سراسروه کو مه سعدی داوه

چیدیکه فریبم مده روحم لەجزا دا     روحمی بنوینه بسه زیبم لەجفا دا
سر در رێی جانانه وصالم بێ لقادا     بێ شانی مکه چیدی لەدست بادی صبادا
دیسانێ بێ هوای زلفی دلم کەوتە سماوه

بی مونسی لهجرانه گهی دل لەخیالت     فکرم لهمه در وصفی روخ وقدی نهالت
چارچاره مگر یاری بکم جیژنی وصالت     منعی مکه قوربانی بە نظر حسنی جمالت
پروانەی شیدایه دلم تابی نەماوه

اسراری نهانیم بوه ظاهر بێ حیانی     دوری لەدلی گرچکی باغمی جیانی
یا خو بە ضیا بەدری بە قد سروی روانی     قوربانی ورە ای وکه مدحی بە جوانی
طفلی دلی را لهیکه لەژێر گری جفادا

شرحی دلەکەم گر رقمی کەم بە تەواوی     نابیتە زمار قرنی بە صد ناقل وراوی
ام درده کە من دیومه لەدوگوشەی چاوی     گل کو لمه یی تو اگرفی گل بو بە تەواوی
رویی لەچمن لالەوگل باوی نەماوه

لەت لەت بوه جرگم بەسەری تیری جگردۆ     پروانه صفت مسکن من آگری پرسوز
وردم لهمو لهو نیزەی مژگانی جگرکوز     فکرم وەکو زلفی تو دریژه بێ شەو وروز
پابندی خیالم وەکو زلفی تو خاوه

سینەم بەمثلی لالەو نم پرلەخوردشر     ملکی دلەکەم ماتمی لهیناوه خموشه
جاریکی بێ من نیمەکی نازت بفروشه     عونی ورە میخانه و ام جامه بنوشه
ساقی کە لەتو مقصدی من بوکوچاوه

# ئەم چاوە جوانەت

ئەم چاوە جوانەت هەموو دەم مەست و بەخاوە
ئاهوی لەخەتا دا بەخەتا کەوتە خەتاوە
صەد دڵبەری چینی کە هەموو بەستەی داوە
ئەی پەرچەمی چینت هەموو ئاشوب و بڵاوە
وەی حوسنی سەراسەر وەکو مەشعەلەی داوە

چیدیکە فریبم مەدە، روحم لە جەزا دا
روحمێ بنوێنە بەسە ژینم لە جەفا دا
سەر دەر رەهی جانانە ویساڵم بە لیقا دا
پەخشانی مەکە چیدی لە دەست بادی سەبادا
دیسان بەهەوای زولفی، دڵم کەوتە سەما وە


بێ موئنیسی هیجرانە گەهێ دڵ لە خەیاڵت
فکرم هەمە دەر وەسفی روخ و قەددی نیهالت
جار جارە مەگەر یادی بکەم جێژنی ویساڵت
مەنعی مەکە قوربان بەنەزەر حوسن و جەمالت
پەروانەیی شەیدایە دڵم تابی نەماوە

ئەسراری نیهانیم بووە زاهیر بە حەیانی
دووری لەبەشەر، گەر موڵکی باغی جینانی
یاخۆ بە چیا بەدری بەقەد سەروی ڕەوانی
قوربان وەرە ئەمڕۆ کە ملاحی بەجوانی
طفلي دڵی ڕاهی کە لەنێو گێژی جەفادا

شەرحی دڵەکەم گەر ڕەقەمی کەم بە تەواوی
نایێتە ژمار قەرنێ بەسەد ناقل و ڕاوی
ئەم دەردە کەمن دیومە لەدو گۆشەی چاوی
گوڵ کوڵمەیی تۆ ئەشرەفی گوڵ بوو بەتەواوی
ڕۆیی لەچەمەن لالە و گوڵ باوی نەماوە

لەت لەت بووە جەرگم بەسەری تیری جگەر دۆز
پەروانە سیفەت مەسکەنی من ئاگری پڕ سۆز
وردم هەموو هەر نێزەی موژگانی جگەر کۆز
فکرم وەکو زولفی تۆ درێژە بەشەو ڕۆز
پابەندی خەیاڵم وەکو زولفەینی تۆ خاوە

سینەم بە میثلی لالەو نەی پڕ لە خرۆشە
موڵکی دڵەکەم ماتەمی هێناوە خەمۆشە
جارێکی بەمن نیمەلی نازت بفرۆشە
عەونی وەرە مەیخانە و ئەم جامە بنۆشە
ساقی! کە لە تۆ مەقسەدی من بۆسەیی چاوە



## ناسحی بیٚ دین


"ئاهویی خەتا[١٨]" خەجڵەتی هیٚناوە لەبەر "چین"
لۆمەم مەکە توخوا بەسە ئەی ناسحی بیٚ دین
چم دایە لە مەسجد ئەگەر بادە پەرستین
مەحوی نەزەر کردنی تۆین زاهیدی بیٚ دین
وەی چاوی فەتتانت کە وەکو نیٚرگزی شەهلا

ریسوایی و بەد نامییە لەم عەسرە غەرامات
تا تاعەت و زکریش ئەبەستین بە مەقامات
گەر چی وەکو شیٚخ کولبەیی کامل لە کەرامات
عوشاقی تۆ مەحسووبە بە رەندانی خەرابات
هەڵبگرە لە روو، پەردە و عالەم والە

شیشەی دڵە وا مەی دەڕژیٚنیٚ بە شکستی
"سەنعان"ی سیفەت جانا کە زوننارى دەبەستی
مورغی دڵی (مەحزوون) و خەفەتبارە لە دەستی
حاڵی (عەونی) لە فیراق هەر کەس مەبەستی
سەرگەشتە و، حەیرانە وەکو ئاشقی لەیلا

---

[١٨]- ئاهوو: ئاسك          خەتا: وڵاتی مەغۆل و تەتەرستان



=٢٢= اسلحه‌ی جه‌نگی ابستا یاری کوردستانه که‌یه

قفلوعاجی تورکی کانوغاره‌ی ... که‌م

هه‌روه‌کو روستم له صیدانه به‌زد روژی


حاضر و آماده دوشمنه‌وه‌ک هه‌ندیشان ئه‌که‌م

هێنده داخدارم له دوژمن ...

باعثی بی دسیسه وا ازی دل په‌نهان ئه‌کم

گه‌ر خدا دستم بدا فرصت بی امرو سبه‌ی

من به جاری نادی جه‌نگی جوار طرفی ئعلان ئه‌کم



گه‌ر خدا دستم بدا فرصت بێ امرو سبه‌ی

من به جاری نادی جه‌نگی جوار طوق اعلا نه‌ئه‌کەم

—

هێنده داخ دارم له دوشمن میلی خون خوارێم هه‌یه

با عتی بی ده سیبه وا ازی دل په‌نهانه ئه‌که‌م

—

کورده امرو یه‌کیه تی پی وبسته بوقه‌ومی هه‌زار

تی بگه‌ن من بوچی دائم ناله وگریان ئه‌کەم

—

واله‌ری پیشکه‌وتنی خاکم ده‌که‌م که سبی فنون

من که نوری علم وعرفانی په‌رتی سه‌رکیوان ئه‌کرم

—

عسکر و جیشی و سیاحت بینه میدانی وعی

زو به‌زو بیدا غی نصرة نصبی سه‌رکیوانه ئه‌که‌م

# ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم[19]

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم
قەتلوعامی تورکەکان و غارەتی ئێران ئەکەم
چونکە دوو قەومی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر رژاند
دوژمنی خاك و وڵاتم پەرت و سەرگەردان ئەکەم
هەر وەکو رۆستەم لە مەیدانی نەبەرد دا رۆژ و شەو
حازر و ئامادە دوژمن وەك هەدەف نیشانە کەم
گەر خودا دەستم بدا فرسەت ببێ ئەمڕۆ و سبەی
من بە جاڕێ ناوی جەنگی چوار تەرەف ئیعلان ئەکەم
هێندە داخ دارم لە دوژمن من مەیلی خوێنخواریم هەیە
باعیسی بێ دەستییە وا رازی دڵ پەنهان ئەکەم
کوردە ئەمڕۆ یەکێتی پێویستە بۆ قەومی هەژار
تێبگەن من بۆچی دایم ناڵە و گریان ئەکەم
وا لە رێی پێشکەوتنی خاکم دەکەم کەسبی فنون
من کە نووری عیلم و عیرفان پەرتی سەر کێوان ئەکەم
عەسکەر و جەیش و سپاهت بێنە مەیدانی وەغی
زوو بە زوو بەیداغی نەسرەت نەسبی سەر کێوان ئەکەم
ناکەسێك نیم بۆ مەتاڵیب، من لە روویی لافەوە
ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان ئەکەم
خزمە! گوێ بگرن لە پەندم، (عەونی) زۆر بێ چارەیە
من تەئەسف نەك لەبۆ خۆم، بەڵکو بۆ کوردان ئەکەم

[19]– ئەم شیعرە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی) دا هەیە، بەڵام لە دیکۆمێنتەکاندا جیاوازیەکی هەیە، بۆیە جارێکی تر بڵاومانکردەوە.

## (هه‌ڵبه‌ستی نشتمانی)

١

زه‌مینی رازاوه به‌لاله‌و به‌گوڵ
به‌مێناوشه‌و بۆ ره‌یحان و سنبل
رووی سه‌وزی چیا له‌به‌ر گوڵی سور
دڵ ئه‌رفێنی له‌ نزیک و دور
کومه‌لی کم دیت ناریان خه‌بات
هاتن بو له‌شکر هه‌رده‌و سه‌رچیا
بیستم ئه‌یان ووت ئه‌م خاکی کورده
پره‌ له‌ کیجیا ئه‌و ده‌شت و هه‌رده
با دانتوانی له‌ ره‌گێ ده‌ری بینی
٢ تووی جنسی خومان لیره‌ به‌چینی
میشی پیم ووتن له‌رووی راستی
به‌بێ ئازادی و کرو هاستی
گه‌ر چی هه‌موتان خیالتان وایه
که‌کورد نه‌هیلی له‌م ناوچیایه
خیالتان خاوه هیچ سه‌ر ناگری
به‌کوشتن و بڕینی کورد تووی نابڕی
روژیکی وا دیت منداڵی کورد
هه‌ڵبستنه سه‌ر پێ آزاو ده‌ست و برد
هه‌ستن هه‌مویان وه‌کو شێر به‌هیمه‌ت
به‌پسینن توق و زنجیری زلت
هه‌ر روژی هه‌لسن له‌رووی اهتمام
وه‌ر ئه‌گرنه‌وه حه‌ق و انتقام
هه‌ق قه‌ت ون نابێ خوینی هه‌ر ئه‌جوشێ
پیاویکی ئه‌وی بوی تێ بکوشی


٣

ده‌ست بلند کردن ئه‌کرم به‌پیش
له‌چیای نوێژ و روژو همیشه
ئه‌ی آفریده‌ی بلند و په‌ستی
ایرشی رزگار که‌ له‌ تنگی ده‌ستی
خوایه بو دڵ خوش و پیشانت
به‌مانگ و روژ و فریشته‌کانت
(به‌ی داغی) خویان هه‌ده‌ن له‌ده‌وران
لوڕ و که‌لهور کرماج و گوران
خوایه ئه‌م کوژی بژیم به‌شادی
هتا ئه‌وی بینم جه‌ژنی آزادی
له‌ ژیر سیبه‌ری به‌ی داخی خومان
ئه‌وجا بم کوژی بم کری به‌قوربان
ئه‌گه‌ر من مردم ئه‌م روژه‌م نه‌دی
آره‌زوی من تان له‌ بیر ده‌رنه‌چی
وه‌ره‌نه‌سه‌ر قه‌برم به‌یکی زبانی
بڵێن لخوینی ئه‌وه به‌سته‌و گورانی
مه‌لی گیانم شاد ئه‌بێ مه‌لیتی مردوه
گوشته‌ی نشتمان دایم زندوه
(عونی) وه‌کی (حاجی) دعا گوتانه
له‌یادی ئه‌کن حرمی خوتانه

## ( عەونی ) وەك ( حاجی ) دوعا گۆتانە

زەمین رازاوە بە لالە و بە گوڵ
بە مینا و شەوبۆ رەیحان و سومبوڵ
رووی زەوی چیا لەبەر گوڵی سوور
دڵ ئەڕفێنێ لە نزیك و دوور
کۆمەڵێکم دیت ناویان خوبەرا
هاتن بۆ کەشفی هەردە و سەرچیا
بیستم ئەیانووت ئەم خاکی کوردە
پڕە لە کیمیا ئەو دەشت و هەردە
با دانیشتووانی لە رەگ دەرێنین
تۆی جنسی خۆمان لێرە بچێنین
منیش پێم ووتن لە رووی راستی
بەبێ زیادی و کەم و کاستی
گەرچی هەمووتان خەیاڵتان وایە
کە کورد نەهێڵن لەم ناو چیایە
خەیاڵتان خاوە هیچ سەر ناگرێ
بە کوشت و بڕین کورد تۆی نابڕێ
رۆژێکی دادێ منداڵانی کورد
هەڵبستنە سەر پێ ئازا و دەستوبرد
هەڵسن هەموویان وەك شێر بە هیممەت
بپسێنن تەوق و زنجیری زللەت
هەر رۆژێ هەڵسن لە رووی ئیهتیمام
وەرئەگرنەوە حەق و ئینتیقام
حەق قەت ون نابێ خوێن هەر ئەجۆشێ
پیاوێکی ئەوێ بۆی تێبکۆشێ

دەست بڵندکردن ئەکەم بە پیشە
لەجیاتی نوێژ و ڕۆژوو هەمیشە
ئەی ئافەریدەی بڵند و پەستی
ئێمەش ڕزگارکە لە تەنگی دەستی
خوایە بۆ دڵی خۆشەویستانت
بە مانگ و ڕۆژ و فریشتەکانت
(بەیداغی) خۆیان هەڵدەن لە دەوران
لوڕ و کەلهوڕ و کرمانج و گۆران
خوایە نەمکوژی بژیم بە شادی
هەتا ئەیبینم جەژنی ئازادی
لەژێر سێبەری بەیداغی خۆمان
ئەمجا بمکوژی بمکەی بە قوربان
ئەگەر من مردم ئەم ڕۆژەم نەدی
ئارەزووی منتان لەبیر دەرنەچی
وەرنە سەر قەبرم بە یەك زبانی
بۆم بخوێننەوە بەستە و گۆرانی
گیانم شاد ئەبێ مەڵێن مردووە
کوشتەی نیشتمان دائم زیندووە
(عەونی) وەك (حاجی) دوعا گۆتانە
لە یادی مەکەن خزمی خۆتانە



عونی ناوی عثمانە کوری حاجی ملا حبیب کوری عبدالله کوری حمزە بالەکییە لە سالی ١٣٢٧ هجری
١٩١٢م لە کویە لە دایک بوە. عونی سالیک لە زانستە وە دو سال لە لای ملا احمدی رەش
خویندوەتی گەرچی تحصیلی کەم دیوە بەلام مطالعاتی زورە عونی لە مندالیەوە لە عالمی شعردا
زیاوە اشعاری زورە وەکو مدح. غزلی. نشتمانی. مللی. سیاسی. هەموی بە زبانی کوردیە
عونی لە غزلیاتدا هدە فکی معلومی نەبوە هەرشتیکی جوانی دیبی سەوقی شعر وتنی کردوە
وە لە اشعاری نشتمانی. مللی سیاسی بە مقتضای اوقات وتویەتی.
عونی تا ئیستا دو رلوایەی مسرحی خیالی داناوە یەکەم [ انجامی خوشەویستی خانزاد و نوزاد ]
دوەم [ انجامی خویندن بو کورد ] هەردوکیان ادبی و اجتماعی و سیاسین. عونی بە زوری
شعرەکانی لە وقتی عاجزی دا گوتوە هەروەها رباعیاتی زورە

**ژیانی عەونی بە دەستخەتی خۆی–لە ئەرشیفی مامۆستا رەفیق حلمی وەرگیراوە**

**و لەلایەن کاك مەجید سالّح–ەوە پێشکەشمان کراوە**

«یادی حاجی قادری کۆیی»

حاجی هەرچەندکە نەماوی نەمری
لەولات بەخشی لەچاوان بزری
تۆ کە گەنجێت نەبو وا بە رەحمەتەوە
هەموو زانایێ بە گەنجی دەکرێ

حاجی ئەو ڕۆژەی گوتت هاوارە
ڕۆژێک دێ کورد دەبێ ئاوارە
تۆ سەد ساڵە لەمەوبەر زانیت
ئێستا هەروایە نەگەیێ بە چارە

حاجی هەرچەندکە توانیت کۆشیت
نائەلا ڕاحەت و شادی و خۆشیا
بە هیوای شادی و ئازادی گەلت
هەرچی شیرین بو بە تاڵی نۆشیا

کۆتەڵت سایەی وەک باڵی هوما پیرۆزە
گوتەکانت هەموو هەرپەند و پەڕۆشکۆزە
بە هیوا بوی گەلت ڕۆژێکیە لێ وەگری
داخەکەم ئێستا پتر مەسەلە ئاڵۆزە


١٩٢٧

# یادی حاجی قادری کۆیی[٢٠]

حاجی هەرچەند کە نەماوی، نەمری
لە دڵان نەخشی، لە چاوان بزری
تۆ کە گەنجت نەبوو، وا بەرهەمەکەت
هەموو زانایی بە گەنجی دەکڕی
حاجی ئەو رۆژە گوتت هاوارە
رۆژێك هەموو کورد دەبن ئاوارە
تۆ کە سەد ساڵێ لەمەوبەر زانیت
ئێستەش هەر تێنەگەیین بێ چارە
حاجی هەرچەند کە توانیت کۆشیت
ناتەلا راحەت و شادی و خۆشیت
بە هیوای شادی و ئازادیی گەلت
هەرچی شیرین بوو بە تاڵی نۆشیت
کۆتەڵت سایەی وەك باڵی هوما پیرۆزە
گوتەکانت هەموو هەر پەند و پەرۆش و سۆزە
بە هیوا بووی گەلت رۆژێ یەك دەگرێ
داخەکەم ئێستا پتر مەسەلەکە ئاڵۆزە

---

[٢٠]- بابەتێکی پەیوەندیدار بە یادی حاجی قادری کۆییەوە لە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر وەرگیراوە و لە لاپەڕەکانی دواتر بڵاوکراوەتەوە.



عونی :

ئەی یاری چاو جوان ئەستیرەی گەلاویژم     بەسیە تاکەی گریان فرمیسک بریژم

ئەی ماهی تابان خورشیدی درخشانم     لە دوری رخسارت من چند پریشانم

بە تیری غمزەت چاوە کەم بریندارم     گەردونە پر آشوبا لە آهو هاوارم

لە هجری یارم غم دا هاتە امدادم     کە تو شیرن بی یار منیش هەر فەرهادم

ئەی شوخی چاو مەست ئەی قبلەی دلودینم     رحمی بکە جانا دو بارە بت بینم

هەروەکو بلبل مجنونی گولی روتم

بە یەنیکە شیواوی دو چاوی جادوتم

## یاری چاو جوان

ئەی یاری چاو جوان، ئەستێرەی گەلاوێژم
بەسیە تا کەی گریان و فرمێسك بڕێژم

ئەی ماهی تابان، خورشیدی درەخشانم
لە دووری روخسارت من چەند پەرێشانم

بە تیری غەمزەت چاوەکەم بریندارم
گەردەن پڕ ئاشووبە لە ئاه و هاوارم

لە هیجری یارم، غەم وا هاتە ئیمدادم
کە تۆ شیرین بی یار، منیش هەر فەرهادم

ئەی شۆخی چاو مەست، ئەی قیبلەی دڵ و دینم
روحمێ بکە جانە دووبارە بتبینم

هەروەکو بولبول مەجنونی گوڵی روتم
بەینێکە شێواوی دوو چاوی جادووتم

[عرفی]

منبی من هرگز مکن وا با عشق نالانه سی
غم یکو ماتم دوه هم دوری جانانه سی

سی شسته امرو به قتلی من او ابرون مشتری
غمزه یك جاوی دوه مژگانی وك تیرانه سی

منبی بلبل وادەکنی بو وصلی گل ام سی شسته
زخمی خار یك باغوان دو سوزش گریانه سی

وا ئنیسی و همدم بوژ بو عشرة حاضره
ساقیان یك مطربان دو گردش پیمانه سی

وا دگل منی ناله نالو گریه و غم سوتنه
بلبلان یك قمریان دو سوتنی پروانه سی

من له هرجی رو له قبله ی طاق ابروی تو ده کرم
خانقا یك تکیه دو هم صومعه ی بتخانه سی

تو له ملکی حسن خوت عونی له سرجی در دکری
حاجبی یك جانضا دو روترش و قیانه سی

## مەنعی من هەرگیز مەکەن

مەنعی من هەرگیز مەکەن وا باعسی ناڵانە، سێ
غەم یەك و ماتەم دووە، هەم دووریی جانانە، سێ

سێ شتە ئیمڕۆ بە قەتڵی من ئەوا بوون موشتەری
غەمزە یەك، چاوی دووە، موژگانی وەك تیرانە، سێ

مەنعی بولبول وا دەکەن، بۆ وەسڵی گوڵ، ئەم سێ شتە
زەخمی خار یەك، باغەوان دوو، سۆزشی گریانە، سێ

وا ئەنیس و هەمدەمم بۆ بەزم و عیشرە حازرە
ساقیان یەك، موتریبان دوو، گەردەشی پەیمانە، سێ

وا لەگەڵ من، ناڵە ناڵ و گریەو و هەم سووتنە
بولبولان یەك، قومرییان دوو، سووتنی پەروانە، سێ

من لە هەر جێ، روو لە قیبلەی تاقی ئەبرۆی تۆ دەکەم
خانەقا یەك، تەکیە دوو، هەم سەومەعەی بوتخانە، سێ

تۆ لە موڵکی حوسنی خۆت (عەونی) لەسەر چی دەردەکەی
حاجیبە یەك، جان فیدا دوو، رۆژ و شەو قوربانە، سێ

عوی کانوکی

قربان وره ام جبینه قربانه لمبه جي
ام همیشه ستم کر یار له جفادانه لمبه حي
دزرلف سیاهت لذخت تاته تماشا ج
زر دیکه بر یکه بیدبید سرکښي نمر جي
روښ شمع نښتب ئه لب خنچه دوران
سوناي من زناله بلبل لبوحي
بم حاله سکر یاره سکر باوري نماره
لطفي بکه قربان که راعي بشکر جي
بادی کرمو ساغر عشرت بده ساقي
ناکه لدلاعجز و خفت باري بشر جي
دل غرقه لدریاي سرشکم بجهود م
بعضي وره نزدیکه له روحم لښتر حي
نرکه نظر باد به تښتانه کوعد نی
دو جاري آبه چاه زلالت بنظر حي

# جەژنی قوربانە[٢١]

قوربان وەرە ئەم جەژنەیی قوربانە ئەگەر چیٚ؟
ئەم هیجرەت و گریان و جەفادانە لەسەر چیٚ؟

زوڵفەینی سیاهت لە ڕۆخت هاتە تەماشا
نێزیکە فەرەنگ بێت و لەبۆ کەشفی قەمەر چیٚ

رووت شەمعی شەبستانە و لەبت خونچەی بوستان
سووتانی من و ناڵەیی بولبول لە سەحەر چیٚ

بەم حاڵ شەکەربارە، شەکەر باوی نەماوە
مەیلیٚ بکە قوربان کە رەواجی بە شەکەر چیٚ

بادەی کەرەم و ساغیری عیشرەت مەیی فەرموو
تاکو لە دڵا عیجز و خەفەتباری بەسەرچیٚ

دڵ غەرقە لە دەریای سروشکم بە هەموو دەم
جانا وەرە نزیکە کە ڕۆحم لە خەتەر چیٚ

تەرکی نەزەری بادەیی مەستان بکە (عەونی)
دووچاری ئەبیٚ چاهی زەلالەت بە نەزەر چیٚ

---

[٢١]– ئەم شیعرە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی) هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو دیکۆمێنتەی کە لە کەشکۆڵەکەی مامۆستا (گیو) دیتراوەتەوە جیاوازیی هەیە، بۆیە دیسان لێرە بڵاومانکردەوە.

صد جام طلای به غلامیت لبنادا
ورقا و وفا خاکی حرمیت لبوداوا
او نیشکر و بینه ذروته لبفادا
ام واره گنز نیم بسته تا کی لبغادا

ده وقیعی بست بو جبه اول لبغادا

عشاق همو شفتهٔ احسن تو بلیک
تبیاوی پریشان بزنداره بناد کی
شاگرده لبو صاحب پایت مای مرد
نشوی دل من هم نیمه لطف تو ه‌روون
... خوبنه ده خوش
حتی یدره نیب بزرنت نفروشی
هم عینه بلی چیدی کر غشه نفروشی
ام طلقله تکهو ربدند ادحر وتی
ام بدره نه شمبد ده بوتی
... جادی که نه ...

سبتلو بن نکل عمه لدرست با دصیاد
ام ... وکسن عین زلف لبهوادا

دیوانه همه بو زنده ال ... نه
دیوانه همه بوزنت ال شیع دنفو ب
نا بوده طلوقت من بروانه خود دبوه
سیم همه سرکرابه بنیاران جگرو ز
جر گنجه که بابند عم بوده شب روز
گنجه ... زنده لبرزل
جنون حقت زاد عریب ... لی
جند مده ته عزم بدری شا ایکه تلم لی
اروکه لری لطف فول بریسی که ائعوی
روم بایسوه سرخاکی بری بای ورم پی
~~ای ابله دره عیبه وصالت لبغنادا~~
عقل و بدن عمر غنت بو حی به بادا
فرموی که امن تک شره بی منزل بجیم
حتیم نه اکر خاطر قربانیه بو ریم
کاتنانه له خالی به له بکانه ملی دیم
بی ایاکه غه نکه لجگر داموو لیبیم
ای ابله دره عیبه وصالت لبغنادا

کلاو ... لبغنادا

## سەد حاتەمی تایی

سەد حاتەمی تایی بە غوڵامت لە سەخا دا
وەرقا و وەفا خاکی حەریمت لە وەفا دا
ئاوێنە مەگەر وێنەیی رووتە لە سەفادا
هاوارە گرینم بەسە تا کەی لە خەفادا
تەوفیقی منت بۆ چییە ئاخر لە جەفادا


عوششاق هەموو شیفتەی حوسنی تۆن یەك یەك
شەیدا و پەرێشان و بریندارە بە ناوەك
شاگردە لەبۆ ساحیریت (مانی)ـی موژدەك
نەشوەی دڵی من بەم نیمەیە لوتفی تۆ (هەروەك)
پشکوتنی گوڵخونچە لەدەست بادی صەبا دا

جێی هەر سەرەتیری موژەت خوێنە، هەر دەجۆشێ
بەم عەینە بڵێ چی دی کە عیشوە نەفرۆشێ
ئەم تیفلە بە گەوهەر بەدەنە دا دەخرۆشێ
هەرجارێ کە ئەم بەدرە بە پەشمینە دەپۆشێ
ئاشووبە دڵم وەك سەری زوڵفت لە هەوا دا

دێوانەمە بۆ پرتەوت ئەی شەمعی دڵفروز
هاتوومە تەوافت منی پەروانەیی خوسوز
جەرگم هەمە بریانە بە پەیکانی جگەردۆس
لەم کونجە کە پابەندی غەمی.. شەب و روز
کارم چ بە عەیشی تەرەب و بەزمی نەوادا

مەجنوون سیفەت و زاری غەریبانە لەسەر رێی
چەند مودەتە عەزمم بوو سوئالێکە بکەم لێی
ئەمڕۆکە لە رێی لوتفەوە پرسی کە ئەتۆ کێی
رووم نایەوە سەر خاکی بەری پای و وتم پێی
عەقڵ و بەدەن، عومری منت بۆچی بە با دا؟

فەرمووی کە ئەمن یەکسەرە بێ مەنزڵ و بێ جێم
حەپسم تۆ ئەگەر حازری قوربانییە بۆ رێم
کاشانە کە خاڵییە لە بێگانە، بڵێ دێم
بێ باکە خەدەنگی لە جگەرم دا و وتی پێم
ئەی ئەبلەه، وەرە عید و ویساڵت بە فەنادا



دیوانی
زەینەب خانی
کچە کورد
١٩٠٠- ١٩٦٣
ئامادەکردنی
حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفەفەندی خادم سوجادە
پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن
عەبدوڵڵا زەنگەنە
هەولێر
٢٠١٨

## بۆ عوسمان عەونیی شاعیر
## زەینەب خان[٢٢] ( کچە کورد ) ١٩٥٤

عەونی پیاوێکە مەرد و وەفادار
لێمان ئەپرسێ ساڵێ چەندین جار
هەروەکو برای گیانی بە گیانی
خانەوادەی مەی کەوتۆتە گیانی
لە هەرکوێیەك بێ لە شار و لە دێ
بۆنی (ئاسەف) و (دڵداری) لێ دێ
عەونیی کوردپەروەر، شاعیری بەهۆش
زەینەبی خوشکی ناکا فەرامۆش
کەسێکە خاوەن سەواد و زانا
سەرم لێ نابڕێ ئەو بەپێی توانا
کە باسی یونس دێنێتە گۆڕێ
دەڵێم تخوا بەس، بمخە نێو گۆڕێ
با منیش بمرم سەر بنێمەوە
لەدووای یونسا قەت نەژییێمەوە
عەونی تێئەگا کە دڵم وایە
دەڵێ خوشکەکەم کاری خودایە
ئێمەش ئەو ڕێیە، هەر لەبەرمانە
ناوەستێ و دەڕوا ئەوە کاروانە
خوا بیپارێزێ عەونیی کوردپەروەر
شاعیری زانا و کوردی منەوەر

[٢٢]- زەینەب خان کچە کورد، کچی مەلا ڕەئوف ئەفەندی کوڕی مەحمود ئەفەندی، لە بنەماڵەی (خادم سجادە)یە، لە ١٩٠٠/٣/٢١ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوشکە گەورەی (دڵدار)ی شاعیرە، لە ١٩٦٣/١/١٨ کۆچی دوایی کردووە. عەونیی شاعیر دۆستێکی نزیکی ئەم خانەوادەیە بووە و سێ هۆنراوەی هاوبەشیشی لەگەڵ دڵداری شاعیر دا هەیە. سەرچاوە دیوانی زەینەب خان-کچە کورد، ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕەئوف خام سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستنی (عەبدوڵڵا زەنگەنە)، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

(هەڵبەستی دڵداری)

لە شوێنی چی ئەچی ئەی دڵ خەیاڵت خاوە ئەی زانم
ئەوەی تۆ لێی خەریکی ئەو لە تۆ توڕاوە ئەی زانم

وەکو دوێنێ نەبێ جێباکت لە ڕێگای خۆشەویستی دا
تماشای شیوەیێ ئەبرۆ گەلێ گۆڕاوە ئەی زانم

دەمێ بۆ خۆم ئەپاراست من لە چاوی فتنە ئەنگێزی
ئەمیستا هەر وەکو بەختم لە خەودا ماوە ئەی زانم

کە غەمزەی هێرشی هێنا لە خۆچوو دڵ بە بێ هۆشی
لە ترسی تیرە بارانی مژەی تاساوە ئەی زانم

مەپۆشە شەمعی ڕوخسارت لە چینی پەرچەما ئیشو
بە بیری سوتنی کوڵمت کە هەڵگیرساوە ئەی زانم

گەزەندت بۆچییە ئەی دڵ لە یار کەی مەرحەبایت دی
لەلای نازداری شۆخ و شەنگی وەفا هەرناوە ئەی زانم

بە کوشتن حەز ئەکا (عونی) لە تانە و لۆمە ڕزگار بێ
ئەڵێی دلبەر بە ناوی کوشتنت هەساوە ئەی زانم

## لە شوێنی چی ئەچی ئەی دڵ[٢٣]

لە شوێنی چی ئەچی ئەی دڵ، خەیاڵت خاوە ئەیزانم
ئەوەی تۆ لێی خەریکی، ئەو لە تۆ تۆراوە ئەیزانم

وەکو دوێنیٚ مەبە بێباك لە ڕێگای خۆشەویستیدا
تەماشای شێوەیی ئیمڕۆ گەلیٚ گۆڕاوە ئەیزانم

دەمیٚ بوو خۆم ئەپاراست من لە چاوی فیتنە ئەنگێزی
ئەمێستا هەروەکو بەختم لە خەودا ماوە ئەیزانم

کە غەمزەی هێرشی هێنا، لەخۆ چوو دڵ بە بێهۆشی
لەترسی تیرە بارانی موژەی تاساوە ئەیزانم

مەپۆشە شەمعی روخسارت لە چینی پەرچەما ئیمشەو[٢٤]
بە بیری سوتنم، کوڵمەت کە هەڵگیرساوە ئەیزانم

گەزەندەت بۆچییە ئەی دڵ! لە یار، کەی میهرەبانیت دی
لەلای نازداری شۆخ و شەنگ، وەفا هەر ناوە ئەیزانم


بە کوشتن حەز ئەکا (عەونی) لە تانە و لۆمە رزگار بیٚ
ئەڵێن دڵبەر بەناوی کوشتنت هەڵساوە ئەیزانم

---

[٢٣]– ئەم شیعرە لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی لە ل١٦١ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی هەندیٚ لەبەیتەکانی کە لە دەستنووسەکەدا هاتووە بۆ جاری دووەم لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

[٢٤]– لەو دەستنووسەی کە لە ئەرشیفەکەی مامۆستا رەفیق حلمی دا دۆزراوەتەوە بەیتی پێنجەمی شیعرەکە بەم شێوەیەیە:

ئەپۆشیٚ شەوچرای رووی خۆی لە چینی پەرچەما دلبەر     بە بیری سوتنم گەرچی کە هەڵگیرساوە ئەی زانم


ایسته كوردستان گه‌لی محتاجی علم و خوێندنه
زیده بی ویستی به ایشو كسبو كارو كردنه

ملتیكی بی سعادت ئێوه تا ایستاكه كورد
چونكه كورن بو باوك برا هه‌ربوبرا وه‌ك دوژمنه

ایمه تا اصلاحی ئاكولی ناو خومان نه‌كه‌ین
خلقی چون هه‌یوای له ایمه یاریده و ده‌ست گرتنه

هه‌ر له عصری بیسته‌ما (پازده) عالم كه وریا بونه وه
ایستا چاخی بیسته‌مه كورد هه‌ر خه‌ریكی نوستنه


فرصته بو قه‌ومی كورد ایستا كه وریا ببنه‌وه
وا نه‌مانن له غفلت دا خه‌ریكی نوستنه

مردنی ژینه ئه‌وه‌ی ناوی له مێژودا هه‌یه
مرتبه‌ی به‌رزه ئه‌وه‌ی چاوی له كوششی كردنه

وه‌ك برابین ده‌ستی یه‌ك بگرین له خوشی و تالیا
اتحادو یه‌كیه‌تی لوایمه ریی سه‌ركه‌وتنه

تو له ریگای نشتمان عونی به عزمێكی قه‌وی
نوشی تالی به وه‌كو فرهاد كه یاری شیرنه

**له كه‌شكۆڵی خوالێخۆشبوو**
**(گیو موكریانی) وه‌رگیراوه**


( عونی )

ایسته كوردستان گه‌لی محتاجی علم و خوێندنه
1 زیده بی ویستی به ایشو كسبو كارو كردنه

ملتیكی بی سعادت ئێوه تا ایستاكه كورد
2 چونكه كورن بو باوك برا ده‌رحق برا وه‌ك دوژمنه

ایمه تا اصلاحی ئاكولی ناو خومان نه‌كه‌ین
3 خلقی چون هه‌یوای له ایمه یاریده و ده‌ست گرتنه

وا له عصری پازده‌ما عالم كه وریا بونه وه
4 ایسته عصری بیسته كورد له خه‌ریكی نوستنه

مردنی ژینه له‌سی ناوی له (مێژو) دا هه‌بی
5 مرتبه‌ی به‌رزه ئه‌وه‌ی چاوی له كوششی كردنه

وه‌ك برابین ده‌ستی یه‌ك بگرین له خوشی و تالیا
6 اتحادو یه‌كیه‌تی لوایمه ریی سه‌ركه‌وتنه

تو له ریگای نشتمان .عونی. به عزمێكی قه‌وی
7 نوشی تالیبه وه‌كو فرهاد كه یاری شیرنه

ته‌واوه

**له ئه‌رشیفی خوالێخۆشبوو**
**مامۆستا (ره‌فیق حلمی) وه‌رگیراوه**

## ئێستە کوردستان

ئێستە کوردستان گەلیٚ موحتاجی عیلم و خوێندنە
زێدە پێویستی بە ئیش و کەسب و کار و کردنە

میللەتێکی بیٚ سەعادەت ژیوە تا ئێستاکە کورد
چونکە کوڕ بۆ باوك، برا هەر بۆ برا وەك دوژمنە

ئێمە تا ئیسلاحی ناکۆکیی ناو خۆمان نەکەین
خەڵقی چۆن هیوای لە ئێمە یاریدە و دەست گرتنە

هەر لە عەسری پازدەما عالەم کە وریا بوونەوە
ئێستا چاخی بیستەمە کورد هەر خەریکی نوستنە

فرسەتە بۆ قەومی کورد ئێستاکە وریا ببنەوە
وا زەمانێکە لە غەفڵەتدا خەریکی نووستنە

مردنی ژینە، ئەوەی ناوی لە مێژوودا هەیە
مەرتەبەی بەرزە ئەوی چاوی لە کۆشش کردنە

وەك برا بین دەستی یەك بگرین لە خۆشی و تاڵیا
ئیتیحاد و یەکێتی بۆ ئێمە ڕێی سەرکەوتنە

تۆ لە ڕێگای نیشتمان (عەونی) بە عەزمێکی قەوی
تووشی تاڵی بە وەکو فەرهاد کە یارت شیرنە

## لەگەڵ پیری موغان[25]

## پێنج خشتەکی عوسمان مستەفا خۆشناو لەسەر غەزەلێکی (عەونی)

## کۆیە ١٩٨٩/١٠/١٢

لە گێژاوی ژیانی توند و شێدا
لە دوو ریانی خەمی خواریٚ و سەرێدا
لە پردی نێو بەهەشت و دۆزەخێدا
(لەگەڵ پیری موغان دوێنیٚ لە رێدا
بە سەد پەیمانە پەیمانم گرێدا)

گزنگم خستە سەر رووم تاکو بڕوا
شەپۆلی بۆ دڵان رێکاتن بڕوا
لە عەرشی جوانی، راستی بێتە فتوا
(شکاندم جامی تۆبە و زوهد و تەقوا
عەسا و تەزبیح و بەرماڵم فڕێدا)

سەرم دانا لە رووگەی پاکی دۆندی[26]
دەنۆشم ئاوی نەمری لێوی قەندی
چۆن لە هاوار و بڕۆ چون ئاری زەندی[27]
(هەتا مردن کە دەرناچم لە بەندی
کەمەندی زوڵفی ئەو شۆخەم لەپێدا)

---

[25]- عەونی شاعیرێکی هەست ناسك و خۆناس و باوەڕ بەخۆ بوو، لەنێو دۆستایەتییەکی گەرمدا لە چوونم بۆ لای لە کەرکووك و دواتر لە هەولێر، چونکە نەساغ و خانەنشینی ماڵ بوو، لە دواییەدا چەند کاتێکی خۆشمان لەنێو گوڵزار و بەهەشتی شیعر پێکەوە بەسەر دەبرد.. ئەم پێنج خشتەکییە بەرهەمی یەکیٚ لەو شەوانەیە پێشکەشم بەخۆی کردووە.. نازانم بەداخەوە بۆچی لەگەڵ دوو شیعری تری هەردووکمان کە زۆر پێی خۆشحاڵ بوو لە (دیوان)ەکەی لەلایەن سەرپەرشتکەری چاپەکە پشتگویٚ خرابوو..؟، سەرچاوە: دیوانی (مەرگ و لەدایکبوونێکی نویٚ) ل٢٥٧.

٢٦- دۆند: لوتکەی بەرز-تۆپکەی کێو.

٢٧- ئاری زەند: کوردی وڵاتی زەندایەتی، ناوچەی گەرمێن، بەتایبەت توزخورماتو-حەمرین، پێشینان گوتویانە (بە کردار دەستەوەستانی، بە قسە ئاری زەندی).

گوڵی ژاکاوی نازی تۆم چنیبوو
لە چاوی سحری رۆژگاری دەنی بوو
بوو خەندەی ناڕەوایی و شووم خەنی بوو
(نهێنی جوانی رووی تۆم پشکنیبوو
لە دەرسی یەکەمینی ئەلف و بیٚ دا)
لەنێو چاوێکی سووری پڕ مەترسی
لە زوقمی ریٚ نەهات و چاونەترسی
بە پەنجەی داغ کراو چارەت دەنووسی
(کـــەزانیم دێیە لام دەردم دەپرسـی
سەرم هێنا لەژێر پێت خستمە رێدا)
نەداری و بێکەسی و گومبوونی چارەش
گەمارۆی دام بە وێنەی هەوری باڕەش
دەرو جیران هەموو لێم بوون بە چاوەش
(لە دوو لا پەرچەمت رووی گرتە باوەش
مـــنی تۆراند و ســـامانی بـــەکیٚ دا؟!)
جوانی، شەنگی، شۆخی، زۆر درووستی
بەڵام قەسری تەمەن داویە نشستی
لەگەڵ (خۆشناو) لە ئاوێزانی هەستی
(لە (عەونی) گەر دەپرسن تەندرووستی
ئەتۆ خۆش یەك نـــەفەس ماوە لە رێدا)

## وشەیەكی باڵدار

**(بۆ شاعیری شاری خامۆشم كاكی–عەونی–لەگەڵ چەپكێ سڵاوی بۆندار)**

**عوسمان مستەفا خۆشناو هەولێر گولانی ١٩٩٠**

پیری دیوانی وشەی خەمبار و جووان
گوێی دڵت هەڵخە لەبۆ سازی رەوان

شیرین و پڕ چێژ و خۆش، سۆرانییە
خەونی خانزادە شنەی گۆرانییە

چونكە سازی مورغی باوەش ئاگرە
روو لە ئاسمانی سەخت، بەرزە فڕە!

وا هەناردم بۆت بە شەو بایەكی مەست
رێزی بگرە، بیخە ئامێز گیانی پەست

نەك لەپڕ واشەی قەدەر بێتن بە جەنگ
وێڵ بكا بولبول لە گوڵزاری قەشەنگ!

گێژەڵۆكەی نیشتەجێی پایزە هەوار
گیزە گیزی كەڕ دەكا گوێچكەی دەوار!

با لە باخی قافیەت (چەپكە گوڵێ)[٢٨]
لاوكی بێداری لەبۆ شارم بڵێ!

چۆن گزنگی خۆر لە ئاسۆی بێ سنوور
ببتە میوانی دڵان نزیك و دوور!

---

[٢٨]– هاندانی (كاكی عەونی)یە بۆ چاپكردنی كۆمەڵێ لە هۆنراوەكانی كە هەتا ئێستا هیچی بە چاپ نەگەیاندووە، تەنها چەند هۆنراوەیەك نەبێ لە گۆڤارەكان. سەرچاوە: دیوانی (مەرگ و لەدایكبوونێكی نوێ) ل٢٦٣.

## وەڵام بۆ..
## مامۆستای بوێژ و زانا و هەستیارم کاکی خۆشناو[29]
## عەونی ٢٧/٦/١٩٩٠-کۆیە

بوێژ و زانای هەستیارم
بولبولی خۆش خوانی (گوڵزارم)

چەندە شیرین و پڕ سۆزە هەڵبەستت
هەمووی (پەندە) ئامۆژگارییە، مەبەستت

(قەقنەس) کە بێچووی دەبێ لەسەر (ئاگرە)
هەستی پڕ سۆز و.. هۆشت لە زانست پڕە

چەند لەپڕ بێ (واشەی قەدەر) ناتوانی
(وێڵ) بکا بولبول لە باخی ژیانی

گەرد و بای (پایزە) پەسیوا (هەوار)
تێک و پێک چوو، پسا رستەی (دەوار)

دەجەنگم، دەکۆشم.. (کۆڵ نادەم)
بەڵێن بێ گەردی بێزاری (بەر با دەم)

بەهیوام گزنگی (خۆر) لە هەموو سنوور
بدرەوشێتەوە لە نزیک و دوور...

[29]- مەبەست عوسمان مستەفا خۆشناوە کە لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ لە شاری مێژوو (کۆیە) لەدایکبووە و رۆژی ٢٠١٥/٦/٢٤ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و دۆستێکی نزیکی عەونیی شاعیر بووە. سەرچاوە دیوانی (دیوانی مەرگ و لەدایکبوونێکی نوێ) چاپی یەکەم-هەولێر-١٩٩٩.

(عونی)

سەرەتا

کەسی وەستای شعر و ئەدەب بێ
ناپێ چە پەروای لە گاڵتە و گەپ بێ
ئەبێ ڕووی ڕاستی لە ڕاست و چەپ بێ
بۆ بەرزی وڵات گیانی بە لەب بێ

---

ئەبێ بە بیتە چرای ڕووناکی
لە خوسووتانا هیچ نەبێ باکی
بیتە یادگار بەگیانی پاکی
کردەوەی بەرز و ڕەوشتی چاکی

---

نابێ سەرکزبێ لە حەق پەرستی
برای نشتمان بخاتە پەستی
گەر بە گیانی تۆ ئاواتی پێک هات
ڕای دڵ گیرەبە مەنوینە سستی

---

لەزەتی ژینت لە لای مردن بێ
زەلەتی مەرگت لە لات شیرن بێ
ژیانی تنبلی مردن هەوایە
نامەردی ترستە گەر لە مردن بێ

---

کە توچووی گەلت گەیشتە هەوا
لە باغی ژیان میوەی بێ ئەگا
ئەوسا دەرخوار دی گیانی توی ئەدا
وا ئەژی میژوو. ناوت ون نەکا

---

تەواوە

## بەرزیی وڵات[30]

کەسێ وەستای شیعر و ئەدەب بێ
نابێ چەپڕوای لە گاڵتە و گەپ بێ
ئەبێ رووی راستیی لە راست و چەپ بێ
بۆ بەرزیی وڵات گیانی بە لەپ بێ

ئەبێ ببێتە چرای رووناکی
لە خۆ سووتانا هیچ نەبێ باکی
ببێتە یادگار بە گیانی پاکی
کردەوەی بەرز و رەوشتی چاکی

نابێ سەرکز بێ لە حەق پەرستی
برای نیشتمان بخاتە پەستی
گەر بە گیانی تۆ ئاواتی پێك هات
لێی دڵگیر مەبە مەنوێنە سستی

لەزەتی ژینت لەلای مردن بێ
زیللەتی مەرگت لەکن شیرین بێ
ژیان تنبلی مردن هەبووایە
نامەردی ترست گەر لە مردن بێ

کە تۆ چووی گەلت گەیشتە هیوا
لە باغی ژیان میوەی پێ ئەگا

ئەوسا دەرخواردی گیانی تۆی ئەدا
وا ئەژی، مێژوو، ناوت ون نەکا

[30]– بە هاوکاریی کاك مەجید ساڵح لە ئەرشیفی مامۆستای خوالێخۆشبوو (رەفیق حلمی) وەرگیراوە.

ئاواتە خوازم تا زیندووم
دڵ گیر نەبم لە رابردووم

فەرامۆشی نەکەم رۆژێ
یادی یارانی کۆچکردووم

تا ماوم دەکەم یادی
ئەو رۆژانەی پڕ لە شادی

شوێنی بەختیاری کەوتبووین
نەمان بوو ترس لە بێدادی

لە داهاتووم بێ خەبەر بووم
لە ژیانیشدا کورتە نەزەر بووم

ئەوکەسەی خۆتیە دەرکەتم
چون تۆی دڵسۆز و رابەر بووم

ئەم دەزانی کەچی هۆشین
خۆمان بە پارە دەفرۆشین

لە کۆڕی بەزمی ناکەسان
پیاڵەی ژەهراوی دەنۆشین

## ئاواتەخوازم

ئاواتەخوازم تا زیندووم
دڵگیر نەبم لە رابردووم
فەرامۆش نەکەم رۆژێ
یادی یارانی کۆچ کردووم

تا ماوم دەکەم یادی
ئەوی رۆژانەی پڕ لە شادی
شوێن بەختیاری کەوتبووین
نەمانبوو ترس لە بێدادی

لە داهاتووم بێ خەبەر بووم
لە زانست دا کورت نەزەر بووم
ئەو کەسەی خوێنی دەڕشتم
من بۆی دڵسۆز و رابەر بووم

نەمدەزانی کە بێهۆشین
خۆمان بە پارە دەفرۆشین
لەکۆڕی بەزمی ناکەسان
پیاڵەی ژەهراویی دەنۆشین

سێشەممە ٢٣ نیسان دووەم سالی ١٩٥٢		ژمارە: ٦٨		لاپەرە: ١		نرخی یەك دانە ی: فلسە ١٠

# هەولێر

رۆژنامەیەکی زانستی وبژەیی حەفتەیی یە
اعلانات گری یە ٢٥٠ فلسە

خاوەنی : کۆمەلەی مامۆستایانی لیوی هەولێر
مدیری مسؤول : جمیل رشید
دەستەی نوسەران: عبدالمجید حسن، عزالدین فیضی، ئەسمیر صعید، نائم دباغ
مدیری ادارة : جمال جمیل

ئابونەی سالانە :
بۆ ناو شار — ٦٠٠ فلسە
بۆ دەرەوە — ٧٥٠ «
بۆ شەش مانگان :
ناو شار : — ٣٠٠ فلسە
دەرەوە : — ٤٠٠ «
چاپخانەی — أم الربيعين

## مێژووی هەولێر

گیو موکریانی

—١٢—

شازادەو شوخ و شەنگێکی هەولێرە — یەزدانوخت

خانزادەی ناسك بەدەن لە دلی خۆیدا دەبرژاو هەردوك چاوەکانی سور هەلگەرا بون وا لەلای دایەنەکەی گلەیی لە گەرانی چەرخی چەبگەر دەکرد وبە سەرهاتی باپیری خوی بو دەگیراوە ولە پاشی دە دوا کە چەند بە راستی بەرامبەر تاجی سامانیان کەمەر گری دا بو ودەیگوت ئەگەر چی باب و باپیری من لە بنەچەدا کوردن و فارس نین ئەویش کوردیکی هەولێرن .

باعوس ویش بە زرنگی و زمانزانی و دەمراستیی خوی بوی دەیگیراوە کە چی لەو کاتی دا لە ریکا دەنگی دەروازەی هات باعوس چوە هەیوانی و بە هەناسە برکی گەراوەو گوتی دەنگی دەروازەی باخچەیە .

گەورە گچی دەلبەر زات ( غیرت ) ی بزوت ولە آزای خوی راپێنی وهەستا سەرەخوی وبە دایەنەکەی وت نوکەرو کەنیزەکەکان هەمویان لە خەو داماون یا بچین بزانین کی یە لە

## رۆژ باش گەورانم

« پچە قوتابییانی قوتابخانەی قەلا ، بەم گورانی یە بە خیر هاتنی دانیشتوانیان کرد لە رۆژی آهەنگی وەرزیی قوتابخانەکان دا ... »

( رۆژ باش گەورانم بەرۆژ باش برایانم )
( خوش بین ، خوش هاتن بە سەر چاوانم )

* * *

ئیمەین ئەمامی باغــی ژیانتان
ئیمەین هەول ئەدەین بو نیشتمانتان
دی یە مەیدانی گشت دوژمنانتان
ئەســتینین تولەی رابردووانتان

* * *

ئیمەین بو گەلمان سەر چاوەی ژیانین
بو باغی وطن گولی سەر چلانین
بو بلبلی گەل بر نشئەو جوانین
رولەی زیرەك و آزای کوردانین

* * *

## گورانی شایی

« بو منالان »

( ئەم گورانی یە تایبەتی بو پچە قوتابییانی قوتابخانەی خانزاد هەلبەسترا بوو ، لە رۆژی آهەنگی وەرزیی سالانەدا خویندرایەوە ، لە سەر آوازی سووکی شایی : هەی سەردە گەردە ... )

کیژرو لەین و جوانین		بە بوولەی ناو باغانین
قــوتابی دابستانــین		دایکی دووا رۆژانین

* * *

ئیستا ساواو منالین		خنجلانەو چاو کالین
قژ زەردو روومەت آلین		جوانو چاو کەژالین

* * *

پیشەمان زانستی یە		رەوشتمان سەربەستی یە
ئەمەك کاری پەستی یە		پیشەمان زانستی یە

* * *

خویندەواری ژینمانە		ریگای راست آینمانە
دەرمانی برینمانـــە		خــویندەواری ژینمانە

* * *

کچــین دل کامــەرانین		گیانی دایك و باوکانین
بو وان خوشی ژیانین		کچــین دل کامەرانین

معروف خەزنەدار

## رۆژباش گەورانم[٣١]

رۆژباش گەورانم رۆژباش برایانم
خۆش بیٚ، خۆش هاتن، بەسەرچاوانم

* *

ئێمەین نەمامی باغی ژیانتان
ئێمەین هەوڵ ئەدەین بۆ نیشتمانتان
دێینە مەیدانی گشت دوژمنانتان
ئەستێرەی تۆڵەی رابردووانتان

* *

ئێمەین بۆ گەلمان سەرچاوەی ژیانین
بۆ باغی وەتەن گوڵی سەر چڵانین
بۆ بولبولی گەل بڕ نەشئەو جوانین
رۆڵەی زیرەك و ئازای كوردانین

* *

بە هۆش و خووی باش هەموو رازاوین
بۆ یەكێتیی گەل ئامادەكراوین
ئێمە نامرین هیچ نەفەوتاوین
هەر ئێوە بژین ئێمەش هەر ماوین

---

[٣١]– لە رۆژنامەی هەولێر ژمارە (٦٨)ی ساڵی دووەم ٢٢ی نیسانی ١٩٥٢، بڵاوكراوەتەوە.

= ٢٥٦

مرحەچی دوشمن هەیە تاروماری کەین — لەسەر خاکی خۆشی [illegible] ئازادی کەین

تێپەریان لەسەر بن بنیان بەشمشیر — بیبین بە مەردی بیان کە ئاگر

مەردن لەرێگای وطن شایانە — شەهیدی وطن دایە زنین

خەلوەت خەندوە لەو کەسە دل شادە — لە رێگەی ئەستێمان گیانی بە بادە

چاوتان هەلبینن رۆلەی مادەکان — عەزموا قوەت کەین ای [illegible] کان

---

٢٧ = اسلحەی جەنگی ئیستە یاری کوردستان دەکەم

تفنگ و تۆپ و زرکا و نوغارەی ئێرە دەکەم

[illegible] ظالم خوینی تۆ ردیان دەم

[illegible] گیان ئەکەم

هەروەکو روستەم لە میدانی بەرزدا روژی و

حاضر ئامادە دوشمن وەک هەنگ نیشان ئەکەم

تەعیدە دا ئەخام لەدوژمن [illegible]

باعێلی دستیە و ئازی دلیە زهێنا ئەکەم

گەر خەدا دستم بدا فرصەتی بسی ئەرد سوری

من بەجاری نادی جنگی جوراو جوران ئەکەم

کوردە ئێستە [illegible] ی دستە بو [illegible] هەتا ئەند

ئێگرین [illegible] بوچی دایم نالە و گریان ئەکەم

# چی دوژمن هەیە[32]

چی دوژمن هەیە تارومارى كەین
لەسەر خاكى خۆ شەرمەزارى كەین


نێریان سەربڕن ژنیان بە یەخسیر
بێنن بە مەردى بیانكەن داگیر

مردن لە رێگای وەتەن شادییە
شەهیدى وەتەن دایمە زیندییە

خەڵك و خوداوەند لەو كەس دڵشادە
لە رێی نیشتمان گیانى بە بادا

چاوتان هەڵبێنن رۆڵەی مادەكان
عەزم ئەقواكەن ئەی شێرزادەكان

[32]– وەكو لە لاپەڕە دیكۆمێنتەكەدا دیارە زۆربەی دێڕە شیعرەكانى ناخوێندرێنەوە بەهۆی كۆن بوون و تەڕبوونى دیكۆمێنتەكە.




عەشق و دلداری منی چون خستە دەشت و هەندەران
دەربەدەر ماوارە بووم هاوار لە دەستی دولبەران

تا بەلەد بوو دڵ خەیاڵی چاوی مەستی لەو [illegible]ا
ئەنجنی و پارە پارەی کرد بە نوکی خەنجەران

## عەشق و دڵداری

عەشق و دڵداری منی چۆن خستە دەشت و هەندەران
دەربەدەر ئاوارە بووم هاوار لە دەســـتی دولبەران

نابەڵەد بوو دڵ خەیاڵی چاوی مەستی کەوتەر سەر
ئەنجنی وا پارە پارەی کرد بە نووکی خەنجەران


«دڵ لە من تۆراوە»

دڵ لە من تۆراوە ویسان هەم دەمێ یاری دەوێ
ئارەزوی گەشت و گوزارە باخ و گولزاری دەوێ

بولبول ئاسا وا فەڕێکە ئاشیان هەڵ بەستنە
خونچە پێکی ئاسکی وێنەی دەمی یاری دەوێ !

پەرچەمی چین چین بە ڕێز هێنایە دەوری ڕوومەتی
گەنجی ڕوخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ


دەسخەتی شاعیر

## دڵ لە من تۆراوە

دڵ لە من تۆراوە دیسان هەمدەمی یاری دەوێ
ئارەزووی گەشت و گوزارە، باخ و گوڵزاری دەوێ

بولبول ئاسا وا خەریکی ئاشیان هەڵبەستنە
خونچەیەکی ناسکی وێنەی دەمی یاری دەوێ!

بەڕێز پەرچەمی چین چین هێنایە دەوری روومەتی
گەنجی روخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ



٢٨- گوشتی دەوڵەت باغو بیستانی

ای ن | بیانی تی بگرن دەستانی
ن بو | جیگای شیر و مەردان بو
ان لەوێش کورد | هەر شەرە بو بیگانان بو
نشتمان هەر دوشمانە | خوێن هەر خوێنی جارانە
بو وطن واکەیەز خە | ئیستا بو خوێن گرانە
گەر نشتیمان پەرستی | گیانت دانی سەر دەستی
گوێم بەبێ کردەوە | تا بە خشتی سەر بەستی
ولاتو نشتیما نمانە | بیانی تی بگرن فەرمانی

## نیشتمان

نیشتمان هەر ئەو نیشتمانە
خوێن هەر خوێنی جارانە

بۆ وەتەن وا کەم نرخە
ئێستا بۆ خوێن گرانە

گەر نیشتمان پەرستی
گیانت دانێ سەردەستی

گوتم بە بێ کردەوە
نا بەخشینی سەربەستی

وڵات و نیشتمانمان
بەیانی تێبگەن فەرمان

«چوارینە»


گوتم چاوت شەڕە ئەفرۆشێ گوتی دڵگیر هەیە هەستە
گوتم غەمزەت لە سینەم کارگەریو پێی ئای گوتم بەستە

گوتم تیری نگاهو تیغی ئەبرۆو چاوی فەتانت
گوتی پەروانەکە ئەفسانە ئەم جۆرە هەلیە بەستە

## گوتم چاوت

گوتم چاوت شەڕ ئەفرۆشێ گوتی دڵگیر مەبە، مەستە
گوتم غەمزەت لە سینەم کاریگەر بوو، پێی گوتم بەستە

گوتم تیری نیگاه و تیغی ئەبرۆ و چاوی فەتتانت
گوتی بڕوا مەکە ئەفسانەیە ئەم جۆرە، هەڵبەستە



هەمو دەردێک کە دەرمانی هەیە غەیری برائەردن
کە ناسوری دڵە قەت ناکری چاری هەتا مردن
ملکێ بۆ خۆی کە سیبی گرد دەمرد معلوم دەبو لکەسا
چە زو وازی دەهێنا ئەولەکازا رولە بەرکردن

# ئای فەلەك[٣٣]

هەموو دەردێك كە دەرمانی هەیە غەیری برا مردن
كە ناسۆری دڵە قەت ناكرێ چارەی هەتا مردن

فەلەك بۆ خۆی كەسێكی گەر دەمرد مەعلوم دەبوو ئەوسا
چ زوو وازی دەهێنا ئەو لە ئازار و لە بەدكردن

[٣٣]- شاعیر ئەم چوارینەیەی بۆ حاكم (عومەر حەبیب)ی برای ١٩٢٥-٩/٤/١٩٧٦، كە یەكێك بوو لە تێكۆشەر و كادیرە دێرینەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان، و سەرۆكی یەكەم دادگای بەرزی شۆڕش بوو لە شۆڕشی ئەیلول و دوا وەزیفەشی جێگری سەرۆكی دادگای بەرز بوو لە هەولێر.


بە تاری قژی خاوم دەستە گوڵێک
وەکو خاتوون زینی دڵ بە خەم
دەی کەم بە دیاری بۆ سەر گۆڕی مەم
تا خەلقی جیهان بزانن چی هەم

# کچە کوردێکم

لە کۆڕی خەباتی خوێنینی ڕەنگ
گیان بەخت کەم بە هێمنی و بێ دەنگ

بە تاری قژی کاڵم دەستە گوڵێك
چڵ چڵە دەیبەستم وێنەی دڵێك


وەکو خاتوزینی دڵ بە خەم
دەیکەم بە دیاری بۆ سەر گۆڕی مەم

لاوێکی کوردم ئازا و کۆڵنەدەر
هەمیشە بێ باك لە بەخشینی سەر

لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەم
تا خەڵکی جیهان بزانن من هەم

هەرچیم پێ دەکەن بیکەن ناحەزم
با دڵنیا بن من قەت نابەزم

کچە کوردێکم خاوەنی هەستم
شوورەییە نەیکەم چی بێ لە دەستم



والّتالیتو گون گون بوه یاران دلو جرگم

~~بو کرزده ولتالتی دل دلبره یلانی~~

شمشیری بروی نیزه‌ی مژگانت ده‌زانم

حالی منی بیچاره پشیواوه هه‌بیت

دیسان به نسیم زلفی پریشانه ده‌زانم

آلوده‌یه زه‌م یغمه‌یه زیوینه به خوینم


قربانته که صبغی جبرف قربانه ده‌زانم

## قوربان

وا لەت لەت و کون کون بووە یاران دڵ و جەرگم
شمشێری برۆی نێزەی موژگانە دەزانم

حاڵی منی بێ چارە پەشێواوە هەمیشە
دیسان بە نەسیم زوڵفی پەرێشانە دەزانم

ئالودەیەك ئەم پەنجەیە زیوینە بە خوێنم
قوربان کە سبەی جەژنی قوربانە دەزانم



ساقی بەرزت بردی سیر ئانتیش کەلەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوچاوی بەلەکە
زۆرم لە خودا ویست کە عیشقی نەگلیشت
هەر تۆبە یە دە مداقی مەشقی نەرم گلەرەکە

# ســــــــاقی

ساقی بەسەرت پردی سیراتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە

زۆرم لە خودا ویست کەمیشی نەگەیشت
هەر تۆبەیە دەمداتێ منیش نەمگەرەکە

ئەگەر بەدکاری لەدارستانی،
بکوژری دەلێن کریا تاوانی،

گەلی قەلاچۆ دەکری ئاشکرا
کەس لێنا بپرسی و دڵی پیا نایێ،

---

-----

دیموکراتیەت. یان داد پەروەری
وەک مافی مرۆڤ. ڕاستی و ڕابەری
ئەمۆ لەسی کەلکی بالی وەرگری
کە بۆتۆ نەبو بە هیچ نای کری

## بــــەدکاریٚ

ئەگەر بەدکاریٚ لە دارستانیٚ
بکوژریٚ، دەڵێن کریا تاوانیٚ
گەلیٚ قەلاچۆ دەکریٚ ئاشکرا
کەس لێی ناپرسیٚ و دانی پیا نانیٚ

دیموکراتییەت، یان دادپەروەری
وەك مافی مرۆڤ راستی و رابەری
هەموو کەس کەڵکی با لیٚ وەرگریٚ
کە بۆ تۆ نەبوو بە هیچ نایکڕیٚ

لە خەوما چاوەکانی تو لە خەوما

وەکو بەختی رەشی من خەو لە خەوما

بەزەبروزەنگی گیتی نەی توانی

ئەبنی لادا لە ریی راستی و پیتروما

خەمەند لەم بوە بویە لەسادە

کە نرخی لە بازاری بێ برەوەما

(عەونی گوری)

عەونی

عثمان حاجی عبدالحبیب

## له خەوما


له خەوما چاوەکانی تۆ له خەوما
وەکو بەختی رەشی منی هەر له خەوما

به زەبر و زەنگی گێتی نەیتوانی
ئەمن لادا له رێی راست و پتەوما

هونەرمەند کەم بووە بۆیه کەسادە
هونەر نرخی له بازاڕ بێ برەو ما


بەیادی چاوی مەستی تۆیە گەر میخانە ئاوایە
لە حەسرەت دووری باڵاش عاشقی بێچارە پیوایە

**به یادی چاوی مــەستی تۆیە گەر مەیخانە ئاوایە**
**لە حەسرەت دووری بالآت، ئاشقی بێ چارە رسوایە**



«خدا ببەخشي تاوان»

١٩٨٢



دوێنێ ڕێکەوت لە گۆڕستان

هاتە گوێم دەنگێ بە سوزی گریان

دەنگی دایکێک بو لە سەر گۆڕی کوڕی

بوی دەگریا وو فرمێسکی دەڕژان

دەیگوت ڕۆڵەکەی جوان مەرگم

داخەکەم خۆشبەختی نەدی لە ژیان

دەنگێ هات گوێ بە خنەوە

رزگار بو لە خەم و جەوری زەمان

ئەمە میژوی مەرگی بە کوردی بڵێ

(خودایە ببەخشی تاوان)

## خدایە ببەخشی تاوان[٣٤]

دوێنێ ڕێکەوت لە گۆڕستان
هاتە گوێم دەنگێ بە سۆزی گریان

دەنگی دایکێك بوو لەسەر گۆڕی کوڕی
بۆی دەگریا و فرمێسکی دەڕژاند

دەیگووت ڕۆڵەکەی جوانەمەرگم
داخەکەم خۆشیت نەدی لە ژیان

دەنگێ هات گوتی بەختەوەرە
ڕزگار بوو لە خەم و جەوری زەمان

ئەمە مێژووی مەرگی لە کوردی بڵێ
(خدایە ببەخشی تاوان)

[٣٤]– ئەم شیعرە بۆ خوالێخۆشبوو جوانەمەرگ (نەریمانی وەستا عەبدەی ئاسنگەر) کە خوشکەزا و کوڕی ئامۆزای شاعیرە، لەدایکبووی کۆیە ساڵی ١٩٥٣–١٩٨٢ گوتراوە.

# بـــــەشی ســـــێیەم

- چیرۆکی (دەرگەوانێکی هەستیار)

**دیمانە درۆژنامەنووسییەکانی شاعیر بەپێی مێژوو:**

- رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٣٧-ل٧، رۆژی ١٩٧٢/١٠/٧ لە لایەن رۆژنامەنووس (مومتاز حەیدەری) ئەنجامدراوە.
- رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٧٨-ل٣ رۆژی ١٩٧٣/١١/٣٠، لەلایەن شاعیر و رۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو (جەلالی میرزا کەریم ئەنجامدراوە.
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٠٩-ل٦ رۆژی ١٩٩٢/٦/١٤، لەلایەن رۆژنامەنووس (مودرك ژاڵی) ئەنجامدراوە.

٥

دارتاش – ئەماشایەکی ئاسۆ دەکات و دەلێت
وام زانی ئەندازیار یا خوێندکارێک یان مامۆستای،
هیچ شەرم ناکەیت لەم تەمەنە دەلێی تووتاچی
بۆکی حوارەمی سەرەتایم دیارە زۆر تەوەزەلو
هیچ لێینە هاتوی بڕۆ، بڕۆ لالای ئێمە جێگا نیە؛

ئاسۆ زۆر بە هەناسە ساردییەوە لەلای دارتاشی ((
ڕۆیشت بۆ سەر شۆفاقێکی گشتی و لە خوێلکەیەک
ڕاوەستاو دەیگوت ))

ئاسۆ – لە قوتابخانە دەرکرام هەروەم بۆلای دارتاشی بۆلای
ئاسنگەر، بۆلای هەرشایخێ هیچ کامیان کاریکیان
پێ نەسپاردم دیارە من مافی ژیانم نیە لەم جیهانەدا
هیچ کەس نیە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکات ئەوە ٢
ڕۆژە هیچ نیە نە خواردووە و نە خواردنەوە پێ گومان
من لە دنیا لەسەلم ڕەدلتو هەژارو پێ خواستی دەبرسی
پەنا بۆ کوێ ئەبەم کێ دەستی یارمەتی بۆ من هەژاریو
ئیتر و هەژار و برسی دەکات پێ گومان گرسی،
ئاسۆ لە شۆفاقەکە بە ڕەو خوار ڕۆیشت بە پێ ئەوە
بزانێ بۆ کوێ دەچێت و ئەنجامی چی دەبێت

# چیرۆکی دەرگەوانێکی هەستیار[1]

## عەونی
## "ئەم چیرۆکەم چۆن نووسیەوە و کردم بە شانۆگەری"

لە ساڵانی چلەکان لە بەغدا بوم، رۆژێك چووم بۆ دوکانی غفوری حەلاق کە کوڕێکی کورد بوو، بۆ ئەوەی سەرم بتاشم، پێی گوتم یەکێکت لە پێشە دەبێ چاوەڕوان بکەیت چونکە نۆبەی ئەوە، گوتم قەیدی ناکات من دادەنیشم. ئەو سەردەمە دوکانی سەرتاشخانەکان چەند گۆڤار و رۆژنامەیان لەسەر مێزێك دا دەنا بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە چاوەڕێ دەکەن گۆڤار و رۆژنامە بخوێننەوە.

منیش دەستم درێژ کرد گۆڤارێکم هەڵگرت کە گۆڤاری الاثنین بوو، کە ئەو کاتە لە قاهرە دەردەچوو، لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوە و تەماشای بابەتەکانم دەکرد. لەسەر لاپەڕەیەك نووسرابوو البواب الشاعر بقلم الکاتب مصطفی امین.

منیش کەناوی شاعیری دەرگەوانم دیت زیاتر سەرنجی راکێشام، خوێندمەوە، ئەمە چیرۆکەکەیە وەك مامۆستا مصطفی امین نوسیوێتی: لە پێش شۆڕشی ئۆکتوبەر لە روسیای قەیسەری چاوم بە شاعیری دەرگەوان کەوت و ئاشناییم لەگەڵ پەیداکرد، خۆی ناوی الکسیی بو ئەم سەرگوزشتەی بۆ گێڕامەوە، سەرگوزشتە و بەسەرهاتی ئەلکسیی شاعیری دەرگەوان بەم شێوەیە:

ئەلکسیی دەڵێت ئێمە لە بنەماڵەییێکی هەژار بوین باوکم کرێکار بوو، ئەگەر رۆژێك باوکم نەچووبا بۆ کارکردن هیچ نەبوو بیخۆین، من تەمەنم گەیشتە هەشت ساڵان باوکم کۆچی دوایی کرد. دایکم ئیشوکاری خزمەتی ماڵانی دەکرد، دراوسێییەکمان

[1]– عەونی دوو جار ئەم چیرۆکەی نووسیوە، جاری یەکەم تەواو نەکراوە کە دەستنووسەکەی بە خەتی شاعیرە دانراوە، بۆ جاری دووەم تەواو کراوە و لە ئەرشیفی (ساسان عەونی) پارێزرابوو.

هەبوو مامۆستای قوتابخانە بوو منی برد بۆ قوتابخانە، لە پۆلی یەکەم وەرگیرام، تا بڵێی تەمبەڵ بووم، تەمەنم گەیشتە ١٨ساڵ تازە من ببومە پۆلی چوارەم کە دایکشیم کۆچی دوایی کرد. من زۆر مەیلم لەگەڵ شیعر و ئەدبیات هەبوو، رۆژێك مامۆستاکەم بانگی کردم گوتی رۆڵە هاوەڵەکانت هەموو گەیشتنە قوتابخانەی بەرز و بڕوانامەی گەورەیان وەرگرتووە، ئەتۆش تازە لەپۆلی چوارەم مایەوە، ئەمە چەندین جار بڕیاری دەرکردنت دەرچووە دەبێ بۆ خۆت ئیش و کارێك بدۆزیەوە و شوێن چارەنوسی خۆت بکەوی.

**ناوی ئەکتەرەکان:**

**١- مامۆستا: دڵسۆز**

**٢- قوتابی: ئاسۆ**

**٣- نازەنین: کچی ئاغا**

**٤- سوسن: کچی سەرکار**

**٥- جوانمێر: سەرکار**

**٦- رێبوار: دکتۆر**

**٧- رێزان: کارەکەر**

## شانۆگەریی دەرگەوانێکی هەستیار

**پەردە دەکرێتەوە**

ئاسۆ قوتابی یە لەژوری قوتابخانە لە پۆلی چوارەم دانیشتووە. مامۆستا ناوی دڵسۆزە. ڕوو لە قوتابی ئاسۆ دەکات و پێی دەڵێت:

**مامۆستا دڵسۆز:** رۆڵە ئاسۆ ئەوە تەمەنت گەیشتە بیست ساڵ تازە گەیشتویە پۆلی چوارەم، هاوەڵەکانت هەموو لەزانکۆ دەخوێنن یاخود بوون بە مووچە خۆری میری، بۆیە بە پێویستم زانی وەکو براییێکی دڵسۆز ئامۆژگاریت بکەم کە تۆ هیچ کەڵك لە قوتابخانە وەرناگری وای بەباش دەزانم واز لە قوتابخانە بێنی و تازە بۆخۆت پیشەییێك فێربیت و سودی لێ وەربگریت.

**ئاسۆ**: مامۆستا گیان ئامۆژگاریەکەت زۆر بەجێیە منیش دەمێکە بیر لە داهاتووی خۆم دەکەمەوە، بەڵام لەم جیهانەدا هیچ کەسێك شك نابەم دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکات، بێ باوك و دایك و خوشك و برا و خزم و کەسم، بە زگێك تێر و بەسەد زگ برسی، نازانم روو لە کوێ بکەم و چۆن شوێن چارەنووسم بکەوم.

**مامۆستا دڵسۆز**: رۆڵە چەند رۆژێکە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە بەپێی یاسا بڕیاری دەرکردنی تۆی داوە، بەڵام من ویستم لەگەڵ ئەم ئامۆژگاریانەم پێت رابگەیێنم. بۆ یەکجاری خوات لەگەڵ.

**پەردە دادەخرێتەوە**

**پەردە دەکرێتەوە**

**ئاسۆ لەسەر شەقام راوەستاوە**

**ئاسۆ**: هەموو پیشەییێکم تاقی کردەوە، بووم بە شاگرد دارتاش، بووم بەشاگرد ئاسنگەر، بووم بەیاردەری عەرەبانچی، بەڵام هیچم بەهیچ نەکرد، رۆژێك نەبوو تێر بخۆم و بڵێم ئۆخەی. بابڕۆم و شوێن چارەنوس بکەوم.

(لەسەر شەقامەکە بەرەو خوار دەڕوات تا دەگاتە گۆڕەپانێك، هەڵوەستێك دەکات و رادەوەستێ تەماشای ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات و سەر بڵند دەکات بۆ ئاسمان، دەڵێت بۆ کوێ بچم، خۆشم نازانم چی بکەم) لە بەرامبەر ئەوەوە دەرگاییێك کراوەتەوە، پیاوێك لە پێش دەرگاکەوە دانیشتووە، تەمەنی چل و پێنج ساڵە بانگی ئاسۆ دەکات و دەڵێت ئا وەرە بزانم چ کارەیت)

(ئاسۆ دەچێت بۆ لای و دەڵێت)

**ئاسۆ**: رۆژ باش مامەگیان

**سەرکار**: رۆژباش رۆڵەکەم. چ کارەی؟ خەریکی چیت، وا دیارە هیچ کارێکت نیە، رەنگە لەشوێن کار عەودال بی.

**ئاسۆ**: بەڵی گەورەم بێ ئیش و کارم، هەر ئیش و کارێك هەبێ دەیکەم.

**سەرکار**: زۆرباشە وەرە لێرە لەم ماڵە من کارێکت پێ دەسپێرم، هیچ ئەرك و ماندووبونی تێدانیە، جێگە و خواردن و نوستن جلوبەرگ و هەمو پێ ویستیت بۆ دابین دەکەم، ئەم ژوورەی سەر گەراجەکە ئەوە بۆ نوستن.

**ئاسۆ:** باشە ئەم کارەی بەمنی دەسپێریت چییە؟

**سەرکار:** وەکو ووتم ئەم کارەی بەتۆی دەسپێرم زۆر ئاسانە هەموو ئێواران پاش کات ژمێر دوازدە، ئەم دەرگایە دابخە و هەموو بەیانیان زوو بیکەوە، ناوت دەنێم دەرگاوان.

**ئاسۆ:** زۆر باشە، راستی کارێکی زۆر بیٚ ئەرکە و پێی قایلم، دەیکەم.

(سەرکار دەستی ئاسۆ دەگرێت و دەیبا بۆ ژوورە تایبەتەکەی دەرگاوان، لەویٚ چوارپاییێکی تێدا دانراوە لەگەلٚ هەمو پێداویستی نوستن. لە ژوورەکەوە پەنجەرەیێك هەیە تەماشای دیوی ماڵەوە دەکات. ئاسۆ رۆژێك لە پەنجەرەکەوە چاوی بە کچی ئاغا دەکەوێت و زۆر حەزی لیٚ دەکات، هەر لەدوورەوە گرفتاری داوی ئەوین دەبێت و خۆشی ئەویٚ بەبیٚ ئەوەی کچەکە ئاگای لە هیچ هەبێت. بەڵام ئاسۆ دەست دەکات بە هۆنینەوەی هەڵبەستی جوان جوان و سۆزی دڵی خۆی دەردەبڕێت و تۆماری دەکات. کچەکەی ئاغا ناوی (نازەنین)ە، سەرکاریش کچێکی جوانکیلەی هەیە، ناوی (سوسن)ە، سوسن گرفتاری داوی ئەوینی ئاسۆی هەژار بووە، بەڵام ئاسۆ لەم ئەوینە ئاگادار نیە، لەبەر خۆشەویستی نازەنین هەموو ئافرەتی دنیای لەلا پێشوولەیە. شەوێك پاش کاتژمێر دوازدە سەرکار تەماشا دەکات دەرگا دانەخراوە و کەس دیارنیە)

**سەرکار:** ئەوەبۆ دەرگا دانەخراوە دەبیٚ ئاسۆ خەوتبیٚ؟ بابچم بۆ ژوورەکەی بزانم چی رووی داوە. (سەرکار دەچێت بۆ ژوورەکەی ئاسۆ، دەبینی ئاسۆ خەریکی هەڵبەست نوسینەوەیە، لەناو هەڵبەستەکەدا ناوی نازەنینی تێدایە. ئاسۆ هەست ناکات سەرکار لەپشت سەریەوە راوەستاوە).

**سەرکار:** کاك ئاسۆ وا دیارە نازەنینی کچی ئاغات زۆر خۆش دەوێت وا هەڵبەستی بەسەردا دەنوسی؟

ئاسۆ سەربڵند دەکات و سەرکار دەبینیٚ، زۆر بە شەرمەوە

**ئاسۆ:** بمبورە بمبورە.

سەرکار بەگاڵتەوە

**سەرکار:** بە نازەنین خاتوون دەڵێم کە ئاسۆی دەرگاوان تۆی خۆش دەوێت.

(سەرکار دەچێتە دیوی ماڵی ئاغا بانگی نازەنین خاتون دەکات)

**سەرکار**: خاتوون، ئاسۆی دەرگەوانمان تۆی زۆر خۆش دەوەێت، زۆر هەڵبەستی جوانی نوسیوە لەبارەی بەژن و باڵا و جوانی چاو و برۆ و روخساری تۆدا!

**نازەنین**: ئەی بەڵات لێدات لەگەڵ مژدەی بۆت هێناوم، وام زانی دەڵێیت کوڕی پاشا ناردویێتی بۆ خوازبێنیم، من ئاواتم ئەوەیە یان کوڕی پاشا یاخود نزیک ترین کەس لە پاشا داوام بکات و ببم بەیەکێك لە ئەندامانی دەرباری پاشا.

**سەرکار**: نازەنین خاتوون، من ویستم گاڵتەت لەگەڵ بکەم.

(پەردە دادەخرێ)

(پەردە دەکرێتەوە)

(ئاسۆ لە ژورەکەی خۆی لەسەر چوارپاکەی پاڵکەوتوە و سەرکار و سوسنی کچی لەژوور سەریەوە راوەستاون، ئاسۆی رەنگ زەرد و هەژار تەندروستی زۆر خراپە)

**ئاسۆ**: مامەگیان تەندروستیم زۆر خراپە خۆم هەستم کردووە رۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچم، زۆر مەمنون دەبم بۆ نەخۆشخانەم ببەیت، ئەگەر مردم ئێوە خۆشبن، ئەگەر چاکیش بوومەوە ئەوا دێمەوە بۆ لاتان.

**سەرکار**: زۆر باشە هەر ئێستا تەلەفۆن دەکەم ئۆتومبیلی نەخۆشخانە بێت بۆ نەخۆشخانەت ببات. هیوادارم بەزووترین کات تەندروستیت بگرێتەوە دۆخی جاران، هیچ دڵ گیر مەبە ئاسۆ گیان.

(پەردە دادەخرێ)

(پەردە دەکرێتەوە)

(ئاسۆ لە نەخۆشخانە لەسەر چوارپایێك درێژ کراوە، دکتۆر دێت تەماشای ئاسۆ دەکات)

**دکتۆر**: ناوت چیە؟

**ئاسۆ**: ناوم ئاسۆیە.

**دکتۆر**: لەکەیەوە نەخۆشیت؟

**ئاسۆ**: زیاتر لە ساڵێکە.

**دکتۆر**: هەست بەچ ئێش و ژانێك دەکەیت؟

**ئاسۆ**: نازانم کوێم دەیێشێت، بەڵام رۆژ بە رۆژ بێ هێز دەبم، هەست دەکەم وەکو بەفری هاوین دەتوێمەوە.

**دکتۆر**: بەلای کەمەوە پێویستە ماوەی شەش مانگ لێرە لەژێر چاودێری پزیشکدا بیت، هیوادارم تەندروستیت چاك بێتەوە.
**ئاسۆ**: زۆر سوپاست دەکەم دکتۆر، بەڕاستی تەقەلای ئێوە بۆ نەخۆشی وەك من هەژار جێگای سوپاسە.
**دکتۆر**: نا ڕۆڵە، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە، ئێمەی دکتۆر بە پێویستی دەزانین سەرپەرشتی و ئاگاداری هەموو نەخۆشێك بکەین، بەتایبەت یەکێکی وەکو تۆ هەژار، دڵنیابە تەندروستیت دەگەڕێتەوە دۆخی جاران.
**ئاسۆ**: دکتۆر لە سوپاس زیاتر هیچم لە دەست نایەت.
**دکتۆر**: نانا جێگای سوپاس نیە ئەرکی سەرشانمانە.
ئاسۆ لە نەخۆشخانە کەوتە ژێر چاودێری دکتۆرەکان، لەبەر هەژاری زیاتر موبالاتیان پێدەدا، لە راستیدا روو لە چاك بون دەڕۆیشت.
لەو رۆژەوەش ئاسۆ لە نەخۆشخانە وەرگیرا، سوسەن هەموو رۆژی یەك شەممەیەك هێندێك خواردەمەنی و دەستەگوڵێکی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ نەخۆشخانە و سەردانی ئاسۆی دەکرد کە لە دەڵەوە خۆشی دەوێت.
جوانمێری سەرکار، لە دوای ئەوەی ئاسۆی بۆ نەخۆشخانە برد کە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی ئاسۆ، سندوقەکەی کردەوە و تەماشای شیعرەکانی کرد. زۆر بۆ ئاسۆ دڵگیربوو، لە دڵی خوی بڕیاری دا و گوتی پێویستە ئەم دەفتەرانە بۆ لای بەختیاری خاوەن کتێبخانە ببەم، بەڵکو چاپیان بکات.
سەرکار دەفتەرەکانی بۆ لای خاوەن کتێبخانە برد، لەگەڵی رێککەوت کە چاپی بکات و قازانج و دەست کەوت بە شەراکەت، لەگەڵ خاوەنی شیعرەکان بەناوی ئاسۆ بڵاوبکرێتەوە.
بەختیار سەرپەرشتی چاپەکەی کرد و لە دوای ماوەییێك دیوانی ئاسۆ شاعیرێکی نەناسراو کەوتە بازاڕەوە، لە چەند رۆژێك چاپی یەکەمین فرۆشراو لەبازڕ نەما، بۆ جاری چوارەم و پێنجەم چاپ کرایەوە دەفرۆشرا.
هەموو مانگ جارێك جوانمێری سەرکار بەشی قازانجی لە بەختیاری خاوەن کتێبخانە وەردەگرت.
**دکتۆر**: ئاسۆ تەندروستیت چۆنە؟

**ئاسۆ**: دکتۆر لە سایەی هەوڵ و کۆششی ئێوەی بەڕێز و دڵسۆز زۆر باشم.

**دکتۆر**: بڕیارمان داوە هەر دوو هەفتەی دیکە لەنەخۆشخانە بمێنیتەوە.

**ئاسۆ**: زۆر سوپاس دکتۆر گیان.

ڕۆژی یەکشەممە جوانمێری سەرکار بۆ سەردانی ئاسۆ لە نەخۆشخانە چوو، ئەم پارەی لە بەختیاری خاوەن کتێبخانەی وەرگرتبوو، هەموو بۆ لە کیسەیێك کرد و لەگەڵ خۆی بۆ نەخۆشخانەی برد.

**ئاسۆ**: کەچاوی بە جوانمێری سەرکار کەوت زۆر دڵگیر بوو، واتێگەیشت ئەمە کۆنە جلوبەرگەکانێتی بۆی هێناوە و پێ ی دەڵێت کە لەنەخۆشخانە هاتیە دەر مەگەڕێوە ماڵی ئاغا و ئەتۆیان پێویست نیە.

**سەرکار**: ئاسۆ تەندروستیت چۆنە ؟

**ئاسۆ**: زۆر سوپاس.

**ئاسۆ**: ئەی ئەمە کۆنە جلەکانمە بۆت هێناوم؟

**سەرکار**: نا نا، ئاسۆ گیان ئەمە هەموو پارە و دینارە.

**ئاسۆ**: پارە و دیناری چی؟

**سەرکار**: ئەمە هەمووی هی تۆیە.

**ئاسۆ**: مامەگیان گاڵتەم پێ مەکە، من لە هەموو تەمەنم پارەم لەگیرفانی خۆم نەدیوە.

**سەرکار**: ئاسۆگیان، لەدوای ئەو ڕۆژە کە تۆم هێنا بۆ نەخۆشخانە، گەڕامەوە و چووم بۆ ژوورەکەت، سندوقەکەتم کردەوە و تەماشام کرد شیعرەکانت زۆر ڕێك و پێکن. بردم بۆ لای بەختیاری خاوەن کتێبخانەی هیوا، لەگەڵی ڕێککەوتم سەرپەرشتی بکات و بەچاپی بگەیێنی و بڵاوی بکاتەوە، دەستکەوت بە شەراکەتی بێت. ئێستا دیوانی شیعرەکان بەناوی دیوانی ئاسۆ شاعیری نادیار بڵاوبونەوە، هەموو مانگ جارێك لەگەڵ خاوەن کتێبخانە دەستکەوت بەش دەکەین. ئەم پارەیەی کە بۆم هێناوی ئەوە هەموو پارەکەت نیە بەڵکو هی دەستکەوتی ژمارە یەکەم و دووهەمە بۆم هێناوی. ئێستا لە دیوەخانەکان باس هەر باسی شاعیری نەناسراوە، بە تایبەتی خاوەن شکۆ قەیسەر و پیاوە گەورەکان نیازمەندن شاعیر بدۆزنەوە کە لە کوێیە و پلە و پایەیێکی شایستەی لە بارەگای خاوەن شکۆدا پێبدەن.

**ئاسۆ**: مامەگیان ئەوە هەموی لەسایەی دڵسۆزی و مرۆڤایەتی ئێوەیە ئێستاش ئەم پارەیە لەلای خۆت هەڵبگرە تا من لە نەخۆشخانە دێمە دەرەوە. دکتۆر ئیمرۆ پێیگوتم لەدوای پازدە رۆژی تر لە نەخۆشخانە دەردەچم. تکایە بەم پارەیە کەرستە و ناوماڵی دوو کەسم بۆ بکڕە کە پێویستیان پێی هەیە و خانوییێکم بۆ بەکرێ بگرە کە بۆ دوو کەس بێت، بۆ ئەوەی کە لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە بچم بۆ ماڵەکەی خۆم.

**سەرکار**: زۆر باشە بەهیوای تەندروستیت.

سەرکار گەڕایەوە بۆ ماڵی ئاغا و تەماشای کرد نازەنین خان ژمارەییێك لە دیوانی شیعری ئاسۆی شاعیری نەناسراوی بەدەستە. سەرکار لێی دەپرسێ خاتوون ئەمە چیە؟ نازەنین دەڵێت ئەمە دیوانی شاعیرێکی نەناسراوە، چەند رۆژێکە لە چاپ دراوە و کەوتۆتە بازاڕ دەنگوباس لەهەموو جێگا و دیوەخانان هەر باسی شاعیر و شیعرە جوانە کانێتی، خاوەن شکۆ بەڵێنی داوە ئەگەر ئەم شاعیرە بدۆزنەوە لەبارەگای خۆی مەرتەبەییێکی پێ دەبەخشێ.

سەرکار پێدەکەنێت..

**نازەنین**: مامە گیان بۆ بە قسەکانم پێدەکەنیت؟

**سەرکار**: بەقسەکانی تۆ پێناکەنم، حەز دەکەی پێت بڵێم ئەم شاعیرە کێیە؟

**نازەنین**: توخوا پێم بڵی کێیە؟

**سەرکار**: ئەوە ئاسۆی دەرگەوانی خۆمانە.

ئیتر بە درێژی باسی چاپ کردنی دیوانەکە و دەست کەوتنی ناوبانگی شاعیری بۆ گێرایەوە.

**نازەنین**: مامە گیان زۆر سوپاس کە ئەو رووداوەت بۆ گێرامەوە.

نازەنین کە هەموو ئاواتی ئەوەیە شوو بەکەسێك بکات کە لەگەڵ بارەگای خاوەن شکۆ پەیوەندی هەبێ بەڵکو لەو رێگەیەوە دەبێتە ئاشنا و دۆستی خانمانی ماڵی خاوەن شکۆ، ئەگەر شوو بە ئاسۆی دەرگەوان بکات ئەوە بە ئاواتی خۆی دەگات.

بۆ رۆژی دواتر کەوتە بیرکردنەوە کە لە چ رێگایەکەوە بۆ لای ئاسۆ بچێت.

نازەنین کارەکەرێکی تایبەتی هەبوو بە ناوی رێزان.

**نازەنین**: ڕێزان گیان بەیانی یەکشەممە هێندێك خواردەمەنی شایستە لەگەڵ دەستەگوڵێکی ڕازاوە ئامادە بکە بۆ سەردانی ئاسۆی دەرگەوانمان دەچین لە نەخۆشخانە.

بۆ بەیانی ..

**ڕێزان**: خاتونی بەڕێزم بەیانیت باش، ئەو شتانەی دوێنێ فەرمووتان ئامادەکراوە.

**نازەنین**: زۆرباشە گالیسکەییێك بانگ بکە بەسواری بچین بۆ نەخۆشخانە.

دوای ماوەییێك..

**ڕێزان**: خاتون گیان فەرمووو گالیسکەکە لە دەرەوە چاوەڕوانمانە.

نازەنین و ڕێزان ڕۆیشتن.

چوونە ناو حەوشی نەخۆشخانە و دابەزین، بۆ ئەو ژوورە چوون کە ئاسۆی لێبوو، دیاریەکانی پێشکەش کرد و لە تەکیەوە دانیشت.

**نازەنین**: ئاسۆ گیان تەندروستیتان چۆنە؟

**ئاسۆ**: زۆر سوپاست دەکەم خاتونی بەڕێزم.

**نازەنین**: ئاسۆ گیان لەو ڕۆژەوە کە تۆیان هێناوە بۆ نەخۆشخانە شەو ڕۆژ لەیادم دەرنەچووی، هەمیشە لە بیر و خەیاڵم دا بوویت، بەڵام کە هەتا ئێستا نەهاتووم بۆ لات با پێت بڵێم لەبەر چی بووە، باوکم و بنەماڵەکەمان لەناو کۆمەڵدا پلە و پایەییێکی تایبەتیان هەیە، منیش لەترسی ڕەخنە و پەلاماری خەڵك دەردی دەروونی خۆمم تا ئێستا شاردەوە، بەڵام لەوە زیاتر توانام نەما و گڕێ ئاگری دڵداری پاڵی پێوەنام چاو لە هەموو شت بپۆشم و بێم بۆ لات.

**ئاسۆ**: خاتونی بەڕێز زۆر سوپاست دەکەم.

لە هەمان کات سوسەن وەك سروشتی خۆی بە دیاری و دەستە گوڵ بۆ لای ئاسۆ هات.

**سوسەن**: ڕۆژ باش ئاسۆ تەندروستیتان چۆنە؟

**ئاسۆ**: زۆر سوپاست دەکەم سوسەن گیان.

دوای ئەو ماوەیەی کە دکتۆر بۆی دانابوو سەرکار گالیسەییێکی هێنا، ئاسۆی سوار کرد و بردی بۆ ئەو خانوە خنجیلانەی کە بە کرێ بۆی گرتبوو، کەل و پەلی پێویستی تێدا دانابوو.

نازەنین جوانترین جلوبەرگی خۆی لەبەر کرد و خۆی رازاندەوە، بەرە و ماڵی ئاسۆ کەوتەرێ، کاتێ گەیشت چووە ژوورەوە و دانیشت و گوتی

**نازەنین**: ئاسۆ گیان خۆشترین کات لە ژیانم ئێستایە کە دەتبینم تەندروستیت باشە.

**ئاسۆ**: زۆر سوپاس خاتوون گومانم لە گوتارت نیە.

لەم کاتەدا سوسەن دێتە ژوورەوە، کە نازەنین لەوێ دەبینێت رەنگی زەرد هەڵدگەرێت و زۆر دڵگیر دەبێت.

**سوسەن**: رۆژتان باش.

**ئاسۆ**: سوسەن گیان رۆژباش و شادبیت.

ئاسۆ روی کردە نازەنین خان و پێی گووت

**ئاسۆ**: نازەنین خان دەمەوێ چەند راستییێکت بۆ روون بکەمەوە، ئەو کاتەی من دەرگەوانی ئێوە بووم، من تۆم زۆرخۆشویست، زیاتر خۆشەویستی تۆ هانیدام ببم بەم شاعیرەی کە ئێستا هەم، بەڵام تۆ لەوە ئاگادار نەبووی و هیچ رۆژێك منت بەبیردا نەهاتووە کە مرۆڤم. ئێستا کە منت خۆش دەوێ راست نیە، بەڵکو ئاسۆییێکت خۆش دەوێ کە ببی بە هاوسەری بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو هیوا و نیازەی کە زۆر لە مێژە چاوەرێی دەکەیت و هیچی تر نا. بەڵام سوسەن لەکاتێك منی خۆشویست وخۆشی دەویێم بەهیوای دوا رۆژی من نەبوو، بەهیوای خۆشبەختی و دوارۆژی خۆی نەبوو، تەنیا منی خۆش دەویست، خۆشەویستییێکی راستەقینە بوو. ئێستا کە من ناسراوم و پلە و پایەییێکم بۆ درووست بووە، ئەو پەری نامرۆڤایەتی دەبێت ئەگەر ئەوم خۆشنەوێت. بۆیە خاتونی بەرێز بەڵێنم داوە لەگەڵ سوسەن زەماوەند بکەم و ببین بەهاوسەر، ئەتۆش خوات لەگەڵ.

**تەواو**

## دیمانەیەکی رۆژنـامەی هاوکـاری لەگەڵ ( عەونی )ی شاعیر دا
## کە رۆژنـامەنووس مومتاز حەیدەری ئە نجامی داوە

### رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٣٧-١٩٧٢/١٠/٧

**مامۆستا ((عەونی) حەبیب) بیرەوەریی خۆی بۆ هاوکاری باس ئەکات**

**مامۆستا (عەونی) (عوسمان حەبیب) نیشتمان پەروەرێکی ناسراوە و ئەندامی لیژنەی ئاشتیی نیشتمانی عیراقی بووە و شاعیرێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و خاوەن توانایە.. ئەم مرۆڤە بێ ئەوەی سەر بە هیچ قوتابخانە و مزگەوتێکدا بکا ئەمڕۆ یاریدەدەری (عضو مؤازر) کۆڕی زانیاریی کوردە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە و هەروەکا فارسی زانێکی زۆر باشە.**

**دیوانی خەییامی کردووە بە کوردی، هەروەها لە کاردانی نیشتمانپەروەری دا ئەندامی وەختیی بەندینخانەکانی کۆیە، هەولێر، کەرکووک، بەغدا، سەماوە، نوگرە سەلمان، کووت بووە. لە دیدەنیەکی شاری کۆیە دا ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ مامۆستا (عەونی) رێکخست، هیوادارم سوودبەخش و مایەی رەزامەندیی خوێنەرانی خۆشەویست بێ.**


هاوکاری
لاپەرە حەوت
ژمارە (١٣٧) ٧-١٠-١٩٧٢

ماموسـتا«عونی حبیب»بیرەوەری خوی بو«هـاوکاری» باس ئـەکا

**هاوکاری:** مامۆستا (عەونی) دەمانەوێ یەکسەر بچینە نێو باسەکەمانەوە واتا بیرەوەریی خۆتانمان دەربارەی بەشێکی رابردووی جوڵانەوەی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بۆ بگێڕیتەوە.

**لە وەڵامدا گوتی:** ئێوە چۆنی بە باش ئەزانن وای دەسپێئەکەین.

**هاوکاری:** یەکەم پرسیارمان ئەوەیە لە کەیەوە کەوتوونەتە کۆڕی نیشتمانپەروەرانی کوردەوە؟

**وەڵام:** لە راپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ئەوسا بیر و باوەڕی کوردایەتی لە کۆیە بڵاوببۆوە، نەتەوەی کورد رازی نەبوو بە رژێمی ئیستیعمار و دیلێتی.. ئەو راپەڕینە چاوی ئێمەی کردەوە پاشان چەند مامۆستایەکی نیشتمانپەروەری کورد وەك (عەبدوڵڵا عەزیز، سەعدی جەلال، ساڵح قەفتان، خالید سەعید، عەبدوڵڵا سامی) ئەمانە کە هەندێکیان خەڵکی سلێمانی بوون و هەندێکیشیان خەڵکی هەولێر بوون دەورێکی باشیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی کوردایەتی لە نێوان خەڵکی کۆیە بە تایبەتی لەنێوان قوتابییاندا.

**هاوکاری:** سەبارەت بەوەی ئەوسا خوێندەواری کەم بوو بە چ رێگایەك و چۆن بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمان پەروەرێتی بڵادەبۆوە.

**مامۆستا (عەونی) وتی:** راستە خوێندەواری کەم بوو، بەڵام نیشتمان پەروەرانی کورد وەك مامۆستایان خالید سەعید و ساڵح قەفتان بە ئاشکرا کارەستانی راپەڕینە خوێناوییەکەی شەشی ئەیلولیان باس دەکرد و هەڵوێستی خیانەتکاری حکومڕانەکانی ئەوسای عیراقیان رسوا دەکرد.. هەروەها باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر و شۆڕشەکانی تورکیایان باس دەکرد، بەم باسانە خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە، ئەوەی شایەنەی باسە بە نهێنی وەفدێك پێکهێنرا بۆئەوەی بە تەواوی لە ئەنجانمی کارەساتە خوێناوییەکەی شەشی ئەیلول بکات و نێردرا بۆ سلێمانی، ئەوەی لە یادما مابێ کاکەی حاجی مەحمودی تێدابوو لە وەفدەکە، کە گەڕایەوە بۆ کۆیە بە باشی باسی ٦ی ئەیلوولیان بۆ کردین، جگە لەمانە باری ناخۆشی کورد و دەربەدەرەکانی کوردستانی تورکیا ئەمانە و دەنگو باسی چالاکی کۆمەڵەی (خۆیبی بوون) کە لە کوردستان تورکیا دامەزرا بوو پاش جوڵانەوەی کەمالییەکان خەڵکی هۆشیار دەرکردەوە هەروەها تایبەتی دی. هەر چەند کەمیش گۆڤاری هاواریش

دەورێکی بوو.. ئەوەی راستی بێ کارەساتی ژیانی ئەو کوردانەی دەربەدەر بوون و کەوتنە وڵاتی ئێمە، زۆر کارێکی تایبەتیی لە هەست و نەستی ئێمە کرد، کە زیاتر لە وەزعی کورد بگەین و بزانین بۆچی وایە و هەتا کەی وا دەبێ، ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە دەوری بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە لە تورکیاوە چوونە سووریا بە دەنگوباسی چالاکییان هۆیەکی تری هۆشیارکردنەوەی لاوانی کوردستانی عیراق بوو.

**پرسیار**: یەکەم جار لە چ رێکخراوێکی سیاسی کارتان کردووە.

**وەڵام**: لە ساڵی یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٠دا چوومە حزبی هیواوە، بەم بۆنەیەوە دەڵێم زۆر جار من و کاك عومەر عەبدوڵڵا ئەمین و و کاك ئەحمەد حەمە مەلا و مەلا حەسەن سەعید و یونس رەئوف (دڵدار) بیرمان لەوە دەکردەوە کە چەك بۆ شۆڕش بەرپاکردن بکڕین، لەم بارەیەوە مامۆستا سەعدی جەلال و عەبدوڵڵا عەزیز و ئاسەف رەئوف ئاگادار بوون، هەروەها عەلی مەحمودی کاکە خانی دزەیی دەوری هەبوو.

**هاوکاری**: باشە ئەوکاتە چ چەشنە رۆژنامە و گۆڤارێك لە کوردستانی عیراقدا هەبوو؟

**وەڵام**: ئەو سەردەمە تەنیا رۆژنامەی ژین و گۆڤاری زاری کرمانجی هەبوو..

**هاوکاری**: ئەتوانین نموونەی کارو وچالاکییەکانی حزبی هیوا بزانین؟

**وەڵام**: بە پێی بڕیاری حزبی هیوا لە هەموو کۆڕ و شوێنێکا باسی وەزعی نالەباری کورد دەکرا هەروەها لە کۆیە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ یارمەتیدانی قوتابییە هەژارەکان دامەزرا بوو، پارەمان بۆ قوتابییە هەژارەکان لە سندوقێکدا کۆدەکردەوە و و یارمەتی زۆر کەس لەو پارەیە دراوە.

**هاوکاری**: باشە چیتر دەربارەی چالاکی حزبی هیوا.

**وەڵام**: لە ئەندامەکانی حزبی هیوا بەگشتی زۆر حەماسیان هەبوو خەڵکیان بۆ ریزی هیوا رادەکێشا، وشەی رۆژباش و شەوباش و ژیان باش–یان ئەوانە هەمووی بە هەوڵی حزبی هیوا ئەو سەردەمە بڵاوببۆوە، چالاکی نهێنی و نەشرە کەم بوو، بەڵام گۆڤاری گەلاوێژ دەورێکی گەورەی لە مەیدانی کوردپەروەریدا دی.

**هاوکاری**: کەی یەکەم مانگرتن یاخود خۆپیشاندان لە کۆیە روویداوە.

**وەڵام**: وابزانم ساڵی ١٩٣٥ بوو میری ویستی مووچەی پاسەوانانی شار (حوڕاس) لە کۆمەڵانی خەڵك وەربگرێ، بەڵام خەڵکی بەرهەڵستیی ئەمەیان کرد. جا دووکان و بازاڕ

و قوتابخانه دانەخرا بەڵکو خەڵکی رووی کردە بەر دەرکی سەرای کۆیه هاواریان دەکرد پارەی پاسەوان نابیٚ لەسەر ئێمه بیٚ.

**پرسیار**: باشه چیتر دەربارەی دەنگوباس و چالاکیی ئەو سەردەمه.

**وەڵام**: نەشرەیەك دەربارەی حقوقی کوردستان له کۆیه لەلایەن یونس رەئوف (دڵدار) و عومەر عەبدوڵڵا ئەمین و محەمەد حەوێز (حەمه رەش) و منەوە بڵاوکرایەوە، بێگومان نرخەکەی گران بوو رەنگه ئەوە یەکەم جار بوو که گرتن له کۆیه روویدات..

ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٠ خەڵکی به تایبەتی تاقمێك له رۆشنبیران به شێوەیەکی نویٚ بیریان له مەسەلەی رزگاریی نەتەوەی کورد دەکردەوە، گەیشتبوونه ئەو بڕوایه ئەگەر دژایەتی رژێمی عەشایەری و دەرەبەگی نەکریٚ رزگارمان نابیٚ، بڵکو بیری نویٚ تاکه چرایەکه له کاروانی خەباتی ئازادی و سەرفرازی گەل و نیشتمان.

**هاوکاری**: کەی و چۆن یادی جەژنی نەورۆز بۆ یەکەم جار له کۆیه کراوە؟

**مامۆستا (عەونی) گوتی**: ئەوەی راستی بیٚ مەسەلەی نەوۆرز جاری یەکەم که من زانیم جەژنێکی ئەوتۆ ئەبیٚ یادی بکرێتەوە ئەوەبوو ساڵی ١٩٣٣ پیرەمێردی نەمر له سلێمانی ئاهەنگی تایبەتیی ساز کردبوو و چەند کەسانێك له کۆیەوە بۆ ئاهەنگ بانگ کرابوون، ئێمەش له ساڵی ١٩٤١دا به ئاشکرا یادی جەژنی نەورۆزمان کرد و مامۆستا سەمەد حاجی محەمەد (سەمەد مەنجەڵ) وتاری نەورۆزی خوێندەوە.. وە (حزب التحرر الوطني) به ئاهەنگی ناوبراو هەڵسا.

**له کۆتاییدا مامۆستا (عەونی) حەبیب گوتی**: بەم دەمودەسته هەر ئەوەندەم بۆ دەکریٚ و لەبیرە، ئەگەر پیاو خۆی بۆ ئامادە بکات و ماوەکەشی زۆر بیٚ ئەوە زۆر شتی شاراوە دێنه روو..

**هاوکاری**: سوپاستان ئەکەی هیوادارین لاوە نیشتمان پەروەر و پێشکەوتنخوازەکانمان لەم بیرەوەرییانه کەڵك وەربگرن.

## پەیکەری حاجی قادری کۆیی لە گفتوگۆیەك دا

### برایەتی-ژمارە ٧٨-١٩٧٣/١١/٣٠ ل٣

هەفتەنامەی برایەتی لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ٧٨ی رۆژی ١٩٧٣/١١/٣٠ دیمانەیەکی لەگەڵ عەونیی شاعیر سازکردووە، دەربارەی پەیکەی حاجی قادری کۆیی و هەندێ بابەتی ئەدەبی و شیعری، کە لە لایەن رۆژنامەنووسی خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم ئەنجامدراوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی.

**رۆژی ٢٩ی ئەم مانگە لە شارە خنجیلانەکەی کۆیە دا ئاهەنگێکی قەشەنگ گێڕدرا بۆ دانانی پەیکەری شاعیری نەمر و کوردپەروەر حاجی قادری کۆیی، لە مەودای ئەدەب و شعردا رابەر و پێشڕەوێکی راستەقینەی بزوێنەری هەستی کوردپەروەری و رێبازی کوردایەتی بوو.**
**برایەتی بەم بۆنەیەوە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ مامۆستا عوسمان عەونی ئەندامی لیژنەی رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکەدا رێکخست و ئەم پرسیارانەمان لێکرد:**

*** چۆن بیر لە درووستکردنی پەیکەری حاجی قادری کۆیی نەمر کرایەوە؟**
- زۆر دەمێکە ئەم ئیشە خولیا و سەودای سەری ئەدیبان و ئەدەب دۆستان بووە، بەڵام لەبەر زروفی نا هەمواری کوردستان و لەبەر ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی گەلی کوردمان دا ماوەی ئەوە نەبوو.. هەروەها لە مێشك و سەر دا مایەوە تا ساڵی ١٩٧٠ و رێککەوتنامە مێژوویەکەی ١١ی مارت، لە ساڵی ١٩٧١دا یادی کۆچی دوایی ئەم شاعیرە مەزنە کرایەوە و لەو یادە دا لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتی نووسەرانیشەوە درووستکردنی پەیکەر بۆ شاعیرانمان بە پەسەند زانرا کە حاجی قادریش یەکێك بوو لەو شاعیرانە...
لە ئەنجامدا وا بڕیار درا کە ئیتاڵیا لەناوقەدەوە لە بڕۆنز ئەم پەیکەرەی حاجی درووست بکرێت، بەڵام بەداخەوە گۆڕا بۆئەوەی هەر سەری بێت.



لاپەڕە (٣) — برایەتی — ژمارە ٧٨

دووەی سیار و..
سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکووک ـ
مارف عمر بەرزنجی

پەیکەرێکی حاجی قادری کۆیی لە گفتوگۆیەک دا

ڕۆژی ٢٩ی ئەم مانگە
لە شارە خنجیلانەکەی کۆیەدا ئاهەنگێکی فەشەنگ گێڕا بۆ دانانی پەیکەری شاعیری ئەمرو کورد پەروەر حاجی قادری کۆیی

برایەتی و خوێنەرانی



عەونیی شاعیر و ڕۆژنامەنووس جەلالی میرزا کەریم لە گفتوگۆیەکەی ڕۆژنامەی برایەتی دا

*** دیاری کردنی شێوە و رووخساری پەیکەرەکە لە کوێوە یاخود لە چ سەرچاوەیەکەوە؟**

– تەنیا بەڵگە بۆ ئەم دیاری کردنە هەر ئەو وێنەیە بوو کە بەدیع باباجانی هونەرمەند کێشابووی، کە ئەویش بە بەهرە و وردبینی و زانایی خۆی درووستی کردبوو لەوە بەولاوە هیچ بەڵگەیەکی دیاری ئەوتۆ بەدەستەوە نەبووە بۆ ئەم مەبەستە.

*** دیاری کردنی ٢٩ی مانگ هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە ژیان و بەسەرهاتی حاجی نەمرەوە؟**

– دیاری کردنی ئەو رۆژە وە نەبێ پەیوەندییەکی بەسەر ژیانی حاجییەوە هەبێت.. خۆی وا بڕیار بوو لە ٢٢ی مانگ دا بکرێت، لەبەر هەندێ هۆ خرایە ٢٩ی مانگ، بڕیاریش وا بوو کە مامۆستایان تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆش لەم ئاهەنگەدا بەشدار بن.

*** قەبارەی پەیکەرەکە چەند ئەبێ؟**

– لە کەللەسەری ئاسایی گەورەترە، لەسەر قاعیدەیەك دانراوە کە ٧٥سم ئەبێ کە لە لایەن کاك ئیحسان شێرزادەوە وەزیری شارەوانی هەزار و ٤٦ دینار بۆ درووستکردنی ئەم قاعیدەیە تەرخان کرا.

*** بەم بۆنەیەوە لە ئاهەنگەکەدا چی ئەکرێ؟**

– لە ئاهەنگەکەدا سێ وتاری سەرەکی ئەخوێندرێتەوە لەلایەن مامۆستایان مەسعود محەمەد و هەژاری شاعیر و بەڕێز قایمقامی کۆیەوە جگە لەوەی کە شیعر و وتاری تریش ئەخوێندرێتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە ئەو لێکۆڵینەوە بەنرخەی مامۆستا مەسعود محەمەد دەربارەی حاجی قادر نووسیویەتی لەو رۆژەدا بڵاو ئەکرێتەوە. (هەر لە باسی شیعری حاجی و یادکردنەوە و شیعری نیشتمانی و غەزەل و عیشق دا باس گۆڕا و کەوتینە گفتوگۆیەکی دوو قۆڵییەوە) بە مامۆستا عوسمان عەونیمان وت:

*** با بێینە سەر خۆت دەنگت نییە؟**

– شتم هەیە.. بەڵام وای بە باش ئەزانم جارێ بڵاو نەکەمەوە وام نیازە و بگرە ئێستاش هەر خەریکی ئەوەم چیم هەیە کۆی بکەمەوە و لە دواڕۆژدا یان خۆم چاپی بکەم یاخود چاپ بکرێ.

*** لە باسی شیعری غەزەل و عیشق دا لەو بابەتەت زۆرن و دەمێکە بەسەر زاری ئاشقانەوەیە.. جگە لەوەی لە بیری خەڵکیدا حەز دەکەین لەو بابەتە چەند نموونەیەکمان بۆ بڵێیت.**

– راستە لەو بابەتەم هەیە، بەڵام بەڕاستی بەم دەمودەستە لە خەیاڵما نییە و وابزانم هەر ئەوانەش بێت کە هەتا ئێستا لە خەیاڵی خەڵکدایە.

***ئەی بابەتی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری؟**

– لەم بابەتەشم زۆر هەیە، بەڵام ئەوەی کە لەم دواییەدا وتومە ئەم شیعرەیە:

**گەلێك کە رۆڵەی لە کۆڕی شەڕدا**
**هەنگاو هەڵهێنێ بەسەر سەنگەردا**
**چاوی نەترسێ لە تۆپی دوژمن**
**مل بماڵێنێ بەدەم خەتەردا**
**بۆ سەربەخۆیی بە خوێنی ئاڵی**
**قەڵایەك هەڵنێ لە کەللەی سەردا**
**نامرێ ئەو گەلە هەر زیندوو دەبێ**
**سەرفراز دەژی لە رووی مەحشەردا**
**گەلێك کە مێژووی بە خوێن نووسرابێ**
**بۆ وەرگرتنی کەمترین مافی**
**خوێنی هەزاران رۆڵەی رژابێ**
**(دوکتۆر فوئاد) و (شێخی پیرانی)**
**چەند (سمکۆ) و (قازیی) قوربانی دابێ**
**نامرێ ئەو گەلە هەر ئازاد دەبێ**
**هەرچەندە چەرخیش دژی وەستابێ**
**گەلێك کە رۆڵەی لە نزیك و دوور**
**شارەزا بووبێ هەرێمە و سنوور**
**چاوی نەپۆشێ لە بستێ زەوی**

لەبۆی بڕێژێ خوێنی گەش و سوور
ئەبێ داگیرکەر باش دڵنیا بێ
جێی بێڵێ وڵات ڕاست و چەپ و ژوور
گەلێك هەمیشە لە تێکۆشان بێ
دروشمی یا مەرگ یا کوردستان بێ
گڕی شۆڕشی ناکوژێتەوە
هێرشی دوژمن وەکو تۆفان بێ
بۆ وەرگرتنی مافی سروشتی
گەلێك خەباتی کە بێ وچان بێ
ڕۆژێك دێت هەمووی یەك دەگرێتەوە
سۆران و بۆتان.. موکری و بابان بێ
ئەوسا ئەو گەلە بێ وەستان و زوو
دەشکێنێ سنوور بە هێزی بازوو
لەناو چوارچێوەی ئەم کوردستانە
یەکێتییەکی وا دەهێنێتە ڕوو
بێ جیاوازی لەنێو کۆمەڵا
یەك ڕەنگ و یەك دەنگ
یەك ڕەوشت و خوو
سروودی بژی ئازادی دەڵێین
دەچینە ڕیزی گەلانی زیندوو

## له قوتابخانه‌ی حاجی قادری کۆیی
## چاوپێکه‌وتنێك له‌گه‌ڵ ( عه‌ونی ) شاعیردا

**رۆژنامه‌ی (كوردستانی نویێ) ژماره (١٠٩)**
**ساڵی یه‌كه‌م پێنج شه‌ممه ١٩٩٢/٦/٤**

**په‌یامنێری: ك.ن**

**- له سییه‌كانه‌وه چوومه ریزی حزبی (هیوا).**
**- له‌ناوچوونی دیوانه‌كه‌م دوو جار به‌هۆی بارودۆخی كوردستان.**
**- هه‌ژاری موكریانی نه‌ك هه‌ر شاعیرێكی گه‌وره‌یه، به‌ڵكو پاسه‌وانی زمانی كوردیشه.**
**- ده‌توانم ئه‌م شیعره‌ی (شكری فضلي) بڵێم كه هاواری پیر و به‌ساڵاچووێكی وه‌ك منیشه.**

*** مامۆستا كورته‌یه‌ك له ژیانی ئه‌ده‌بیتان؟**

**- له سه‌ره‌تای سییه‌كانه‌وه خولیای شیعر و ئه‌ده‌ب بووم، شیعره‌كانی حاجی قادری كۆیی و نالی و هه‌وێنی بزووتنه‌وه‌ی ئه‌م هه‌سته بوون، له سه‌ره‌تا شیعرم ده‌نووسی، به‌ڵام نه‌مده‌توانی بڵێم خۆم نووسیومه تا ماوه‌یه‌ك، پاشان ورده ورده خۆم ئاشكرا كرد، ئه‌وه‌ی زۆر هانی دام كه له‌م بواره‌دا به‌ره‌وپێشتر بچم و شه‌رم بشكێنم خوالێخۆشبوو حاجی محه‌مه‌د بوو، كه به (حاجییه گه‌وره) به‌ناووبانگه، پیاوێكی به‌توانا و ئه‌ده‌ب دۆست بوو، له‌م كاته‌دا دۆستایه‌تیم له‌گه‌ڵ شاعیرانی ئه‌و وه‌خته‌دا په‌یدا كرد، وه‌ك خوالێخۆشبووان: صافی هیرانی، مه‌لا عاصی، خادم، جاهید، مه‌یلی، هه‌روه‌ها یونس ره‌ئوف (دڵدار) كه به ته‌مه‌ن له من بچووكتر بوو، له‌گه‌ڵ هه‌ندێكیان شیعری دووقۆڵیمان هه‌یه و چه‌ند جارێكیش له گه‌لاوێژ به‌رهه‌مم بڵاوكردۆته‌وه و یه‌كێك بووم له باوه‌ڕپێكراوانی ئه‌م گۆڤاره له كۆیه.**

*** بەشداریتان لە بواری سیاسیدا هەبووە؟**

**– لە سەرەتاوە هاندەری یەکەمم شۆڕش و کارەساتی کوردستانی تورکیا بوو، لە سییەکانەوە ئەمە ڕێخۆشکەر بوو بۆ چوونە ناو ریزی حزبی (هیوا) لەگەڵ چەند برادەرێکی تر، وە پاشانیش لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر کارم کردووە، لەگەڵ خوالێخۆشبووان عومەر عەبدوللا ئەمین، ئەحمەد حەمە مەلا، محەمەد حەوێز، ئەکرەم عەبدولقادر و چەندانی تر، پاش دامەزراندنی (کۆماری مەهاباد) هەستاوم بە کۆکردنەوەی یارمەتی لە ڕێگای خوالێخۆشبوو (کاکە زیاد) دەنێردرا بۆ کوردستانی ئەودیو. زۆر شیعری سیاسیم وتووە لەو کاتە وەك (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم، شینی پێشەوا، وتم ئەی کچ، شەهیدانی ڕێگای میللەت.. هتد).**

*** شاری کۆیەت چۆن دی، ئێستا چۆنی دەبینی؟**

**– کۆیە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و ئەم جیهانە، کۆیەی جاران مەڵبەندی پیشەسازی و پێویستیی خەڵك بووە، جۆلا، مووڕێس، جانگ، یەمەنی و کارەك (دوو جۆرە پێڵاون)، رەنگ و ریس، سابوون.. هتد).**

**کۆیە مەڵبەندی ئاینی بوو سەرقافڵەی ئەدەب و ئاین مەلا محەمەدی جەلی زادە (مەلای گەورە) کە دەیان فەقێ و مستعد ی دینی لای ئەو دەبوونە مەلا و ئیجازەیان لێ وەردەگرت لە مزگەوتی گەورەی (حاجی بەکراغای حەوێزی)، فەقیرخانەی (حەماغای غەفووری) کە داڵدەی هەژاری ئەوکات بوو، جگە لە دەیان شاعیر و زانایانی ئاینی، وە لە کۆنیشەوە مەڵبەندی سیاسەت و کوردایەتیی راستەقینە بوو، خەڵك باوك و برای یەکتر بوون، گۆرانی و ئاواز و دەنگی خۆش، شایی و سەیران، لە بەهاران ئۆمەر خوچان و باغی شەمە، حەمامۆك و تاتوکان و مێرگی خاڵەند بەگی دەهەژاند، ئەمە بوو کۆیەی جاران.**

**کۆیەی ئێستاش لەبەر چاوی هەمووانە سەد حەیف پێویستی بە خزمەتکردن هەیە بە هەموو لایەك.**

*** لە ئاست ئەم وشانەی خوارەوە چی دەڵێن؟**

*** گۆڕ – دوا باوەشی ژیانە**

*** تەمەن – ساڵنامەی ژیانە**

*** شیعری فەلسەفی – وەستاکارییەکی زۆر وردی بە مانایە**

*** رووبار – ئاوی گوڕی مردووبەرە، نۆبەرەی خاکیشە**

*** ئاسۆ – بینایی خێرخوازانە**

*** ئاگر – هەوێنی ژیانە**

*** ئەنجامی پەرلەمانی کوردستان چۆن پێشبینی دەکەی؟**

**– دەتوانم ئەم شیعرەی (شوکری فەزڵی) بڵێم کە هاواری پیر و بەساڵاچوویێکی وەکو منیشە. کە دەڵێ:**

**سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا**
**هەر برینێ کە لە دڵ دایە ساڕێژی نەکەی**

*** چوارینەیەکی خۆت؟**

**من کە کوردم کەی لە ئازادی وەها بێبەش کرام**
**ئەو دەمەی ماف بەشکرا ئەو رۆژە بوو من بەش کرام**
**هاتە کار لەوح و قەڵەم بۆ چارەنووسی میللەتان**
**کاتێ زانیم من حەواڵەی ئینگلیزی روو سپیی رووڕەش کرام**

*** بەرهەمەکانت بریتین لە چی. بۆ بەچاپت نەگەیاندوون؟**

**– شیعرەکانم بریتین لە شیعری هەمەجۆر، لەگەڵ چوارینەی جۆراوجۆر، بەڵام بۆچی چاپم نەکردوون ئەمەش دوو هۆی هەیە:–**

**١– لەناوچوونی دیوانەکەم دوو جار بەهۆی بارودۆخی کوردستان.**

**٢– قەت نەمویستووە تەنها یەك بابەتی شیعرەکانم چاپ بکەم.**

**چونکە هەندێك لە شیعرەکانم بریتی لە شیعری نیشتمانپەروەری ماوەی نەدەدرا کە رووناکی ببینن.**



٦ کوردستانی نوێ

پێنج شەممە ١٩٩٢/٦/٤ ـ ١٤ جۆزەردان/ ٢٦٩٢ ژمارە ١٠٩ ساڵی یەکەم

له قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ «عەونی» شاعیردا

پەیامنێری / ك.ن

• له سیەکانەوە چوومە ریزی حیزبی (( هیوا ))
• له ناو چوونی دیوانەکەم دوو جار بە هۆی بارو دۆخی کوردستان .
• هەژاری موکریانی نەک هەر شاعیرێکی گەورەیە ، بەڵکو پاسەوانی زمانی کوردیشە .
• دەتوانم ئەم شیعرەی ( شکری فضلی ) بڵێم کە هاواری پیرو بە ساڵا چووێکی وەک منیشە .
■ مامۆستا کورتە یەک لەژیانی ئەدەبیتان ؟
• له ناوەندی سیەکانەوە خولیای شیعرو ئەدەب بووم ، شیعرە کانی حاجی قادری کۆییو نالی هەوێنی بزووتنەوەی ئەم هەستە بوون ، لەسەرەتا شیعرم دەنووسی ، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم خۆم نووسیومە تا ماوەیەک پاشان وورده وورده خۆم ئاشکرا کرد ئەوەی زۆر هانی دام کە لەم بوارەدا بەرەو پێش تر بچم ، شەرم بشکێنم خوالێخۆش بوو حاجی محمد بوو ، کە بە ناو بانگە بە ( حاجی بە گەورە ) پیاوێکی بە تواناو ئەدەب دۆست بوو ، لەم کاتەدا دۆستایەتیم لەگەڵ شاعیرانی ئەو وەختەدا پەیدا کرد ، وەکو خوالێخۆش بوون صافی هیرانی ، مەلا عاصی، خادم ، جاهد ، مەیلی ، هەروەها یونس رووئوف ( دڵدار ) کە بە تەمەن لەمن ...

زۆر شیعری سیاسیم ووتووە لەوکات وەک ( ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم ، شیفی پێشەوا ، ووتم ئەی کچ ، شەهیدانی رێگای میللەت .. تد .
■ شاری کۆیەت چۆن دی ، ئێستا چۆنی دەبینی ؟
• کۆیە یەکێکە لەشارە کۆنەکانی کوردستانو، ئەم جیهانە ، کۆیەی جاران مەڵبەندی پیشەسازی پێویستی خەڵک بووە ، جۆلا ، سووریش ، جانک ، بەمەنیو کارەک ( دوو جورە پێڵاون ) رەنگو ریس ، سابوون ـ هتد .

کۆیە مەڵبەندی ئاینی بووسەر قافڵەی ئەدەبو ئاینین مەلا محمەمەدی جەلی زادە ( مەلای گەورە ) کە دەیان فەقێو سەتعدی دینی لای ئەو دەبوونە مەلاو ئیجازەیان لێ وەر دەگرت لەمزگەوتی گەورەی ( حاجی بکر اغا ) ی حەوێزی ، فەقیر خانەی ( حەمائاغای غەفوری ) کە دالدەی هەژاری ئەو کات بوو، جگە لەدەیان شاعیر و زانایانی ئاینی ، وە لە سەرەتای چلەکانیشەوە مەڵبەندی سیاسەتو کوردایەتی راستەقینە بوو ، خەڵک باوکو برای یەکتر بوون ، گۆرانیو ئاواز دەنگی خۆش ، شاییو سەیران ، لە بەهاران ئۆمەر خوچارو ، باغی شەمەو ، حەمامۆکو ئاتووکارو مێرگی خاڵند یەک ی ...

■ چوارینە یەکی خۆت ؟
من کە کوردم کەی لە ئازادی وەها بێ بە شکرام
ئەو دەمەی ماف بەشکرا ئەو رۆژە بوو من بە شکرام
هاتە کار لەوح و قەڵەم بۆ چارە نووسی میللەتان
کاتێ زانیم من حەواڵەی دوژمنی رەو رەش کرام
■ بەرهەمەکانت بریتین لە چی ، بۆ بە چاپت نەکەیاندوون ؟
• شیعرەکانم بریتین لە شیعری هەمە جۆر ، لەگەڵ چوارینەی جۆراو جۆر ، بەڵام بۆ چی چاپم نەکردوون ، ئەمەش دوو هۆی هەیە :ـ
١ـ له ناو چوونی دیوانەکەم دوو جار ، بە هۆی بارو دۆخی کوردستان .
٢ـ قەت نەم ویستووە تەنها یەک بابەتی شیعرەکانم چاپ بکەم .
چوونکە هەندێک لە شیعرەکانم بریتین لە شیعری نیشتمان پەروەری ماوەی نەدەدرا کە روناکی ببینن .
■ پێم وابێ ئەدەبی فارسی کاری تێکردوون ؟
• بەڵێ ، لەسەرەتای منالیمەوە لە سوختە خانەم خوێندووە ، پاشانیش دەچوومە خزمەت ( ملا احمدی رەش ) لەسەر دەستی ئەو زاتە گوڵستانو بوستانی شیرازیم لەگەڵ تاریخ مەعجەم بە فارسی خوێندووە ، فێری فارسی کردم ، ئەو جا کەوتمە خولیای شیعری فارسی بە تایبەت ( کەلیمی هەمەدانی ) و ( عمر خیام ) زۆر لە چوارینە کانی خەیامم کردووە بەکوردی.
■ نزیکترین شاعیری کورد لێتان و بۆچی ؟
• له پێشەوە گوتم شیعرەکانی حاجی قادری کۆییو نالی هەوێن بوون ، لە شاعیرانی ئەم سەردەمەش هەژاری موکریانی کەنەک تەنها شاعیرێکی زۆر گەورەیە بەڵکو پاسەوانێکی زمانی کوردیشە .
له تەنیشت ئەویشەوە شیعرەکانی مامۆستا ( هێمن ) ...

*** پێم وابێ ئەدەبی فارسی کاری تێکردوون؟**

– بەڵێ، لە سەرەتای منالیمەوە لە سوختەخانەم خوێندووە، پاشانیش دەچوومە خزمەت (مەلا ئەحمەدی رەش) لەسەر دەستی ئەو زاتە گوڵستان و بوستانی شیرازیم لەگەڵ تاریخ مەعجەم بە فارسی خوێندووە، فێری فارسی کردم، ئەوجا کەوتمە خولیای شیعری فارسی بە تایبەت (کەلیمی هەمەدانی) و (عومەر خەییام) زۆر لە چوارینەکانی خەیامم کردووە بە کوردی.

*** نزیکترین شاعیری کورد لێتان و بۆچی؟**

– لە پێشەوە گوتم شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و نالی هەوێن بوون، لە شاعیرانی ئەم سەردەمەش هەژاری موکریانی کە نەك تەنها شاعیرێکی زۆر گەورەیە بەڵکو پاسەوانێکی زمانی کوردیشە.

لە تەنیشت ئەویشەوە شیعرەکانی مامۆستا (هێمن) زۆر کاری تێکردووم، تەنانەت چەند شیعرێکیشم تەخمیس کردووە، وەکو (عیشق و ئازادی) (تاوانی بێ هێز) (ئەو دڵەی بێ خەم دەژی) (گلێنەی شاعیر) هەروەها (ماچی شیرین).

# بەشی چوارەم

## نووسین و شیکردنەوە لەسەر کەسایەتیی عەونی و شعیرەکانی

- عەونی شاعیری شۆڕش و بەرگری، نووسینی د. کەمال غەمبار
- عەونی شاعیری بەرەنگاری و رامیاری، نووسینی رەهبەر سەید برایم
- عوسمان عەونی و عەبدوللا گۆران، نووسینی قوبادی جەلی زادە
- خەمی کچێك، دۆزی نەتەوەیەك، نووسینی د. باساك بەرزنجی
- بیرەوەری لەگەڵ دوو ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی، نووسینی پۆڵای هاشمی نانەوا زادە
- یادی حاجی قادری کۆیی لە ئەرشیفی مامۆستا مجید ئاسنگەر، ئامادەکردنی جۆشان مەجید ئاسنگەر

# عەونی شاعیری شۆڕش و بەرگری[1]

دکتۆر کەمال غەمبار

## پێشەکی

### چ عەونیی کرد بە شاعیر؟

بەرلەوەی دەست بۆ بابەتەکە بەرم حەز دەکەم بگەڕێمەوە سەردەمی کۆن کە ساڵی (١٩٥٠) قوتابی بووم لە پۆلی پێنجەمی دواناوەندی لە کۆیە لە کتێبی (المطالعة العربیه)دا بابەتێکی تێدابوو بە ناوی (استاذي طه حسین) کە د. سهیر القلماوی نووسیبووی، بە دکتۆر تەها حوسێن دەڵێ من دەمەوێ بابەتێك لەسەر شاعیری سەردەمی جاهیلی (طرفه بن عبد) بنووسم، تەنیا لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە لێی بدوێم مافم بەسەر ژینگە و دەوروبەری نییە، تەها حوسێن وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ: هەی ئافەرین ئافەرین خانم مادامەکی ئەمە بۆچوونتە بۆ هاتییە کۆلیژ بۆ خوێندن لە چێشتخانەیماڵەوە بایت باشتر نەبوو؟ ئێمە لەسەر شاعیرێ دەنووسین لە ژینگە و دەوروبەر دایدابڕین.

ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە، بۆئەوەی بگەمە سەرچاوەکە و بزانم سەرەتا (عەونی) بە چ جۆرە شیعرێك دەستی پێکردووە و چ کاریگەرییەکی لەسەر بووە؟ بۆیە دەگەڕێمەوە سەر پێشەکی بۆ چاپی دووەمی دیوانی عەونی کە کاك فەرهاد نووسیویەتی، دەکرێ بلێین یەکەمین شیعری کە ساڵی ١٩٣٣ بە خۆدەگرێ لە گۆڤاری هاوار بلاوکراوەتەوە و (١)ی تەمووزی بەسەرەوەیە، واتە بە شیعری شۆڕش و بەرەنگاری هاتۆتە مەیدانی شیعر و بەرەبەرە هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناو و لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد وەك حاجی قادری کۆیی و نالی و هێمن و هی تر، هەروەها کاریگەریی کەسانی رۆشنبیر لەسەرەتادا کاریان تێکردووە و گیانی کوردایەتی لە دڵ و دەروونیدا نەشونمای کردووە، هەروەها تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسی وەك مامۆستا (ئەحمەد حەویز لە دیدارێکی تایبەتدا کە من لە ماڵی

---

[1]- بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێك، بەرگی دووەم، ل ٦٢-١٠٠.

خۆیاندا لەگەڵیدا کردوومە و لە گۆڤاری (افاق عربیە)دا بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە گوتی: **کە عەونی ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو**). جگە لەوە وەك لە نزیکەوە ئاگاداربووم وەك لە دیوانەکەشدا هاتووە، مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو و لە بزووتنەوەی ئاشتیدا رۆڵی هەبووە.

دەبێ ئەو راستییە بڵێم کە عەونی تەنیا شاعیر نەبووە بەڵکو نووسەرێکی بەتوانا بووە و باکگراوەندێکی رۆشنبیریی باشی هەبووە و دەکرێ بڵێین ئەو رۆشنبیرییە لەناو شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە و لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەین.

کەواتە ئەو فاکتەرانەی ئاماژەمان پێکردن کاریگەریان لەسەر رێبازی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی و گیانی بەرگری و هەستی مرۆڤخوازیی شاعیر هەبووە و هەر ئەو فاکتەرانەش هانیانداوە کە ببێتە شاعیری شۆڕش و بەرەنگاری و مرۆڤێکی ئازادیخواز کە بە شیعر هەست و بیروباوەڕی خۆی بێ سڵمینەوە پێ دەربڕێ، لەم رێگە پیرۆزەدا قوربانی بدا و تووشی ستەم و بەندینخانە و دوورخرانەوە و دەربەدەری ببێ، کۆڵ نەدا، واتە لەناو شیعر و دەروونیشدا شۆڕشگێڕ بێ، بە پێچەوانەی ت.س ئەلیوت کە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو لەناو شیعرەکانیدا، بەڵام لە دەرەوەیدا مرۆڤێکی کۆنخواز و پاشاخواز و کڵێسەخواز بوو، وەك خۆی ساڵی ١٩٢٨ راشکاوانە وتوویەتی "خۆی (کلاسیکییە لە ئەدەبدا و پاشاخوازە لە سیاسەتدا و ئینگلوکاسۆلیکییە لە شیعری ئاینی دا)"

## عەونی سەرەتای شیعری بە کوردایەتی دەستپێکرد:

لە پێشەوە ئاماژەمان بە کارتێکردنی حاجی قادری کۆیی و نالی و هێمن کرد لەسەر (عەونی)دا، لێرەدا دەپرسم ئایە ئەم کارتێکردنە سەرسامبوونە بە شاعیر یاخود جێ پێی ئەوانە هەڵگرتووە و لاسایی ئەوانی کردۆتەوە، دەبێ ئەو راستییە بدرکێنین کە سەرسامبوون شتێکی رەوایە و کارتێکردنیش لەسەرەتای شیعر نووسیندا بە خەوش نادرێتە قەڵەم، چونکە دەتوانین غەزووی رۆشنبیریش بە کەوتنە ژێر کارتێکردنی کەسانی تر ناوبنێین، ئەو کارتێکردنەش "توانای ئەدەبی و هونەریی ئەدەب، هەڵناوەشێنێتەوە و بەخششە سەلمێنراوەکانی ئەمڕۆ کە لەسەر بنەرەتیاندا

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە نوێیەکان بنیاتنراون، کارتێکردنی نووسەران و ئەدەبیات ڕەسەنایەتیی نووسەر لەناو نابات، بەڵکو وادەکات کە گەشەی پێ بدات"

بۆ نموونە کە عەونی چەند دێرە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی لەگەڵ چەند دێرە شیعرێکی خۆی تێکهەڵکێش دەکا توانای بەهێز و پێزی خۆی دەنوێنی و ڕەسەنایەتیی خۆی دەسەلمێنێ، خۆ ئەگەر بە وردی و قووڵی سەیری یەکەم هۆنراوەی بکەین کە بە ناوی (بۆ خاوەنی هاوار)ە و ساڵی ١٩٣٣ لە گۆڤاری هاوار دا بڵاویکردۆتەوە، ئەوکاتە تەمەنی (١٩) ساڵ بوو، بەڵام بە کەرەستەیەکی شیعریی تەواوی ئەو سەردەمە و بیروباوەڕی ئەو زەمانە هاتۆتە مەیدانی شیعر کە گیانی کوردایەتی تێکەڵ بە ئاین کردووە، بەپێی لێکدانەوەی مەتریالیزمی مێژوو نیشانەی پێکاوە و دین و دونیای بە یەکەوە بەستۆتەوە، کە ئاین بۆ چاکسازی مرۆڤ هاتووە و خزمەتی بکات، نەك مرۆڤ تەنیا خزمەتی ئاین بکات وەك هەندێ کەسی نەزان کە لە ئایندا نەگەیشتوون پێیانوایە کە دەبێ مرۆڤ تەنیا خۆی بۆ ئاین تەرخان بکا و چیتر نا، ئەوەتا عەونی ئەو ڕاستییە بە ڕاشکاوی وەك لاوێکی هۆشیار دەردەبڕێ و دەڵێ:

لەسەر شانی کەسێ ئیمکانی بێ جەهد بۆ وەتەن فەرزە
نەوەی ئاڵی بەدرخانی لە جێگەی حەزرەتی هەمزە
لەنێو ئەو میللەتە ئێوە ڕەشادتان بە سەت تەرزە
لە قەلبی میللەتی کوردی مەوقیعی ئێوە گەلێ بەرزە
بڵندتر سەد هەزار دفعە لە نەوشیروان و ئەیوانی

تەنانەت وردبوونەوەیەك لەم کۆپلە شیعرەدا شارەزایی شاعیرمان بۆ دەردەخات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژووی سەرەتای ئیسلامدا دەکات و بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەیی زیرەکانە تەوزیفلی دەکا، بۆیە ڕوودەکاتە جەلادەت بەدرخان کە هێما و سومبولی کوردە و جێگەی پشت پێبەستنە کە سەرکردایەتیی گەلی کورد بەرەو ئازادی و سەرفرازی ببات و پێی دەڵێ:

هەموو چاوەڕێی لوتفی ئەتۆن ئەم کوردە بێ چارە
فەلەك پابەندی کردوون بە زەهری قاتیل ئەم جارە
دەبا سەعی بکەین گەورە و بچووك مەردانە لەم کارە

**له سایەی بەزم و رەزمی ئێوە میللەت زۆر ئومێدەوارە**
**نەجاتی لێ لە پەنجەی دوژمنی بێ دین و ئیمانی**

ئەم هۆنراوەیە هەر چەندە یەکەمین بلاوکردنەوەی شاعیرە، بەڵام بەلای منەوە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە لە سنووری هەردوو یاسا شوێن و کاتدا دەرچووە، وەك بڵێی شاعیر بە خودی خۆی چۆتە شام و چاوی بە جەلادەت بەگی بەدرخان کەوتووە و راستەوخۆ لەگەڵی دواوە، "چونکە دەتوانین بە هێز لە یاسای شوێن دەربچین ئەگەر توانامان هەبێ یەکێتیی زەمەن بپارێزین و پێچەوانەکەشی راستە، هەروەها هەردوو یاسای کات و شوێن بسمین ئەگەر توانامان هەبێ یاسای یەکێتیی هەستیاری بپارێزین"

لە راستیدا ئەم هۆنراوەی شاعیر پەیامێکی نەتەوەییە کە ئاراستەی جەلادەت بەگی کردووە کە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پیاهەڵدانی جەلادەت بەگە کە کەسایەتییەکی کارامە و لێوەشاوەیە و لەو رۆژگارەدا دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ، بەشی دووەم بەرجەستەکردنی مەینەت و ژینی ژێردەستی و کڵۆڵیی نەتەوەی کوردە، بەشی سێیەم ئەو ئەرکەی کە بۆی دەستنیشان کردووە راپەڕێنێ. لەم رووەوە شاعیر راشکاوانە و راستگۆیانە هەستی پاکی کوردانەی بەگوتارێکی راستەوخۆیانە دەربڕیوە کە هەڵوێستەکە وا پێویست دەکا کە لێڵی و پەناوپێچیی تێدا نەبێ لە راستگۆیی دەربڕینی هەستی شاعیردا رەگەزێکی گرنگە، رۆماننووسی ناوداری مەزنی رووسی (١٨٢٨-١٩١٠) لە بارەی رۆمانەوە لە نووسینی بیرەوەرییەکانیدا نووسیبێتی کە رۆمان لە سێ رەگەز پێکهاتووە، کە (ناوەڕۆك و فۆڕم) و راستگۆییە و دەڵێ: گەر لەبارەی گرنگترینیان لێم بپرسن دەڵێم (راستگۆیی).

عەونی کە شاعیری شۆڕش و بەرەنگارییە نەخشەی ئازادی و سەرفرازی بە عەقڵێکی کراوە دادەڕێژێ و دەڵێ:

**هەتا یەك نەگرین ئازادی مەحاڵە**
**دەبێ بمرین لەژێ باری پەکو پوو**
**بەهێز دەشکێ و شکاوە کۆتی دیلیهەموو**
**زنـــــــجیر و بـــــەند دەپسێ وەکو مـــوو**

عەونیی شاعیر دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئیسلامبوونی کورد کە بڕوای بەو دینە کردووە بەپێی قورئان (إنما المؤمنون اخوە) کە ئیمانداران برای یەکن، بەڵام لەبەر تێنەگەیشتن و بیٚ هۆشی و نەزانی، هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی کوردستانیان بەلاوە ناوە، ئەوە لە کاتێکا (حب الوطن من الإیمان)ـە واتە خۆشەویستیی نیشتمان لە بڕواوەیە، کە فورموودەیەکی پێغەمبەرە، هەروەها دەفەرمویٚ (حب العرب إیمان فمن أحب العرب أحبني ومن أبغضهم أبغضني)، واتە خۆشەویستیی عەرەب ئیمانە، ئەو کەسەی عەرەبی خۆشویست منی خۆشویست، ئەوەی رقی لێیان بوو رقی لە منە، هەروەها (بنی الإسلام علی سواعد العرب) واتە ئیسلام لەسەر بازووی عەرەباندا دامەزراوە، مادامەکی ئەو فەرموودانە تایبەت بن بۆ عەرەب و ئیسلام دینی هەر نەتەوەیەکی موسوڵمان کە برا و یەکسانن بۆ کورد رەوا نەبیٚ کە نەتەوەپەرست بیٚ و خاکی کوردستانی خۆی خۆشبویٚ؟ ئایا عەونی شاعیری کورد و کوردستان مافی خۆی نییە کە نارەزایی دژی ئەو کەسانە دەربڕیٚ کە کوردایەتی و خۆشەویستیی کوردستانیان لا پەشمبیٚ و تەنیا خزمەتیان بۆ دینەکە بیٚ کە عەرەب و تورك و فارس نەتەوەی تر سوودیان لیٚ ببینیٚ و دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتیان لەژێر سایەیدا دامەزراند و کەوتنە گیانی نەتەوەی کورد ئەوەتا شاعیر دەڵیٚ:

لە رۆژێکی چوویە ژێر باری ئاین
لەبەر کەم هەستی، ئیمانت لەبیرچوو
وەهات زانی کە قەومییەت درۆیە،
دەبیٚ هەر مل بدەیتە نوێژ و رۆژوو
لەلات وابوو هەموو ئیسلام برایە
عەرەب بیٚ، کورد و فورس و تورك و هیندوو
کە ئێستا تێگەیشتی گشت درۆیە
هەموو بۆ خۆی هەڵی کرد قۆڵ و بازوو

بەڵیٚ ئەگەر سەیری هەندیٚ ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە و

خۆیان بە دەوڵەتی ئاینی لە قەڵەم دەدەن، لەژێر پەردەی ئیسلامیەتدا چۆن کەوتوونەتە گیانی کوردی موسوڵمان تەنانەت داوای کەمترین ماف رەوای خۆی کردبێ بە ئاگر و ئاسن تا رادەی جینۆساید وەڵام دراونەتەوە، کوا پەیرەوکردنی ئەو ئایەتەی قورئان کە خوا فەرموویەتی (والمؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر ويقيمون الصَلاة ويؤتون الزكاة ويطيعون الله و رسوله أولئك سيرحمهم الله إن الله عزيز حكيم)

لێرەدا دەپرسم ئایا ئەو ئیماندارانەی خوشك و برای غەیری کورد لە چ رۆژێکی رەشدا کە گەلی کورد بەدەست حکومەتە دیکتاتۆرییەکانی داگیرکردنی کوردستان تووشی هاتووە بوونەتە پشتیوانی و داکۆکیان لێکردووە، تەنانەت لەو کۆنگرە ئیسلامییانەی کە لە ئاستێکی باڵا دەبەستران رۆژێ لە رۆژان لە کوولەکەی تەریشدا باسیان نەکردووە تەنانەت شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستانی باشووریش تۆزقاڵێ ویژدانی نەجووڵاندن تا بڵێین بەڕاستی ئەو ئیماندارانە پشت و پەنای یەکترن و موسوڵمانی راستەقینەن، لەمەش زیاتر کە کورد بووەتە موسوڵمان لە نەتەوەکانی تر زیاتر پابەندبووە بەو دینە و کاری باشی کردووە بۆیە دەتوانم بڵێم چاکترین موسوڵمانی خێرخوازە، خودا لە قورئاندا دەفەرموێ (إن اللذين آمنو وعملوا الصالحات أولئك خير البرية).

ئەگەر چاکترین خوڵقاو نەبێ چۆن ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە ژمارەی مزگەوتەکانی مەککە و مەدینە زیاتر دەبێ؟!

هەروەها لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا جەخت لەسەر پەیوەندیی توندوتۆڵی موسوڵمانان دەکاتەوە، کە یەکتریان خۆشبوێ وەك چۆن خۆیان خۆش دەوێ لە فەرموودەکەك دەڵێ: (لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحبه لنفسه–أو قال لجاره ما يحبه لنفسه).

کوا ئەم خۆشەویستییەی برایانە بۆ یەکتری؟ بۆ دراوسێ، ئەی ئەوە نییە کە دراوسێکانمان بۆ دژایەتیکردنی مافەکانی گەلی کورد ئەگەر لەگەڵ یەکتردا ناتەباش بن دژی کورد تا بڵێی کۆك و تەبان، ئاخۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر پێرەو دەکەن کە دەفەرموێ (المؤمن للمؤمن كالبنيان، يشد بعضه بعضا).

واته ئەو ئیماندارانە ئەوەندە ڕێکوپێك و یەکگرتوون وەك ساختمانێك وایە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە، تۆکمە و پتەون، یان ئیمانەکەیان هەر بەناوە و ئەگەر ئیمانێکی ڕاستەقینەیە بۆچی دوژمنی خوێنینی گەلی کورد موسوڵمانی ئیماندارن و دان نانێن بە بچووکترین مافی سروشتی و ڕەوای کە بە سەدان ساڵە لێیان زەوتکردووە، بۆیە عەونی مافی خۆیەتی کەوا ڕوو بکاتە میللەتی کورد و هۆشیاری بکاتەوە و لەخەوی نەزانین ڕایدەپەڕێنێ کە ئاوڕێ لە مێژوو بداتەوە و سەنگینی و سەربەرزی و دەسەلاّت بە دەستبوونی میللەتی کوردی بێتەوە و بیرو پێی بڵێ:

برای کوردم بەسە تا کەی نەزانین
موتالاکە هەموو پەرتووکی مێژوو
ئەتۆش قەومێکی کۆنی ئاریایی،
ئەتۆش فەرمانڕەوابووی سەردەمی زوو
تەوژمی هێرشێکی توندی تۆ بوو
سوپای ئاشوور بە جارێکی لەناوچوو

ئەگەر بە وردی سەیری دێرەکان یکەین دەبینین، کە شاعر شارەزاییەکی باشی لە مێژووی کۆن و نوێی کورد هەیە، کە لە ڕۆژهەلاّتدا خاوەن گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتۆریەت بوو، کە دەوڵەتی میدیا بوو و توانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەناوببات کە تا بڵێی دڕندە و خوێنڕێژ بوو، لەم ڕووەوە (لینین) وتوویەتی: (کە دەوڵەتی میدیا ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتیی کرد).

هۆنراوەی (شەرمەزاری) بەردی مەحەکی ڕۆڵەی ڕاستەقینەی میللەتی کوردە کە گەوهەر جوامێری خۆی دەپارێزێ و لە مانای ژیانی سەربەرزی و جاویدانی دەگا و دوای مەرگی شوێنەوارێکی پرشنگی دیار بۆ خۆی جێدەهێڵێ، وەك شکسپیر وتەنی: (ناوی باش لە گەنجینەی دوێنێ باشترە) لەم ڕوانگەیەوە عەونی جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

هەر کەسێکی دژ بە گەل یان نیشتمان جووڵایەوە
کۆچیکرد ڕۆیی لە مێژوو ڕوورەشی بۆ مایەوە

ئافەرین بۆ ئەو جوانمەردەی لەژێن کۆڵێ نەدا
کردەوەی بەرزی لە دەفتەر یەك بە یەك خوێنرایەوە
ماڵ و دارایی جیهان هەرگیز بەرامبەر ناکرێ
وەك شەهادەت نامەکەی لاوێ بە خوێن نووسرایەوە
یادی سەربازێکی ون بوو لە کۆڕی جەنگدا
شاهیدی رێزگرتنە گۆڕ بە گوڵ رازایەوە

راستە وتراوە: "نرخی مرۆڤ لە مەرگەوە سەرچاوە دەگرێ" عەونیی شاعیریش ئەو راستییەی بەرجەستە کردووە کە مرۆڤ بۆ خۆی و نەتەوەکەی بژی، نەك بۆ سامان و بیانی پەرستی.

"نەوتی خۆمان" هۆنراوەیەکی بەجۆشی کاریگەرە کە دوو رەهەند لەخۆ دەگرێ، رەهەندی رەش و گەش، سەبارەت بە گەلی کوردەوە مایەی ستەم لێکردن و چەوسانەوە و مەینەت و نەهامەتی و ماڵ وێرانییە، بۆ داگیرکەرانی کوردستانیش هۆکاری خێر و بێر و دەوڵەمەندی و بەهێزبوونە.

شاعیر لەم شیعرەدا واقیعەکە بەرجەسەتە دەکات و دەڵێ:

نەوتی خۆمانە گڕی گرتووە دەمسوتێنێ
ئاوی خابوور و فورات، هاتووە دەمخنکێنێ!
دەستی ناگاتە سەرم هێندە بڵند وەستاوم
بەردی ئەڵوەند و حەسارۆستە سەرم دەشکێنێ
کوڕی خۆم وا چەکی هەڵگرەتووە دژم وەستاوە
هەر برای خۆمە لەبۆ دوژمنێ دەمترسێنێ

لە کۆتاییدا دەڵێ:

بەسە دەس هەڵگرە لەو من منۆکێ و پولەکییە
بیر ئازادی بکەوە ئەو کە مرۆڤ دەژیێنێ
سەیری مێژووکە کە سەربەستی چۆن دەسدەکەوێ
گـــــەلێ ئـــــازادیی بوێ خوێنی لەرێی دەڕژێنێ

**که لەم هۆنراوەیەدا ورد دەبینەوە چەند لایەنێکمان بۆ روون دەبێتەوە، نەوتەکە موڵکی کوردە کەچی ناپاکیی لێ دەکات و دەیسوتێنێ، شاعیر بۆتە دەمامکی گەلی کورد و نەوتەکەی کەرکووك بووە، هۆی ئەوەی کە پەیمانی سیڤەر بکرێتە پەیمانی لۆزان و ئەو مافانەی کە بە کورد درابوون پێشێل بکرێن، تەنیا ئەوە نا بەڵکو ئاوی خابوور و فوراتیش کاری دوژمنانەی خۆیان دەکەن، هەرچەندە سەرچاوەکەیان کوردستان، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی داگیرکەرانن بۆ مەبەستی تایبەت بۆ خۆیان بەکاریدەهێنن، هەرچەندە دوژمن بەهێز بێ و دەستی درێژ بێ ناگاتە ئەو ترۆپکەی گەلی کورد لەسەر وەستاوە، بەڵام بەداخەوە هەر کوردە خۆ خۆرەکەیە بۆتە جاش و چەکی ناپاکی دژی میللەتی خۆی هەڵگرتووە و بۆتە چڵکاوخۆر بۆ پارە و پوول خۆی فرۆشتووە، لەکاتێکا وەکو شاعیر دەڵێ "بیری ئازادی بکە ئەو کە مرۆڤ دەژیێنێ" لێرەدا شاعیر لەگەڵ (حەزرەتی مەسیح) یەك دەگرێتەوە کە دەڵێ "مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی".**

**خۆ ئەگەر لەرووی رەوانبێژی و روونبێژییەوە سەیری هۆنراوەکە بکەین دەبینین شاعیر وشەی نەوت و ئاوی بەکارهێناوە کە دژ بە یەکن کە (طباق ئیجاب)ە، هەروەها (دەمسوتێنێ-دەمخنکێنێ) هەروەها، بەکارهێنانی (دەستی ناگاتە سەرم) ئەم شێوازی دەربڕینە شێوازی روون بێژییە، خواستنەدی شاردراوەیە، بە کەسایەتی کردنی ئاوە کە دەستی مرۆڤی پێ بەخشیوە.**

**(کوڕی خۆم وا چەکی هەڵگرتووە دژم وەستاوە) مەبەستی شاعیر جاشە، واتە دەرکەیە، (پێکەنین-گریان) هاودژن.**

**بە شۆڕبوونەوەیەکی قووڵ دەگەینە چەند ئەنجامێك کە: شیعرەکە هەر لە سەرەتاوە بە هونەری جوان (بەدیع) و روونبێژی "بیان" دەستپێدەکات، واتە هەردوو جەمسەر بەتایبەتی روونبێژی کە وێنەی شیعر پێکدێنێ، جۆرە سیحرێك دەخولقێنێ، کە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە و دەڵێ "إن من البیان لسحرا"، واتە لە روونبێژی سیحر هەیە، بۆیە "ئەوپەڕی کە مرۆڤ بتوانێ لە مەسەلەی بەتیۆرکردنی سرووشتی شیعر و کرۆکەکەی-ئەگەر کرۆکی هەبێ-کە بیگاتێ ئەوەیە کە سەر بە ئیستاتیکایە".**

هەروەها حیکمەتی تێدایە کە مرۆڤ فریوخواردوو خۆفرۆش نەبێ و دەس لە کاری خیانەت هەڵگرێ، شیعریش ئەو حیکمەتە بەخۆ دەگرێ کە پشت بە عەقڵو لۆجیك دەبەستێ بۆیە فەرموودەی دووەم جەخت لەسەر حیکمەتی شیعر دەکات و دەڵێ: "وإن من الشعر لحكمة" واتە لە شیعردا پەند هەیە.

شاعیر لە سەرەتادا کە بە نەفەسێکی ئاینی هاتووەتە ناو جیهانی شیعرەوە، بەڵام لە رووانگەیەکی عەقلانیی رووناکبیرانە بیر و باوەڕی خۆی دەردەبڕێ و زیرەکانە رەخنە لەو عەقڵە دینییە دەگرێ کە رێگرە لە پەسەندکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد و سەندنیان و بەرە بەرە بەگیانێکی شۆڕشگێڕانە و بەرگریکردن هەنگاو دەنێ و ئەم گۆڕانکارییە هەر زوو لە شیعرەکانیدا رەنگ دەداتەوە، ئەوەتا ئەم راستییە لە وتوێژی لاو و پیردا بەدی دەکەین کە لە کۆتایی هۆنراوەکەدا لاوکە دەڵێ:

ئەی مامە ئەی تاجی سەرم
منیش وەك تۆ قوڕبەسەرم
لە خاکی خـۆم دەربەدەرم
دەچـــێژم دەردی هەژاری

مامە پیرەش موژدەی شۆڕشی پێدەگەیەنێ و پێی دەڵێ:

رۆڵە گیان زۆری نەمــاوە
شۆڕشێکــــــە بەرپاکراوە
لاوی کورد بڕیـــاری داوە
بۆت بێنن موژدەی رزگاری

(خەون و خەو) کە شاعیر ساڵی ١٩٨٥ دایناوە لە بەعەرەب کردنی کەرکووك دەدوێ، هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتییەوە بە تەعریبکردنی پارێزگای کەرکووك دەستیپێکردووە.

لەو رۆژگارەی کە حکومەتی پاشایەتی زەویی بەسەر عەرەبی هاوردە دابەش دابەشکرد و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، هەرچەندە ئەوەی کە شاعیر دەیگێڕێتەوە خەونە، بەڵام خەونەکە رەنگدانەوەی واقیعی هەستپێکراوە، کچە کەرکووکیەك لە

واقیعی کۆنی کوردی سەردەمی بوونی دیار و مۆرکی کوردستانی کەرکووك و بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی بەعەرەبکردنی دەکات و مەینەت و نەهامەتییەکانی ژێر دەسەلاتی رژێمی دکتاتۆری باس دەکا، بەلام موژدەی دەدرێتێ و پێی دەگوترێ:

**وامەزانن نەتەوەی کورد کە لەتۆ بێ خەبەرن**

**هێندە ئارامبە هەتا بەم زووە یـــەکتر دەگرن**

وەکو وتم خەون و رەنگدانەوەی واقیعە، خەونیکیش رەگی لە زەمینەی واقیعدا قووڵ رووچوبێ هەر دەبێ ئەو خەونە بێتە دی، ئەی ئەوە نییە کە کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣ دەنگی لە هەموو پێکهاتەکانی تری کەرکووك زیاتر هینا، ئایا ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە کەرکووك پارێزگایەکی کوردستانییە وێڕای دڕندەترین شێوازی بەعەرەبکردن و کۆچپێکردنی زۆرە ملێ و گۆڕینی پێناسی نەتەوەیی و هەوڵی حکومەتی ناوەندی دوای لەناوچوونی ساڵی ٢٠٠٣ بە خۆدزینەوە لە پەیرەوکردنی مادەی ژمارە (١٤٠). کەرکووك کوردستانێتیی خۆی سەلماند بە کوێرایی چاوی دوژمنانی کورد.

شاعیر کە باسی ژانی گەلی کورد دەکا کە دەرمانی گەرەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەرمانەش لای پزیشك نییە و دەرمانێکیش نییە کە لەدەرمانخانەکاندا دەستکەوێ، بەڵکو دەرمانێکی تایبەتە هەر لەناو گەلی کورد هەیە کە تا ئێستا نەیزانیوە و نەیدۆزیوەتەوە و بەکاری نەهێناوە، شاعیر دەستنیشانی دەکا و پێیان دەڵێ:

**یەکبوون چاکترین دەرمانە**

**ئەو دەرمانەش لای خۆمانە**

**دەرچوون لە دەستی بێگانە**

**هەڵدەگرێ ئەم دەرد و ژانە**

هەڵبەت کە ئەم یەکگرتنە پێکهات، جۆش و خرۆش و هەوڵ و خەباتی دەوێ و بەر لە تێهەڵچوونی خەبات دەبێ رۆڵەکانی گەلی کورد بەڵێن بدەن و پەیمان ببەستن وەك شاعیر دەڵێ:

**سوێندم بەم نیشتمانە**

**بە تینێکی مـــەردانە!!**

تا گیان مابیّ له لەشم

له کردەوەت هاوبەشم!

تاکو ئەو رۆژەی دەمرم

دەست له خەبات هەڵنەگرم!

لـــــەگەڵ لاوانی نەبـــــەرد

بگەڕێم له دەشت و هەرد

ئەو به چەك من به پێنووس

تا دەگەینە چارەنووس

رۆشنبیران نەخشە شۆڕش دادەڕێژن قەڵەمەکانیان دەبنە چەکی رێنمایی شۆڕش و تفەنگەکانی پێشمەرگە قارەمانەکان ئاگر له جەرگی دوژمن بەردەدەن، هەڵبەت هیچ شۆڕشێکیش سەرناکەوێ ئەگەر قەڵەم و تفەنگ باوەش به یەکتردا نەکەن، ئەو شۆڕشەش پێویستی به سەرکردەیەکی داناو توانا و دلێری وەك کاوەی گەرەکە کا شاعیر بۆ دەگەڕێ و ئاخ بۆ بوونی هەڵدەکێشیّ و دەڵیّ:

ئـــــای بۆ کـاوەیه، وەك کاوەی نەمر

بیـــّته مەیـــــــدانیّ نەبەرد کـــتوپڕ!!

به دەستیّ ئاڵا، به دەســـــــتیّ کوتەك

بــه بـیر و بڕوا بــه هێزی مـەچـــــەك

هەموو هێزی گەل یەك رەنـگ یەك بڕوا

بەرەو ئـــازادی و رزگـــــاری بـــــڕوا

بێگومان کاروانی کورد که بەرەو ئازادی هەنگاو دەنیّ، وەك کاروانی گەلانی ئازادیخواز:

له زۆر مەڵبەند و له ریّ گوزارا

چەندان سەرداریّ کران به دارا

بـــــەڵیّ هەزاران رۆڵەی دلێری

پیر و جوانی وەك بەچە شیری

قەڵاچۆ کران یان لە زیندانا
مردن و بێبەش بوون لە ژیانا
لەگەڵ ئەم هەموو ئێش و ئازارە
سووتان و خنکان، بەندی و قەنارە
دەم بە دەم خۆشتر هەنگاو هەڵدەگرن
ناوەستن ڕێگای دوور و سەخت دەبڕن
لەم کاروانەی کورد ناوەستێتەوە
تا سەربەست نەبێ ناوەستێتەوە

شیاوی ئاماژەپێکردنە کە بەردەوامبوونی خەبات قوربانیدانی دەوێ، خوێنی شەهیدان ڕێگای ئازادی تەخت دەکا، بۆیە شاعیر ڕوو دەکاتە شەهیدانی نەمر و پێیان دەڵێ:

ئەی شەهیدانی ڕێگای نیشتمان
خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان
لە ڕێی ئازادی و سەربەستی ژیان
لەبیر ناچنەوە بەدرێژیی ژیـــــان
مێژوو دەنووسێ یەك یەك ناوتان

ئەم جۆرە گوتارە، مۆرکێکی عەقلانی بەخۆ دەگرێ، کە مرۆڤی شەهید هەمیشە زیندووە و لە دڵ و دەروونی میللەتدا دەژی و مایەی سەربەرزی و سەرفرازیی نەتەوەیە، لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکی هاندانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردە کە لە پێناو ئامانجە پیرۆز و باڵاکانی گەلی کورد دا گیانی خۆیان بەخت بکەن و مێژوویێکی شکۆمەندانە لە پێناوی ماف ڕەواکانی گەلی کورد بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار بکەن:

کوردە دەیەوێ ژینی ســـەربەستی
کوردە دەیەوێ نان و پێویـــستی
کوردە دەیەوێ دەرچی لە پەستی

**کوردە دەڕژێنێ خوێن بۆ مەبەستی**
**بـــمرێ ئیستـیعمــار کۆنـــەپەرستی**

ئەم ئامانجانەش هەرگیز ناسەنرێن، بە یەکێتی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی عیراق نەبێ کە بە تەواوی هۆشیار بووە، کە سیاسیەتی ئیمپریالیست (فرق تسب) ریزە پتەوەکانی تێك نادا، هەر ئەو یەك ریزی و برایەتی و تەبایی و هۆشیاری سیاسیە بوو کە هەموو گەلانی عیراق لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دا بە جارێ راپەڕین و پەیمانی پۆرتسمۆس ی نێوان "سالح جەبر و بیڤن"یان هەڵوەشاندەوە و دەبینین روو دەکاتە ئیمپریالیسمی بەریتانی، کە میللەت هۆشیارە و دەڵێ:

**خەیاڵت پووچە دوێنێ بەسەرچوو**
**میللەت تێگەیی فڕوفێڵی توو**
**عەرەب و کورد و مەسیحی و جوو**
**هەموو یەك نیاز یەك بیر و یەك روو**
**سەفیان بەستووە بە یەك ئارەزوو**

ئەم یەك ریزی و برایەتییە پتەوەی نێوان هەموو پێکهاتەکانی عیراق لە شارێکی شۆڕشگێڕی (کۆیە)دا رەنگیان دابۆوە، کە مایەی سەرسوڕمان و سەرسام بوون بوو، من ئەو دیاردە درووستەم بە چاوی خۆم بینی کە چۆن گردبوونەوەیەکی جەماوەریی رێکخراو یەکەمین جار لە مزگەوتی گەورە (مزگەوتی هەینی) دەستی پێکرد و (موسوڵمان و مەسیحی و جوو) ئامادەباشیان هەبوو، شیعر و وتار لەلایەن کەسانی ناوداری کۆیە بە هەموو ئاینەکانەوە لە مزگەوتی گەورە لە کڵێسا لە کەنیشتە پێشکەش کران، ئەوکاتە من تەمەنم ١٠ ساڵان بوو هێشتا کۆپلەیەك لە شیعرەکەی کاك (عەونی)م لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە وتی:

**ئیتر بەسیەتی فکری عونسوری**
**بوو بە قسەی کۆن سوننی و جەعفەری**
**یەکێتی عیراق بە موختەسەری**
**پێکهات بە خوێنی رژاوی بەری**

**لەناو خوێندنەوەی شعر و وتاردان دا کە باسی بارودۆخی کوردستان و عیراق کرا، عەونیی شاعیر بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد "میسالتان بۆ بهێنم عێلی بارزان" بەڕاستی ڕاپەڕینی کانوونی ساڵی ١٩٤٨ مێژوویەکی گەش و پڕشنگی لە مێژووی گەلی کورد و عیراق تۆمارکرد، کە زۆر گرانە کە مێژوو جارێکی تر خۆی دووپات بکاتەوە و تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیان سەرتاپای عیراق بگرێتە باوەش و فکری تایفەگەری و ناکۆکی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بە روورەشی گۆرەپانەکە چۆڵ بکا.**

**لە هۆنراوەی (گەشتێك)دا شاعیر خاسیەتی مرۆڤێکی بەتەمەنی خاوەن ئەزموون بە دارەکە دەبەخشیٚ وەك دەمامك کە خۆی درەختەکەیە و کەسایەتییەکی دانا و زانای پێداوە و لە ڕێگەی دایەلۆژێکی هێمنانە زۆر ڕووداوی مێژوویی گرنگ و پڕکارەسات و قارەمانێتی رۆڵەکانی گەلی کورد دەگێڕێتەوە، ئەم پانۆرامایە گرنگییەکی مێژویی هەیە وەك کارێکی بیرخستنەوەیەك کە کورد چۆن ڕووبەڕووی داگیرکەرانی کوردستان بۆتەوە و کردوونی بە پەندی زەمانە، داڕشتنی ئەو هەموو زانیارییانە بە شێوەیەکی چڕ لە قاڵبێکی شیعر ئامێزدا نیشانەی ئاگاداربوونێکی تەواوی مێژووە کە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی زۆر و قووڵدا دەستکەوتووە، بۆ نموونە ئەگەر کتێبی (ئەنا باس)ی نەخوێندبێتەوە و ورد نەبووبێتەوە نالیٚ:**

**دە هەزار سەربازی لەشکری یۆنان**
**لەگەڵ گەزنەفوون هاتنە کوردستان**

**ئەوە لە کاتێکا (أفرام منێور) کە کتێبەکەی کردۆتە عەرەبی کوردستانی بە وڵاتی فارس داناوە کەچی هەر لەناو کتێبەکەدا نووسراوە (بلاد قردا)، کە کافەکە کراوەتە قاف واتە وڵاتی کوردان، ئەمە ئەگەر شێوانی حەقیقەت نەبیٚ دەبیٚ چی بیٚ؟!**
**وێڕای ئەو هەموو هێرشە دڕندانەیە دوژمنانی کورد بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و بەرگری لە کوردستانا بە درێژایی مێژوو، ئێستاش هەرەشەکان بەردەوامن، بەڵام:**

**خەیاڵیان خاوە کورد ناتوێتەوە**
**چــــەرخ بەرەو دوا ناسوڕێتەوە**

لە شیعری (کاوەی سەدەی بیستەمین)دا کە باس لە ئاگر دەکا و دەڵێ:

**چوارسەد ساڵ لەپێش کاوە**
**کە ئاگر هەڵکراوە**
**هێزی یەزدان پەرستی**
**زاڵ بوو بەسەر خوای پەستی**
**ئاگر ئەوسا هەڵکرا**
**بانگی سەربەستی درا**
**لەوسا ئاگر یەکجاری**
**درووشمە بۆ رزگاری**

شاعیر لەم شیعرەدا سەردەمی دەوڵەتی میدیا و ئاینی (زەردەشت)مان بۆ روون دەکاتەوە کە خواوەندی رووناکی (ئەهرامازدا) زاڵبوو بەسەر خوای تاریکی (ئەهریمەن) کە دوو سەد ساڵ بەر لە شۆڕشەکەی (کاوەی ئاسنگەر) ئەو ئاگرە کە هێمای ئازای و سەرفرازییە کراوەتەوە، نەك وەك کەسانی تێنەگەیشتوو کە کردنەوەی ئاگر لە رۆژی نەورۆزدا بە ئاگرپەرستن ناودەبەن و دینی زەردەشتی بە-ئاگرپەرست-مەجوس تێدەگەن، کەچی (ر.س زهنێر) پرۆفیسۆری ئاینەکانی رۆژهەڵات لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المجوسیە الزرادشتیە)-الفجر-الغروب کە-دکتۆر سوهێر زەکار کردووتیە عەرەبی و پێشەکیی بۆ نووسیوە، لە لاپەرە ٣٤٤دا هاتووە کە ئاینی زەردەشتی دانی پێدا دەنێ کە خودا خێری گشتییە و بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان خراپەی تێدا نییە، چاکی خودایی راستگۆییە، ئەویش خێری مرۆڤ و بەختەوەرییەکەیەتی.

لەم روانگەیەوە کە ئاینێك بڕوای بە خودا بێ کە خێر و بێر و چاکەیە چۆن ئاگر دەپەرستێ و بەشدار بۆ خودا پەیدا دەکا، بۆیە ئاگر پەرستەکان بە مەجوس ناودەبرێن، خاوەنی ئەم باوەڕپێکردنە لادانە لە ئاینی راستەقینەی زەردەشتی، نووسەری کتێبەکەش دەرکەوتنی ئاینی زەردەشتی و گەشەکردنی بە "بەری بەیان" و "رۆژئاوابوون" لەقەڵەم دەدا واتە رووی گەش و کز بوونی ئاینەکە و لەرێ لادانی لەلایەن کەسانی ترەوە کە پەیوەندییان بە ئاینی زەردەشتییەوە نییە دەگەیەنێ، کە

بەلای کەسانێ کە ئاگایان لە حەقیقەتی زەردەشتییەوە نییە، ئاگرپەرست بە زەردەشتی تێدەگەن بۆیە لە راستیدا ئاگرکردنەوە نیشانەی دەرچوونە لە تاریکی و هێمای رزگای و سەرفرازییە، ئەی ئەوەنییە بالاترین شاعیری شیعری ئازاد (عەبدولوەهاب بەیاتی) ئاگر بە سومبولی ئازادی لە هۆنراوەی (تەمموز)دا لەقەڵەم دەدا و دەڵێ:

الشمس في مدينتي تشرق

والأجراس

تقرع للأبطال

فستقيضي حبيبتي

فإننا أحرار

كالنار

كاعصفور

كالنهار

واتە:

خۆر لە شارەکەم دا هەڵدێ و

زەنگ بۆ قارەمانان لێدەدرێ

ئازیزەکەم هەڵسە لە خەو

ئێمە ئازادین

وەك چۆلەکە

وەك رۆژ

ساغکردنەوەی مانای ئاگر کە عەونیی شاعیر بە رەمزی رزگاریی دادەنێ و ئاگرکردنەوەکە هەر لە سەردەمی زەردەشتییەکانەوە کە کراوەتەوە دەرچوون بووە لە ژیانی تاریکی و گومڕایی و پەیوەندیی بە کاوە و نەورۆزەوە نییە، بەڵام کورد کە شۆڕشەکەی کاوە بە رۆژی ئازادی و رزگاربوون تێدەگەن و لەم رۆژەدا ئاگر دەکەنەوە، ئەم ئاگرکردنەوەیە بە گۆڕانی ئاووهەوای سروشتی کوردستان و سەری ساڵی کوردی

و رۆژی نویٚ و له هەمان کاتدا به جەژنی ئازادی له قەڵەم دەدەن و شاعیرێکی وەکو عەبدولوەهاب بەیاتیش ئاگر به ئازادی له قەڵەم دەدا، نابیٚ ئەوەشمان لەبیر بچیٚ که ئاگرکردنەوە له شەودا لەلایەن عەرەبە چۆڵنشینەکانەوە نیشانەی ئاوەدانی و پێشوازی لێکردنی ڕێبوارەکانی بیابانه که روو لهماڵەکانیان بکەن بۆ میوانداری، خەنسای شاعیری سەردەمی جاهلی که ستایشی براکەی (ێخر) دەکا و دەڵیٚ:

وإن صخرا لتأتم الهداة به

كأنه علم في رأسه نار

واته:

ڕێبواران مەبــەستیان صەخرە

وەك بڵێی بەیداغە ئاگری لەسەرە

لەکاتی خۆیدا له شوێنی بڵند ئاگر دەکرایەوە و (عەلەم) به عەرەبی واته شوێنی بەرز، چیا، مناره، سەروەری نەتەوە، خۆ له کوردستانیش له سەردەمی حکومەتە دیکتاتۆریەکانی عیراق به شەو لەسەر چیا و گردە بەرزەکاندا ئاگری نەورۆز دەکرایەوە، ئێستاش هەر بەو شێوەی پێشوو.

شاعیر ئەم ئاگرە به ئاگرێکی جاویدانی و هەمیشه بەردەوام دەزانیٚ تا:

له کوردستانی بەرین

کاوەی سەدەی بیستەمین

کاوەی نەمر بارزانی

ئالآی خسته سەر شانی

شۆڕشێکی بەرپا کرد

مافی کوردی داوا کرد

تا له کۆتایی دا دەڵیٚ:

١١ی ئادار و نەورۆز

دوو جەژنن هەردوو پیرۆز

نامرن ئەو دوو ناوە

یەك بارزانی یەك کاوە!!

عەونی وەکو شاعیری خەباتکار و شۆڕگێڕ، خۆڕاگر و کۆڵنەدەر خۆی دەنوێنێ، هەرچەندە بەم هۆیەوە بیروباوەڕی کوردایەتی و هەڵوێستی جوامێرانەی چەند جارێك تووشی گرتن بووە و ساڵی ١٩٦٢ بۆ بەندینخانەی (نوگرە سەلمان) دوورخراوەتەوە، بەڵام لەڕێی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لاینەداوە و بەردەوام بووە، لە شیعر و لە سەردەمی (عبدالکریم قاسم)دا بە کەسێکی سەر بە شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١، لەقەڵەم دراوە، بەڵام دوای دەرچوونی لە بەندینخانە نەگۆڕاوە چونکە وەك زمانحاڵی خۆی دەڵێ:

**من بەڵێنم داوە تا ماوم بە سەربەستی بژیم**
**گەر سەرم بڕوا لە ڕێدا قەت لەژێر پێ ناکەوم**
**ئاشنا گەر نەمکوژێ ترسم نییە نا ئاشنا**
**با هەمیشە گوللە بارانم بکا پێی ناکەوم!!**
**خۆشە نەمرم تاکو ڕۆژێ خۆم بە سەربەستی دەدی**
**بشمرم باکم نییە ئەوساکە شوێن سوێ ناکەوم**

کە شاعیر بە شیعر و هەڵوێستی بە کردەوە دژی ڕژێمی دکتاتۆری بێ، ترسی نییە کە ڕژێم چ جۆرە مامەڵەیەکی لەگەڵدا دەکات و بێباکە و ناترسێ "**شاعیر نەلەرزێ کاتێ پێیان وت تۆ یاخی، شیعر خۆی یاخی بوونە، شاعیر هەستی بە سووکایەتی نەکرد کە ناویان نا یاخی، ژیان بنیاتەکان و داڕشتەکان دەبەزێنێ و لەپڕ چەند ڕێچکەیەکی تازەی روح دێنە کایەوە، تۆیەکە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەبەزیتەوە، هەموو بیروباوەرەکان نامۆن، ئێمە هەموو ڕۆژ چاوەڕوانیی گۆڕانکاریی بێشومار دەکەین، بە گەرموگوڕی لە گۆڕانی سیستەمی مرۆڤایەتیدا دەژین، بەهار شۆڕشگێرە**" عەونیی شاعیر ئامادەباشیی خۆی لەناو شیعر و لە دەرەوەی دا سەلماندووە و شوێنی دیار و بەرچاوە چونکە "**پێویستە لەسەر شاعیر شوێنی خۆی لە شەقام و لە نەبەرد دا. هەروەها لە رووناکی و لە سێبەردا بگرێ**" لە راستیدا ئەم دیوانەی بەردەستمان نووسینێکی زۆر هەڵدەگرێ، کە لە خۆی دەدوێ گیانی شۆڕشگێڕی و کوردایەتیی راستەقینە لە دڵ و دەروونی خوێنەر دەوروژێنێ کە نموونەی دڵسۆزیی

گەلی کورد بن و سەنگەری شەرەڤ خەباتی پاك و بێگەرد نەگۆڕن، رۆڵەی کوردی وەفاداری کورد و خاکی کوردستان دەبێ وەك شاعیر بێ کە دەڵێ:

**من کە کوردم عیزەتی نەفسم ئەبەد لێم ناگەڕێ**

**خزمەتی بێگانەکردن لام شتێکی ئەستەمە**

**عەونی هۆشیار بوو نەکەوتە داو و بەندی رۆژگار**

**خۆفرۆشتن ئەمڕۆ زۆر باوە بەڵام نرخی کەمە!!**

لێرەدا ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیری شیعرە سیاسییەکانی شاعیر بکەین دەبینین بایەخێکی زۆری بە ناوەڕۆك داوە و شیعری ریالیستیش ئامانجی گەیاندنی بیروڕا و بۆچوونی شاعیرە و شیعر بۆ خۆی ناڵێ بەڵکو هۆشیارکردنەوەی رۆڵەکانی میللەتی کوردە و، ئەو جۆرە شیعرەش نرخ و بەهای خۆی هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر لەبنیاتنانی شیعرەکانیدا و پاراستنی یەکێتیی بابەتەکاندا لایەنی هونەریی بەلاوە ناوە، هەرچەند کە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك داوە چونکە وەك بلیخانۆڤ دەڵێ "بەهای بەرهەمی هونەری بە شێوەیەکی کۆتایی بەهای ناوەڕۆکەکەی دیاری دەکا".

دوای وردبوونەوەیەکی ورد لەو نموونانەی لەسەریان وەستام، بۆم دەرکەوت کە عەونیی شاعیر تەنیا خاوەنی بەهرەی شیعری نەبوو وەك هەندێ شاعیری کورد، بەڵکو خاوەن باکگراوەندێکی رۆشنبیرییەکی دەوڵەمەند و زمانێکی سفت و سۆڵ و پاراو بووە، زانیارییەکی باشی لە مێژووی کۆن و نوێی کورد هەبووە، ئەو زانیاریانە بە روونی لە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە، وەك (د. شەوقی چیف) دەڵێ "ئێمە نکۆڵی ناکەین کە شیعر لە بنەڕەندا بەهرەیە، کەچی ئەم بەهرەیە هێندە نابا کە لای خاوەنەکەی دەبێتە رەفتار و لێکوڵینەوەی درێژی داب و نەریت و زاراوەی پاشماوە لە مێژووی هونەردا و بە توندی خۆی بەم داب و زاراوانە دەبەستێتەوە لەوەی کە دایدەنێ و دەیکا، هەروەها (شیعر کارێکی سانا و سادە نییە وەکو زۆر کەس لەو باوەرە دان، بەڵکو کارێکی تا بڵێی ئاڵۆزە خۆی پیشەسازییە کە لە هەر زەمانێکدا کۆمەڵێك زاراوە و دابونەریت بەخۆ دەگرێ)". شیعریش هونەری وێنەکردنە بە وشە و کێش و ترپەی ناوەوە، واتا مۆسیقای ناوەوە، بۆیە دەبینین زۆر لە شیعرە

دڵداریەکانی کراونەتە گۆرانی، من کە لەم نووسینەمدا لە شیعرە شۆڕگێڕی و بەرگرییەکانی دەدوێم پێم وایە ئەم جۆرە شیعرانە بە مۆرکی تایبەتییان لە شیعری دڵداری جیادەکرێنەوە، چونکە شیعری هاندان و رێنیشاندان و چاندنی گیانی خەبات و شۆڕش گێڕییە لە دڵ و دەروونی رۆڵەکانی گەلی کورد دا وەك گۆتە دەڵێ "پێویستە شیعر هەمیشە فێرکار-موعەلیم-بێ بەڵام لەسەر مرۆڤ پێویستە بە خودی خۆی دەرسی لێ وەرگرێ هەروەك لە ژیاندا باوە".

بە هەڵە ناچم ئەگەر بڵێم عەونی وەك مامۆستا و رابەر شیعرەکانی بۆ میللەتی کورد تەرخان کردووە، هەرگیز لە دەربڕینی راستی بێدەنگ نەبووە و بەردەوام لە وێنەکێشانی رووداوەکانی سەردەمی خۆی و رووداوە مێژووییەکاندا بەردەوام بووە و شتی وروژاندووە وەك (لۆیس ئاراگۆن) دەڵێ:

بەس نییە کە بێدەنگ بی
لەسەرت پێویستە کە بزانی
چۆن شتێکی تر دەڵێی

**عەونی و هەستی مرۆڤخوازی:**

گومانی لەسەر نییە ئەو کەسەی کە دایك و باوك و کەسوکاری خۆیی خۆشنەوێ، میللەتەکەی خۆشی خۆش ناوێ، ئەو کەسە گەلانی ئازادیخوازیشی خۆش ناوێ و داکۆکی لە خەباتە رەواکەیان ناکا، هەروەك چۆن ئەدەبی جیهانی لە خۆماڵییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر بەم شێوەیەش خەباتی گەلانی شۆڕگێڕ یەکتر دەگرنەوە چونکە خەباتێکی هاوبەش دژی ستەم و چەوسانەوە و داگیرکەر دەکەن، عەونیی شاعیریش لە هەستێکی پاکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە شیعرە مرۆڤ خوازەکانی لەسەر شۆڕشی گەلانی ماف خوراو بە قسە دێ و شیعرەکانی دەکاتە چەکی بەرگری و زێرەڤانی، ئەوەتا لە شیعرەی (ڤییێتنام)دا کە مێژووەکەی ساڵی (١٩٦٩)یە سڵاو چەپکێك گوڵی سوور بۆ شۆڕشگێڕانی ڤییێتنام دەنێری و ستایشی قارەمانێتیان دەکا و دەڵێ:

ســـوپای داگیرکەر لە رێی بێدادی
ناوەستێ لـەرووی هێزی ئازادی
تا بە خوێنی گەش سوور نەربێ وڵات
هەرگیز ئەو گەلە ناگا بە ئـاوات

**مۆژدە بێ بڵێ زۆری نەماوە**
**زۆردار لە دەنگی گەلان ترساوە**
**چڵی زەیتون و کۆتری بێکاسۆ**
**مۆژدەی ئاشتی دەگەیەنن بە تۆ**

هەروەها نامەیەك بۆ فیداییەکانی فەلەستین دەنێرێ و دەڵێ:

**سڵاوی ئێمەی لە کوردستانا**
**لە بەرزترین لوتکەی کێوانا**
**بۆ برای فیدایی لە فەلەستینا**
**لە گەڵ خەباتی سەختی خوێنینا**
**هەموو ئازادیخوازانی جیهان**
**پشتیوانی تۆن وەك من بێگومان**
**دەست لەناو دەست کەین**
**پشت بە خوا بەستین**
**هەردوو عەودالی شوێن یەك مەبەستین**
**من بۆ کوردستان تا رزگاری دەبین هیچ رانەوەستین**

لەم شیعرەدا شاعیر خەباتی گەلی کورد و فەلەستین بە یەك دەبەستێتەوە و دەڵێ:

**تـۆ بۆ من برای منیش براتم**
**بۆیە رزگاریت بۆتە ئـاواتم**
**هیوای رزگاری گشت فەلەستینە**
**لەدەست سەهیونی پیسی لەعینە**

جارێکی تر هەستی خۆی بەرامبەر شۆڕشگێڕانی فەلەستین دەردەبڕێ، هەرچەندە شیعرەکە زمانحاڵی شۆڕگێڕێکی فەلەستینییە بەڵام رەنگدانەوەی هەستی دەروونی شاعیرە کە دەڵێ:

**ئەگەر داگیرکەران چەند خوێن بڕێژن**
**سزای بەدکاریی خۆیان دەچێژن**
**درووشمێکم هەیە من کۆڵنەدانە**
**هەتا سەرکەوتنم هەر بێ وچانە**

**خودا یار بێ بە یاریدەی برایان**
**بە سەرکەوتن دەبێ جەنگ بێتە پایان**

عەونیی شاعیر کە ئەو شیعرەی هێمن کە بە ناوی (ئەو دڵەی بێ خەم دەژی)ـە کردۆتە پێنج خشتەکەی و لەکۆتایی هۆنراوەکەدا دەڵێ:

**گیان لەڕێی پێشخستنی گەل، بۆیە وا من بەخت دەکەم**
**هیچ نەوەستاوم لەبۆ پێویست لە رۆژێ، هەست دەکەم**
**(عەونی) وەك (هێمن) لە مەیدانی ئاگرێ وا هەڵدەکەم**
**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك رەوشەن بکەم**
**کێ وەکو شاعیر لەرێی خەڵکا دەسووتێ شەم نەبێ**

ئەگەر بە وردی بیر لەو سێ دێرەی عەونی بکەینەوە، دەبینین کە هێمن لە نازم حیکمەت نزیك بۆتەوەوە کە دەڵێ: "ئەگەر من نەسووتێم و تۆ نەسووتێی، لەکوێوە رووناکی دەردەچێ بۆ رەواندنەوەی تاریکی"، ئاگرکردنەوەی هێمن و خۆ سوتاندنی بۆ رۆشنکردنەوەی جیهانی خەڵکە تا لە تاریکی دەربچن، واتە شیعرێکی سەر بە رێبازی رۆشنکارییە، بەڵام عەونی سنووری هێمنی بەزاندووە و ئاگرێکی وا هەڵدەکا، کە ئاگری بەرپاکردنی شۆڕشی ئازادی و رزگارییە وەك لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد.

**ئەنجام:**

وا دیارە کە عەونیی شاعیر هەر زوو هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی لا درووست بووە و وەك (حەمە بۆر–هۆشەنگ) لە دەمی (مەلا ئەسعەدی مەحوی)ـەوە باس دەکا و دەڵێ: ئەندامێکی چالاکی پارتی (برایەتی) بووە کە لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفید دامەزراوە و سێ بنکەی هەبووە و بە فەرمانی ئەو هەر بنکەیەك سەرۆکێك بەرێوەدەبرد کە "شێخ لەتیفی حەفید و شێخ لەتیفی دانساز و مامۆستا مەلا ئەسعەدی مەحوی" بوون بە دووری نازانم کە پەیوەندیی شاعیرییەتی نێوان عەونی و مەحوی رێخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی کە عەونی ببێتە ئەندامی ئەو پارتە و هەستی کوردایەتیی لا جوڵاندبێ وەك سەرەتایەك و لە دوای دامەزراندنی حزبی هیوا لە

سەرەتای چلەکانەوە بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە کوردە تێکۆشەرە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە بۆتە ئەندام تیایا، پێشتریش ئاماژەم پێ کردووە، هەر لە سەرەتای ناوەندی چلەکانەوە چەندین جار ئاشنای بەندینخانەکانی (کۆیە، هەولێر، کەرکووك، بەغدا، کوت، نوگرە سەلمان) بووە، ساڵی ١٩٦٣ بە خۆی و خێزانەوە تووشی دەربەدەری و ئاوارە بووە دواجاریش ساڵی ١٩٦٥ دوای شەڕ دەستپێکردنەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە بەندینخانەی هەولێر توند کراوە.

مرۆڤێك کە جیهانەکەی جیهانی خەباتی بێ وچان و شیعرە و خۆ رۆشنبیرکردن بێ، قاڵبووەی ژیانی راستەقینە بێ، ئەو رێبازەی بە هەموو قەناعەت و باوەڕەوە هەڵبژاردبێ چ هێزێك هەیە لەم رێگە پیرۆزە دا لای بدا و کۆڵی پێ بدا، کۆچی دوایی نەبێ؟!

ئایا ئەم بۆچوونەی "رەسول حەمزاتۆڤ" لەسەر شاعیری نەمر پەیرەو ناکرێ کە وتویەتی:

لە هەموو رێگەکاندا
دەتوانی بگەڕێیتەوە دواوە
تەنیا لە رێگەی ژیاندا نەبێ
کە دەڕۆی تا لەناوچوون

هەرچەندە کە عەونی ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەڵام نەمری و جاویدانی بۆ مایەوە چونکە لە و رێگەی بە ویست و ئارەزووی خۆی هەڵیبژاردبو لای نەدا، هۆیەکەی تریش لە دەسەڵاتی ئەو دا نەبوو، بە پێچەوانەی رێگەکەی خۆی کە دەیتوانی لێی بکشێتەوە، سووربوونیشی لەسەر ئەو رێگەیەی گرتبووی تا سەر بوو، روو بە روو بوونەوەیەکی راستەوخۆی دوژمن بوو:

من لە تۆ هۆشیارترم ئێستا دەزانم چیت دەوێ
بەد رەوشتیم فێردەکەی بۆ سودی خۆت لێت ناگرم
هەرچی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکە هیچ سوودی نییە
ئەم پرۆژەی خۆم مـەبەسـتمە دەستـی لێ هەڵناگرم

ئەگەر بەهای ژیان لە مەرگەوە سەرچاوە بگریّ، ئەوا عەونی ئەم راستییەی بەرجەستە کردووە کە وتوویەتی:

**عیزەتی نەفس و کەرامەت سەروەتن**
**ناوی چاکە مردوان زیندوو دەکا**

هەرچەندە کە عەونی دیوانە شیعریّکی گەورەی هەیە و وەك شاعیر ناسراوە، بەلاّم بەقەد قەبارەی شیعر و ئاستی رۆشنبیری و خەباتی بەردەوامی ئەو بایەخەی پیّ نەدراوە، خۆ ئەگەر لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (گەلاویّژ)دا کەسیّکی ناودار نەبووایە لە شاری کۆیە دا نەدەکرا بە باوەڕپیّکراوی گۆڤارەکە. ئەوە لە کاتیّکدا خاوەن کتیّبخانە نەبووە، هەروەها لە کۆنفرانسی یەکەم و دووەمدا کە لە شەقلاّوە دەبەستران بە ئەندامی لیژنەی زمان هەڵنەدەبژیّردرا، هەرچەندە کە چەند نووسینیّکی لەسەر شیعرەکانی بلاّونەکراوەتەوە و مامۆستا (ئومیّد عەزیز مستەفا) لەم دواییەدا ماستەری لەسەر شیعر و ژیانی وەرگرتووە[٢]، بەلاّم مافی خۆیەتی کە تیّزیّکی دکتۆرای لەسەر پیّشکەش بکریّ کە شیاوی شیعرەکانی و خەباتی بیّوچانی و کەسایەتییە رۆشنبیرییەکەی بیّ کە دەتوانم بلّیّم هیچ شاعیریّکی کورد نییە کە وەك عەونی کورتە ئینسکلۆپیدیایەکی رووداوە میّژووییەکانی کۆن و نویّ و ناودارانی کوردی لە شیعرەکانی دا بەو شیّوە شیعرییە ریّکوپیّکە بەرجەستە نەکردووە، کە شویّنەواریان بەرچاوە و ریّچکەی گەش و پڕ بەهای ژیانی عەونیشە کە ناوباشی و نەمریان پیّ بەخشیوە.

---

[0]- هەروەها خاتوو (بەهار عبدالجبار جامی) رۆژی ٢٠١٦/١٠/٣١ بڕوانامەی ماستەری لە (هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا).بەدەستهیّنا  کە پاشان لە سالّ ٢٠١٧ وەکو کتیّب بەچاپ گەیەندرا.

## عەونی: شاعیری بەرەنگاری و رامیاری[٣]

**رەهبەری سەید برایم**

شاعیری بەرزی رێی کوردایەتی، عەونی شاسواری نەتەوایەتی، قاڵبووی خەباتی ناو پارتایەتی، لە حزبی هیوا و رزگاری و برایەتی، بێ کۆڵدان، بەردەوام بێ وەستان، ئەوجا لە دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆشکراو، جۆشدراو، بە شعری حاجی قادری کۆیی، مەردی نەبەردی بەڕاستی کوردی، رێی سەربەخۆیی، لە سەرەتاوە، بە شعیری نەتەوایەتی هەنگاوی ناوە، لە ساڵی ١٩٣٣ شعری بۆ (خاوەنی هاوار) داناوە بە شعری نیشتمانی، بە وشەی جوانی، بە دڵسۆزی، بە هەستی پیرۆزی، چونکە لاوێکی کورد و کۆیی بووە لە ناخ و رەگ:

هەر ئێوەن خانەدانی موڵك و میللەت میر جەلادەت بەگ
هەر ئێوەن فەخری کورد ساحیبی عیززەت میر جەلادەت بەگ
لەپاش ئەو هەر ئەتۆی ئەرکانی دەولەت میر جەلادەت بەگ
ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میر جەلادەت بەگ
نەوەی شێری جزیرە و قارەمانی موڵکی بۆتانی!

لە ساڵی ١٩٣٥ جۆشی داوە، وەك هەنگی، شعری "ئەسلەحەی جەگی"، بێ منەتانە داناوە، لەو رۆژگار و زەمانە، بە گیانی شۆڕشگێڕانە، بە دەنگی دلێرانە و بوێرانە، بۆ راستی و بەڵگە بەم شعرە بانگی ویژدانتان دەکەم:

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتڵوعامی حاکمانی تورکیا و ئێران دەکەم
ناکەسێك نیم بۆ مەتاڵیب من لە رووی لافەوە
ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم
من لە رێگای سەربەخۆیی خاك و رزگاریی گەلم
گیانی قەوم و خوێشانم هەموو قوربان دەکەم

---

[٣]- گۆڤاری کەکۆن ژمارە (٢٩) تشرینی دووەمی ٢٠١٣.

عەونیی نەمر ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی بووە، لە پارتی واژۆی لەسەر بەئەندامبوونی (مام جەلال) کردووە، بەردی بناغەی پارتایەتی، لە سەنگەری کوردایەتی، عەونیی شاعیر رۆڵی گێڕاوە، لەسەر کوردایەتی و سیاسەت گیراوە، تالآنکراوە، دەرپەڕێندراوە، کۆشکە خۆشەکەی کراوە بە کەلاوە، دیوانە شعر و دەستنووسی سووتاوە، بەڵام هەرگیز نەبەزیوە و کۆڵی نەداوە، شعری نیشتمانیی بەهێزی داناوە، چونکە دەیزانی شعر چەکێکی کاریگەرە:

گەلێك کە رۆڵەی لە کۆڕی شەڕا
هەنگاو هەڵێنێ بەسەر سەنگەرا
بۆ سەربەخۆیی بە خوێنی ئاڵی
قەلآیێ هەڵێنێ لە کەللەسەرا
نامرێ ئەم گەلە هەر زیندوو دەبێ
سەرفراز دەژێ لەرووی مەحشەرا

گەر شعری ئەی شەهیدان، بخرێتە تەرازووی ویژدان، چۆن تین و تەوژمی شۆڕشگێڕانەی داوە بە رۆڵەی کوردان، لە مزگەوتی گەورە و کەنیشتەی جوولەکان، لە کۆیە ساڵ ١٩٤٨ گوتراوە، حەماسەتی خوڵقاندووە، کوورەی خەباتی پێ جۆشدراوە، چەند کاریگەر و بەسۆز بووە ئەو رۆژ و زەمان:

ئەی شەهیدانی رێگای نیشتمان
خۆتان بەختکرد کران بەقوربان
لەرێی ئازادی و سەربەستیی ژیان
لەبیر ناچنەوە بە درێژیی زەمان
مێژوو دەنووسێ یەك یەك ناوتان

عەونیی شاعیر گلەیی لێ ناکرێت بەقەد گەردێك:

ژێر هەر دارێك سەر هەر بەردێك
سوور بووە بە خوێنی کوردێك

بەم خوێنە وەها نووسراوە
بۆ ئازادیی کورد رژاوە

رۆژێك ئەم خوێنە لافاوی
دوژمن لول دەدا گەرداوی
مێژووی کوردمان کۆن و تازە
لاینەداوە لەو رێبازە

برادەران، وەفاداران، حەقی خۆیەتی جاریٚ لە جاران، یادی عەونی بکەین بە گوڵباران:

کۆچ بار کۆچی کرد بەرەو کۆساران
بنکە و بارگەیان خست لە نزاران
بەرەو هەورازی سەرکەوتن دەڕۆن
موژدەی سەربەستی دەدەن بە یاران

بە شعری جوان، بە دەنگی خۆش، دەروێژ عەبدوللای هێناوەتە جۆش:
عەونی بە مێوانی شعری جوان و کاریگەرت بم
قوربانی سوپا و عەسکەری دایم لە شەڕت بم

چونکە شاعیرێکی مەزن و بەهێز و ناسك خەیاڵە:

ئەم چیهرە گوڵە، سەر و قەدی لالە جەماڵە
چاوبازە کەمەر مامزە شیرین خەت و خاڵە
زوڵف شەوە، مەستی خەوە، لەنجەی کەوە، یارم
چاو ئەختەرە، رووی بەدرە، برۆی عەینی هیلالە

(جیهانم پشکنیوە) گوڵی شعرم چنیوە، لە باخی وێژەی کوردی، گەر بگەڕێی بە وردی، لە گوڵ دەستەی شوعەرا، لەناو ئەستێرە و چرا. لە شاران و دیٚ و دەشت (بە یەزدان و بە زەردەشت) دەگمەنە شعری عەونی، هۆنینەوەی وەك تەونی:

لەم کۆیە و لەو کوردستانە عەونی پڕ بەرهەمێکم بوو!

لەم کولبەیی ئەحزانە عەشقی سەنەمێکم بوو
لەم چۆڵ و بیابانە باغی ئیرەمێکم بوو

بە دەنگی خۆش خوانان و بەهرەداران، کە دەیڵێنەوە لەسەر زاران:

وەکو قومری لە باغ و جۆیە باران
لەبۆ سەروی قەدی شاهی نیگاران

ئاواز و گۆرانی شعر جوانتر دەڕازێنێتەوە، شعر لە موزیك دووربکەوێنەتە، دەپووکێتەوە، عەونیی شاعیر خەرمان بەرەکەتە، شعرە گۆرانییەکانی بەتام و بەلەزەتە، بۆیە لەسەر لێوی گۆرانیبێژان دەلەرێتەوە، عەونیی شاعیر لەژێر کاریگەریی حاجی قادری کۆیی و نالی و گۆران و هێمن گیرساوەتەوە،گەرچی چامە و غەزەلی جووانی هۆنیوەتەوە، بەڵام بە شێوەی نەتەوەیی دەستیپێکردووە، تا کۆتایی هەر ماوەتەوە، بەڵگەی شعرەکانییەتی ئەوەش ناوونیشانییەتی، لە شعری "خاوەنی هاوار" (١٩٣٣) تا شعری "یەکبوون" ساڵی (١٩٩٠) لە ڕێبازی کوردایەتی لاینەداوە، نەك هەر شاعیرێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بووە، بەڵکو وەرگێڕ و پەخشاننووس و نووسەر بووە، باوەڕپێکراوە گۆڤاری گەلاوێژ و ئاشتیخواز بووە، کتێبخانەی پڕ کتێب و جزدانی پڕ پارە و ژیانی پڕ بەهرە و خەبات بووە، ئەدەب و خەبات و کوردایەتی بە یەکجاری جوان کردووە، بە جوانیی بیر و جوانیی دڵ و جوانیی کرداری، تا کۆچی دوایی کرد کۆیەی بەجێ نەهێشت، گەرچی ئازار و دەردی زۆری چەشت، وەکو دەڵێن شاعیر ڕاستگۆترین مێژوونووسە! بۆ مێژوو عەونیی نەمر سەلماندی ڕاستگۆیە:

ئەگەر ڕاستیت دەوێ مێژوو درۆیە
هەموو ڕووداو و ڕابردوو درۆیە
بە چاوی خۆت دەبینی کارەساتێك
دەگۆڕێ پێچەوانەی هەر کاتێك
ئەوەی مێژوو دەنووسێ وەك بەڕۆژە
گوڵێکە تابعی سووڕانی ڕۆژە

چ پێناچێ جارێکی دیکە وەك عەونی، کۆیە و کوردستان بێتەوە خەونی! وەك حاجی قادر و نالی وەك ئەوان بێ هەونییە، بەڵام عەونیی شاعیر عەونییە:

هات فیستیڤاڵی عەونی بەزم و دیلانە لەکێیە
چەپکە گوڵ بوو گۆڕەکەی وەنەوشە و شیلانە لەکێیە
کوا پەیکەر و ناوی لە کام مەیدانە لەکێیە
ئەدی نامەی دکتۆرا لە زانکۆ و قوتابخانە لەکێیە

شەو رۆیی ئەدی عاشقی جانانە لەکێیە
تەماشای عەونییەکەی من کەن سوپاسالاری خوبانە

# بۆ مێژوو
## عوسمان عەونی وعەبدوڵڵا گۆران

قوبادی جەلی زادە

(گۆران،
شەکەت و ماندوو بوو
لەکۆیە لایدا.
لەکانیاوی "جیهانم پشکنیوە،
مەتارەی خەیاڵی پڕ کرد.
کە گەیشتەوە سلێمانی،
شیعرێکی تازەی نووسی و
ناوی نا"
"لەژێر ئاسمانی شینا " )

قوباد

واتیدەگەم ساڵ، ساڵی ١٩٧٣ بوو، ئەو دەمە خوێندکاری قۆناخی یەکەمی کۆلێژی قانونی زانکۆی بەغدا بووم. بۆ پشووی هاوینە هاتبوومەوە کۆیە. دەمەو عەسرێك لە محەلەکەی بابم، لەخزمەت بابم وماموٚستا مەجیدی شێخ نووری جەلیزادەو مێژوونوس ماموٚستا تاهیر ئەحمەد حەوێز– روحییان شاد – دانیشتبووم .زۆری نەبرد کاك عوسمان عەونیش تەشریفی هێنا، ئەوساکە محەلەکەی بابم و محەلەکەی کاك عەونی بەتەنیش یەکەوە بوون.

کاك عەونی سەیرێکی منی کردوو گوتی: هەتاوی بەغدا رەشتالەی کردووی ئیستا زیاتر لە کورە کەرکووکی دەچیت، نەك کورە کۆیی.

بیرم نەماوە چ وەڵامێکی کاك عەونیم دایەوە، تەنیا ئەوەندەم لەبیرە کە سوور هەڵگەڕام و شەرم دایگرتم، ئاخر بۆ من ئاسان نەبوو، لەو تەمەنەدا، لەبەردەم ئەو کەسایەتیە ناسراوو بەناوبانگانەی کۆیە دەم بکەمەوە و بکەومە قسە کردن.

کاك عەونی خۆشی خاوەنی کەسایەتییەکی بەهەیبەت وبەهێز بوو. کەم قسەی دەکردوو زۆر لەسەرەخۆ دەدوا، ئارام و هێمن، لەقسە کردندا، دەمی زۆر کەم دەکردەوە، دەبوایە ئەوەندەی بەگویێ قسەکانی دەبیستی ئەوەندەش تەماشای دەمی بکەی. تا ئەو قسانەی لەرێی دەنگەوە پێت نەدەگەیین، هەولێ بدەی بەکامێرای چاوئەوانی دیکە، بخوێنیتەوە.

ئەوەندەی من کاك عەونیم دیبێت هەر بەچاکەت و پانتۆلەوە بووە. بیرم نایە بە جلی کوردیم دیتبێت. کاك عەونیم وەك کەسایەتییەکی ئەفسانەییم دەهاتە بەرچاو، کە رەگی لە مێژوودا زۆر رۆچوبێت. بەش بەحاڵی خۆم نەمدیوە پێبکەنێت یان سەربوردەیەکی نوکتە ئامێز بگێریتەوە، نەمگوتوە گرژ بوو، بەڵام روخسارێکی جدی مەیلەو رەقی هەبوو، ئەو زۆر تر لەگەڵ ناوەوەی خۆی دەدوا نەك دەوروبەر، من وام دەبینی کەبەردەوام لەگەڵ خودی خۆیدا لە دیالۆگدا بوو .هەرچەندە زۆر کەم لە خزمەتیدا دانیشتووم.

نازانم ئایا کاك عەونی ئاوا بوو یان من خۆم لە خەیاڵی خۆمدا کاك عەونیییەکی ئەفسانەیی و خەیاڵیم بۆخۆم خولقاندبوو یان ئەوە حەزی منەو حەزم کردووە کاك عەونی ئاوا بێت.

لەهەموو ئەوکەسایەتیانەی لە محەلی کاك عەونی یان بابم دادەنیشتن، کاك عەونیم لەهەموویان خۆشتر دەویست، چونکە دەمزانی شاعیرەو دەمێکیش بوو سەرسامی شیعرەکانی بووم چ غەزەلە کلاسیکییەکانی کەبەلای منەوە تائیستا کۆمەڵی غەزەلی دانسقەن و رووی ئەوەیان هەیە کە بەشانازییەوە و بەبێ گریێ لە قوتابخانەکەی سێ کوچکەی باباندا یان قوتابخانەی نالیدا، جێیان بێتەوە، لە شعری کلاسیکی نوێشدا – جووت سەروا – دیسان هەر کارامەو لێهاتوو بوو.

من دوو جار کاك عەونیم خۆشدەویست جارێك وەك شاعیرو کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی شاری کۆیەو جاریکیش کە خاڵی هاورێی زۆر نزیکم، جوانەمەرگ کاکە نەریمانی وەستا عەبدەی ئاسنگەر بوو.

ئێمە منداڵ بووین کە بەدەنگی مەولود خوێن وگۆرانی بێژەکانی ئەوساکەی کۆیە، بە شیعرە کلاسیکیەکانی کاك عەونی ئاشنا دە بووین، دواتر چەند دەقێکی

بڵاوکراوەی ئەومان لە گۆڤاری کاروان بەرچاو دەکەوت. (نەیژەن)، یەکێك بوو لەو تیکستەناوازەنە کەدەنگ وسەدایەکی زۆری بەدوای خۆیدا، هێنا.

+ جگە لەوەی کاك عەونی شاعیرێکی گەورەیە، سەروەریەکی تریشی بۆخۆی تۆمار کردووە، ئەویش ئەوەیە:

ئەگەر بەوردی گویٚ لە هونەری گۆرانی و موزیکی کۆیەی ئەو ٧٠ – ٨٠ساڵەی رابردووی بگریت، شیعرەکانی عەونی کەبەگۆرانی ومەقام گوتراون، بەشی شێریان بەردەکەوێت. زۆرترین پانتایی کلتووری گۆرانی و موسیقای کۆیە، تیکستەکانی عەونی داگیریان کردووە.تەنیا بۆ نموونە"

لەم کولبەیی ئەحزانە.

وەکو قومری.

زۆری دیکەش کەبەداخەوە لەنوسینی ئەم گواترەدا، دیوانەکەیم لەبەر دەستا نییە. من بیرم بۆ ئەوەش دەچیٚ کە رەنگە عەونی مەقامزان بوبێت و دەنگی خۆش بووبێت!

لەوبەری جادەکە و بەتەنیش بینای (بانك)چایخانەیەکی لیٚ بوو، بەچاخانەی مەولود ئاغا – بەگزاد (بەگە) ناسرابوو، کوڕی مام عەبدە خرەی رەحمەتی. بەرێکەوت لەو چاخانەوە دەنگ و سەدای پڕ جۆش وخرۆشەکەی هونەرمەندی گەل، خالەتایەر، بەرز بوەوەو گەیشتە گویٚی ئێمە کە لەرادیۆوە یان ریکۆردەرەوە ،پەخش دەکرا. بەمەقام ئەم شیعرە زیندووەی عەونی دەخوێندن"

جیهانم پشکنیوە
نازدار جوانم زۆر دیوە
بەڵام وەك تۆ نازەنین
نەمدی لەسەر رووی زەمین .....

**مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی هاتە سەر لێواری قەنەفەکەی و رووی کردە کاك عەونی و فەرمووی : ئەری کاك عەونی ئەو شیعرە جوانەت کەینیٚ داناوە ،،بەراستی شیعرێکی جوانە و بە کوردییەکی زۆر رەوان نوسراوە، واتێدەگەم وشەی عەرەبی یا فارسی هەر جێی تێدا نەبوویێتەوە.**

**کاك عەونی فەرمووی " ئەم شیعرەم لە سەرەتای پەنجاکان نووسیووە وهەر زووش کاك تایەربەو مەقامە خوێندی. درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: ئەم شیعرە حیکایەتێکی خۆشی هەیە :**

**کەیەکەم جار ئەم شیعرەم بۆگۆران خوێندەوە زۆر سەرسام بوو وپێی گوتم : کاك عەونی ئەم شیعرەی خۆتم بدەیە من "٥ " دەقی خۆمت ئەدەمیٚ، منیش وەرامم دایەوە پێم گوت: گۆران گیان، ئەم شیعرە تازە لە مولکایەتی من دەرچووە بووە بە مولکی میللەت .، بووە بە (وەقف)، ئیدی من بۆم نییە ئاڵوگۆڕ یان کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەم.**

**کاك عەونی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: ئەم شیعرە بەجۆرێك کاری کردە گۆران، کە زۆری نەبرد ولەسایەی ئەو شیعرەی من و بەهەمان ناوەرۆك و بیرۆکەوە، شعرێکی نوسی، ئەمە دەست پێکەکیەتی:**

**لەژێر ئاسمانی شینا**
**لەپاڵ لوتکەی بەفرینا**

**من پێم وایە ئەم دوو دەقە تەنیا لەدوو خاڵدا جیاوازن، شیعرەکەی کاك عەونی شیعرێکی نەتەوەیی ولەبازنەی دەقێکی دڵداری ئامێزدا نوسیویەتی، هەرچی ئەوەی گۆرانە، شیعرێکی دڵداری پەتییەو هیچ باکڕاوندێکی دیکەی لەپشتەوە نییە.**
**دووەم جیاوازی ئەوەیە کە لەرووی فۆرمەوە، دەقەکەی گۆران دەقێکی باڵاترو نویٚ ترە، کەتیایدا ریتم یان بڕگەی دەنگی لەگۆڕاندایەو جوولەیەکی جیوەیی بەخۆیەوە گرتووە .**

**لەدەقەکەی عەونیدا یەك ریتمە و نەگۆڕە، کە بریتییە لە ریتمی حەوت بڕگەیی(کێش).بەڵام ئەم ریتمی حەوت بڕگەییەش لە شیعری کوردیدا زۆر کەم بەکار**

هاتووه، ئەمەش خۆی لەخۆیدا، نویٚ بوونەوەیە و لادانە لە ریتمە باوەکەی شیعری کوردی، کە کە پتر ١٠ و ٨ بگەی دەنگییە .

هەردوو شاعیرەکە دەگەریٚن بەشویٚن جوانیٚکی ناوازە و نائسایی ، بەلاٌم لەدوو پانتایی جیاوازەوە. ئەو پانتاییەی عەونی پانتاییەکی زۆر فراوان ترە لەو پانتاییەی گۆران. عەونی هەموو جیهان دەپشکنیٚت، سنووری زیٚدەکەی خۆی کە کوردستانە دەردەچیٚت و هیٚلەسوورەکان دەبەزیٚنیٚت، تەواوی دنیا دەکاتە پانتایی گەڕان بەدوای دلٌخوازەکەیدا، بەلاٌم گۆران لە پانتاییەکی بەرتەسکتردا کە کوردستانەکەیەتی تیٚپەڕ ناکات.

گۆران بەئاسانی "گراو" ەکەی خۆی دەدۆزیٚتەوە کە بریتتییە لە فریشتەو پەریزادیٚك، بەلاٌم عەونی دلخوازەکەی خۆی لەئادگاری فریشتەکەدا نادۆزیٚتەوە و لەگەڕانیٚکی بیٚ پشوودایە، ئەوەتا دەلیٚ:

نە ئادەمیی نەپەری
نەوەك کچە کۆچەری

یار لەقەسیدەکەی گۆارندا، مرۆڤە، ژنە،

نە باریکی نەگۆشتن
نە فریشتەی نەشاژن
نە زۆر چاورەش
نە یەجگار گەش

بەلاٌم لەتیکستەکەی عەونیدا، یار، ژن نییە و لەهیچ دیٚریٚکی دەقەکەشدا، ئاماژەیەك نییە بۆ روخسارو لەشی میٚیینە.

گەشتەکەی گۆران لەنیٚو بازنەیەکی داخراو دایە، بەلاٌم گەشتەکەی عەونی گەشتیٚکی گەشتیٚکی بیٚ تخوبە گەشتیٚکی هەمیشەیی وهەتاهەتاییە.

کەواتە دڵخوازەکەی گۆران دڵخوازێکی گوم نییە، بەڵام دڵخوازەکەی عەونی لەبەر ئەوەی نامادی و روحییە کە ئازادی گەلەکەیەتی، سەرابەو هەر لە دنیای خەون وخولیادا دەمێنێتەوە و بەمەش تەمەنێکی ئەبەدی و ئەزەلی بە تیکستەکە دەبەخشێت.

لێرە بەشێك لەهەردوو تیکستەکە بلاو دەکەمەوە با خوێنەر خۆی خالە اهوبەشەکانی هەردوو دەقەکە دەست نیشان بکات. هەردوو دەقەکەش لە سەرجەم بەرهەمەکانی گۆران و لە دیوانی عەونیدا، دەست دەکەون.

**بەشێك لەدەقەکەی عەونی:**

**جیهانم پشکنیوە**
**نازدار جوانم زۆر دیوە**
**بەڵام وەك تۆ نازەنین**
**نەمدی لەسەر روی زەمین**
**نە گوڵی نە هوزاری**
**جوان و شیرین رەفتاری**
**نە سەرووی نە چناری**
**نە سێوی نە هەناری**
**بلێم فریشتەی ئەو نی**
**دەنگت خۆشی وەك کەو نی**
**نە شەهینی نە بازی**
**نە کۆتری تەقڵەبازی**

**بەشێك لە تیکستەکای گۆران:**

**لەژێر ئاسمانی شینا**
**لەپالْ لوتکەی بەفرینا**
**کوردستان گەڕام**
**دۆڵاو دۆڵ پێوام**

**نەلەشارو نەلەدێ**

**نەمدی کەس**

**وەک تۆ جوان بێ**

**تۆیت و بەس**

**کچە کوردێ دڵ پێی شێد بێ**

**وەک فریشتەو پەریزاد بێ**

**– –**

**نەباریکی نەگۆشتن**

**نەکیژۆلەی نەشاژن**

**نەزۆر چاورەشی**

**نەیەجگار گەشی**

**بەڵام بەنیگای شیرین**

**نەمدی کەس**

**وەک تۆ بەتین**

**تۆی توو بەس**

**لێت بێ بزەی مانگە شەوی**

**بەژن رێک ورەوتی کەوی**

**گۆران (١٩٠٤– ١٩٦٢)**

**عەونی ( ١٩١٤–١٩٩٢)**

***هونەرمەندی نەمر ئیبراهیم خەیات ئەم تێسکتەی بەگۆرانی خوێندووە، بەڵام بەداخەوە، دوو دێڕی دوایی هەر کۆپلەیەکی گواستۆتەوە کۆپلەی دواترا!؟**

# خەمی کچێك، دۆزی نەتەوەیەك

**د. باساك بەرزنجەیی**

سەرم لە سەر کتێبێك داگرتبوو، هاوڕێیەکم تەلەفونی بۆ کردم و داوای لێ کردم باش گوێ لە گۆرانیی (گوتم ئەی کچ) بگرم کە هونەرمەند (تاهیر تۆفیق) چڕیویەتی وگوتی باش لە چەند دێڕێکی ئەم سترانە تێناگەم. منیش وەك ئەو، لە چەند دێڕێکی حاڵی نەبووم. بازنەیەکمان لە هاوڕێیان پێك هێنا، یەکێك لە هاوڕێکانمان بە ناردنی تێکستی هۆنراوەکە قسەی کۆتایی کرد.

ئەم شیعرە دیالۆگی دوو کەسی کوردە، یەکێکیان کچە و نازانین زەردەشتییە یان مەسیحی؟ یان باوەڕی بە چ دینێك هەیە. کێشەکە بەلایەوە گرنگ نییە چ باوەڕێکی هەیە، بەڵام دەزانێ کە کوردە و خۆی بە ئەندامێکی جڤاکی کوردیی دەزانێ، کەسێکی لێقەوماوە، کەمترین داواکاری هەیە، گازندەی ئەوە ناکات کە کورد نەهاتووەتە هاواری برا و کەسو کاری. داواش ناکات تۆڵەی بۆ بکەنەوە، ئەوەی گەرەکیەتی پەناگەیە!

ئەو هەست دەکات کوردە و کورد وەڵامی دەداتەوە، وا دەزانێ هەموو کوردێك وەك ئەو بیر دەکەنەوە و چاوەڕوانیی هەیە. بە دوای کوردێك دەگەڕێت پیاو بێت!

لەم گفتوگۆیە دۆخی لێقەوماوێکی کورد دەبینین کە بێهیوایی دەگاتە ڕادەیەك باسی نەزانی و ناتەواویی و نامەردیی جڤاکی خۆی دەکات. ئەم کچە کە ڕوو لە گەورەکانی جڤاکی کورد دەکات، لە وێش خۆی بە بێکەسی و داماوی بینیوەتەوە و هەر بۆیەش نەفرەت لە پارە و هێزوموڵکیان دەکات وپێیان دەڵێت (میللەت فرۆش). ئەم کچە پێی وابووە ئەوانەی خۆیان بە گەورەی کورد دەزانن وەك ئەو لە نەتەوە تێدەگەن، حەیف لە کوردەواری دەخوات.

کوردەواریی هەستێکە کە بە مانا مۆدێرنەکەی دەبێتە جڤاکێك، تاکەکانی کوردن و لەسەر خاکێکی دیاریکراو دەژین و کورد خاوەنیەتی. کەم کەس هەیە گوێی لەم سترانە نەبووبێ، بەڵام کەمیان دەزانن هۆنراوەی کێیە.

ئەم شیعرە بەرزە هۆنراوەی (عەونی) شاعیرە و لەساڵی ١٩٤٠ نووسراوە. ئەم هۆنراوەیە توانای مامۆستا عەونی لە گێڕانەوەی دۆخی جڤاکێك کە خۆیشی بەشێکە لێی دەسەلمێنێ، پەرەکانی دیرۆکمان پێ هەڵدەداتەوە.

له مێژووی کۆن و هاوچەرخی گەلەکەمان پێکهاتەی ئێزدی هەردەم ئامانجێکی دەستەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە بوون، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم کیژە ڕزگاربووی فەرمانێك بووبێ کە بەسەریان هاتووە و بە زەردەشتی چواندبێ.

لەساڵانی سیی سەدەی بیستەم، سوپای عێراق کە ئەودەم شاهانە بووە، شاڵاوی ئەنفالی لە ویلایەتی مووسڵ (ئەوکات دهۆك سەر بە مووسڵ بووە) دەست پێ کرد ئامانجیشی مەسیحیەکان بوو، ئاڤاییەکانیان خاپوور کران و سی و سێ هەزاریان بێتاوان لێ کوشتن. ڕەنگبێ ئەم نازدارە، ڕزگاربوویەکی ئەم جینۆسایدە بووبێ.

لەساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵکوژی دەرسیم بە دەستی تورکەکان ڕووی داوە، هەرچەندە دەرسیم تا باشوور، مەودایەکی زۆرە و دانیشتوانی دەرسیم موسڵمان بوون، بەڵام ئەگەر گێڕانەوەی (کەریم شارەزا) بخەینە پاڵی، ئەم کچە لەو کەسانە بووە کە لەفەرمانی دەرسیم بەسەلامەتیی دەرچووە. ئەم کچە کوردە نازدارە، مەسیحییە یان زەردەشتییە بەڵام موسڵمان نییە. ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەوەیش برا و خزمی کوژراو بێت و خۆیشی دەربەدەر بووبیت؟ شاعیر لەم هۆنراوەیەدا پرسی ئازادیی تاك و ئازادیی دینی دەورووژێنێ، باسکردنی ئەم بابەتە و خەمخواردن لێی، بۆمان دەردەخات (عەونی) مرۆڤێکی لیبڕاڵە.

هزری مرۆڤی ئازاد، تەنیا گەنگەشەی ئازادیی تاك ناکات، بەڵکو تاووتوێی بابەتی شکۆی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئازادیی دەکات، مرۆڤ سەرپشك دەکات لە هەڵبژاردنی دینەکەی. سەرچاوەی ئازادی تاك لە تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ شکۆی مرۆڤ دێت کە وامان لێ دەکات بگەینە ئاستێك کە دەمانەوێ ئازاد بین و خۆمان وەڵامی پرسیارە گرنگەکان بدەینەوە (پرسیاری دین و پرسیاری باوەڕ لە پرسیارە هەستیارەکانن). جان ستوارت میل پێمان دەڵێت: پێویستە نەك ڕێز لە ئەزموونەکانتان بگرن بەڵکوو لێکدانەوەیان بۆ بکەن و بەسەرهاتەکان هەڵسەنگێنن تا بتوانن سەرپشك بن چی هەڵبژێرن، ئەوە وا دەکات ڕوانینی مرۆڤ داخراو نەبێت و پەرەبستێنێ. ئیتر مرۆڤ بیردەکاتەوە و لەسەر ڕووداوەکان دادوەر دەبێت وێجا مرۆڤ باشترین و بەرزترین ڕێگە دەستنیشان دەکات کە ڕەوایەتی بە کردەوەکانی بدات و بەو بنەمایانە هەوڵ دەدات گەشەبکات و بەردەوام بێت. ئەودەم دەبێتە تاکێك کە شانازی بەخۆیەوە دەکات و ڕێز لەو تاکانە دەگرێت کە ئازادن و دەبێتە جێی ڕێزی تاکەکانی تر. لەسەر ئەم بنەمایانە

شاعیر گلەیی لە تاکی کورد دەکات کە بیرناکاتەوە و ڕێز لەخۆی و تاکی ئازادی کورد ناگرێت و هەلسەنگاندنی بۆ هۆکاری دەربەدەری کوردان نییە.

جان ستیوارت میل دەڵێت: سروشتی مرۆڤ مەکینە نییە، درەختیکە کە پێویستە گەورە بێت و بە هەموو لایەکدا گەشە بکات. بینینی جیاوازیەکان و هەستکردن بە وەی کە بەهۆی جیاوازیی چی بەسەر مرۆڤ دێت، فەراتی دەداتە مۆراڵ. فەراتیدان بە مۆرال، ئەو دەم دەبێتە باو کە ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادی ویژدان وئازادیی دینی هەبێت. هەبوونی ئەم ئازادیانە پێویستن و هۆکارن بۆ ئەوەی بیری ئازاد بتوانێ بەها بەرزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان پێك بێنێت. گوتم ئەی کچ باس لە نەبوونی ئازادیی و ئازادیی دینی دەکات کە چۆن جڤاك دەڕوخێنێ.

بابەتێکی دیکەی ئەم شیعرە کە جێی سەرنجە (تاکایەتیە). تاکایەتی ڕوانینێکی کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی سیاسییە کە سەربەخۆیی مرۆڤ و گرنگی بڕوابەخۆبوون و ئازادیی تاك پێشان دەدا. تاکێك کە هەڵدەبژێرێ چۆن هەڵسوکەوت بکات، ڕەنگبێ زۆر لایەن (کۆمەڵایەتی، دەستەڵات، ئابوریی، دینی، گروپێك یان دامەزراوەیەك) هەوڵ بدەن ڕای ئەو تاکە بگۆڕن، ئەو دەستێوەردانە ڕەنگبێ کاریگەریی لەسەر کردەوەی ئەم تاکە هەبێت و هەڵبژاردنی سنووردار بکات، بەڵام تاکایەتی ڕووبەڕووی هەموو ئەو هێزە دەرەکیانە دەبێتەوە. ئەم شیعرە باس لە وەدەکات کە تاکی کورد لەژێر کاریگەری دەرەکی ناتوانێ بە هانای ئەم کچە کوردەوە بچێت و پێمان دەڵێت کە تاکی کورد پێنەگەیشتووە. کەسێك کە بڕوای بە تاکایەتی هەیە، بڕوای بەهەندێك بنەمای ئەخلاقی هەیە کە جیهانین و هەوڵ دەدات بینینی خۆی هەبێت و بە پێی ئەو بۆچوونانەی کە پێی ڕاستن هەڵسوکەوت بکات. پەنادان بە دەربەدەرێکی بەلەنگاز کارێکی ئەخلاقییە، کەچی دەبینین کاریگەری دەرەکی هۆکارن لە بەدینەهاتنی کردەوەیەکی مرۆڤانە. کولتووری تاکایەتی زیاتر بایەخ بەو بیرۆکانە دەدات کە کەسایەتی پێکدێنن وەك دۆزینەوەی ڕاستییەکان و هەوڵدان بۆ فامکردنی مرۆڤایەتی، داهێنان و ئەو کردەوانەی کە جێێ سەرنجی خۆیەتی. لێرە پێگەی کۆمەڵایەتی و گوێدان بە دەنگی دەرەکی بایەخی ئەوتۆی نییە. تاکایەتی ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکات کە ئەگەر تاك خۆی هەڵبژێرێ چی بکات دەتوانێ بە هەوڵ و ماندووبوون، بەردەوامبوون و ووردبوونەوە لەوەی دەیکات خۆی پێ بگەیەنێت. ئەندامانی جڤاکێك

به کولتووری تاکایەتی، ڕێز لە ئازادیی یەکتر دەگرن، لەسەر ویستی کەسانی دیکە بڕیاری پێشوەختە نادەن، گوێ لەڕای بەرامبەر دەگرن، لە گەنگەشە ناترسن، ئارەزوویان لە پێوەندی ڕاستەوخۆیە. لەم جڤاکە، پێداگری لە پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆیی دەگیرێ و وەك بەها هەژماردەکرێ. ئەم شیعرە هەستی شاعیرێکی کوردە بەبێ ئەوەی کەس فەرمانی پێ بکات یان داوای لێبکات یان چاوەڕێی پاداشت بێت هێناویەتیە سەر کاغەز. مۆدێرنتی چەمکێکی ڕۆژئاواییە کە تەنیا شێوازی نوێی بیرکردنەوە نییە بەڵکو گەشەسەندنێکە کە ڕێرەوی تایبەت بەخۆی هەبووە. (میلان کۆندێرا) دەڵێت ڕۆمان یەکەم بەرهەمی بیرکردنەوەی مۆدێرنە و (سێرڤانتس) یش یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا هاویشتووە. ئەو پێیوایە مۆدێرنێتی سەرەتا ئەدەب و هونەری گرتەوە، پاشان سیاسەت و دەوڵەتداری. بەر لە ڕۆمانی (دۆنکیشۆت) هونەر و ئەدەب لەخزمەتی خوا و دەستەڵاتدار بووە، ئەدەب بە پەسنی خوا و پەیامهێن یان پەسنی پاشاکان خزمەتی کردووە. هونەر بریتی بووە لە ڕازاندنەوەی شوێنە ئایینیەکان بە هونەری پەیکەرسازی و نیگارکێشی. مۆدێرنێتی ئەودەم هاتە کایەوە کە ئەدەب و هونەر بۆ دەربڕینی هەست نەوەك پەسنی کەس یان وەرگرتنی پاداشت لەم دونیا یان ئەو دونیا دەخوڵقا. کە مۆدیرنێتی دەوڵتداری و سیاسەتی گرتەوە، دابەشکردنی سێ دەستەڵاتی یاسایی، بەڕێوەبردن و دادوەری لێکەوتەوە. وتارنووسین، نووسینەوەی یاداشتی ڕۆژانە، دەربڕینی هەست بە شیعر دەکەوێتە خانەی مۆدێرنێتیەوە. (عەونی) لە (کۆیە) هاتووەتە دونیاوە، هەر لەوێ ژیاوە، لە شارێك کە مەسیحی و جوو و موسڵمان بەیەکەوە بە ئارامی ژیاون و پلورالیسمی دینی هەبووە. جڤاکێك کە چەندان پێکهاتەی ئاینی پێکەوە بە ئاسوودەی بژین، جڤاکێکی مۆدێرنە. لێرە هەرتاکێك بەشێکە لە پێکهاتەیەك و هەر پێکهاتەیەك خۆی بە بەشێك لە جڤاك دەزانێت و پێکهاتەکانی دیکەش وەك پێکهێنەرانی جڤاك دەناسێ. ئاوا تاکەکان لە هەر پێکهاتەیەك بن ڕێز لە یەکتری دەگرن وئارامیی و گەشەسەندن لەم جڤاکە دێتە دی، ئەم جڤاکە جێێ ڕێزە. لە (کۆیە)ی ساڵانی چل هەم کەنیسە و کەنشت هەم مزگەوت هەبووە، مامۆستا (عەونی)، مرۆڤێکی لیبڕاڵ بووە بە کردەوە قبووڵکردنی فرە ئاینیی پراکتیك کردووە لە کڵێسا و لە کەنشت و لە مزگەوت شیعری خوێندووەتەوە. گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە (ژان ژاك ڕۆسۆ) باسی دەکات،

کاریگەریەکی زۆری لەسەر شۆڕشی فەرەنسا هەبووە. دەزانین کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی گرێبەستێکی بابەتیانە نییە و نابینین داوا لەکەس کرابێت، گرێبەستێك واژوو بکات یان داوای گفت لە کەس بکرێت . لە کۆیەی ئەو سەردەمە، ئەم دۆخە دەبینین کە پێکهاتەکان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە تەك یەکتری بە ئارامیی ژیاون. کەسایەتی بەرهەمی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانە، لە کۆیە کەشێکی ساخلەم هەبووە کە (عەونی) شاعیر یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم جڤاکە ساخلەمەبووە، دەستەڵاتێکی دینی پێکهاتەکانی دیکەی دینی ئەو شارەی نەچەوساندووەتەوە. سەرەتا چەمکی مۆدێرنێتی بۆ شیکردنەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژئاوا بەکاردەهات و دواتر بۆ هەموو دونیا بە کار هات کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی فەرمانرەوایی دینی لە ئەورووپا و گەڕان بە دوای ئازادیی تاك و ئاسوودەیی و پیشکەوتنی مرۆڤ بە تایبەت لە ڕێگەی زانست. مرۆڤی مۆدێرن هەستەکانی هەڵقوڵاوی ناخی خۆیەتی، ئەم هەستە لەخزمەتی کەسدا نیە و ئەم تاکە بۆ گوزەرانی ژیانی خۆی هەوڵدەدا لەسەرپێی خۆی بوەستێ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەرکەسێك فیقهە و شەرعی بخوێندایە دەیتوانی وەك مەلایەك لە کۆمەڵگە دەرکەوتبا و بە ئامادەبوون لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بژێوی پەیدا بکات. مامۆستا عەونی هەم لەحوجرە خوێندویەتی و هەم لە قوتابخانە، بەڵام وای نەکرد و کاری کرد و لەسەر پێی خۆی وەستا، نەبووەتە بارگرانی بەسەر خەڵك. سروشت و کولتووری کورد بڕوای بە پێکەوە ژیان هەبووە و هەیە. لە زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان پێکهاتەی دینی بە بێ کێشە لەگەڵ یەکتری ژیاون تا ئەو دەمەی کە شمشێری ئایدۆلۆژیی دینی لێی دوور بووە. بەشی یەکەمی دیوانی عەونی کە تایبەتە بە شیعرە نەتەوەییەکانی، لەم هۆنراوانەدا هەندێ چەمك و دەربڕینی زۆر دووبارە دەبێتەوە وەك (سەربەخۆیی، خاك، سنوور، ئاڵای سەربەخۆیی، کولتوور).

سەربەخۆیی، باسکردن لە سەربەخۆیی، ڕیزگرتن و پێرەوکردنی یەکەم بنەمای ناسیونالیزمە. زۆر کەس باسی کوردایەتی کردووە و ئێستایش هەن کە قسەی سەرزاریانە. کەسێك یان گرووپێك یان حیزبێك باسی کوردایەتی بکات و بابەتی نەتەوە نەخاتە ڕۆژەڤ و پرسی دەوڵەت نەکاتە ئامانج، قسەکانی زیان بەخش دەبێت. خاك سەرەکیترین پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەییە . لە شیعرەکانی مامۆستا دەبینین

که وەك تاکێکی جڤاکی کوردی خۆی بەخاوەنی کوردستان دەزانێ. پێیوایە لەڕووی دیرۆکیش ئەم خاکە هی کوردە و دەگەڕێتەوە بۆ دیرۆك و خۆی بە میراتگری ساسانیەکان دەزانێت. پایتەختی ساسانیەکان چەند فەرسەخێك لەولای گوڵاڵەوەیە. چۆن زاتبکەین بڵێین ساسانیەکان کوردنەبوون! یەکەم قۆناغی خۆشەویستی خاك و وڵات خۆشەویستی ماڵەکەی خۆتە، کۆڵان، ئاڤایی، شار ...هتد. (عەونی) شارەکەی خۆی خۆش ویستووە و بەجێی نەهێشتووە، لەکاتی هەبوونی و لە دەستهاتنیشی هەوڵیداوە ئەوەی هەیەتی هەر لە کۆیە خەرجی بکات و خزمەتی بکات. لەچاوپێکەوتنێك باسی کۆیە دەکات و دەڵێت: (کۆیە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان وئەم جیهانە، کۆیە مەڵبەندی پیشەسازی پێویستی خەڵك بووە، جۆڵا، مووریس، جانگ، یەمەنی، کارەك، رەنگ وڕیس، سابوون. باسی فەقیرخانەی (حەمە ئاغای غەفووری) دەکات کە داڵدەی هەژارانی دەدا. کۆیە لەسەرەتایی ساڵەکانی چلەوە مەڵبەندی سیاسەت و کوردایەتی بووە، خەڵك باوك و برای یەکتربوون، گۆرانی و ئاواز و دەنگی خۆش، شایی و سەیران، لە بەهاران لە ئۆمەرخوچان و باغی شەم و حەمامۆك و تاتووکان و مێرگی خالندبەگی دەهەژاند). دانیشتوویەکی رەسەن و عەیار بیست وچواری کۆیە بووە.

باسی خاك بەدوای خۆیدا باسی سنوور دێنێ ، ئەوباسی سنووری کوردستان دەکات و پێیوایە کەنابی هیچ تاکێکی بێگانە سنوور ببەزێنێ و خاك داگیربکا..

ئاڵای سەربەخۆیی، ئاواتێك بووە لەلای و خۆزگەی بۆ خواستووە و هەوڵی بۆ داوە لەسەر خاکی کوردستان هەڵی بکات. بڕوای بە عێراق وەك نەتەوە و وڵات نەبووە، لە ساڵی ١٩٤٨ باس لە فکری عونسری و قسەی کۆن و سوننی و جەعفەری دەکات، پێشبینی ئەوە دەکات کە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی شەڕی تایفەگەری هەڵگیرسێ.

تۆڵە، چەمکێکە چەندین جار لە هۆنراوەکانی هاتووە. لە کن دوژمنانی کورد، سادەیی و ساویلکەیی کورد شتێکی نەگۆڕە، ئەوانەی دژایەتی کورد دەکەن و دەیچەوسێننەوە، لە کونجێکی خەیاڵیان ئەوە هەیە کە کورد بیر لە دادگاییکردنی دوژمنان و داگیرکەرانی ناکاتەوە، ئەگەر لەدەستیشیان بێت. (عەونی) لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە نابێت لە دوژمنانمان خۆش بین و پێویستە بدرێنە دادگەی گەل.

دوایین نموونەی بەرچاو کە کورد لە دوژمنان و بکوژانی خۆش دەبێت، چیرۆکی ئەو فڕۆکەوانە بەعسییە بوو کە هەڵەبجەی کیمیا باران کردبوو، لە زیندانی کورداندا بوو بە شێوازێکی سەرسووڕهێنەر ئازاکرا.

کولتوور رەگەزێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەییە، کولتووری هاوبەش لە نێوتاکەکانی ئەو جڤاکەی خۆیان بە نەتەوە دەزانن، نەورۆز و ڕێورەسمەکانی بە کولتووری هەمووکوردێك دەزانیٚ و دەڵێت: نەورۆزجەژنی هەموو تاکێکە لە کوردستانی گەورە. سیمبول لەنێو هەر نەتەوەیەك گرنگیەك یتایبەتی هەیە، باس لەوە دەکات کە سەرگوزشتەی قەیس و لەیلا ویٚڵ کەن وەی کورد نییە ولە بەرامبەردا پەسنی ئەفسانەی مەم وزین دەکات.

دار بەڕوو بە یەکێك لەسیمبولەکانی کورد دەناسێنیٚ، پێیوایە ئەم درەختە بەشێکە لەسروشتی کوردەواری. بەهۆشیاری کاری نەتەوەییکردووە، بەومانایەی جیاوازییە کولتوورییەکانی  کورد و غەیرە کوردی خستوەتە ڕوو. کاریگەریی لە سەر کولتووری جڤاکی خۆی هەبووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم خیزانی پێکهێناوە و خۆی ناوی (عیمان حبیب)  بووە، کەچی ناوی هەموو منداڵەکانی کوردین. ئەمە  بڕوا بوونە بە رەسەنابیەتی.

**سڵاو لە مامۆستا (عەونی) هیوادارم لە سەرگۆرەکەی دار بەڕوویەك بچێنم**

## چەند بیرەوەریی لەدوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبی کوردیی
## دوو شاعیری نیشتمانپەروەر و دوو خۆشەویستی گەورەم
## مامۆستا مەجید ئاسنگەر و مامۆستا عوسمان عەونی

**پۆڵا هاشمی نانەوازادە**

ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم،
بەهارت لێ شەرمەزارە،
گوڵی گیانەیەخسیرەکەم،
تیرت لەدڵ سەدهەزارە
* *
من کەڕۆڵەی کوردستانم،
پەروەردەی بەفری زستانم،
ڕۆڵەی شاخ و دارستانم
بۆ گەلی کوردی قارەمان
**
سوێندم بەخاکی نیشتمان
بەسەر لوتکەی کێوی بارزان
بەئەشکەوت و جێی نەبەزان
یا کوردستان یاخود نەمان

ئەم سروودەنیشتمانیی و گۆرانییەخۆشانەبەدەنگی فواد ئەحمەد و تاهیر تۆفیق و باکووری و شێعری زۆر گۆرانی و سروودی دیکەش‌هی شاعیرێکی نیشتمانپەروەری خەڵکی کۆیەن بەناوی مەجید ئاسنگەر کەمن بۆ یەکەم جار لەمەهاباد، لەگەرەکی خرێ، لەماڵەپوورم، شانازیی ناسینی ئەم پیاوەگەورەی کوردم پێ بڕا. کاک مەجید ڕۆژی ٩ ی ئاپریلی ساڵی ٢٠١٢ لەتەمەنی ٨٠ ساڵی دا بەجێی هێشتین و کۆچی دوایی کرد. کاک مەجید هاوتەمەن، هاوشاریی، هاوپۆل و هاوڕێی بەڕێز جەلال

تاڵەبانی، سەرۆك كۆماری عێراق بوو. مام جەلال لەبەشێك لەپرسەنامەكەی دا بۆ بنەماڵەو كەس و كاری كاك مەجید ئاوای نووسیوە:

}مامۆستا مەجید ئاسنگەری نەمر هەر لەسەرەتای لاویتییەوەوەك تێكۆشەرێكی خەمخۆری گەلەكەی و كوردستانەكەی هاتووەتەكۆڕی تێكۆشانەوەو بەردەوام لەسەنگەری پڕ سەروەری كوردایەتیدا بەسەخاوەتەوەخەباتی كردووەو هەموو هەست و نەستی بۆ خزمەتكردنی میللەتەكەی و كێشەرەواكەی خستووەتەگەر...... نووسەرو ئەدیب و وەرگێرو شاعیرێكی هەست ناسك و كوردپەروەری ئەوتۆش بوو كەهەموو خولیا و خەونێكی بۆ ئەوەبوو تێكۆشان و كۆستی گەلەكەمان بگاتەئامانج و كوردیش وەك میللەتانی دونیا بەمافەكانی خۆی شاد بێت....... تێكۆشەرێكی ماندوو نەناس و پشوو درێژی رێگای رزگاری كوردو كوردستانیش بوو.......كۆچكردنەكەی خەسارەتێكی گەورەبوو بۆ كاروانی تێكۆشانی گەلەكەمان و دنیای پەروەردەو نووسین و شیعرو داهێنان{

كاك مەجید ساڵی ٧٤ لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول پەرەوازەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ببوو. كاك هووشیاری پوورزام ژوورێكی لەماڵەخۆیان هەروا پێدابوو. دەیزانی كەئینسانی ئاوا ئەدیب، شارەزا و سیاسی بەدەگمەن وەگیر دەكەوێ كەدەریایەك بێ لەزانست و ئەدەب و هونەر، خوێندەوار، شاعیر، پیشمەرگە، ڕووناكبیر، كوردییزان، زمانەوان و لەبەردڵان و ئەوەندەش بەڕوحسووكیی مەودات بدا شتی لێ فێر بی. لەو سەردەمەدا، لەڕۆژهەڵاتی كوردستان، بە ڕاشكاویی دەتوانم بڵێم، هاندەری سەرەكیی هەستی كوردایەتیی لاوەكانی هاوتەمەنی من مامۆستا تاهیر تۆفیق بوو كەبەدەنگەخۆش و بەسۆزەكەی شێعری نیشتمانیی و نەتەوایەتیی دەچڕی و بیری كوردایەتیی دەدڵ و دەروونی ئێمەدا دەهەژاند. كەس نەبوو لەئێمەچەند گۆرانی ئەم دەنگبێژەهونەرمەندەی لەبەر نەبێ، یەكێك لە مەقامەخۆشەكانی مامۆستا تایەر تۆفیق كە شیعرەكەی ئی كاك مەجید بوو ئەمە بوو:

**كوردەئەم هەلەی مێژوو داویەپێت**

**لەدەستی نەدەی لا نەدەی لەڕێت**

كاك مەجید، جگەلەئەوانەی باسم كرد، زاوای مامۆستا عوسمان عەونیش بوو، كەیەكیك لە شاعیرەگەورەكانی كوردەو شێعرەكانی خۆ لەقەرەی شێعری

شاعیرەهەرەناودارەکانی کورد دەدا. ئەوانەی دیوانەکەیان نەدیوەحەتمەن شێعرەکانی مامۆستا عەونییان بەدەنگەبەسۆزەکەی مامۆستای مەقامات، تاهیر تۆفیق، بیستووە:

**جیهانم پشکنیوە**

**نازدار جوانم زۆر دیوە**

**بەڵام وەك تۆ نازەنین**

**نەمدی لەسەر ڕووی زەمین**

**نەگوڵی نەهوزاری**

**جوان و شیرن ڕەفتاری**

***

**لەم کولبەیی ئەحزانە**

**عەشقی سەنەمێکم بوو**

**لەم چۆل و بیابانە،**

**باخی ئیرەمێکم بوو**

***

**وتم ئەی کچ لەگشتی**

**شارستانی یا دەشتی**

**وا جوان و پاکرەوشتی**

**مەسیحی یا زەرتەشتی**

***

**نەسرین ئیمرۆ نەورۆزە**

**لێت بێ جەژنەپیرۆزە**

**لەکوردستانی گەورە**

**جەژنی گشت تیرەو هۆزە**

***

**ئەی گوڵ لەسەر چلانت**

**بووین بە پاسەوان**

**لەترسی بولبولانت**

تابەکەی ئەم تاڵییە ئەی دولبەری شیرین کەلام
بێتوو گەر جاریٚ کەرەم کەی تۆ بەخەندە بێیەلام
نامەوی من نەهری کەوسەر یا نەخۆ دارولسەلام
جەننەت و دۆزەخ چ فەرقێکی نییە قوربان لەلام
من هەتا ماوم ئەگەر شاد بم لە ئەم فیردەوسەدا

ئەوانەو زۆر گۆرانی تریش کەدەنگخۆشەکۆنەکانی کورد وەك دەروێش عەبدوڵلای گۆران و مەلا ئەحمەدی کۆرەلەشێعرەکانی مامۆستا عەونی هەڵیانبژاردووەو گوتوویانە.

ڕۆژێك کاك مەجید لەمەهاباد دەنیوان قسەکانی دا گوتی: حەزم لێیەتاران ببینم. من هەلەکەم قۆستەوەو گوتم: کاك مەجیدگیان ئێمەلە تاران ماڵمان هەیەو بەشانازییەوەدەتوانین لەخزمەتتدا بین. ئەو کات من و شەهید سولەیمانی بلوری لەتاران خوێندکار بووین و دەرسمان دەخوێند و دوو وەتاغی گەورەمان هەبوو، کەیەکیان هی من و سولەیمان بوو و ئەوی تریان هی کاك جەعفەری نەوزاد بوو. هەرسێکیشمان یەك ماڵ و هاوخەرج بووین. کاك مەجید لەگەل کاك نەژادی کوری مامۆستا عەونی ساز بوون و چووین بۆ تاران و لەویٚ سیٚ چوار مانگ میوانمان بوون و نەمان هێشت بگەڕێنەوەمەهاباد. کاك مەجید چاوی بەزۆربەی کوردەکانی دانیشتووی تاران کەوت و لەگەڵ زۆر کەسان لەتاران دۆستایەتی نیزیکی پێکهێنا. کاك مەجید شۆڕشی دیبوو، زیندان و دوورخستنەوەو دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتبوو و دەریایەك بوو لەئەزموون هەر بۆیەلەدانیشتن لەگەڵی تێر نەدەبووین. کاك مەجید ئەهلی قەڵەم بوو و خۆی لەسەرکەوتنی کۆنگرەکانی مامۆستایانی کۆماری عێراق دا، لەدەورەی عەبدولکەریم قاسم، کەلەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی گیرابوون، دەستی باڵای هەبوو و وەك نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردستان ژێر ڕێککەتنەکانی واژۆ (ئیمزا) کردبوو. ڕۆژ هەتا ئێواری دەماندواند و شتمان لیٚ دەپرسی و ئەویش بەدڵفراوانیوەڵامی دەدایەوە. چونکەوەك پیشە، مامۆستای

زمانی ئینگلیسی بوو و زۆر لاوی کوردی پێگەیاندبوو و ئێمەتەنیا کاتی خەوتن دەستمان لەئێخەی دەکردەوەو ماوەمان دەدا دەفتەر و قەڵەمەکەی هەڵگرێ و خەریکی نووسینەکانی خۆی بێ. کاک مەجید مامۆستا و ئەدیبێکی گەورەبوو و دەریایەك بوو لەهەست و خۆشەویستی و زانست و کوردایەتی. سولەیمانی دۆستم، یادی بەخێر، ڕۆژێ پێم وابێ دووسەد جار ئەو کاک نەژادەفەقیرەی بانگ دەکرد و لەپڕ دەیگوت: کاك نەژاد. ئەویش دەیگوت: "بەرێ" دەستمان دەکرد بەپێکەنین و قاقا لێدان. دیسانیش دەیگوتەوەکاك نەژاد، سەرلەنوێ دەیکوتەوە"بەرێ"، ئەو ماوەی لەمەهاباد و تاران لەخزمەت کاك مەجید دا بۆ ئێمەوەك قوتابخانەیەك وابوو، مامۆستایەکی بەئەزموونمان وەگیر کەوتبوو و دەرسی ژیان و خەبات و کوردایەتی لێ فێر دەبووین. بەڵام، خەیانەتی شای ئێران بەبارزانی و شۆڕشی ئەیلوول، هەلەکەی لێ تێك داین. بەداخەوەشۆڕشێکی مەزنی لێ تێك شکاندین کەهەموو کورد بەهومێدەوەچاوی تێبڕیبوو، پتر لەسەت هەزار پێشمەرگەی تێدا بەشدار بوو. خەڵکێکی زۆر ئاوارەی شارەکانی ئێران بوون و لەئەوپەڕی ناخۆشی و بێئیمکانیی و بێدەرەتانیی دا دەژیان. هەندێك کەس لەتاوان خۆیان کوشت. کاك مەجید و کاك نەژاد چوونەوەبەرەو باشووری کوردستان و ئیتر نەمزانی چییان لێ بەسەر هات و خەبەرم لێیان نەما. مامۆستا عەونی لەسەر ئەم خەیانەتەی شای ئێران هۆنراوەیەکی هەیەو لەبەشێکی دا دەڵێ:

گەر نەمردم بەم برینە
ئەمجار ئاکارم ببینە
بەکار دێنم بیر و هەستم
سروودێك وا هەڵدەبەستم
قارەمانی ناو سەنگەر بێ
پێشمەرگەی دەست بەخەنجەر بێ
سروودێك ناوی تۆڵەبێ
دژی ئەم 'شایە' زۆڵەبێ

وەرەق وەرگەڕا و ئەوجار ئیمەئاوارەبووین، ساڵی ٧٥، شا و سەددام لەگرێبەست و پەیمانی شوومی جەزایردا لەسەر ئەوەپێکهاتن کەکوردستان بەدرێژایی سنووری نێوان ئیران و عێراق و بەقووڵایی ٢٠ کیلوومیتر لەژینەوەر چۆڵ بکەن. سەددام ئەم پرۆژەی دەست پێ کرد و خەریکی وێرانکردنی شار و دێهاتەکانی کوردستان بوو. شای ئێران پێڕانەگەیشت ئەم پرۆژەیەبەڕێوەبەرێ و شۆڕشی ئێران دەستی پێکرد و لەنیزیك قەزوێن و کرماشانەوەهەتا سەر سنوورەدەستکردەکانی عێراق و تورکیا، وەدەست ئێمەی کورد کەوت. هەست و هێزیکی لەبن نەهاتووی کوردایەتیی لەکوردی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو و ئامادەبوون بۆ هەر چەشنەفیداکارییی و قوربانیی دانێك. بەداخەوە ئێمەش بەجێگەی کەڵك وەرگرتن لەم هەست و هێزەپاکەکوردانەیەکەخەڵك هەیبوو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و وەدیهاتنی ئاواتەلەمێژینەکانی میللەتەکەمان، بەجێگەی درێژەدانی ڕێبازی پێشەوا قازی محەمەد بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆی تازەی کوردستان، بەجێگەی یەکیەتی و تەبایی لەگەڵ یەکتر، دەستمان کرد بەشەڕ و کێشەو دووبەرەکیی و ئیش لەدژی یەکتر و پشت بەغەیری کورد بەستن و ئێرانچێتیی کردن و بەداخەوەئێستاش حیزبەسەرەکییەسیاسییەکانمان بەناوی کوردایەتیی هەر خەریکی ئێرانچێتیین. ئەوەبوو کە، ئێمەش تێکشکاین و هەرەسمان هێنا و سەرەڕای ئەوەی کەپتر لەسەد هەزار پێشمەرگەو هێزی بەرگریمان هەبوو، پاش چوار پێنج ساڵ خەباتی چەکداری بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری، وەك لەشکری شکاو لەم ناوچەیەکراین کەسەددام شوێنەواری ژینی لێ بڕیبوو و دێهاتەکانی هەموو وێران کردبوو، کانیاوەکانی هەموو تەقاندبۆوە، دار و جەنگەڵ و لێرەوارەکانی هەموو سووتاندبوو و میلیۆنها مینی لەزەوی و مەزراکاندا چاندبوو، حیزب و کۆمەڵەکەئەوکات من لەگەڵ حیزب بووم، لەگوندێکی وێرانکراوی ئەم ناوچەیەدا بەناوی گەڵاڵە، لەپەنا یەکتر گیرساینەوەو لەسەرچاوەیەك ئاومان دەخواردەوەکەسەددام کانی و ئاودەستی مزگەوتەکەی وێکرا تەقاندبۆوەو پێمانوابوو کانیاوە. بەڵام وانەبوو، هەمووومان تووشی زگچوون ببوین و بەسەر و بەخوار دا خوێن دەڕشاینەوە.

کۆنگەری ٦ی حیزبەکەمان لەم گوندەویرانکراوەدا گیرا و دەو هەلوومەرجەناخۆشەدا بەجێگای یەکیەتی و تەبایی زیاتر، لەسەر هیندێك تێئۆری

ئیدئۆلۆژیکی ناڕوونی ناوەختی نابەجێ، تۆوی دووبەرەکی و لێکهەڵپچکران و لەت بوونەکانی نێو حیزب ڕژا و چەند کەسێك کرانەیەکەم قوربانییەکانی ئەم کێشانەکەمنیش یەکێك لەئەوان بووم. باسی وردی ئەم بابەتەبا بمێنێتەوەبۆ بیرەوەریەکانی ژیانی خۆم بەڵام ئەوەی گرینگەو پێوەندیی بەم یادەوەهەیە، مامۆستا مەجید ئاسنگەرەکەچۆن و کەی و لەکوێ دەفریام هات و سەلماندی کەجگەلەشاعیر و ئەدیب و کورد و مامۆستا، پیاوێکی ئەمەگ ناس و مرۆڤێکی بەوەفاش بوو. ئێمەدەنێو زاری هەژدیها دا بەرەلڵا کرابووین. لەهەلوومەرجێك دابووین کەنەریگای پاشمان هەبوو و نەڕیگای پێش. هەمووومان بۆ ئێران ناسراو بووین و ئەگەر وەگیر حکوومەت کەوتباین ئەنجن ئەنجن دەکراین. عەسکەری عێراقی وڵاتی تەنیبوو و ئەگەر سەر بەیەکێك لەحیزبەسیاسیەکانی ئێرانی نەباین مەودای هاتووچۆ و جووڵەیان نەدەداین. دووکانی بابم تازەلەمەهاباد وەبەر بۆمبارانی فرۆکەکانی عێراق کەوتبوو. من و خێزانم پاش بەدبەختی و چەرمەسەرییێکی زۆری بەسەریان هێنابووین، لەگوندی کارێزەی باشووری کوردستان گیرسابینەوەو چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار، بێ دەرەتان و بێ پارەو بێ چەك و هەناسەسارد مابووینەوە. لەو کاتەدا، کاك مەجید وەك فرشتەی نەجات گەیشتەسەرمان. ڕۆژێك سەعیدی سەرهەنگی، یەکێك لەپیشمەرگەدانیشتوەکانی کۆمەڵە، بەپەلەهات و گوتی: ژن و پیاوێکی کورد بەسەیارەیەکی سەواری و جل و بەرگی ئەفەندییەوەلەتۆ دەگەڕێن. هەستەهەڵێ بزانەکێن. شکم بۆ کەس نەدەچوو چونکە، پێنج شەش ساڵ بوو جگەلەجلی کوردیی و سەیارەی لەندوێر و چەك و پێشمەرگە، مرۆڤی ئاساییم نەدیبوو. بەهەڵاتن چوومەوەماڵ. تەمەشام کرد کاك مەجید و پەرژین خانی خێزانی، کچی مامۆستا عەونی بوون، لەوێ دانیشتوون. کاك مەجید کۆت و شاڵوار و گراوات و پەرژین خانیش بلووز و دامەنێکی خانمانەی جوانی دەبەر دا بوو. لەشکستەکەی ٧٥ ەوە، ماوەی دەساڵ بوو ئاگام لەکاك مەجید نەمابوو و نەمدەزانی ماوەیا کوژراوە. لەڕۆژێکی وەها و هەلومەرجێکی ئاوا ناخۆش و نالەبار دا، کەهیوامان بەژیان نەمابوو، کاك مەجید لێمان بوو بەخدری زیندە. بۆم ساخ نەدەبۆوەکەلەکوێڕا هاتبوو و چۆنی من دیتبۆوە. باسی کورەکانی سابڵاغیی لێ پرسیم. کەبۆم گێڕاوەهەر ئاخی هەڵدەکێشا بۆ شەهید بوونی سولەیمان، جەماڵ، تەها، مەمان، ڕەحیم و ئەو

کورەباشانەی کەدەیناسین و بیرەوەریی لێیان هەبوو. هەزاران پرسیارمان هەبوو لەیەکتر و گوتی: کاکەئاوا نابێ، دەبێ هەستن لەگەڵ مریم خانمی خێزانت بچینەکۆیەبۆ لای ئێمە. قسەمان زۆرن، لەوێ دەیانکەین. گوتم: کاک مەجید گیان خۆ ئێمەبەبێ وەرەقەی عەسکەری عێراقێ ناتوانین جووڵەبکەین. گوتی: ئەگەر وایەئێمەدەڕۆین. ئەتۆ وەرەقەی جێبەجێ بکەو حەوتوی داهاتوو کاک نەژادی دەنێرم بەشوێنتان دا. پێش ئەوەی هەستن بڕۆن، کاک مەجید پاکەتێکی لەژێر ئەم پەتوویەنا کەلەسەری دانیشتبوو و کوتی ئەم زەرفەئی ئێوەیە. پاشان کەئێمەڕۆیشتین چاوی لێ بکەن! پارەبوو بۆیان بەجێ هێشتبووین. لەبیرم نەماوەچەند دینار بوو بەڵام هەرچەندێك بووبێ دەو هەل و مەرجەدا کەئێمەی تێدا بووین، کەلەحەوت ئاسمانان ئەستێرەیکمان شك نەدەبرد، ئەم پارەیەبۆ ئێمەبەقەرادونیایەك بایەخی هەبوو و ئێستا کەخەریکم ئەم بیرەوەریەدەنووسمەوەچاوم پڕ بووەلەفرمێسك بۆ حاڵی ئەودەمی خۆم و ئەو خەڵك و پیشمەرگانەکەبەشێکی زۆریان لەزاری هەژدیها ڕزگاریان نەبوو و تێدا چوون، پاش ئێمەئیران تێرۆریست و سیخورەکانی لەگیانی ئەو خەڵکەبەردا و دەوری ٤٠٠ کەس کوردی ڕۆژهەڵات لەباشووری کوردستان تێرۆر کران کەناوی ٢٢٣ کەسیان ئێستا ئاشکرا بووەو بەدەستەوەیە.﴿١﴾ حەوتووی دوایەکاك نەژاد و خیزانی بەقابڵەمەی یاپراغ و کوببەو بەند و بیساتەوەهاتن بەدوامان دا. بەرپرسی پێوەندیەکانی کۆمەڵەلەگەڵ عێراق ئەودەم کاك حەمەی نەبەوی بوو. وەرەقەی هاتووچۆ زۆر بەزەحمەت، تەنیا بۆ یەك دوو کاتژمێر، ئەویش بۆ ئیشی زۆر پێویست وەر دەگیرا.

کاك نەژاد بەزمی بەکاك حەمەگرتبوو و داوای وەرەقەی شەش مانگەی لێدەکرد. دەیگوت: پۆڵای دەیبەین و هەر ناهێڵین بێتەوە. ئاخری بەزۆری و بەچەنەلێدان مانگێکی پێ وەرگرت. لەگەڵ کاك نەژاد، چووینەکۆیە. ئەو چەند ڕۆژەی کۆیەکەمیوانی ماڵەکاك مەجید و کاك نەژاد و مامۆستا عوسمان عەونی بووین لەخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی منن. هومێدی ژینمان هاتەوەبەر. بنەماڵەیەکی بەڕیز و بەقەدر و ئیحترام و خوێندەوار و ئینسانی باش و زانا و تێگەیشتوو بوون، مامۆستا عەونی دەیزانی ئەمن زۆرم حەز لەشێعری کوردییەبۆیەبەسەعات دادەنیشت و شێعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە. ئەودەم خەریکی وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام

بوو کەئەمن لەزۆر شوێن پێم وابوو لەخەییامەکەی مامۆستا هەژار ناسکتر و بەهێزتربوون و ئەوقەدەرەی چاوم لەدیوانەکەی مامۆستا عەونی کرد و دیتم ۱۳۱ چوارینەی وەرگێڕاوەتەوەسەر کوردی بۆ نموونەکەدەفەرموێ:

کەمردم بمشۆن بەئاوی ترێ
چوار مەست و سەرخۆش تەرمم هەڵگرێ
بەهەشت و هیوای غیلمان و حۆری
دڵنیام هەرگیز بەکەس نادرێ

مامۆستا عەونی جگەلەچوارینەی خەیام، چوارینەی خۆشی هەیەوەك:

گوتی: زولفم؟ گوتم: داوی بەڵایە
گوتی: ئەبرۆم؟ گوتم: تیغی فەنایە
گوتی: کوڵمم؟ گوتم: بۆ شەو چرایە
گوتی: لێوم؟ گوتم: کانی بەقایە

یا ئەوەیان:

گوتی: عوود و کەمانت بێ گوتم: نەی
گوتی: جامی شەڕابت بێ گوتم: مەی
گوتی: کوشتن سەوابت بێ گوتم:دەی
گوتی: ماچێ خەڵاتت بێ گوتم: کەی؟!

پێنجخشتەکی هەیەکەدەفەرموێ:

بەخەندەو پێکەنین و چاوی مەخمووری دڵی بردم
بەغەمزەو ناز و عیشوەو نازکی عەقڵی لەسەر بردم
لەبابل دەرسی سیحری خوێندووەوا فێڵی لێ کردم
رەفیقان سا مەکەن لۆمەم ئەگەر بەم دەردە من مردم
تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە

مامۆستا عەونی لەشێعرەکانی ڕا جوان دەردەکەوێ کەباوەری بەسەربەخۆیی کوردستان هەبووە:

هەر لەڕێبازی خەباتا پیری ئیرشادم دەوێ
من گەلێکی سەربەخۆ و سەربەست و ئازادم دەوێ
سەرگوزەشتەی قەیس و لەیلا باس مەکەبۆ من رەقیب
داستانی زین و مەم، شیرین و فەرهادم دەوێ
شۆڕشی شێخی حەفید و شێخی پیران شێخ سەعید
بارەگای سمکۆی شکاك، قازی مەهابادم دەوێ

لەهۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:
ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتلووعامی حاکمانی تورکیەو ئیران دەکەم
من لەڕێگای سەربەخۆیی خاك و ڕزگاری گەلم
گیانی خۆم و قەوم و خوێشانم هەموو قوربان دەکەم

مامۆستا عەونی لەم شێعرەدا شین بۆ پێشەوا دەگێڕێ و دەفەرموێ:

شەوێکی پڕ تاسەو خەم بوو
لەکوردستانا ماتەم بوو
شین بوو ڕۆڕۆ بوو فریاد بوو
بۆ پێشەوای مەهاباد بوو
لەمێژووی کورد دا ئەو شەوە
هەتا ئەبەد ناسڕێتەوە
کورد ناترسێنێ سێدارە
کرداری دەستی زۆردارە

شێعری نیشتمانی و پڕ لەهەستی کوردایەتی ئەم دوو کەڵەهونەرمەندەی گەلەکەمان و میوانداری و پێڕاگەیشتن و قەدر و قوتب و ئیحترامی خۆیان و بنەماڵەکانیان تەوژمێك بوو بۆ ژیانی تازەی ئێمە، مامۆستا عەونی بەخۆشێوەزۆریش دەستڕۆیشتوو بوو، ئەمبەر ئەوبەری شەقامی سەرەکیی شاری کۆیەهی ئەوان بوو و ماڵ و موڵکیان زۆر بوو. بەدڵدەوڵەمەندی پێشنیاری پێکردم لەوێ بمێنمەوەو ببمەکوڕی ئەوان و ماڵ و دووکانم بداتێ و لەگەڵ ئەوان بژیم. بۆیەهەتا دەمرم ئەو گەورەیی و مەحەبەتەی ئەو دوو بنەماڵەبەڕێزەلەبیر ناکەم. لەماڵی کاك مەجید بووم کەکۆمەڵەوەڵامی ویزای مامم، کەلەسپانیا ڕا بۆی ناردبووین، پێ ڕاگەیاندم و ئیتر هەر لەوێ ڕا چووینەبەغدا و سواری فرۆکەیان کردین و هاتین بۆ دەرەوەی وڵات. دوای کارەساتی هەلەبجە، لەگەڵ کاك ناسری رەزازی چووینەوەکوردستان و میوانی کاك مەجید بووینەوە. لەکۆرەوەکەی باشووری کوردستاندا کەدونیای هەژاند بابم بست بەبستی کەمپەکانی نێو ئێران بەشوێن بنەمالەی مامۆستا عەونی و مەجید ئاسنگەر دا گەڕابوو کەتۆڵەی ئەو چاکەیەیان بۆ بکاتەوەلەگەڵ منیان کردبوو. کاك مەجید دەیگوت: لەپەنجا جێگارا بۆیان گێڕاوینەوەو بیستوومانەتەوەکەحاجی هاشمی نانەوازادەی بابت بەشوێن ئێمەدا گەڕاوە. بەڵام، بەخۆشێوەئەم جارەئاوارەنەببوون و مال و ژیانی خۆیان بەجێ نەهێشتبوو، لەئەزموونی ئاوارەبوون و شکستەکانی پێشوو دەرسیان وەرگرتبوو، ئەم ئەزموونە، بۆ نموونە، لەم شێعرەی دا دەردەکەوێ.

دوژمنی بەدکاری من هەرچی بکەی لێت ناگرم
پێت دەڵێم من تاکوو ئێستا ماوم و قەت نامرم
هەرچی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکەهیچ سوودی نییە
ئەو پڕۆژەی خۆم مەبەستمەدەستی لێ هەڵناگرم
وەك هەڵۆ لانەم لەکێوێکی بڵند هەڵبەستوە
چەندی بەردم تێگرن تازەبەکەس هەڵنافرم
تێگەیشتم چەند هەڵەم کرد و فریم خواردبوو
تۆبەبێ تۆبەئیتر دەستی برای خۆم نابڕم

مامۆستا عەونی لەم هۆنراوەدا، بەزمانی شاعیرانەقسەی دڵی خۆی دەکا و قامك لەسەر چەند شتی بنەرەتیی دادەنێ: پشت بەدوژمن نەبەستن، دەست لەئامانجی سەرەکی میللەتەکەی واتەسەربەخۆیی و ئیستقلال هەڵنەگرتن، بەجێنەهێشتنی خاك و نیشتمان و درێژەدانی خەبات و هەروەها یەکیەتیی و تەبایی لەگەل یەکتر و پشتی یەکگرتن و تۆبەلەشەڕی براکوژی.

مامۆستا عوسمان عەونی ساڵی ٩٢ کۆچی دوایی کرد و بەداخەوەئەو زاتەگەورەم نەدیتەوە. کاك مەجید دوای ڕاپەڕین و پێکهاتنی حکوومەتی هەرێم و پاڕلمانی کوردستان بوو بەڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لەپاڕلمانی کوردستان و لەم ماوەیەدا کەلەپاڕلمان ئیشی دەکرد ٩ کتێبی لەئینگلیسییەوەوەرگێڕاوەتەوەسەر زمانی کوردیی کەچواریان سەبارەت بەسیستمی فیدراڵی دەو وڵاتانەدایەکەلەئەزموونی کوردستان نیزیکن.

https://polananava.files.wordpress.com/٢٠١٣/٠٣/majeed-<asinger-kopi.jpgلەنووسینەوەی دەستووری عێراقی و دەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا زۆریان کەڵك لەم کتێبانەی کاك مەجید وەرگرتووە. کاك مەجید هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی پڕ لەشانازیی خۆی خزمەتی زمان و ئەدەب و سیاسەت و بەختەوەریی میللەتەکەی کرد. بۆیە، بەحەق داوا کراوەلەحکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەپەیکەری لێ سازبکەن و قوتابخانەو شەقامی بەناو بکرێ. بەبڕوای من حەق وایەبۆ مامۆستا عەونیش هەر ئەوکارەی بکەن. پێوەندی من لەگەڵ کاك مەجید هەر بەردەوام بوو. دووجار لەسوئێد سەردانی کردین و منیش چەندین جار لەهەولێر چووەمەخزمەتیان. بەکوێرایی چاوی داگیرکەرانی کوردستان، ئەگەرچی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتین، بەڵام وەك یەك بنەماڵەمان لێ هاتۆتەوە.

لەئاخری مانگی دووی ساڵی ڕابردوو، لەگەڵ کاك عەلی نانەوازادەی ئەدیب و نووسەر وشاعیری خوێنشیرنی خزمی خۆم لەهەولێر بەخزمەتی گەیشتین و بەداخەوەئەوەئاخر دیدارمان بوو و مانگ و نیوێك دوایی کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لەمیللەتەکەی کرد و بەجێی هێشتین. یادی ئەم دوو ئەدیب و شاعیر و نیشتمانپەروەر و پیاوەمەزنانەی کورد بەرز و بەرێز و یادیان بەخێر بێ.

**لەكۆتایی ئەو سەردانەی كە كاك پۆڵا بۆ خانەوادەكەمان باسی دەكات، وەك دیاری و یادگارێك كتێبێكی دیوانی وەفایی پێشكەش بەعەونی خوالێخۆشبوو كرد و بەخەتێكی جوان ئەم چەند دێرەی تێدا نووسیوە:**

**ژیانی كورد پڕەلەئاوارەیی و دەربەدەری، پڕەلەهەژاری و نەداری، لەكەند و كۆسپ لەهەوراز و نشێو، لەتاڵی و سوێری، مەینەت بەشی كوردە، حەسانەوەی لیٚ ونە، كۆیلەتی لیٚ مارەكراوە. منیش كوردم و هەموو ئەوانەم بەبەژن بڕاوە. لەحاڵەتی تەركەوەتەنیم دا بەبۆنەی كاك مەجید ئاسنگەر شاعیری نەتەوەیی و كاك نەژادەوەكەئەوانیش ڕۆژگارك وەك ئێستای من بوون، شانازی ئاشنا بوون لەگەڵ مامۆستای پایەبەرز و بەهەست عوسمان عەونیم پەیدا كرد. ماوەی دەرۆژان لەكانوونی گەرمی بنەماڵەی ماموستا مەجید و ماموستا عەونی بەراستی لەبیریان بردمەوەكەلەنێو بنەمالەو هاوڕیٚ و رەفیق و دایك و باب و شاری خۆم دا نیم.**
**قەت وەو هەموو مەحەبەتەیان لەبیر ناكەم.**

## یادی حاجی قادری کۆیی لە ئەرشیفی مامۆستا مجید ئاسنگەر

(ئاهەنگی یادی بویژی گەورەو نەمری کورد حاجی قادری کۆیی لە ١٩٧١/٤/٩)

**کۆکردنەوەو ئامادە کردن: جۆشان مجید ئاسنگەر**

ئەم نوسینە بریتیە لە دەقی دەست نوسی مامۆستای شاعیرو نوسەر مەجید ئاسنگەر کە وەکو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا هاتووە.

لە رۆژی هەینی ریکەوتی ١٩٧١/٤/٩ دەستەیەك لە بویژو نوسەرو رۆشەنبیرانی شاری کۆیە لە نامەخانەی سەلاحەدینی گشتی کۆبونەوەو لەبارەی یادکردنەوەی شاعیری گەورەو نەمری کوردستان و رابەری بیری کوردایەتی حاجی قادری کۆیی دوان، لەئەنجامی لیکۆلینەوەو گفتو گۆدا بریاریاندا کە لیژنەیەکی بالا هەلبژیرن بۆ سەرپەرشتی و ریکخستن و هەلسان بە ئەرکی گیرانی ئاهەنگەکەو وە جیبەجیٚ کردنی هەموو پیویستیەك، ئەم لیژنە سەرە کیەش لەم بەریزانەی خوارەوە پیکهاتووە:

١- عوسمان عەونی (عەونی شاعیر) - بویژو ئەندامی یەکیتیی نوسەرانی کورد.

٢- مەجید ئاسنگەر - نوسەرو بویژو ئەندامی یەکیتیی نوسەرانی کورد.

٣- تاهیر ئەحمەد حەویزی- نوسەرو ئەندامی یەکیتیی نوسەرانی کورد.

٤- نافع عبد الفتاح (رۆستەمی شاعیر)- بویژو ئەندامی یەکیتیی نوسەرانی کورد.

٥- مەلا عاسی مستەفا (مستەفا عاسی)- بویژو ئەندامی یەکیتیی نوسەرانی کورد.

٦- عبد المجید نورالدین جەلی زادە - نوسەر.

٧- جەلال جۆبار - بویژ.

٨- سەلاح حسین - بویژ.

٩- محمد امین معروف - نوسەر.

١٠- تاهیر سەعید - مامۆستای خانە نشین.

١١- مامۆستا مەلا عەلی تۆفیق - ئیمام وخەتیبی مزگەوتی کۆیە.

ئەم کۆبونەوەیە ش لەکاتژمیری (١٠) دەی سەرلەبەیانی تا دوانزەی نیوە رۆی خایاند و جگە لەم بەریزانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە ئەم بەریزانەش بەشداری کۆبونەوەکە بوون:

١- سيف الدين مجيد

٢- محمد عبدالله

٣- اكرم باقی

٤-  حبيب عبدالفتاح ساكار

٥- قوباد سابير

٦- كمال كريم

٧- ابراهيم فتح الله

٨- ئازاد بيلاّل

٩- عزت جمال

١٠- حەمە عەلی جەلی زادە

١١- نامق عبدالله

١٢- عبدالرحمن خەتات،

١٣- دلشاد نجيب

١٤- عەلی مستەفا

**کۆبونەوەی لیژنەی بالاّ**

رۆژی هەینی  رێکەوتی ١٩٧١/٤/١٦ هەروەها رۆژانی شەممە رێکەوتی ٤/١٧ و دووشەممە رێکەوتی ٤/١٩ لەکاتژمێر چوارو چارەگی پاش نیوەرۆ دا لیژنەی بالاّی ئاهەنگ لە نامە خانەی سەلاّحەددینی گشتی لە کۆیە کۆبونەوەو لەبارەی کاروباری ئاهەنگەکەوە دوان

**لەئەنجامدا بریاردرا کە:**

١- داخوازیەك بەم بۆنەیەوە بدرێت بە (قائمقامیەتی) کۆیە بۆ ماوەدان بە گێرانی ئاهەنگەکە.

٢- بلاّوکردنەوەی هەوالی ئاهەنگەکە بە نووسین و بانگهێشتنی بوێژو نوسەرو رۆشەنبیرانی کوردو عەرەب.

٣- ئەم ئەرکانە سپێردران بە مامۆستا مەجید ئاسنگەر ئەندامی لیژنەکە تا بە کوردی و عەرەبی نوسینەکان ئامادە بکات و بۆ شوێنی خۆیانی بنێریت

٤- ناوبراو فەرمانی یەکەمی بەم شێوەی خوارەوە بەعەرەبی نوسی:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الجمهورية العراقية**

**الى / السيد قائمقام قضاء كويسنجق**

**لمعروض لسيادتكم**

**ينوى ادباء كويسنجق اقامة احتفال جماهيري عام تحت رعايتكم احياء لذكرى الشاعر الكردي (حاجي قادري كويي) وذلك عصر يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ وعليه نتقدم بطلبنا هذا راجين من سيادتكم التفضل بالموافقة الجهات المسؤلة على اقامة الآحتفال وتفضلوا سيادتكم بقبول جزيل شكرنا وتقديرنا.**

**عن لجنة الآحتفال**

**عثمان عوني حبيب طاهر احمد حويزي مجيد احمد حداد عبدالمجيد نورالدين نافع عبد الفتاح**

**رۆژی سێشەممە ٤/٢٠ قایمقامی کۆیە بە برووسکە داوایەکەی لیژنەی بالآی بۆ پارێزگای هەولێر نارد کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**الى محافظ اربيل العدد ٤٥١ (التحرير)**

**من قائمقام كويسنجق التاريخ ٢٠ / ٤ / ١٩٧١**

**قدم الينا ادباء كويسنجق طلبا باقامة احتفال جماهيري عام تحت رعايتنا احياء لذكرى الشاعر الكردي الكبير (حاجي قادري كؤيي) وذلك عيَر يوم الخميس المصادف ٢٤/ ٦ / ١٩٧١ نرجو التفضل بالموافقة واعلآمنا لطفا.**

**صورة منها للتثبيت الى / محافظة اربيل - الجمعيات للتفضل بالعلم والآمر بما يلزم رجاء**

**توقيع**

**علي سليمان البهار**

**٥- هەروەها فەرمانی دووهەمی بەم دووجۆرەی خوارەوە بەعەرەبی و بە کوردی بە جیْ هێنا:**

**الى / جريدة التاخي الغراء - بغداد**

قرر ادباء كويسنجق احياء ذكرى شاعر كوردستان الخالد ورائد الحركة الفكرية الكردية الحرة – كوردايةتي – حاجي قادري كويي وذلك باقامة احتفال جماهيري عام برعاية قائمقام القضاء السيد علي سليمان البهار عصر يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤

وبهذه المناسبة السعيدة فاننا اذ نرحب بجميع الآدباء و المثقفين الكورد و العرب وغيرهم من الذين يرغبون الحضور الى كويسنجق – مدينة حاجي قادر في التاريخ المذكور نرجو من السادة الآفاضل الذين يودون الآشتراك في فعاليات الآحتفال عن موضوع حاجي قادر – وذلك لغاية ٣١ / ٥ / ١٩٧١ للآطلآع و الموافقة على تثبيتها في المنهاج.

صورة منه الى / محطة تلفزيون كركوك لاذاعته على جمهور المشاهدين

بۆ / یەکێتیی نوسەرانی کورد – بارەگای گشتی – بەغدا

یەکێتیی نوسەرانی کورد لقی هەولێر

یەکێتیی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك

یەکێتیی نوسەرانی کورد لقی سلیمانی

| | |
|---|---|
| گۆڤاری نوسەری کورد | بەغدا |
| گۆڤاری برایەتی | بەغدا |
| گۆڤاری دەفتەری کوردەواری | بەغدا |
| گۆڤاری زانیاری | بەغدا |
| گۆڤاری هەولێر | هەولێر |
| گۆڤاری چیا | هەولێر |
| گۆچاری دەنگی مامۆستا | سلێمانی |
| رۆژنامەی ژین | سلێمانی |
| رۆژنامەی هاوکاری | بەغدا |

**دەقی داوەتنامەکە**

بۆیژو نوسەرانی کۆیە بریاریاندا وە بەئاهەنگێکی قەشەنگ لەپاش نیوە رۆی رۆژی پێنج شەممە ی رێکەوتی ٢٤ / ٦ / ١٩٧١ لەژێر چاودێری قایمقامی کۆیە بەرێز

عەلی سلێمان بەهار دا یادی بویژی نەمری کوردستان و رابەری بیری کوردایەتی – حاجی قادری کۆیی بکەنەوە جا بەم بۆنە پیرۆزەوە بەختەوەرو شادومانین لە بەخێر هاتن و پێشوازی هەر بوێژو نوسەرو رۆشەنبیرێکی کورد و عەرەب کە بیەوێ لە ئاهەنگەکەمانا ئامادە بێت و بفەرموێت بۆ کۆیە – شارە دێرینەکەی حاجی قادر و هیوا دارین ئەوانەی ئارەزووی بەشداربونی ئاهەنگەکەش ئەکەن بە نوسینەکانیان تا ٣١ / ٥ / ١٩٧١ بۆ لیژنەکەمان بنێرن بەمەرجێ لەسەر حاجی قادر بێ تا ئەوەی لە دوای دیتن پەسند کرا بخرێتە ناو پرۆگرامەوە.

(لیژنەی سەرپەرشتی ئاهەنگ)

تێبینی: ١– ئەم داوەت نامانەی سەرەوە کاك عزت جمال بە تایپی قوتابخانەی دواناوەندی کۆیەی کوران چاپی کردن.

٢– وێنەیەك لەم نوسراوەی سەرەوە درا بە لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاگاداری و هاوکاری.

هەروەها وێنەیەکی درا بە گشت رێکخراوە کوردستانیەکان لە کۆیە بۆ ئاگاداری.

**کۆبونەوەی چوارەم**

لە کاتژمێری چوارو نیوی پاش نیوە رۆی رۆژی هەینی ٢٣ / ٤ / ١٩٧١ لە شوێنی (کاك عەونی) لیژنەکەمان کۆبونەوەو ئەم زاتانە ئامادە بوون: (١– کاك عەونی ٢– کاك تاهیر حەویزی ٣– کاك جلال جۆبار ٤– کاك حەمە عەلی جەلی زادە ٥– مەلا رەئوف سەلیم ئاغای حەوێزی ٦– مامۆستا عبد المجید نورالدین ٧– مامۆستا محمد امین معروف ٨ – مامۆستا مجید ئاسنگەر).

١– لەم کۆبونەوەیەدا باسی زۆر لایەنی ئاهەنگەکە کرا لەگەل چۆنیەتی پێشوازی و حەوانەوەی میوانەکان چەندین جۆرە بیرو را تاو توێ کرا لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەم بریارە کە میوانەکان بۆ خواردن بەسەر چەند مالێکی دیاریکراودا دابەش بکرێن یاخود لەشوێنێکی تایبەتیدا چێشتیان بۆ ساز بکرێت و هەمویان پێکەوە بن، لەمبارەشەوە خاوەن چێشتخانەی (رینگە) ئاگادارکرا کە بە سەرپەرشتیی خۆی و قاپ

و شمەکەکانی لەگەل چەند ئافرەتێك بەکرێ بگرێ و کەرەسەیان بۆ بکردرێت و ئەم ئەرکە جێ بە جێ بکەن.

٢- بۆ نوستن یا قوتابخانەی (حاجی قادری کۆیی) یان بۆ تەرخان بکرێت وە یاخود میوانخانەیەك بەکرێ بگیرێت رایەخ و پێخەف خاوێنیان بۆ ئامادە بکرێت وەك پێویستەو شایەنی حاجی قادرو شاری کۆیە و میوانە کان بێت.

٣- لیژنەی تایبەتی دابنرێت بۆ پێشوازی و یاوەری میوانەکان کە هەریەك لە نوێنەرو میوانی ناوچەیەکی تایبەتی بەرپرسیار بێ و بەو پەری چالاکی و دلسۆزی بە تەنگیانەوە بێن و لە هەر کارو راژەیەکا بۆیان ئامادە بن.

٤- کۆمەلانی شاری کۆیە بەتایبەتی قوتابی و خوێندکاران بەهۆی بەرێوبەرو مامۆستاکانیانەوە بە گیانێکی بەرزو رەوشت و کرداری نایاب ورەنگینەوە ئامۆژگاری بکرێن کەلەماوەی بونی مێوانەکان لە شارەکەماندا بەکردارو بە گوفتار سەرو ناوی شارەکەی حاجی قادر وەك پێویستە بەرز بکرێتەوە کە شایەنی کۆیە و حاجی قادری کۆییە.

٥- هەوڵدان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگای بۆ بەدەست هێنانی پارەی پێویست بۆ ئەرکی گێرانی ئاهەنگەکە و میوانداریێتی میوانە بەرێزەکان و دروستکردنی پەیکەرێك بۆ حاجی قادری کۆیی.
٦- پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی هەمیشەیی لە شارەکەماندا پێویستە پێك بهێندرێت بەناوی لیژنەی حاجی قادری کۆیی یەوە بۆ بەردەوام بونی یادکردنەوەی حاجی قادری کۆیی لەهەمو سالێکدا وە هەروەها بۆ هەلسان بە کارو پرۆژەی سود بەخش و بە کەلك بۆ شارەکەمان و هەولدان بۆ کردنەوەی نامە خانەیەك لەژێر ناوی حاجی قادری کۆیی وە ناونانی گۆرەپان و شەقام و شوێنی گشتی تری کۆیە بەناوی ئەم زاتە بەرزەوە.

**لیژنەکەمان ئەم نوسراوانەی ئاراستەی ئەم شوێنانەی خوارەوە کرد کە ئەندامی لیژنە مەجید ئاسنگەر چوو بۆ هە ولێرو بەغداو دەزگاکانی رایگەیاندن.**

**لیژنەی سەرپەرشتی بیرەوەری** **ژمارە: بێ**
**حاجی قادری کۆیی نەمر** **بەروار: ١ /٦/ ١٩٧١**

**لە کۆیە / بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری مەرجەعی زانستی کوردی – بەغدا.**
**بۆ / یەکیەتی مامۆستایانی کوردستانی تێکۆشەر مەکتەبی سکرتاریەت.**
**بۆ/ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی تێکۆشەر مەکتەبی سکرتاریەت بەغدا.**
**بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی تێکۆشەر بەغدا .**
**بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانێ تێکۆشەر بەغدا.**
**بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری یەکێتیی ئەدیبانی عیراق – بەغدا بە (عەرەبی).**
**بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری یەکێتیی ئەدیبانی تورکمان – بەغدا بە (عەرەبی).**
**بۆ/ دەستەی بەڕێوبەری یەکێتیی نوسەرانی کورد – بارەگەی گشتی بەغدا.**

**بابەت / بانگهێشتن**
**لیژنەکەمان شادومان ئەبێت بە هاتنی نوێنەرتان بۆ شاری کۆیە بۆ بەشداری بوونی ئاهەنگی بیرەوەری رابەری بیری کوردایەتی و زانای مەزنی کوردستان حاجی قادری کۆیی نەمر کە لە رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ٦/٢٤ /١٩٧١ دا ئەکرێت تکایە بە تەشریف هێنانی نوێنەرتان هەفتەیەك پێش هاتنیان بە نوسین ئاگادارمان بفەرموون.**
**ئیتر سوپاس**

**لەجیاتی لیژنە ئیمزا**
**مەجید ئاسنگەر**
**ئەندامی یەکیەتی نوسەرانی کورد**

**تێبینی**

**هەمان بانگێشە بە زمانی عەرەبیش ئاراستە کراوە**

**لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ١٣ / ٦ / ١٩٧١ ئەم داواکارییەی خوارەوە درا بە قایمقامیەتی کۆیە:**

**الجمهورية العراقية**

**السيد قائمقام قضاء كويسنجق المحترم**

**المعروض**

**استنادا الى موافقة محافظة اربيل – الجمعيات – ببرقيتها المرقمة ٤٥١ في ٢٠ /٤ / ١٩٧١ على اقامة احتفال جماهيري عام تحت رعايتكم احياء لذكرى الشاعر الكردي الكبير (حاجي قادري كويي) عصر يوم الخميس المیادف ١٩٧١/٦/٢٤.**

**وعليه نرجو من سيادتكم التفضل بالآتصال بالجهات المعنية لتامين نقل برامج الآحتفال عن طريق الآذاعة الكردية نقلآ حيا مباشرا وتسجيلها من قبل محطة تلفزيون كركوك تعميما للفائدة ولشاعرنا الكبير من منزله سامية في قلوب ابناء شعبنا الكردي.**

**وتفضلوا سيادتكم بقبول فائق احترامنا مع التقدير.**

**عن لجنة الآحتفال**

**عثمان عوني حبيب   طاهر احمد حويزي   نافع عبد الفتاح   مجيد ئاسنگەر   عبد المجيد نورالدين**

**نامەی بانگهێشتی تایبەت بۆ سەرۆك بارزانی تێکۆشەر و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نێردرا.**

**پارێزەر ابراهیم سابیر وەلی ئەرکی بردن و گەیاندنی گرتە ئەستۆ. سەرۆك بارزانی (٢٠٠) دووسەد دیناری لە ڕێگای لقی ٢ دووی پارتیەوە پێشکەش بە لیژنەکەمان کرد و هەڤاڵ محمەدی مەلا قادر کارگێری لقی دووی پارتی وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی و پارتی ئامادەی ئاهەنگەکە بوو.**

**لیژنەی سەرپەرشتی ئاهەنگی**
**بیرەوەری حاجی قادری کۆیی نەمر لە کۆیە**
**بۆ / زانای زۆر بە ڕێز مامۆستا گیو موکریانی**

**زۆر بە ختیارین بە تەشریف هێنانتان بۆ شاری کۆیە بۆ بەشدار بوون لە ئاهەنگی بیرەوەری شاعیری گەورەی نەمری کوردستان (حاجی قادری کۆیی) کە لە ڕۆژی پێنج شەممە ی ڕێکەوتی ٢٤ / ٦ / ١٩٧١ دا ئەکرێت. هەروەها بە ختەوەر ئەبین بە هاتنی خوشکی بەڕێزمان کوردستان موکریانی.**
**ئیتر ڕێزمان بفەرموون**

**(لیژنەی ئاهەنگ)**

**لە ڕۆژی ١٤ / ٦ / ١٩٧١ بەناوی لیژنەکەمانەوە ئەم بروسکەیە بۆ مامۆستا صادق بهاءالدین ناردرا بۆ ئەوەی وتارەکەی لەسەر حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانی ئامادە بکات کە لە ئاهەنگەکەماندا بخوێندرێتەوە:**
**الآستاذ صادق بهاءالدین–بغداد**
**وافقت اللجنة على كلمتكم مشكورا.**

**التوقیع / مجید ئاسنگەر**

هەروەها لە ١٤ / ٦ / ١٩٧١ وینەی ئەم نوسراوەیەمان لە قایمقامیەتی کۆیەوە بۆ هات

**قائمقامية قضاء كويسنجق – التحرير** **العدد ١٠ /٧١٤**

**الى محافظة اربيل / التحرير** **التاريخ: ١٣ / ٦ / ١٩٧١**

**م / اقامة احتفال**

**برقيتكم ٤٥١ في ٢٠ /٤ / ١٩٧١**

نقدم لمقامكم طيا اصل عريضة السيد مجيد احمد حداد ولفيف من رفاقه من اهالي كويسنجق الخاصة باقامة احتفال جماهيري عام احياء لذكرى الشاعير الكردي الكبير (حاجي قادري كؤيي) مساء يوم الخميس المصادف ٢٤ / ٦ / ١٩٧١ ونظرا لأهمية هذه المناسبة فاننا نؤيد ماجاء في الطلب حول الآتيَال بالجهات المعنية لنقل برامج الآحتفال نقلاً حيا عن طريق الآذاعة الكردية ومحطة تلفزيون كركوك والتفضل باعلامنا لطفا.

صورة منه الى اللجنة المشرفة على احتفال المذكور للعلم رجاء.

**ئيمزا**

**على سليمان بهار**

**قائمقام قضاء كويسنجق**

لە ١٩٧١/٦/٢٤ ئاهەنگی یادی بۆیژی گەورەی کورد (حاجی قادری کۆیی) دەستی پێکردوو دووشەوی خایاند لە گۆرەپانی قوتابخانەی سەرباغ بوو مێوانێکی ئێجگار زۆر لە هەموو شارەکانی عێراق هاتبوون. شەوی یەکەم تایبەت بوو بە ووتار خوێندنەوەو ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی، شەوی دووەم لێکۆلینەوەکان دەربارەی (حاجی قادری کویی) پێشکەش کران. کە بەراستی فیستیفالێکی قەشەنگ و سەرکەوتوو بوو لە شارەکەمانا.

بۆ بەشی دووەمی ئاهەنگی یادی حاجی قادری کۆیی کە بریتی بوو لە پەردە لادان لەسەر ئەو پەیکەرەی کە بۆی درووستکرابوو.

لیژنەی باڵای سەرپەرشتی ئاهەنگی بیرەوەری حاجی قادری کۆیی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١١ /١٩٧٣/١ لە مزگەوتی گەورە کۆبووەوە لە بارەی پەیکەرەکە و تەواوبوون و ڕۆژی دانانی گفتوگۆی تەواوی لەبارەوە کرا، سەرەڕای ئەو پارەیەی کە لە ئاهەنگەکەی پێشوو مابۆوە. لیژنەکە بە تێکرای ئەندامەکانیەوە بریاری دا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پارەکەی کە لە ئاهەنگەکە (ئاهەنگی یادی حاجی قادری کۆیی کە لە ١٩٧١/١/٢٤ سازکرابوو) ماوەتەوە لە(بانق) دابنرێت بە ناوی لیژنەکەوە. پارەکەش بریتیبو لە ١٨٧,١١٠ سەدوو هەشتاو حەوت دینارو سەدو دە فلس.
٢- بەم پارەیە دیوانەکەی حاجی قادری کۆیی پیٚ چاپ بکرێتەوە پاش پوخت کردن و لێکۆڵینەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی لە گەل کورتە باسێکی ئاهەنگەکە خۆی.
٣- لیژنەکە هەموو ڕۆژانی هەینی کۆبونەوە بکات لە دوای عەسر بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی پڕۆگرامی ئاهەنگی پەیکەردانانی حاجی.
لیژنەی سەرپەرشتی ئاهەنگی بیرەوەریی ڕۆژی ١٩٧٣/٦/١١ لە مزگەوتی گەورەی کۆیە کۆبوونەوەی یەکەمی کرد بە مەبەستی ڕێکخستنی ئاهەنگی دانانی پەیکەری حاجی قادری کۆیی بە تەواوی ئەندامانییەوە کە پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە:
مامۆستا مە لا عەلی توفیق/ سەرۆك
كاك عوسمان عەونی
مامۆستا تاهیر سەعید
مامۆستا محمد امین معروف
مامۆستا مەلا عاسی
مامۆستا تاهیر احمد حەوێزی
مامۆستا عبد المجید نورالدین
كاك جلال جۆبار
مامۆستا مەجید ئاسنگەر

لێرەدا بیرەوەریی مامۆستا مەجید ئاسنگەی کۆتایی دێت


ڕۆژی ١٩٧٢/١١/٢٩ جەماوەری کۆیە پەیتا پەیتا بەرەو ئەو گۆڕەپانە دەچوون (فلکەی حاجی قادری پێشوو) بە مەبەستی ئامادەبوون لە ئاهەنگی لادانی پەردە لەسەر پەیکەری ئەو شاعیرە نەتەوەییەی کە هەمیشە بۆ کورد ژیا، پاشانیش میوانانی ئاهەنگەکە کە لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووك، بەغدا کە هەندێکیان ڕۆژی پێشتریش هاتبوونە کۆیە بە یاوەریی کەسایەتیی ڕۆشنبیر و ئەدیب و شاعیر سەردانی شوێنە گشتییەکان و کەسایەتییەکانیان دەکرد، لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکە ئاهەنگەکە دەستیپێکرد کە لە سەرەتادا بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز و چرکەیەك ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عیراق دەستی پێکرد.

پاشان چەندین وتار و شیعر خوێندرانەوە کە هەمووی لە ستایشی حاجی و شیعرەکانی بوو، نوێنەری کۆڕی زانیاریی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کورد و لقی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و نوێنەری ڕێکخراوە کوردستانییەکان و نوێنەران و پەیامنێرانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان ئامادەبوون.


لە سەرەتا مامۆستا ئیحسان شێرزاد لەنێو چەپڵەلێدانی ئامادەبووان دا پەردەی لەسەر پەیکەرەکە لادا، بە ستایشەوە ڕۆڵی حاجیی نیشان دا لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، دوابەدوای ئەو وتاری سەرۆکی لیژنەی ئاهەنگەکە و قایمقامی کۆیە (عەلی سلێمان بەهار) خوێندرانەوە، تیپی باواجیی کۆیەش شیعرە بەناووبانگەکەی حاجی (لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ) لەگەڵ چەندین گۆرانیی دیکەیان چڕی، ئەوجا وتاری کۆڕی زانیاریی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لقی سلێمانی و سکرتاریەتی مامۆستایانی کوردستان و لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەگەڵ چەندین شیعر و پەخشانی دیکە ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە کە تاکو کاتژمێر ٧ی ئێوارەی خایاند.

# بــــەشی پێنجەم


## چەند وێنەیەکی عەونیی شاعیر لە قۆناغی جیایادا




١٩٣٣




١٩٥٤



١٩٦٥



١٩٧١



١٩٩٠



١٩٨٠



دوایین وێنەی شاعیر کە تێیدا بریندارە
پاش بۆردومانەکەی سوپای داگیرکەری بەعس لە کۆیە
کۆیە، هاوینی ساڵی ١٩٩١



**شەقڵاوە، ١٩٦٠/٧/٢٠**

**ڕۆژانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد**

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: یحیا عەبدولکەریم، عەونی حەبیب، عەبدوڵڵا گۆران،**

**محەمەد مەلا عەبدولکەریم، ئەحمە دڵزار**




**هەولێر–کتێبخانەی فەرهاد عەونی، ٢٠١٨/٤/٢٢**

**گفتوگۆ دەربارەی بەرگی دووەمی دیوانی عەونی**

**لە راستەوە: وریا عەونی، فەرهاد عەونی، ساسان عەونی، دلێر عەونی**





**خانووی عەونی کە لە ساڵی ١٩٥٨ دروستکراوە**

**دوامەنزڵگای شاعیر بوو کە لە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠ کۆچی دوایی کرد**




**کۆیە–شەقامی عەونی، کە لە بەردەم قوتابخانەی زانستی کوڕان دەستپێدەکات تاکو سەروچاوەی حەمامۆك. لەلایەن شارەوانی کۆیەوە ناونراوە**



**کۆیە–شوێنی (محل)ی عەونی ١٩٨٦/٣/٢٤**

**عەونی شاعیر و هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیق**




**گڵکۆی عەونیی شاعیر–گۆڕستانی کەکۆن–کۆیە**

**لیستێك به ناوی ئەو هونەرمەندانەی شیعرەكانی ( عەونی )ـیان بە گۆرانی چڕیوە:**

**١. تاهیر تۆفیق:**

- **جیهانم پشكنیوە**
- **نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە**
- **لەم كوڵبەیی ئەحزانە**
- **وتم ئەی كچ**
- **ئەی گوڵ لەسەر چڵانت**
- **كە من هۆگر بە تۆ بووم**
- **هات فەسڵی گوڵان**
- **وەكو قومری**
- **وا چرای كوڵمت**

**پێنجخشتەكیی عەونی لەسەر شیعرێكی مەیلی كە ساڵی ١٩٤٨ لە ئێزگە تۆمار كراوە**

**٢. مەلا ئەحمەدی كۆرە:**

- **ئەم چیهرە گوڵە سەرو قەدی لالە جەمالە**
- **بەقەد شمشادی بوستانە**
- **هات فەسڵی گوڵان بولبولی دێوانەی لەكێیە**

**٣. دەروێش عەبدوڵڵا:**

- **قوربان (قوربانی دوو ئەبرۆی رەشی فیتنەگەرت بم**

**حەیرانی لەپی خەندەیی شیرین شەكەرت بك)**

- **وەكو قومری لە باخ و جۆیی یاران**

**٤- تەحسین تەها:**

- **وەكو قومری**

**٥. حەمە بیگرەس:**

**- بەقەد شمشادی بوستانە**

**- هات فەسڵی گوڵان**

**٦. عەدنان کەریم:**

**- بۆ چلەی تایەر تۆفیق**

**- هات فەسڵی گوڵان**

**٧. جەمالی مفتی:**

**- جیهانم پشکنیوە**

**٨. تارا رەسوڵ:**

**- نەسرین ئەمڕۆ نەورۆزە**

**٩. ماهیر:**

**- ئەی گوڵ لەسەر چڵانت**

**١٠. بیژەن:**

**- بەقەد شمشادی بوستانە**

**بۆ زانینی خوێنەرانی بەڕێز سەرەڕای ئەو هونەرمەندانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی کۆیی وەکو خوالێخۆشبووان (حەمەدەمین عەباس، باقی مام صالح، قالە کەچەر، مەلا ئەسعەد) شیعرەکانی (عەونی)یان دەچڕی لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان.**

**لێرەدا سوپاسی برای بەڕێز (کاك ئەمیر محەمەد کەبابچی) دەکەین بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی CD تایبەت بە و گۆرانییانە کە وەکو دیارییەك لەگەڵ ئەم کتێبە پێشکەش دەکرێت**

# یەکبوون

ئێستە من پیر بووم و شوێن دڵداریی لاوی ناکەوم
رێ سەرەو هەورازە بۆ خۆم تێدەگەم سەرناکەوم!

دوای هەموو زانست و تاقیکردنەوەم ماوەی ژیان
من بە هاندانی ئەم و ئەو تازە هیچ تێناکەوم

من بەڵێنم داوە تا ماوم بە سەربەرزی بژیم
گەر سەرم بڕوا لە رێ دا قەت لەژێر پێ ناکەوم

تەندرووستیم هەر نییە ئیمڕۆ مەترسیی مەرگمە
تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم

نۆش دارووی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانین هەموو
گەر هیوادار بم بە یەکبوون شوێن ئەم و ئەو ناکەوم

ئاشنا گەر نەمکوژێ ترسم نییە نائاشنا
با هەمیشە گوللەبارانم بکا پێی ناکەوم!!

خۆشە نەمرم تاکە رۆژێ خۆم بە سەربەستی دەدی
بشمرم باکم نییە ئەوساکە شوێن سوێ ناکەوم